# زمان و زار

ساڵی سێیەم- ژمارە (٧) (نەورۆزی-٢٧٢٣) (بەهاری-٢٠٢٣)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز:

د. تەها رەسووڵ

سەرنووسەر:

فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:

تۆفیق وەهبی بەگ

# زمان و زار

هەڵەگری: لوقمان.م شلانی

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

چاپ: ٢٠٢٣

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

دامەزراوەی کەریمی عەلەکە و

ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری دەری دەکات

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:

گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

**دەستەی راوژێکاری:**

**د. وریا عومەر ئەمین**

**د. هۆگر مەحمود**

**د. مزگین چالی**

**کامران رەحیمی**

**ئیدریس لاوە**

**راوێژکاری کارگێڕی:**

**ئەڤین ئەحمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**

**سالم سەلمان کوببەچی**

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

# پێڕست


- (بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک) کورد و  زمانی دۆزەخ.................................٧
فەرەیدوون سامان
پەیوەندی جەدەلی زمانی دایک و پرسی نەتەوە..........................................................١١
مستەفا غەفوور
- بە ستانداردکردنی زمانی کوردی.........................................................................٢٣
د. دارا حەمید محەمەد
- زمان» بۆچی ئەوەندە بایەخدار و بە قیمەتە؟.............................................................٢٩
فازیل شەوڕۆ
- هەڤپیشکیا زمانێ کوردی  لگەل زمانێن کەڤن............................................................٤١
داود مراد خەتاری
- زمانی جیهانگیری زمانی دیپلۆماسییە......................................................................٨٥
فەتحی محمد عەلی مودەریس
زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان یاسا و واقیعدا...................٩٥
ئازاد وەڵەدبەگی
- قامووسی یەکگرتووی وشە و زاراوە یاساییەکان.......................................................١٣٣
کامبیز ئیبراهیمزادە
- نەڤەرەی ڕۆکیرۆ- بێخزانی  (Rokiro Theory- Bekhzani)..........................................١٥٥
تاریق هەمەوەندی
- ئاستەنگەکانی بەردەم وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان......................................................١٦٩
عەبدولسەمەد محمد خەیلانی
- گێڕانەوە و ئاکار: عەزیزی مەلای ڕەش: ناوێکی ناوازە لە زماندا.............................١٨٥
ڕێبوار سیوەیلی
- زمانی پێوەر! زمانی یەکگرتوو!..............................................................................١٩٩
ئاکۆ جەلیلیان
- ژمارە و یاساکانی لە زمانی کوردیدا.......................................................................٢١٩
پ. د. وریا عمر أمین
- زمان و دەوڵەت......................................................................................................٢٢٥
شاسوار هەرشەمی
- زمانی کوردیی پەهلەوی.........................................................................................٢٣١
فەرهاد عەزیز حەسەن
- وشە و زاراوەی تازە دروستکراو لە تای تەرازووی ڕەخنەدا..........................................٢٥٩
حەمەی مەلا کەریم
- نێرتکێک لە(فەرهەنگی زارەکیی موکریان)................................................................٢٦٣
سەلاح پایانیانی

– زمانناس و مێژووناس د. حەجیێ جندی.......................................................................۲۷۳
ئا: هەڵۆ دەڵۆیی
– حەمەکەریم هەورامی: کەلتووری دەڤەری هەورامان بەسە کە کورد شانازی پێوەبکات.......۲۷۹
دواندنی؛ زمان و زار
– ئەمین رەحیمی نەژاد: کرماشان و ئیلام دەبێت لەسەر شێوازێکی ئەدەبی ساغ ببنەوە.....۲۸۹
ئا/ شەریف فەلاح
– زمانزان و وەرگێڕ مامۆستا غازی فاتح وەیس.......................................................۲۹۳
ئا/ فاتح یاسین مودەڕی
– زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا............................۳۰۷
د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین
– کامران رحیمی: زبان و فرهنگ کوردی بدون آموزش باقی نخواهد ماند...........۳۱۷
– زبان مادری.. حمایت مصطفی ملکیان از آموزش و ترویج زبان مادری............۳۱۹
– سیاستهای زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن................................۳۲۳
حسین رسولی
– پتانسیل‌ها و چالش‌های ترجمه زازاکی برای احیای زبان..................................۳۲۷
مترجم: عرفان کرمی
انعدام التواصل الثقافي بين الكرد وغياب اللغة الكردية الموحدة...............................۳٤۹
برزو محمود
الكردلوجية سميرنوفا: « نحن نساند نضال الشعب الكردي».......................................۳٥٥
ترجمة: جلال زنگابادي

–The Location of Applied Linguistic on the science map.............................5
By: Prof. Dr. Prof. Dr. Abdullah Hussein Rasool.
–GIRINGÎYA ZIMANNASÎYA HIQÛQÎ DI PERGALEKA HIQÛQÎ YA DADMEND DA............11
Dr. Sabîr Ebdilahîzad
– KURD Û ZIMANÊ KURDÎ…....................................................................................29
Bahadîn Robar
– Jibo bîranîna Akademîsyan Şekroyê Xudo Mihoyî (1930 – 2007).....33
Dr. Ibrahim Mahmud

(به بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك)

# کورد و زمانی دۆزەخ...

فەرەیدوون سامان

زمانی شیرینی کوردی، زمانی پیرۆزی باباتاهیری هەمەدان، خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی، زمانی فەلسەفە و سۆفیگەرێتی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێی تەیران، زمانی ئەفراندنی نالی و سالم و مەحوی، زمانی ئیستاتیکی پیرەمێرد و گۆران و هێمن و سەدان شاعیری نوێخواز، مخابن خەریکە ئەمڕۆ لە سەردەمی جیهانگیری و ئایتی و سۆسیالمیدیادا، بە درووشمی باق و بریقی مافەکانی مرۆڤ و دیمیکراسیەت هەرەشەی لە لێکترازان و لەنێوچوونی لێدەکرێت، هەر بۆ نموونە بەر لە ماوەیەک ئەو لێدوانەی ئەحمەد خاتەمی ئیمام خەتیبی تاران لەبارەی زمانی کوردییەوە کە زمانی دۆزەخە، چەندە ڕاستە و ڕاست نییە، بەڕای من گرنگ نییە، بە قەد ئەوەی لەو چەند ڕۆژە لە سۆسیال میدیادا هەڵلایەکی نایەوە، دەربڕینی زمانی دۆزەخ وەک تێرمێک هەر لە ڕووی زانستییەوە پێناسە و چەمکێکی هەڵەیە، بەداخەوە لە هزر و هەناوی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هێشتا وەک فەلسەفەی نەتەوەیی لەسەر پرسی دانپێدانانی زمانی کوردی وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە خۆیاندا شۆڤینیانە بیر دەکەنەوە، بەخۆیان بزانن یان نا، لە میانەی هەوڵەکانیان بۆ دژایەتی کردنی زمانی کوردی کە لە بنەڕەتدا لە داهاتوودا پرسی نەتەوە و دروستکردنی قەوارەیەکی کوردییە.

هەر بۆیەش سەدەیەک پترە بە جۆرەها شێوە نکۆڵی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیەک دەکەن، لەو بوارەشدا کەسانی بەناو ئەکادیمی و زمانناسی نەتەوەی سەردەست هەمیشە لە هەوڵی چەواشەکردنی فەرهەنگی کوردیدان، مخابن هەندێجاریش کەسانێک یان ئیلیەتێک لە هاوزمانەکەی خۆمانیش ناهۆشیارانە هەوڵی شوێنگرتنەوەی ئەو داگیرکەرە دەدەن کە سەدەیەکە قوربانیان بۆ داوە و لە دژیدا جەنگاون، لەجیاتی ئەوەی هەوڵی بەدیهێنانی جیهانێکی جیاوازتر بدەن لەوەی کە تێیدا قوربانی بوون و بە مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان کە زمانی دایکە نەگەیشتوون.

پرسی ناسنامەی کوردبوون لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئەگەرچی خەباتو قوربانی زۆری بۆ دراوە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، لەژێر هەژموون و کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئەو دەوڵەتانەدا بووە، کە کوردستانیان بەسەردا

دابەشکراوە، وەک چۆن نەتەوە درواسێیەکانمان دەوڵەت دەکەن بەو ئامانجەی هەموو ئامرازێکی سەرکوت و ئاسمیلەکردن بۆ خۆیان ڕەوا دەکەن، لێرەدا ئەرکە قورسەکەی کورد تەنها خەباتکردن نییە بۆ داننان بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی لەو بەشانەی کوردستاندا، بەڵکو دەبێت بابەتی ناساندنی زمانی کوردی لە دەستووری ئەو وڵاتانەدا ددانی پێدا بنرێت و بسەلمێنرێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر کورد دووچاری قڕکردن و جینۆسایدی کولتووری نەبنەوە، لە داهاتووشدا ئەگەر واتایەکیش بۆ چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی نەمێنێتەوە، ئەوا ترسیان لەوە نەبێت کە لە ژیان لە چوارچێوەی قەوارەی ئەو دەوڵەتانەدا بە ئاسوودەیی و شکۆمەندی بژین.

دواجار کە دواجاریش نییە قسەکردن لەسەر پرسی زمان و زارەکان، هەڵوەستەی گەرەکە و وێڕای توێژینەوەی زانستی لەو بوارەدا، بە مەرجێک پشت بەو سەرچاوە بیانیانە نەبەسترێن، کە لە ڕابردوودا بۆ هەر مەبەستێک بێت هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان نکۆڵیان لە بنەچەو ڕەسەنایەتی کوردبوونی گرووپێک یان زارێکی ڕەسەنی کوردی کردووە، هەر بۆ نموونە گرووپی گۆران_زازاکی، یان لەک و لوڕ و ئێزیدییەکان، هەڵبەت گەیشتن بەو قەناعەتە، لە ڕەتکردنەوەی ئەو هزرە نازانستییە لەلایەن ئەکادیمیست و زمانناسانی کوردەوە خۆیان، باشترین بەڵگەی وەڵامەکانی ئێمەن، کە ئامانجی بنەڕەتی وەک سێ جومگەی سەرەکیەکەی (زمان، ناسنامە، کولتوور) کورد بووە، ئەو ئامانجانەش هانیداین بە تایبەتیش پرسگەلی کوردانی (ئێزدی، زازاکی، شەبەک، کاکەیی- یارسان، فەیلی...هتد)، کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عیراقی بە بەرنامە و ئەجیندای وڵاتانی ئێقلیمی و ناوەندە شۆڤینیەکان، هەوڵی ئەوەیان داوە ئاخێوەرانی ئەو زارە کوردییانە وەکو زمانێکی جیاواز لە کورد بناسێنن، هەڵبەتە لە روانگەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، ئەم پێکهاتانەی گەلی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستەوە بە پلان و بەرنامەی تۆکمە چەوسێنراونەتەوە و هەوڵی قڕکردن و لە نێوبردنیان دراوە، هەر هیچیان نەکردبێت لە هەوڵی بەردەوام بوون زمان و کولتووری خۆیان بەسەر ئەو پێکهاتانە بسەپێنن و ئاسمیلەی فەرهەنگییان بکەن. دیارە ئامانجە بنەڕەتیەکەش لای نەتەوەی سەردەست، گۆڕانکاریی دیموگرافی لە

خاکی کوردستان و بەرتەسک کردنەوەی جوگرافی نیشتمانەکەمان بووە، و ئەم گرووپانە لە ناسنامەی کوردبوونی خۆیاندا دابماڵن و دواجاریش وەک ئاماژەم پێکرد وەک نەتەوە و زمانێکی سەربەخۆ بیانناسێنن.

پرسی زمان و کێشەی زارە کوردییەکان، بابەتی ئیتنیک و مافەکانیان دەبێت لە دەستووری داهاتووی ئەو وڵاتانەدا کە پارچەیەکی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ددانی پێدا بنرێت و بسەلمێنرێت، پێویستیمان بە بڕیارێکی سیاسی یەکلاکەرەوە هەیە بە هەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم گرووپانە بە بیانوو و ناسنامەی داسەپێنراوی تر دووچاری قڕکردن نەبنەوە.

- سەرنووسەر

# پەیوەندی جەدەلی
# زمانی دایك و پرسی نەتەوە

مستەفا غەفوور

کاتێک باسی زمانی دایک دەکرێ، پتر ئەو هۆنراوەی حاجی قادری کۆییمان بیردێتەوە کە ئەوانەی زمانی دایکیان نازانن زۆڵە کوردن، لە راستیدا ئەم هۆنراوەی حاجی قادر لە سەردەمێکی تایبەت نووسراوە و ئاڕاستەیەکی تایبەتی هەیە، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە ئەنقەست یان بە هۆی بەکەم زانینی نەتەوە و زمانەکەیان، پەنایان بردۆتە بەر زمانی نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەرانی کوردستان، یان لەو روانگەوە گوایە زمانی کوردی زمانی خەڵکی رەشۆکییە و دەرۆستی ئەرک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان، واتە چینی ئەشراف نایات و ناتوانێت زمانی نووسین و ئاخاوتن بێت. حەزرەتی نالیش وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر نووسەرە مەلازادەکانی ئەو سەردەمە کە پتر بە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی دەیانووسی هاتۆتە دەنگ و دەڵێ:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکردییە خۆ کوردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە رێز بۆ زمانەکەی خۆیان دانانێن و بایەخی پێنادەن. دیارە خۆشەویستی مەلاو مەلازادەکان بۆ زمانی عەرەبی و بە پیرۆز دانانی ئەو زمانە، کاریگەر بووە لەسەر بایەخنەدانی پێشەوایانی دینی بە زمانی کوردی، کە ئەو کاتە ئەوانە رووناکبیر و دمڕاستی خەڵک بوون. هەر هەمان روانگەشیان بۆ خەڵک گواستۆتەوە، ئەمەش رێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەی باڵادەست لە ژێر دروشمی دینیدا دەست لە بینەقاقای زمانی کوری بنێ، ئیلاهیات باڵاتر بێ لە زانست و بۆنە دینییەکان باڵاتر بن لە بۆنە کلتوورییەکان هەر لەداب و نەریتەکانەوە بگرە تا دەگاتە بۆنە نەتەوەییەکان، لەوانە جەژنی نەورۆز... .

لە ژێر ئەو بانگەشەیەی کە دەبێ ئەرکە دینییەکان لەوانە نوێژ و خوێندنی قورئان و تەلقین و حەج و وتارە دینییەکانیش بە عەرەبی بن، زمانی کوردییان بە وشە و زاراوەی عەرەبی پاراوکردووە، کە لەبری ئەوەی تینویەتی بشکێنێ رێگەی خنکاندنی خۆشکرووە. بەرەبەرە سەبکی زمان و رێسا زمانییەکانیشیان گواستۆتەوە بۆ ناو زمان و، زمانناسی کوردیی لەوەندەش کردووە کە هەبووە. مەلا و مەلازادەکانی ئێمە ئەوەندەی شارەزای صرف، نحو۔ بلاغە، استعارە و جیناس و گباق و ...تاد، زمانی عەرەبی بوون، ئەوەندە شارەزای زمانەکەی خۆیان کە کوردییە نەبوون.

ئەم ئاڕاستەیە ناکۆک بووە لەگەڵ ئاڕاستەی ئەو رووناکبیرانەی دوای شۆڕشی

رۆشنگەریی و لە ژێر کاریگەریی ئەو شۆرشە و کرانەوەی مرۆڤ بە رووی زانست و تکنۆلۆجیادا، هاتوونەتە ناو بواری رۆشنبیریی. هەر لە سەرەتاوە ئەو ناتەباییە و پێکەوە نەگونجانە لە بەرهەمی نووسەران و ئەدیبانی نوێخوازدا رەنگیداوەتەوە.

بە پێچەوانەوە، دینی مەسیح لە پێناوی بڵاوکردنەوەی ئەو دینە پێشەوایانی دینی دەنارده وڵاتان و لەو پێناوەشدا هەوڵیاندەدا ئینجیل وەرگێڕن بۆ سەر زمانی ئەو دەڤەرە و بۆ سەر زمانی ئەو کەمینە تا خەڵکی ئەو وڵاتە بتوانن بە ئاسانی لە ئینجیل و لێکدانەوەکانی بگەن، تا ئەوانەی دەبن بە مەسیحی بە زمانی خۆیان ئەرکە دینییەکان ئەنجام بدەن و بۆنە دینییەکان بەڕێوە بەرن. لە زۆر شوێن فەرهەنگیان بۆ وشە و زاراوەکانی ئینجیل بە زمانی ناوچەکە داناوە. تێکڕای ئەم پرۆسەیە بۆتە هۆی ئەوەی زمانی ئەو ناوچانە گەشە بکەن. نەک هەر ئەوە، لەبەر ئەوەی موزیک لە دینی مەسیحیدا خۆشەویستە و پێویستی سرووتە دینییەکانە، موزیکی کلیساکان و موزیکژەنانی مەسیحی شوێنپەنجەیان بەسەر گەشەکردنی موزریک و تەنانەن گۆرانی کوردیشەوە دیارە.

ئەمە جگە لە فاکتەرە سیاسی و دینییەکان، بۆتە هۆی گەشەکردنی زمانی کوری، بەهێز بوونی زمانیش لە هەر سەردەمێکدا بێ، هۆگری بۆ زمان و هەستی نەتەوەیی دەبزوێنێ و بە هێزی دەکات.

دەکرێ بڵێین گەشەکردنی زمانەکانی ئەورووپا و جیابوونەوەیان لە زمانی لاتینی و بوونیان بە زمانێکی سەربەخۆ رەنگە هەر ئەم هۆکارەی بڵاوکردنەوەی دینی مەسیح بووبێ، چونکە سروت و بۆنە دینییەکانی مەسیح بە زمانی لاتینی بوون و تێگەیشتن و لەبەرکردنیان بۆ هەموو خەڵک ئاسان نەبووە. دەرەنجامەکەشی ئەوەیە، ئەو زمانانە هێشتا کاریگەری زمانی لاتینی و وشە و زاراوەکانی ئینجیلیان پێوە یارە[١].

پێشەوایانی فەرەنسی دینی مەسیح لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەم بە هۆی بڵاوکردنەوەی دینی مەسیح و وەرگێڕانی بۆ زمانە هیندوئارییەکان، ئاشنایەتیان لەگەڵ مێژووی زمانی سنسکریت پەیداکرد[٢] . ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ پەیبردن بە لێکچوونی بنەڕەتی زمانەکان و دابەشکردنیان بۆ چەند خێزانە زمانی گەورە و تاوتوێکردنی پەیوەندی و مێژووی سەرهەڵدانیان.

---

١ – اشنایی با تاریخ زبان شناسی/ کورش صفوی. ص ١٣٣
٢ – هـ س

کاریگەری ئەو شەپۆلە رۆشنبیرییە بە وڵاتی ئێمەشەوە دیارە، رووناکبیرانی ئەورووپادیدە و خوێنکارانی زانکۆکانی ئەورووپا و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ئەو هەستە نەتەوەیەی بەهێز کردووە، لەم رووەوە دەبینین داینەمۆی فکری هەستی کوردایەتی و بزوتنەوەکانی شێخی نەمر و کۆماری مەهاباد، ئەو رووناکبیرانە بوون لەوانە رەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی، جەمال عیرفان، مستەفا پاشای یامولکی، ئەحمد پاشای بابان، پیرەمێرد، حوسێن حوزنی موکریانی و... هیتر، بەڵام ئەو رووناکبیرانە ئەگەر دژایەتیش نەکراین لانیکەم رێگەیان بۆ خۆش نەکراوەی رۆڵی رۆشنبیری خۆیان بگێڕن، بۆ نموونە: فەهمی لیجی سکرتێری شێخ سەعیدی پیران بە عەلی رەزا کوڕی شێخ سەعیدی دەوت: کەس ماڵی وێران نەکردین باوکت و خواپەرستییەکەی نەبێ، خۆ هەر کە فرۆکەی تورکی دەگەیشتە سەرمان باوکت دەیوت هەستن با نوێژی بەکۆمەڵ بکەین.[٣]

لەگەڵ بە هێز بوونی هەستی نەتەوایەتی زمانی کوردی بەرەبەرە لە ژێر کاریگەری زمانی دین واتە زمانی عەرەبی هاتۆتەدەر و کوردی نووسین و کوردی خوێندنەوە و زمانناسی کوردی سەریهەڵداوە. بە پێی ئەم بەڵگەنامانەی دوایی مستەفا پاشای یامولکی یەکەمین ئەلف و بێی فەرمی زمانی کوردی بۆ وەزارەتی مەعاریفی مەملەکەتی کوردستان داناوە. ئیتر پێگەی زمانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان رووی لە لاوازی کردووە، هەستی نەفرەت و دزێوی زمانی بێگانە پەرەی سەندووە زۆر لە رووناکبیران بە شەرمیان زانیوە بە زمانەکانی تر بنووسن و هەستی خۆیان دەرببڕن، هەر بۆیە پیرەمێردی نەمر لە گلەییەک کە ئاراستەی مستەفا سائیبی دۆستی دەکات کە بە زمانی تورکی دەنووسێ نەک بە زمانی کوردی، دەڵێ:

**مستۆ تۆ دیارە جل خوار ئەکەی/ ئەستۆت ئەخورێ و مەیلی بار ئەکەی**

**کاغەز ئەنووسی بە زمانی تورکی/ لە میللییەتدا مایل بە شرکی**

دواتر هەژاریش هەر لە بەرامبەر ناحەزانی کورد و هەستی بە کەمزامی و زمانی کوردی داوا دەکات کە مرد بە کوردی تەلقین بکری و دواتر هەر خۆی کە زمانی کوردی لاپیرۆز بووە قورئانیشی کردووە بە کوردی، کە ئێستاش لای زۆر مەلا و کۆلکە مەلا بڤەیە. ئینجا دەڵێ:

---

٣ – ئاستەنگەکانی هۆشیاری هاوچەرخی نەتەوەی. د. عەبدەلفەتاح علی بۆتانی. و: نەجیبە ئەحمەد. ل٤٤

**بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم/ بە کوردی دەیدەم وەڵامی قەبرم**

**بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە/ لەو دونیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە**

ئەمانە و زۆر شاعیری تر بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی زمان فاکتەری یەکەمی نەتەوەیی و بوونی هەر نەتەوەیەکە، زمانی کوردییان بەرز راگرتووە و بە بەها هەرە پیرۆزەکانیان لەقەڵەم داوە.

لە لایەکی تر، دابەشکردنی خاکی کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا بوو بە هۆی دابەشبوونی کورد و دابڕانی هەر بەشەی لەویتر، دابڕانێک کە بەتەواوی لە یەکتر بێ ئاگابوون، لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە پەیوەندییەکانی گواستنەوە و میدیایی و هاتووچۆ زۆر کەم و لە حاڵەتی نەبوون دابوون، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەریەک لەو بەشانە بە ناچاری و بە لاوازی بکەونە ژێرکاریگەریی هەژموونی نەتەوەی دەسەڵاتدار و بەرەبەرە ببنە پاشکۆی زمان و کلتووری ئەو نەتەوانە و هەوڵی سرینەوەی ناسنامەیان بدرێت.

تەنانەت تا ئەمڕۆش سەرکردە و هێزەکوردییەکانی ئەو بەشانە و تەنانەت رۆشنبیرانی ناو ئەو بزووتنەوانەش ئەو دۆخە بەهەند وەردەگرن، لە هەڵویست و پەیوەندی سیاسی و شۆڕشگێڕیان، ئەوە دەکەن بە بیانوو: گوایە بەهۆی جیاوازی کلتوور و ئاستی رۆشنبیری و ئابووری، ناتوانن پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر هەبێ، نەک هەر ئەوە هەریەکە بەو بڕوایە سوود لە ناکۆکی نێوان ولاتانی هەرێمی وەردەگرێ و وەک داشێک هەڵدەخلیسکێن بۆ ناو گەمەی سیاسەتی هەرێمی و ناوچەیی ئەو وڵاتانە، ئەمەش راست ئەوەیە کە دوژمنان هەوڵیان بۆ داوە و هەوڵی بۆ دەدەن، هەر ئەمەش یەکێک بووە لە فاکتەرە گرنگەکانی تێشکانی ئەو بزووتنەوانە و لەدەستدانی دەسکەوتەکان.

ئەم دابڕانە لەسەر ئاستی زمان زۆر کاریگەرتر بووە، دیالێکت و بنزارەکانی ئەو وڵاتانە لەپاڵ ئەوەدا گەیشتبۆ ئەو ئاستەی بە تەواوی تێکەڵی زمانی نەتەوەی باڵادەست ببن و ببن بە دیالێکتێکی ئەو زمانە، خۆشیان چەندین بنزاری تریان بە ئاڕاستەی نزیک کەوتنەوە لە زمانی دەسەڵاتدار، لێدروست بووە.

تا دوای نیوەی یەکەی سەدەی بیستەم بۆنەکانی نەورۆز لە باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستان، نەک هەر یادکردنەوەیان نەبوو، بەڵکو لە فەرهەنگی گشتی ئەو وڵاتانەدا خنکابوو. تا سەدەی بیست و یەکەم ئەو بۆنەیە لە باکوور و رۆژ ئاوا

هەر نەبوو. راستە لە دەروونی هەرکوردێکی باکوور یان رۆژئاوادا پیرۆز بووە، بەڵام بە هۆی گوشاری دوژمنان، دەرفەتی دەربڕین و گوزارشت کردن لەو بۆنەیە، هەر لە ناخی تاکەکانیدا کپکرابۆوە و ڕێگەی یادرکردنەوەیان پێنەدەدرا، ئەگەر ئەمەش پتر درێژی کێشا با لە هۆش و بیریاندا دەسڕایەوە و ئەگەری ئەوە هەبوو بۆ هەتا هەتایە لە بیر بچێتەوە.

کاتێک لەسەر دەستی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەو بەشانەی کوردستان هەستی نەتەوەیی گەشەی کرد و بەزەبری خەبات و تێکۆشان بەستەڵەکی ترس و تۆقاندن شکا و کورد ویستی گوزارست لە خۆی بکات وەک نەتەوەیەک، دوژمنان کەوتنە پیلانی ئەوەی، ئەگەر نەتوانن پێش بەو هەستە و نەتوانن رێگە لە یادکردنەوەی بۆنەکان لەوانە جەژنی نەورۆز بگرن، جەژنەکە و شێوازی یادکردنەوەی چەواشە بکەن و بڵێن ئەو جەژنە جەژنی فارسیشە، جەژنی بەهارەی عەرەب و تورکیشە، تا هەرچۆنێک بێت ئەو هەستە بمرێنن و ئەو خولیا نەتەوەییە کپ بکەنەوە.

پرسەکە ئەمڕۆ جیاوازە، بە داخەوە دەبێ بڵێین ئەو دوژمنەی بە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردو خوێنی هەزاران شەهید لەدەرگا کرایە دەرەوە، ئێستا بە دەرفەت وەرگرتن لە غەفلەتی خاوەن ماڵ بە پەنجەرەدا دێتەوە ژووری.... .

ئەزموونی چەند ساڵەی تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیدا، سەلماندوویەتی دوژمن ناتوانێ بە جەنگ و داگیرکاریی و کۆمەڵکوژی کۆتایی بە پرسی کورد و دۆزە رەواکەی بێنێ، لەپاڵ ئەوەشدا قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ پشتیوانەی نێودەوڵەتی هەیە، لەبەرئەوە دوژمنان ناچارن رێگەی تر بگرنەبەر، یەکێک لەو رێگایانە کە بەندە پێیوایە پلانێکی لەسەرەخۆ، درێژخایەن و پروردەکارییە، نەهێشتنی ئینتما و لێکهەڵوەشاندنی نەتەوەی کوردە لە دەروونی خۆیدا، بە واتایەکی تر چەواشەکردنی بنەمای ناسیۆنالیزمی کوردە. بۆ ئەمەش جگە لە رێکارە سیخوڕی و سەربازییەکان پەنایان بردۆتە بەر کاڵکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کە زمانە. بەو پێیەی زمان فاکتەرێکی هەرە گرینگی مانەوەی نەتەوەیە، یەکگرتویی زمانیش مایەی یەکگرتنی هەستی نەتەوەیی چین و توێژ و ئاخێوەری دیالیکتەکانییەتی، لێکجیایی بەردەوامی دیالێکتەکان، درزێک لە یەکییەتی نەتەوەییدا دەهێڵێتەوە. هەنگاونانیش بەرەو پتر لێک جیاکردنەوەی دیالێکتەکان جۆرێکە لە دژایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی

و یەکییەتی نەتەوەیی، کە ئێستا بە پێی ئەو ڕووداوانەی سەرهەڵدەدەن نیشانەکانی دەرکەوتووە.

بە داخەوە، ئێستا لە بارودۆخی ناوخۆی باشووری کوردستانیش گەلێک ئاڕاستە هەست پێدەکرێ، کە هەریەکەیان بە پێی بەڵگە و لێکدانەوەی بێ بنەما، هەوڵدەدات نەک دیالێکتەکان لە قەدی زمانی کوردی جیابکاتەوە، بەڵکو زمینەیان بۆ خۆش دەکات ببن بە شێوەزمانی جیاواز. لەپاڵ ئەوەشدا، دووبەرەکی سیاسیی و چەند بەرەیی تێکۆشان لە بوارەکانی تری ژیانی کوردەواریدا، لەسەر ئاستی خوێندن، کلتوور، دامودەزگای بەڕێوەبەری، ڕاگەیاندن، زمانی پەیوەندی و ئاخاوتن لەم بوارانە ڕەنگیداوەتەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو دیاردەیەکی خوڵقاندووە من وەک خۆم ناوی لێدەنێم دەمارگیری زمانیی واتە ئاخێوەرانی دیالێکتەکان تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیشیان ئەوندەی هۆگری دیالێکتەکەیانن ئەوەندە خەمی زمانی یەکگرتوویان نییە، کە ئەمەش پەرە بەو ئاڕاستە هەڵەیە دەدات: گوایە فرەزمانی و تەنانەت فرە کلتووریش لە کوردستان ئاساییە و دەتوانی خزمەت بە دۆزی کورد و پرسە ڕەواکەی بکات. بەو بۆنەیەوە دێن ئاماژە بەو وڵات و فیدراسیۆنانە دەکەن، کە فرەزمانی فەرمی شتێکی ئاساییە و یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاک و کەمینە. بۆ نموونە ئاماژە بە کیوبیکی کەندا دەکەن کە دانیشتوانەکەی بە دوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەدوێن، لە کاتێکدا هۆکارەکەی پتر سیاسی و ئابوورییە، نەک لەبەرئەوەی ئەو کەمینانە مەترسی لەناوچوون و جینۆسایدیان لەسەر بێت، یان لەڕووی یاساییەوە جیاوازیی یان ناکۆکییەک هەبێت، یان ئاپارتاید لە ئارادابێ یان تەنیا ناسنامەی بوونیان، زمانەکەیان بێت. لۆکزامبۆرگ بە سێ زمانی لۆکزامبۆرگی، ئەڵمانی و فەرەنسی دەدوێن. بەڵام ئەم سێ زمانە نەبوونە هۆکار بۆ چێ بوونی کۆمەڵگەی جیاواز لە یەکتر. پەروەردە پتر بە زمانی ئەڵمانییە و، بەڵگە نافەرمییەکانیش پتر بە زمانی فەرەنسی دەنووسرێن، ڕۆژنامەکانیش بە هەر سێ زمانەکە دەردەچن. لە سویسرا: فەرەنسی، ئەڵمانی و ئیتالی سێ زمانی فەرمین لە پەروەردە و خوێندن، دامودەزگای کارگێڕی و سیاسی تەنانەت لە پەرلمانیش کاریان پێدەکرێت، بێ ئەوەی هیچ کێشەیەک دروست بکات و بێ ئەوەی ئاخێوەرانی ئەو سێ زمانە هەست بە هیچ مەترسییە بکەن و تەنیا زمانەکەیان ناسنامەیان بێت، لە هێندێک شوێنی تر ئەم حاڵەتە هەیە بەڵام هیچیان پرسی نەتەوەیی نین زمانەکەیان ناسنامەی بوون و مانەوەیان بێ، بەڵکو پرسێکی ئابووری سیاسین و کۆدەنگییان لەسەرە و

دەرەئەنجامی مەترسی سەرهەڵدانی جینۆساید و رەگەزپەرستی و کۆمەڵکوژی و لەناوبردن نین.[٤]

مەترسیدارترین سیاسەتی داگیرکارانی کوردستان ئەوەیە کە نەک هەر ڕێگە نەدەن منداڵانی کورد بە کوردی بخوێنن، بەڵکو ڕێگە لە کورد بگرن بە زمانی خۆی بدوێ کە دەرفەتی فێربوونی زمان لە خوار تەمەنی مێرمنداڵی دایە، لە ماڵەوەش لە منداڵانی کوردی زەوت بکرێ، ئێستا خۆمان بەکردەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەین ئەویش بە هۆی دانانی گرتە فیدۆ و فلیم لەسەر ئایپاد بۆ منداڵکانمان بەزمانی بیانی و شانازیکردن بەوەی خوێندنی منداڵەکانمان لە خوێندنی بنەڕەتییەوە بە زمانی بیانییە لەوانە ئینگلیزی.

دەڵێن زمان کاتێک دەمرێ کە منداڵانی نەتەوەی ئەو زمانە چیتر فێری زمانەکەی خۆیان نەبن[٥]. دەبینین ئێستا لە هەرێمی کوردستان، لەژێر دروشمی گەشەپێانی پەروەردەو فێرکردن بۆ برەودان بە زمانە بیانییەکان خولیای زمانی کوردنی لە دەروونی مناڵانی کوردا زیندە بەچاڵ دەکەن، لەژێر پەردەی و بەرزکرنەوە ئاستی زانستی خوێندنی باڵا، بەو بیانووەی زمانی کوردی زمانی زانست نییە و ناتوانین لە مەیدانی رۆشنبیری و جیهانی زانستدا ئامادەبین، پەرە بە بڵاوکردنەوە و سەقامگیری زمانی بیانی لەوانە ئینگلیزی و زمانی داگیرکەرانی کوردستان دەدەن. تەنانەت هێندێک نووسەر رۆشنبیر گەیشتوونە ئاستێک دەیانەوێ زمانی بیانی بکەن بە زمانی زانست و خوێندنی باڵا، واتە دوای ئەو هەوڵە شاراوەیە کەوتوون کە دەیەوێ زمانەکەم لە ماڵی خۆم لێ بکەن بە زمانی دووهەم.

کومپانیا بیانییەکانیش کێشەکەیان قوڵتر و قورەکەیان خەستر کردووە، بەو پێیەی هەریەکەیان بە زمانی خۆی کانەڵەکانی پەیوەندی خۆی کاردەکات. ئەمەش کاربەدەستانی ناوچەکەی ناچارکردووە فێری زمانی ئەوان ببن. سێکتەرەکانی ئابووریش بە شێوەیەکی ئەوتر رێکخراون کە کۆچ لە لادێوە بەرەو شارەکان بەرادەیەک زۆر بووە، دەکرێ بڵێین بەشی هەرە زۆری کوردستان شارنشینن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی نەرێنی زمان داناوە.

بازرگانی کردن بەم پرۆسەوە تا رادەیەک مەبەستی داڕێژەرانی ئەم پلانەی

---

٤ – ئەمە بەشێکە لە وتارێک بە ناوی بەناوی دیالێکتەکان و بنەمایەک بۆ زمانی ستاندارد. کە لە ژمارە (٤) ی زمان و زار دا بڵاوکراوەتەوە

٥ – درامدی بر زبان (زبان شناسی همگانی) ڤکتوریا فرامکین، رابرت رادمن، نینا هیامز ص٦١٧

شاردۆتەوە. چاوچنۆکی سەرمایەداران و بێ ئاگایی گەلێک لە رۆشنبیر و نووسەر و ئەکادیمییەکان کارێکی وای کردووە خەڵکی رەشۆکی بە شتێکی سادەی تێبگەن، ئاشکرایە هەرکاتێک ناحەزان مەبەستی خۆیان پێکا ئەوسا تێگەیشتن و زانینی مەرامەکانیان هیچ دادێک نادات، وەک دەڵێن پاشی بارانان کەپەنک.

کوردستان دوورە پەرێز بووە هیچ هاتوچۆیەکی بازرگانی وەک رێگای ئاوریشم و رێگای بازرگانی تری لە رۆژهەڵاتی دوورەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوین و لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ دەریای عەرەبی و کەنداوی فارسی بەسەرەوە نەبووە، تووشی پەتای زمان واتە درەستبوونی زمانی کریۆلی و پیجن و تێکەڵەیەکی نەرینی نەبووە. لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان بە کشتوکاڵ و بەشێکی زۆریان بە ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون، نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی ئەشراف واتە زمانی شار بە تایبەتی کاتی دەسەلاتداری نورک و فارس و عەرەب. لە هەمانکاتدا نە رێگەی دەریای هەبووە نە رووباری ئەوتۆ هاتوژۆی کەشتییەوانی پێدا کبرێت، سەرەڕای ئەمانە ئەوەی بەدست کوردەوە بە تەواوی ماوەتەوە زمان و کلتوورەکەی بووە، ناچار بۆ پاراستنی کە پێویستییەکی سەرەکی ژیانی بووە، دەستی پێوەگرتووە و پاراستوویەتی. ئێستا بە پێچەوانەوە ئەم کرانەوەی کوردستان بە رووی جیهاندا بە بێ پرنسیپ لە لۆجیکی لاوازییەوە زمانەکەی خستۆتە مەترسییەوە.

ئەنسکلۆپیدیای زمانی ئینگلیزی بەریتانیا نەفرەت لەو زمانە کریۆلییانە دەکات کە لە زمانی ئینگلیزییەوە سەرهەڵدەدەن و دەڵێن: زمانێکی نامەفهوم، زۆڵ، سەرکێش و پڕ لە گەمژەیی، هەرزەکاری و گەنەڵیی[٦]. ئەمە لە کاتێکدا کە سەدان زمانی کریۆلی لەسەر تاسەری جیهان لەسەر بنەمای زمانی ئینگلیزی دروستبووە، کە نەک هیچ زیانێکی بە نەتەوە و زمانی ئینگلیزی نەگەیاندووە، بگرە خزمەتیشی پێکردووە شکۆی زمانەکەشی بەرزتر راگرتووە، چونکە هەر بە پێی ئیدیۆمێکی خۆیان لاساییکردنەوە باشترین پیاهەڵدانە، بەڵام تەنیا لەو رووەوە کە ئاخێورانی زمانی کریۆلی ئینگلیزی، ئەستاتێک و فۆنێتیکی زمانەکە بۆ ویستی خۆیان دەشێوێنن، ئینگلیزەکان ئەمە بە سووکایەتی دەزانن.

ئاشکرایە کاتێک زمان دابەش بوو نەتەوەش دابەش دەبێ، بە ئەندازەی لێکدوورکەوتنەوەی دیالێکتەکانی زمانێک، هەستی نەتەوەی ئاخێوەران و هۆگری

٦ درامدی بر زبان (زبان شناسی همگانی) ڤکتوریا فرامکین، رابرت رادمن، نینا هیامز ص٥٥٣

نەتەوەییان نامێنی و دەگاتە رادەیەک کە خۆیان بە نەتەوەیەکی جیاواز دادەنێن، نمونەکەشی دیارە بەشێکی زۆر لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا لەوانە بەشێکی لۆرستان وەک شهر کرد، یاسوج و ....، خۆیان بە کورد نازانن.

دیاریکردنی ئەم بابەتە کە ئایا ئەم جیاوازییە رێکخراوەی نێوان دوو کۆمەلگەی زمانیی، نیشانەی ئەوەیە دوو زار یان دوو زمانی جیاوازە، ئاسان نییە. بەلام دەکرێ ئەم پێناسە گشتگیرە بەکاربێنین: کاتێک هەر دوولای ئاخاوتنی زارەکان لەیەکتر نەگەن، واتە ئاخێوەریی زارێکیان نەتوانێ لە ئاخێوەری زارەکەی تر بگات، ئەوا ئەو دوو زارە دوو زمانی جیاوازن . واتە کاتێک بە ناوی گەشە پێدانی زارێک یان دیالێکتێکی زمانی کوردی دیالێکتەکە بەرە ئەو ئاستە بچێ ئاخێوەری زارەکانی تر نەتوانن لێی تێبگەن، ئەو لە بری گەشەپێدان ئەو زارە بەرەو جیابونەوە لە زمانی کوری رۆیشتووە ئەمەش لە حوکمی خیانەت دایە چونکە ئەوک ئەوە وایە لایک لە جەستی نەتەوەی کورد بکرێتەوە، کەواتە ئەمە هێلی سوورە، هەرچی زووە دەبێ بوەستێنرێ، ئیتر هیچ برو بیانوویەک قبولناکرێ.

هەر گۆرانێک لە ناوچەیەکی زمانیی بێتە ئاراوە و نەگوازرێتەوە بۆ ناوچە زمانییەکانی تر، دەبێتە هۆی ئافراندنی جیاوازیی زمانیی. کاتێک ئەم جیاوازییانە لە رادەی پێویست تێبپەرن، ئەو ئەم جۆرە دیالێکتەی زمان بە دیالێکتی ناوچەیی (regional dialect) لەقەلەم دەدرێ[٧] . ئەم ئاراستەیە سەرەتا دوو بنزار دەکات بە دیالێکت، ئەگەر هەر بەو ئاراستەیە بروات، هەر دوو دیالێکتەکە دەکات بە دوو زمانی جیاواز، کە نەک لە رووی وشە و دەستەواژەوە لێک تێناگەن، بەلکو دەبنە خاوەنی دوو رێزمانی جیاوازیش و دواتر... .

خالێکی گرینگ کە رێگری گەورە لە لێک نزیکبوونەوەی دیالێکتەکان بە مەبەستی هەوێنکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی، خودی تاکی کوردە کە بەو دیالێکتانە دەدوێن، بۆیە پێویستە بە دانانی پلانی زانستی و ئارام لە روی سایکۆلۆجییەوە، تاکی ئەو دیالێکتانە قەناعەت پێبکرێ کە دیالێکتەکەیان لاوازە و پێویستە بەکەلک وەرگرتن لە دیالێکتەکانی تر بە ئاراستەی زمانی یەکگرتوو بە هێز بکرێن، ئەمەش سەرەتا بە شیکردنەوەی باری زمانی و زمانەوانی دیالێکتەکانیان دوور لە دەمارگیری وەدی دێ.

---

٧ – درامدی بر زبان (زبان شناسی همگانی) ڤکتوریا فرامکین، رابرت رادمن، نینا هیامز ص٥٢٣

جگەلەوەی کە دەبێ لە تاکی کورد بگەیەنرێ کە پێویستە ئەویش خۆی ماندوو بکات تا دێتەوە سەر راستەرێی زمانی زگماکی، کەواتە لەسەر رۆشنبیرانی کورد بە تایبەتی مامۆستایانی قوتابخانە بە تایبەتی قوتابخانەی سەرەتایی، پێیستە ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرن و هەوڵبدەن هیچ دەمارگیرییەک نەیەتە ئاراوە، خۆ ئەگەر مامۆستا یا رەوشنبیران خۆیان دەمارگیر بن ئەوا کارەسات دەخوڵقێ.

هەوڵی دوژمنان بۆ لاواز کردن، دواتر لە ناوبردنی زمانی کوردی هەمەلایەنەیە لایەنێکیان ئەوەیە ریشەی دیالێکتەکان وشک بکەن بە واتایەکی تر دیالێکتەکان لەسەر ئاراستەی زمانی کوردی لابدەن لە رووی مێژوویی و زمانییەوە، ناسنامەی کوردبوون لەو دیالێکتانە بستێننەوە (بە پێی لێکۆڵینەوە چەواشەکانیان بیانگێڕنەوە بۆ سەر زمانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان)، لە لایەکی تر رێگە نەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە دیالێکتە فراوانەکانی تر بە ئاراستە زمانی کوردی دەوڵەمەند ببن، بە کورتی ئەگەر بۆیان نەکرا بە دیالێکتێک لە دیالێکتەکانی زمانی نەتەوەی دەسەلاتدار لەقەڵەمی بدەن، هەوڵ دەدەن بە دیالێکتێکی جیاوازی زمانی کوردی دابنێن. ئێستا پرسکە لەوە تێپەڕیوە هەوڵدەدەن بەرگی زمانێکی تەواو بەبەر هەر دیالێکتێکی کوردیدا بکەن، رۆژێک بانگەشەی ئەوە دەکەن، دیالێتکی گۆران لە وانە هەوارمی بکرێ بە زمانێکی تەواو، بە برِو بیانوی جیاواز کرمانجی سەروو بکەن بە زمانێکی سەربەخۆ، بەم کارەش هەموان ساردبەکنەوە لە بونیادنانی زمانی ستانداردی کوردی، هەر لە ئێستاوە دەبینین خەمساردییەک و بێ ئومیدی رووی لە کۆمەڵگەی زمانیی کردووە سەبارەت بە زمانی ستاندارد.

بە داخەوە، لە بری ئەوەی پرس و بابەتە لەدەسچووەکانی زمان و کلتوور نەریت زیندوو بکرێنەوە، وەک چۆن لە ئیسرائیل زمانێکی مروو زیندو کرایەوە، ئەو کاتەی فەرهەنگستانی زمانی عیبری ئیسرائیل ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆ، کە پێشتر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رووی نەدابوو، واتە زیندووکردنەوەی زمانێکی دێرینی نووسین، کە بتوانێ پێویستییەکانی ئاخاوتنی رۆژانـەی خەڵک دابین بکات واتە سـەرەڕای ئەوەی زمانی نووسین بێ زمانی ئاخاوتن و پەیوەندی وتەیی بێت[٨]، خەریکە ئەوەی هەشمانە لە دەستی دەدەین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کاتێک توانرا زمانی مردووی عیبری زیندو بکرێتەوە، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە مردن و زیندوویەتی زمانێک

٨ – درامدی بر زبان (زبان شناسی همگانی) ڤکتوریا فرامکین، رابرت رادمن، نینا هیامز ص٥٣٧

پەیوەندی بە هەموو ڕەهەندەکانی واقعی ژیانەوە هەیە. ئێمە دەتوانین زمانی کوردی بگەیەنینە ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و دەتوانین بە دەستی خۆشمان زیدەبەچاڵی بکەین، واتە پێش هەموو شتێک خۆمان هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن و لەناوچوونی زمانی کوردین، بۆیە لە ئێستا ئەرکی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو مەترسییە تەنیا لە ئەستۆی نووسەر و ئەدیبان دا نییە، بەڵکو پتر لە ئەستۆی دەسەڵات دایە.

زمانەکان خۆیان بەرەبەرە گەشە دەکەن چ لە رووی وشە و فەرهەنگەوە چ لە رووی ڕێزمان و پراگماتیکەوە، ئەگەر لە ئێستا ئاڕاستەیەکی دروست بۆ زمانی کوردی دیاری نەکرێ، سەرەڕای ئەو چەواشەکارییەی دوژمنان دەیکەن، پێشکەوتنی زانست و تکنۆلۆجیش لە خزمەتی زمانەکەماندا نابێ، واتە هەرچی وەریدەگرین و دەیخوڵقێنین بە شێوەک جێگای خۆی ناگرێ کە خزمەتی زمانەکەمان بکات.

# به ستانداردکردنی زمانی کوردی

پ.ی.د. دارا حەمید محەمەد*

زمان، نهێنی هەرەگەورەی پەی پێنەبراوی کۆمەڵیی مرۆڤایەتییە، ئەم دیاردەیە زۆر لەمێژە هەموو قوتابخانە فەلسەفییە گریکی و ڕۆمانی و عارەبی و فەلسەفەی نوێ و هاوچەرخ و زمانەوانی بەگشتی زانستەکانی دەروونزانی و کۆمەڵایەتی و ئەنەتۆمی...تد، بەخۆوە سەرقاڵکردووە، هەربۆیە دەبینین، لێکدانەوە و تێڕوانینەکان بۆ زمان بەپێی تیۆریی و گریمانە و قوتابخانەو زانستەکان جیاوازن، لە دیارترین پێناسەکان (زمان پێناسی نەتەوەیە بەتایبەتی بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان)، هەر ئەم راستییە وا لە نەتەوە بن دەست و بێدەوڵەتەکان دەخوازێت، کە خاوەنی ستراتیژێکی زمانی و پلان و سیاسەتێکی زمانی وردبن، بۆئەوەی زمانەکانیان لە جینۆساید و لەناوبردن بپارێزن، هاوکات ئاسایشی نەتەوەییشیان لە هەڕەشە بەدوور بێت چوون ئاسایشی زمان بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی، هەڵبەت هەنگاوی هەرەگرنگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سەرزمان و پاراستنی لەجینۆساید هەبوونی زمانی ستانداردە .

بەوپێیەی زمان لە گرنگترین پایەکانی چییەتی مرۆڤە، چونکە ستراکچەری کۆمەڵی مرۆڤایەتی دوای گەڵاڵەبوون و بنیاتی زمان فەراهەمبوو، ئاشکرایشە زۆربەی شێوەکانی چالاکی مرۆیی پشتبەستوو دەبێت بە هاوئاهەنگی یان ململانێی دووکەس دووگروپ دووزمان یان زیاتر . ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵی فرەزماندا هەمیشە ململانێی زمانەکان و هەوڵی زمانێک بۆ زاڵبوون بەسەر زمانەکانی دەوروبەری و بوونی بە زمانی سەردەست دێنێتە ئاراوە، زمانی کوردیش بەتەواوەتی ئەم دۆخ و هەڕەشەی دەستبەسەرداگرتنەی لەلایەن زمانانی داگیرکارەوە بەسەردا ساغ دەبێتەوە، و زۆر لە مێژە دوژمنانی کورد هەوڵی لاوازکردن و لەناوبردن یان ئاستەنگ دروستکردن لەڕێی گەشەکردنیان داوە هەربۆیە تەنها ڕێگە، کە چارەسەری بنەڕەتی کێشەی زمانی کوردی فەراهەم بکات و بیپارێزێت، بوونی زمانی ستانداردە.

لەو سۆنگەیەوە و تایبەت بە بەستانداردکردنی زمانی کوردی، وەک هەنگاوی یەکەم و سەرەتا پێویستە ناوەندە ئەکادیمی و فەرهەنگی و پەروەردەییەکان ئینجا سەرجەم دامودەزگاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە چەمک و بەهای

زمانی ستاندارد هۆشیار بکرێنەوە، چونکە زۆرێک لەو ناوەندانە تا هەنوکە لە چەمک و بەهاو ماهییەتی زمانی ستاندارد و شێوازەکانی بەستانداردکردنی زمان نەگەیشتوون، هەربۆیە دەبینین بەهۆکاری سیاسی وکۆمەڵایەتی وبەپێی ژمارەی بەکارهینەران و مێژوو و جوگرافي ....تد، زۆر نەشارەزاییانە بڕیار لەسەر کەیسێکی پڕ بەهای وەک زمان دەدرێت، بێگەڕانەوە بۆناوەندەکانی زانستیی و پسپۆڕو شارەزا لە زمانی ستاندارد بەمەبەستی چێکردن و کارلەسەرکردنی .

هەنگاوی دووەم لە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانی کوردیدا ئاشنابوون و سودوەرگرتنە لە ئەزموونی میللەتان وەک ئەزمونەکانی (ئینگلیزی، عارەبی، جێرمانی، نۆرویژی....تد) و شێوازەکانی بەستانداردکردنی زمان وەک شێوازەکانی (هۆگن، ڕای،هدسن، بارچ .....تد) و دەستنیشانکردنی شیاوترین شێوازەکان و گونجاوترینیان بۆ زمانی کوردی .

هەنگاوي سێیەم لە بەستانداردکردنی زماني کوردی، دەستنیشانکردنی بناغەی زمانی ستانددادە لە چ زارێکەوە یان ئەدەبییاتیکەوە سەرچاوەبگریت؟ چۆن سود لە وشە و زاراوە و دەربڕاوەیاسایی و تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژي و گراماتیکییانەی زارو شێوەزارەکانیتری زمانی کوردی وەربگرێت و خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، تاببێتە مایەی ئاسانکاری لەپرۆسەی بڵاوبوونەوە و قبولکردنیدا، ئەم هەنگاوە هاوکات پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی ئاخێوەرانی سەرجەم زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردییە لەوەی، کە زمانی ستاندارد هیچ هەڕەشەیەک بۆسەر زارو شێوەزارەکانیان دروست ناکات، چونکە زمانی ستاندارد زمانی ئاخاوتن نییە، بەلکو(زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووە لەڕووی فۆنەتیک و وشە و یاسا و ڕێزمان و واتا و ڕێنووسەوە، زمانی ستاندارد زمانێکی گەشەکردووی پشتیوانیکراوە بە یاسا و بڕیاری سیاسی، زمانێکی جێگیری پتەوە، کە لە ناوەندە فەرمییەکانی خوێندن و دامودەزگاکان و ئەدەبیاتدا بەکاردەهینرێت و لەلایەن خەڵکیەوە قبولکراوە).

هەنگاوی چوارەم بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی بڕیاری سیاسی و پاڵپشتی یاساییە، زمانی ستاندارد بە بێبڕیاری سیاسی و بەدەستهێنانی پاڵپشتی یاسایی سەرکەوتو نابێت، پاڵپشتی یاساییش بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی

پێویستی بە دوو هەنگاوی پێشوەختە هەیە، کە ئەوانیش (سیاسەتی زمان) و (پلانی زمان)ن، لەبەر ڕوشنایی ئەو دوو هەنگاوەدا و دوای دیراسەکردنیان بەشێوەیەکی زانستییانە دەکرێ بڕیار لەسەر یاسای زمان بدرێت، کە دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی.

هەڵبەت بەستانداردکردنی زمانی کوردی، بێ تەنگەشە و ئاستەنگ نابێت، بەڵکو گرفت و ئاریشەیەکی زۆری یاسایی و زانستی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشی لەپێشە، لەوانە :

١/-نەبوونی کیانێکی سایسی سەربەخۆ، کە بتوانیت بڕیار لەسەر بەستانداردکردنی زمانی کوردی بدات .

٢/- هەڵکەوتەی جوگرافی و دابەشبوونی زمانی کوردی بەسەر چەند وڵاتێکدا، کە هەموویان وەکو دوژمن مامەڵە لەگەڵ زمانەکەدا دەکەن و پێکهاتی زمانیی زارەکانی زمانی کوردی کێشەیەکی جەوهەرین لە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانی کوردیدا .

٣/-لە ڕووی زمانەوانییەوە زمانی کوردی بەپێی دابەشبوونی جوگرافی بەچەند ڕێنووسێکی جیاواز دەنووسرێتەوە، لەوانە (ئەلفو بێی ئارامی، لاتینی، فارسی شسکتە) و یەکخستنی ئەو ئەلفوبێیانە کارێکی ئاسان نییە.

٤/- لە باشوری کوردستان کە هەلومەرجی بەستانداركردنی زمانی کوردی لەئارادایە، بە هۆکاری سیاسی و هاندانی زارەکان لە دژی یەکتر پرۆسەکە پەکخراوە، ئەمەش یەکێکە لە کێشە سەرەک و جەوهەرییەکانی بەستانداردکردنی زمانی کوردی. زمانی ڕەگ و ڕیشەی هەیە. ئەو ڕەگانە بەناخی تاک و مێژوو کەلتوور و خاک و وڵاتدا ڕۆچووە و هەرگیز لێکجیا نابنەوە، جا دوژمن و داگیرکاران سیاسەتی زمان و پلانی زمان دادەڕێژن بۆ ئەوەی زمانەکان لاواز بکەن یان لەناویان بەرن، وەک پەنا بردنە بەر لێکدابڕان و لێک جیاکردنەوەی ئەو ڕەگ و ڕیشانە، کە زمان بەیەکەوەی وابەستەکردوون (بۆئەوەی زمانێک لەناوبدەیت کە ڕیشەی هەبێت، دەبێت، پەیوەندی ئەو زمانە بەخودی ڕیشەکانی خۆیەوە لاواز بکەیت.)(بێرنارد کەمرێ و ...٢٠٠٧: ٨٩). .

٥/بایەخ نەدان بەزمان و پشتگوێخستنی و بەکارنەهێنانی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەبێتە مایەی لاوازبوون و لەناوچوونی ئەو زمانە . وەک فێشمان لە ١٩٦٨ ئاماژەی بۆکردووە . (د. عبداللطیف حنی،٢٠١٢ : ٧٨) .

٦/- ململانێی نێوان زمانی کوردی و زمانانی عارەبی و فارسی و تورکی لەلایەک و ململانێی نێوان زارەکانی زمانی کوردی لەلایەکیترەوە، ئینجا ئاستی ململانێکە و دەرهاویشتەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەن کە زمانی کوردی هیچ سیاسەت و پلانێکی بۆدانەڕێژراوە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێببەخشێت بەرامبەر بەزمانانی دی، لە بەرامبەریشدا زمانانی دەوروبەری زمانی کوردی زۆر بەوردی سیاسەتی زمان پێڕەودەکەن بەمەبەستی بەهێزکردنی زمانەکەیان و لاوازکردنی زمانی کوردی . بەڵام خۆشبەختانە پتەوی زمانی کوردی ڕۆڵی کوردان لە پابەندبوون بەزمانەکەیانەوە ململانێی زمانی کوردی و زمانانیتری لەبەرژەوەندی زمانی کوردی یەکلاییکردووەتەوە و زمانانی عارەبی و تورکی فارسی نەیانتوانییوە جێ بەزمانی کوردی لەق بکەن یان جێگرەوەی بن لای کوردان (ئازاد عزیز، ٢٠١٤ : ١١٧)

بەکەم زانینی زمان لەلایەن خودی خاوەن زمان و قسەپیکەرانییەوە هۆکارێکی کوشندەیە بۆ لەناوچوون و لەناوبردنی زمان، بەداخەوە ئەم دیاردە کوشندەیە ئاشکرا لە لایەن بەشێک لە کورد زمانانەوە بەدیدەکرێت « کە پێویستە زۆر بەتوندی و بەهەموو شێوازێک ڕووبەڕووی بوەستینەوە

• زانکۆی‌گەرمیان.

# «زمان» بۆچی ئەوەندە بایەخدار و بە قیمەتە؟

فازیل شەورۆ

پرسیارێکی ڕەوا و بەجێیە. ئەگەر بە درێژایی مێژوو، ئەوەی لەبارەی زمان نووسراوە و گوتراوە، بخەینە تای تەرازوویەک و بوارەکانی دیکە بخەینە تایەکەی دیکەی، بەدەر لە بابەتەکانی ئایین، دەبینین، تای زمان تەواوەک قورسترە. بەدەگمەن فەیلەسوفێک بووە، گوزارشتی لە ڕاوبۆچوونی خۆی لەبارەی زمان نەکردبێ، جا وەرە سەیری ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکردنەوەی هەرچی دەزگا و مەڵبەند و مەکۆی زمانەوانیی جیهانییە بکە، ئەوجا تێدەگەی کە زانا و دانا و مامۆستا و شاگردەکانیان چەندە بەزمانەوە ماندوون. ئەوا جگە لە سەرقاڵی و کارکردنی مەڵبەندە پەروەردەیی و فەرهەنگی و زانکۆکانی خڕ جیهان.

پێش ئەوەی، بێنە سەر وەڵامی پرسیارە ڕەوایەکە، باشترە ئەو حەقیقەتە زانستییە بخەینەڕوو کە زانستیی زمانەوانی هاوچەرخ (Contemporary Linguistics) سەلماندویەتی: کە لە نێو ئەو (نزیکەی ٦٥٠٠) زمانەی ئێمڕۆ لە جیهاندا هەیە، هیچ زمانێک نییە، لە زمانێکی دیکە، باشتر، کاریگەرتر، جوانتر، خۆشئاوازتر، لۆژیکیتر، پەسندتر بێ، ئەگەر جیاوازیی لە نێوان ئاخێوەری ئەو دوو زمانە بە سەدان ملیۆنیش بێ.

دەکرێ، ئەو بنەما و هۆ و ئاکارانەی ئەو بایەخە مەزنە و ئەو قیمەتە لەبن نەهاتووەیان بە زمان بەخشیوە، لەم خاڵانەدا چڕ کەینەوە:

**یەک: زمانی ئامرازی لێکتێگەیشتن و پەیوەندیکردنە** (means of understanding & communication):

شارستانییەت قەرزای زمانە، هەرچی پێشکەوتنی شارستانیی و توکنەلۆژی و زانستیی کە ئێمرۆ هەیە و ئێمە شانازی پێوە دەکەین، بەرهەمی زمانە. زمان نەبا، شارستانییەت نەدەبوو. بێگومان قسەکردن لە زمانەوانیی مێژوودا لەبارەی چەمکی زمانەوانی مرۆڤە سەرەتاییەکان، گەمژەییە، چونکە هیچ ئاسەوارێکی ئەو سەردەمە دێرینانەی زمانمان لەبەردەستدا نییە. هەرچی بەکارهاتووە لە زمانە سرووشتییەکانەوە وەرگیراوە، واتە وەرگرتنی هەموو زمانە سرووشتییەکان لە یەک سەرچاوەوەیە، پێدەچێت لە کاتێکدا لە سەردەمی بەردی کۆنی ناوەڕاستدا بێت. ئەوجا هەموو ئەو زمانانەی کە مرۆڤە مۆدێرنەکان (Homo sapiens)

قسەی پێدەکەن، سەرچاوەکانیان زمانەکانی پرۆتۆ- مرۆیی بوون، مەبەست لە مرۆڤە مۆدێرنەکان (Homo sapiens) ئەو مرۆڤانە دەگرێتەوە کە لە سەردەمە دێرینەکاندا زۆرترین و بەربڵاوترین جۆری سەرەتایی مرۆڤ بوون، خاوەن دوو پێ و توانای مەعریفی ناوازە بوون بە مێشکێکی گەورە کە توانیویانە پەرە بە ئامرازی کار و و کەلتوور و زمانی پێشکەوتوو بدەن. پرۆتۆ- مرۆییەکانیش ئەوانەن کە پێش مرۆڤە مەدێرینەکان ژیاون. هەرچەندە مەرج نییە زمانی باوباپیرانی ئەوانیش زمانی مرۆڤی نیاندەرتاڵ بوو بێت. بەڵام ئەو ڕاستییە دەزانین کە بوونی زمان لە مرۆڤدا کردەیەکی جینییە (genetic activity)، کەو دەقاسپێنێ، گورگ دەلورێنێ، شێر دەنەڕێنی، مرۆڤیش قسە دەکات.

جا چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاقڵمەندە، بەدرێژایی مێژوو، بەبێ ئەوەی پێبزانێ، خەریکی پێشخستن و گەشەکردنی ئەو زمانە بووە، بۆچی؟ چونکە مرۆڤ داهێنەرە، هەر کەرەستە و ئامێر و ئامراز و بیرۆکەیەی نوێیە، پێویستی بە ناوێکی نوێیە، وەک چۆن لەگەڵ لە دایکبوونی منداڵێک، خێرا بۆی بەدوای ناوێکدا دەگەڕێن. واتا بەدوای داهێنانی وشەیەکدا دەگەڕێن، کە ڕەنگە داهێنراو بێت.

ڕاستە ئێمە لەپاڵ زمانی جەستە، چەندان شێواز و ئامراز و کەرەستەی دیکەمان هەیە بۆ گوزارشت لە خۆکردن، بەڵام قەت هیچیان ناتوانن جێگەی زمان بگرنەوە. ستاندنەوەی زمان، سزایەکی قورسە بۆ مرۆڤ، بۆیە هێندێ لە زانایانی ئیسلام وا ڕاڤەی ئەو ئایەتە پیرۆزە دەکەن: (قَالَ رَبِّ ٱجۡعَل لِّيٓ ءَايَةٗۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا)، کە خوداوەند ویستوویەتی سزای (زەکەریا) بدا، چونکە ئەو بە مەزنایەتیی خۆی (ئایەتەکەی نیشان دابوو کە ئەو کۆرپە دیاریی خوداوەندییە.) بەرۆژوو بوونی زمان سەختترە لە بەڕۆژوو بوونی ئاسایی.

**دوو: زمان بەخشەری جەوهەریی مرۆڤایەتییە:** (Essential giver of humanity):

زمانناسان هەرگیز تەماشای زمان ناکەن وەک، ئامرازێکی ناوچەیی بەرتەسکی قەتیسکراو لە سەر زمانی ئاخێوەرانی خۆی. بە واتایەکی دیکە، زمانی کوردی کە ئێستا ئێمە بەکاری دەهێنین لە قسەکردن و نووسین و خوێندنەوەدا، هەر بە تەنها مۆڵکی نەتەوەی کورد نییە، بەڵکوو میراتێکی مرۆڤایەتی و گەردوونییە هی هەر

هەموو ئەوانەن کە لە جیهاندا دەژین. چۆن؟ ئێمڕۆ. شتگەڵێک هەن کە گەردوونین و لە نێو مرۆڤدا گشتگیرە، بۆ نموونە ئایینەکان، مێژووی مرۆڤایەتی... تاد.، زمانیش یەکێکە لەو شتە گەردوونیانە. زماناس ناتوانێ و ناکرێ لە بنجوبنەوانی زمانی کوردی، بە نموونە، بکۆڵێتەوە، بە بێ ئەو پەل بۆ دەیان زمانی دیکە نەبات، کە دوور و نزیک، ئاخیوەرانی غەیرە کورد قسەیان پێکردووە. چۆن کۆنتێکستدا پەرەدەسێنێت؟ وشەیەک لە دایک دەبێ؟ زاراوەیەک دەگۆڕێت؟ بەم شێوەیە زماناسەکان دەچنە ناو بوارەکەی خۆیانەوە نەک تەنها فێری زمان، بەڵکو فێری مرۆڤایەتی دەبن و ئەوانیش ئەو زانیارییانەمان بۆ دەگوازنەوە. کەواتە زمان هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتییە و ئامرازێکی بەخۆرا و بەردەستیشە لە هەمان کاتدا.

**سێ: زمان دایکی کەلتوورە** (Mother of culture):

ڕاستە، «دایکی کەلتوور» پتر زاراوەیەکە مرۆڤناس و شوێنەوارناسەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەو کەلتوورەی کە شوناسی هەر نەتەوەیەکە لە مێژوو و لە جیهاندا، زاندانێکی خۆی هەیە، کە مەحاڵە لە دەرەوەی ئەو زاندانە، ئەو کەلتوورە بتوانێت بتروکێت و بێتە وجوود، ئەو زاندانەش زمانە. جا هەر ئەو کەلتوورەی دایکە کە بۆ چەندان سەدە گەشە دەکات و نەوە دوای نەوە بە ئەمانەتەوە دەیگوازێتەوە و پارێزگاری لێوە دەکات. شارستانییەت بۆ خۆی بەشێکە لە کەلتووری مرۆڤایەتی، جا لاساییکردنە و وەرگرتن و گواستنەوەی ئەو کەلتوورانە، لە مێژە بووەتە، خوویێکی ئەبەدی مرۆڤ. جارهەیە چەواشەکاریش لەو گواستنەوە کەلتووریانەدا دەکرێت. هەر بۆ نموونە. لە سەرەتای هەڵگیرسانی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا، پێشمەرگە جۆرە کلیتەیەکی چنراوی دەستکردنی ژنانی کوردیان لەسەر دەنا، گوڵینگەیەکی لە تۆقەڵەدا هەبوو و دوو کەزی درێژی پێوەبوو بۆ پێچانەوە ـ مام جەلال ـ ڕۆحی شاد، یەکەم کەس بوو لەسەری نا، بەڵام پێش چەند ساڵێک ئەو کلێتە کەلتوورییە کوردییە، بووە هی ئەرجەنتیینەکان و بازاڕی جیهانیان، بە دیزان و نەخشی نوێیەوە، پێداگیر کرد و وشەکەشیان لە ئێمە ساندەوە.

جا مرۆڤەکان لە ڕێگەی زمانەوە بە کولتوورەکەیان ئاشنا دەبن و لە تەمەنێکی بچووکدا فێری دەبن، کەلتوورێک، کە بۆخۆی زادەی زمانە.

**چوار: زمان دەتوانرێ بکرێت بە چەک** (Language as a weapon):

دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە ئەم دەستەواژە ڕاڤە بکرێت:

ڕەهەندی یەکەم؛ هەرچی شتێک لەم گەردوونەدا هەیە وزەیەکی خۆی هەیە. جا چونکێ وشەش شتە، خاوەن وزەیەکی شاراوەی خۆیەتی. هێز و کاریگەریی وزەی وشەیەک لەگەڵ هێز و کاریگەریی وزەی وشەیەکی دیکە جیاوازە، بڕوانە وزەی ئەو جووت وشانە: خۆشەویستی / کوشتن؛ سەربەرزی / سەرشۆڕی؛ جوان / ناشیریین. کەواتە بۆیە ئێمە لە کاتی پێویستدا هانا بۆ جنێو و وشەی ناشیریین دەبەین، چونکی وزەی دەستەواژەی (کەرە!) بەهێزترە لە وزەی دەستەواژەی (نەزان!). لێرە زمان لەسەر ئاستی تاک، وەک چەک بەکار هات.

ڕەهەندی دووەم: برانە، ناوی غەزا و شەڕ و جەنگەکان، بەدرێژایی مێژوو، بەو وشە و زاراوە و دەسەواژانە کراون، کە وزەیەکی بەهێزتر و گەورەتریان لە نێوخۆیاندا حەشار داوە. مێژووی ئێمە پڕە لەو جۆرە وشانەی وەکو چەک دژ بە نەتەوەکەمان بەکار هاتووە: لە سەرەتا (جاش)، (فورسان سەلاحەدیین) بوو، شاڵاوی قڕکردنی کوردانی باشوور لە (١٩٨٨) ناوی (ئەنفال)ی پێدرا بوو، هێرشەکانی تورک بۆ سەر کوردان بە ناوی (فەتح) و ( فەتحی موبین)ە...تاد.، بوو. هەموو هێرشەکانی هەشت ساڵەی شەڕی نیوان ئێراق و ئێران، لەو جۆرە وشە و دەستەواژانە بوون، بۆچی؟ بۆ ئەوەی پتر هێزی وشە و دەستەواژەکان، یەکسان بکەن بە هێزی ئیلاهی. (ئەنفال)، وشەیەکی مردووی فەرهەنگیی نییە، بەڵکوو فەرموودە و پەیام و خواست و تیری خوداوەندەییە ـ هەرچەند هێزێکی زاڵمیش بۆ مەرامی گڵاوی خۆی بەکاری هێنابێ.

بەکارهێنانی زمان بۆ قڕکردنی نەتەوەیەکی بێهێزتر، نموونەی زۆرە لە مێژوو، لە سەدەی نوزدەمدا لە کەنەدا و لە ئەمریکا سزای قورسی ئەو هۆز و تیرە و خێڵانە دەدرا، کە ئینگلیز نەبوون، ناچارکردنی گەنجانی ڕەسەن بۆ تواندنەوە لە ڕێگەی قوتابخانە نیشتەجێ بوونەکانەوە و بە زۆرەملێ فێری زمانی ئینگلیزی بوون. ئەگەر بە زمانی خۆیان قسەیان بکردایە، بە شێوەیەکی دڕندانە سزا دەدران. هەمیشە هەوڵ دراوە، بە زمانی زۆرینە، زمانی کەمینە بخنکێندرێت. کۆنترۆڵکردنی زمان دەبێتە ڕێگایەک بۆ لەناوبردنی کولتوورێک. لە ناوبردنی کەلتووریش، کوشتنی

زمانە. هەروەها لەدەستدانی زمان پەیوەندیی نێوان نەوەی گەنج و نەوەی گەورەتر، بەکارهێنانی ئەو چەکەیە بە شێوازێکی دیکە. ـ ئیمڕۆ ئەو مەترسییە لە باشووردا هەستی پێدەکرێت. هۆشیار نەبین ڕەنگبێ، بە بنیاتنانی زارەکی، دەتوانن چەمکسازیی دوژمنکارانەی واقیع بنیات بنێن. جا هێزی زمان وەک چەکێک لەگەڵ سۆزداری و مەعریفیەکانی دوور مەودا بەکار بێت و هەستیشی پێنەکەین.

**پێنج: زمان دەکرێ وەک ئامرازی سەرکوتکردن بەکار بێت** (Tool of repression):

چەوساندنەوەی مرۆڤ بە زمان، جۆرێکە لە زاڵبوون کە لەگەڵ فۆرمەکانی تری ستەمکردندا بەدرێژایی هێڵەکانی «ڕەگەز، نەتەوە، ڕەنگ، زمان، ئایین: یەک دەگرێتەوە. دەکرێ چەوساندنەوە بە زمان، بەم شێوەیە پێناسە بکرێت، سەپاندنی زمانێکی دیکە یان چەند فۆرمێک لەو زمانە بۆ ئازاردانی جەستەیی، دەروونی، ڕۆحی کەسانی دیکە. هەمیشە نەتەوە ژێردەستەکان پتر هەست بە بوونی ئەو زمانە دەکەن. ئێمە لەساڵی (١٩٧٠)، کە ژووری بەشی ناوخۆیان لە زانکۆی بەغدا پێداین، هەر (٦) کورد، لە ژوورێک دابووین، دواتر هاتن خوێندکارێکی عەرەبیان بە زۆر خستە هەر ژوورێک، بۆ ئەوەی بە زمانەکەی بمان چەوسێنێتەوە جگە لە چاودێریکردنی چالاکییەکانمان. دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دەزانن چۆن ئەو ئامرازە بەکاردەهێنن، تەنانەت ئەو کاتەی تۆ خۆت و خۆت لە ژوورەکەتدا دانیشتوویت، چۆن؟ کاتێک لە تیڤییەکەدا، بەردەوام و ئاسنگەری ناو و ێنە و گرتەی دیکتاتۆرەکەت لەبەرچاو قووت دەکەنەوە ئەوا بە ئامرازی زمان ئازاری دەروون و ڕۆحت دەدەن.

کە لەبەردەم ژنێکدا بە پیاوێک دەڵێن:»ژنانی» ئەوە چەوساندنەوەی دەروونی هەم پیاوەکەیەو هەم ژنەکە؛ پیاوەکە، وەک مرۆڤ، ژنەکە وەک ڕەگەزێکی لاواز(سەیرکراو).

کاتێک، تێکۆشەرێکی کورد، دەچێتە سەر کورسیی ژێر پەتی سێدارە و سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێتەوە، ئەوە بۆ سەرکووتکردن و تۆڵەسەندەوەیە لە جەلادەکەی.

لە زانکۆی کێنت، توێژەران هەندێک لێکۆڵینەوەیان لە نێوان کولتوورەکاندا ئەنجامدا بۆ ئەوەی سەیری ڕێزمان بکەن بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و پۆڵەندی. دوای

شیکردنەوەی شێوازەکانی زمان، بۆیان دەرکەوت کە سەرۆکە کۆنەپەرستەکان زیاتر ناو بەکاردەهێنن لە چاو سیاسەتمەدارە غەیرە کۆنەپەرستەکان. ئەمە لە کەلتووری خوێندکارە عەرەبەکە بە جوانی دیار بوو، بەوەی، ئەو چەندان جاری ناوی سەرکردەکەی خۆی دووپات کردبووەوە. ئەمە بەڵگە بوو کە ئەو مرۆڤە چەوسێندراوەتەوە و مێشکی پڕکراوە تەنها بە ناوی سەرکردەکەی، بەبێ ئەوەی بپرسی: ئەو سەرکردەیە چی بۆ کردووین؟!

توێژەران ئاماژەیان بەوەشکردووە، بەکارهێنانی ناوەکان ئاماژەیە بۆ پێویستی سەقامگیری و نەریت، کە لەلایەن کۆنەپەرستانەوە زیاتر بەهایان پێدەدرێت بە مەبەستی ملکەچ کردنی خەڵکەکە.

بڕوانە، ئیمڕۆ، لە شەقامی شارەکانی باشووری کوردستاندا قەمچی و پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەران نابینی، وەک سەردەمی پێش ڕاپەڕین، بەلام، ئەوان بە زمانی غەیرە کوردی سەرتابلۆکانی دوکان و مۆڵ و هۆتێلەکان، ئازاری دەروونی و ڕۆحی کوردە دڵسۆزەکان دەدەن و سەرکوتیان دەکەن. ئەمە بابەتێکە لە دەروونناسی زمانەوانی کۆمەڵدا و توێژینەوەی لەسەر کراوە.

**شەش: زمان کاڵایەکی بە نرخە** (Precious goods):

دروشمی بریقەداری سەدەی بیست و یەک ئەمەیە:»هەموو شتێک، لە پیناو بازرگانی کردن.» جا دوای نەوت، قەت هیچ کاڵایەک پڕ قازانج نییە وەک کاڵای «زمان». بڕوانە چ کەرەستە و ئامرازێک، پەیوەست بە دەنگ و زمان، بازاڕەکانی جیهانی پڕ کردووە و بەردەوام داهێنانی نوێ و فێرژنی تازەبابەتیش دەخەنە سەر خەرمانی کاڵای کەڵەکەنچن کراویان. ئەلهەقی ئەم سەردەمە، سەردەمی ئامرازەکانی تەکنەکۆژیای نوێیە. لە (٢٠٢٢/١١/١٥) حەشیمەتی جیهان بوو بە (٨) ملیار کەس، بەڵام ژمارەی مۆبایلی بەکارهاتووە گەیشتە (١٠) ملیار و (٩٨٠) ملیۆن، ژمارەی بەکاربەرانی ئینتەرنێتیش گەیشتە (٥) ملیار و (٢٥٠) ملیۆن، واتا (٦٦٪)ی کۆی حەشیمەتی جیهان. ئەمانە هەموو ڕێخۆشکەر و ئاسانکارییین بۆ پتر گەشەکردنی ئەو تەکنەلۆژیایە ـ پاڵنەری ئابووریشمان لەبیر بچێ، کە ئەو پیشەسازییە چ دەستکەوتێکی ماددی لەخەیاڵبەدەر دەچنێتەوە، ئامرازەکەشی زمانە.

زمان، وەک زێڕ و زیوو و قوماش و لاپتۆپ لە بازاڕدا دەفرۆشرێت. وڵاتێکی وەکو کۆماری ئایرلەندای باشوور، لە ساڵی (٢٠٢١) نزیکەی بە بڕی چارێکە ملیار یۆڕۆیەک «زمانی ئینگلیزی» فرۆشتەوە، کە پتر کڕیارەکانی خوێندکارانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمەریکای باشوور بوون.

دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، ئابووریی میسر هات دابتەپێ، بۆیە داوای چەند ملیارێک دۆلاری قەرزی کرد لە فەڕەنسا بەرانبەر بە سوو. فەڕەنسا داخوازییەکەی میسری قبوڵ کرد بەو مەرجەی لە جیاتی ئەوەی سوو بخاتە سەر قەرزەکە، میسر ڕێ بدا فەڕەنسا پەرە بە پەیمانگای فەڕەنسی لە میسر بدات کە لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە دامەزراوە (The Institut Français d'Égypte). ئەوەبوو میسر ڕازی بوو، فەڕەنساش هەستا بە کردنەوەی (٣) لقی دیکەی ئەو پەیمانگەیە. لە ئێستادا چوار لقی لە سەرانسەری میسردا هەیە، سێ لقی لە قاهیرە (مونیرا، هێلیۆپۆلیس و قاهیرەی نوێ)، هاوشان لەگەڵ کردنەوەی دەیان قوتابخانەی خوێندنی زمانی فەڕەنسی. لێرە زمان وەک کاڵا مامەڵەی پێوەکرا.

**حەوت: زمان دەرگای هەلی کار دەکاتەوە** (Job opportunities):

جیهانی ئیمڕۆ کە بە گوندە ژێکەڵەکە ناودەبرێت، چەشنی تەونی جاڵجاڵۆکە بە هەزاران تۆڕی جیهانییەوە بەستراوەتەوە، کارکردن لە زۆرێک لەو کەرت و نووسینگە و بوارانەدا پێویستی بەو کادیر و کرێکارانە هەیە کە چەند زمانێک دەزانن. لە جیهانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووشدا، ئەو بوارانە هەزان هەلی کاری نوێمان بۆ دەڕەخسێنن. جار هەیە زانینی یەک تاکە زمان لەپاڵ زمانی دایک، دەرکای کاری پڕ خێر و بەرەکەتت بۆ دەکاتەوە. سەدان نموونە هەیە باس بکرێت. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەتوانی ژوورەکەی خۆت لە ماڵەوە بکەیتە نووسینگەی کارکردن، بە بەکارهێنانی زمانەکانی دەیانزانی.

لە دەیەیی ڕابردوو، کیژۆڵەیەکی ژاپۆنی کە باوکی باڵۆزی وڵاتەکەی بوو لە تەرابلس ـ لە لیبیا، بە ڕەوانی فێرە زمانی عەرەبی بوو لەوێ، زمانی دایکیشی ژاپۆنی بوو، لە تەمەنی هەرزەییەوە، لە چەندان وڵاتان ئیشی پەیدا کردبوو، وەک وەرگێر.

چونکە هەردوو زمانی قسەکردن و خوێندنەوە و نووسینی بە ڕەوانی دەزانی، بەبێ ئەوەی بڕوانامەی باڵا بەدەست بێنی.

زمان زانین، دەتوانیت بژێوی ژیانت وەک وەرگێڕ یان میدیاکار، یان مامۆستای وانەبێژیش زامن بکات. هەروەها زانینی چەند زمانێکو حفق دەرفەتی کارکردن لە ئاستیی نێودەوڵەتیدا دەکاتەوە.

**هەشت: فێربوونی زمانێکی تر، مرۆڤ زیرەکتر دەکات** (Makes man smarter):

بەدەر لە ڕەخساندنی هەلی زیاتری کار، زانینی پتر لە زمانێک، لە چەندان گۆشەنیگای جیاوازەوە مرۆڤ ئاقڵمەندتر دەکات. لێرەدا زانستییانە (٥) خاڵانە دەخەیە بەرچاو:

**١) مرۆڤ لە زمانی دووەمدا عەقڵانیتر دەبێت):**

دەزانین کە مێشک بیرکەرەوە و بریاردەری دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کێشەکان ، جا ئەمە بە هەر ڕێگا و لۆژیکێکەوە بێ، بەڵام توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە خۆڕاهێنان بۆ بیرکردنەوە بە زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک، یارمەتیدەری مێشکە بۆ بیرکردنەوەی عەقڵانیتر.

توێژەرانی زانکۆی شیکاگۆ دەریانخستووە کە بیرکردنەوە لە کێشەکان بە زمانێکی بیانی خاوت دەکاتەوە و بەشێک لە هەستەکان باشتر بەئاگادێنێتەوە،(ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ بەیەک زمان وشە و یادەوەرییەکی دەوڵەمەندت نەبێت بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەت هەبێت). ئەنجامەکەی بڕیاردانی لۆژیکیترە، هەرچەندە ئەمە تەنها بژاردەیە، ئەگەر زمانی دووەمت هەبێت بۆ بیرکردنەوە.

**٢) دوو زمان زان دەتوانێت داهێنەرتر بێت:**

وەک زۆرێک تێبینیان کردووە، بەرهەمی داهێنەرانە وابەستەی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. تا بتوانیت بیرۆکە و هاندەری سەرنجڕاکێش و هەمەچەشنتری مێشکت ئاشکرا بکەیت، ئەگەری ئەوە زیاترە کە پەیوەندیی چاوەڕواننەکراو دروست بکەیت، کە دەبێتە هۆی بیرۆکەی بەنرخ و نوێ. لێرەدا تازەیی زمانی دووەم ڕەنگە ببێتە هۆی داهێنانی زیاتر.

بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە فێربوونی زمان دەتوانێت لە ڕێگەی دیکەشەوە داهێنان زیاد بکات. هەبوونی وشەسازییەکی دەوڵەمەندترو یارمەتیدەر بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، بەوەی کە لە ڕوانگەی دیکە و جیاوازەوە، سەیری کێشەکان بکەین.

نووسەر ئیڤان میگێل ئاماژەی بەوە کردووە. قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان تێگەیشتنیان لە جیهان بە شێوەیەکی جیاوازترە. سەیر نییە چەندان زمان ببێتە هۆی بیرۆکەی زیاتر.

**٣) فێربوونی زمانێکی بیانی، (EQ) ی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە:**

(EQ: Emotional Quotient) واتا پشکەکانی سۆزداری کە بە بڕوای گۆلمان بریتییە لەم پێنج ئاکارە: خۆدئاگاداری، خۆدڕێکخستن، پاڵنەر، هاوسۆزیی و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی. ئەم پێنج پێکهاتەیەی زیرەکیی سۆزداری، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە دروستکردنی سەرکردەیەکی سەرکەوتوودا. جا کاتێک فێری زمانێک دەبیت تێگەیشتنی ڕاستەقینەت لە وشەکانی دەوروبەرت زۆرتر دەبێت، لە ئەنجامدا، تۆ زۆر وریا دەبیت لە زمانی جەستە و ئاماژە کۆنتێکستەکان بۆ ئەوەی بزانیت چی ڕوودەدات و چۆن وەڵام بدەیتەوە. توێژەران ئەمە بە «زیرەکی پراکتیکی» ناودەبەن.

**٤) دوو زمانەوان باشتر ڕووبەڕووی پێشبینینەکراوەکان دەبنەوە:**

*((Dub- Sar: ژ Dub))= دەپ، تەپک و Sar))= نڤیسی پێک هاتییە کو مانا دەپنڤیس (نڤیسەر) ددەت.

A) -(Zu....... ژ (A)= ئاڤ و Zu))= زان – زانین پێک هاتییە ئانکو نۆشدار دختور....... ب هزرا من خوێیزانک تێکەلییەک رێزمانەکی دگەل هەیە (ئاڤزان).

ئەڤ نمۆنەیێن سەلال بەسن کو بۆچونا مە جهگیر بکەن و هێژ هەنە.

* هندەک ئالاڤ و هەڤەک (رستە) جیناڤێن دەست نیشانکرنێ (Demonstative Pronoun):

*(E) = ئاڤ دکوردیدا هندەک جیناڤێن دی ژی هەنە کو جهێ (ئەڤ) دگرن وەک (ئی) کو وەک یا سۆمەری یە، ئیسال، ئیرو، ئیشەف..... ژبلی ئەڤی و ئەڤێ.

*=(Be) ئەو، ئەوی، ئەوێ ، ئەم دزانن (B) تێکەلی دگەل (W (V)) هەیە و پێشکەڤن ل ڤر رەوایە (ب ----- ڤ ------ و).

*((Eme = ئەڤان. ئەڤ ژی پر نزیکن (م----- ڤ).

Bene)) = ئەوان ل ڤڕ وەکی کوردی نیشانا کومێ چویە سەر Be)) (بێ، نێ= ئەو+ ان).

ئەڤجا دگوتن (Lu – E) ئانکو ئەڤ زەلامە، ئەڤ مرۆڤە، یان مرۆڤێ هە، زەلامێ هە. بنێرە ڤێ هەڤوکا خوارێ:

.((Dmu – Lu –e- k- eme) (S

ئەڤان/ يێ، یا/ ئەڤ/ زەلام/ دوندەه.

و پێکڤە دبن: کوردێن ڤی زەلامی ئەڤەنە، یان ژی:

ئەڤ کورێن ڤێ زەلامینە یان دوندەها زەلامێ هە ئەڤەنە و ئەڤە ب دروستی هەڤەکا..

ماویەتی....

# زمانی جیهانگیری
# زمانی دیپلۆماسییە

فەتحی محمد علی مودەریس*

زاراوە و وشەی (دیپلۆماسییەت) یەکێکە لە سێ چەمکەکانی جیهانگەڕایی وەک تەواوکەر، دوو چەمکەکەی تر: ئابووری و سیاسەتە.

دیپلۆماسییەت و ئابووری و سیاسەت قورسایی زۆریان هەیە لەسەر ڕووداوەکان لەسەر گشت ئاستێکدا.

چەمکی دیپلۆماسییەت و زاراوەکانی تایبەت بە دەستەواژە فەرمییەکان بە ڕاددەیەکی زۆر لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بەکار دەهێنرێت و بایەخدارە و بە تایبەت لە کاتی ئێستادا کە جیهان خەریکە گۆڕانکاری گەورە بە خۆوە ببینێت، هاوکات ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەم چەمکە لەنێو کۆبوونەوە کراوەو داخراوەکان و پێکهاتە سەرەکییەکانی حوکمڕانی و دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتە بێ سنورەکانی جیهان و گشت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە سیاسی سیتراتیجی و ئەکادیمیاکانی جیهانی و وڵاتانی زل هێزی ناسراو بە G 20 و کۆنفراسەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و کۆڕبەندە جیهانییەکانی تایبەت بە ئابووری هاوشێوەی لووتکەی داڤۆس ناسراو بە World Economic Forumو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO)، لە نێو گشت ئەو ناوەندە سیاسی و ئابوورییانەو دیپلۆماسییانە ڕۆژ دوای ڕۆژ بایەخ و ئاستی پێشکەوتووتر و گرنگتر لەو بوارە تۆماردەکات بە ڕادەیەک ئەو حاڵەتە وەک سیستەمێکی نوێ و هەڵگری زاراوەی سیاسی نوێ وەدەردەکەوێت.

لە هەمانکاتدا ململانێیەکان و کێشە بەردەوام و ئاڵۆزەکانی جیهان ڕەوش و دۆخێکی سیاسی نەخوازراوی دروست کردووە و پێشبینی دەکرێت کاریگەری نالەباری کوشندە تر دووچاری جیهان ببێتەوە، لە دەرئەنجامدا ئاڵۆزییەکی بێ وێنە لە سەر ئاستی جیهان پێشبینی دەکرێت، لە لایەکی تریشەوە دیارترین نیگای جیهانگیری لە گشت چالاکییەکانی مرۆڤ بە شێوازێکی ڕوون وەدەردەکەوێ، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو دۆخە کۆنترۆڵی ئەجیندای مرۆڤ و قەبارەو سیمای داهاتووی بۆ ئاییندەو دوارۆژێکی دوورتر دیار دەکات.

لە کاتی ئێستادا کە تەواوی جیهان بەدەست ئەو جەنگە نەخوازراوەی ئۆکراینا دەناڵێت ناوە ناوە تێبینی دەکەین کە هەوڵ هەیە بۆ دانوستاندن و دەستکردن بە گفتوگۆی دیپلۆماسی، لێرەوە گرنگی زمانی دیپلۆماسییەت وەدەردەکەوێت بۆ

ئەنجامدانی دروسترین دەستەواژە بۆ ئامادەکاری پێویستە زمانی فەرمی شایستەی ئەو ئاستە بێت بۆ چارەسەری گرفتەکان.

لێرەوە گرنگی دیراسەت کردنی زمانی دیپلۆماسییەت لەسەر تێکڕای ئاستەکانی سیاسەت و ئابووری وەدەردەکەوێت.

جیهانی ئیمڕۆ کە ناسراوە بە جیهانی گۆڕانکارییە کتوپڕ و خێرایەکان بە پیناسەی عەقلیەتی سیاسی نێودەوڵەتی جیهانی یەککگرتنەوەی وڵاتەکان لە ژێر یەک ئاڵا و یەک دروشم و، کورد وەک نەتەوە و کاریگەر لە ناوچەکە و خاوەن سامانس سروشتی کە بە پیوەر نێودەوڵەتییەکان تەواوکەری سامانەکانی جیهانە، لەسەر ئەو ئاستەدا کاریگەری دەرەکی لەسەر هەیە پیویستە لەمەڕ گۆڕانکارییەکان بە ئاگا بیت سەرەڕای ئەوەی لەو جیهانە ئاڵۆزە دانەبڕێت.هاوکات هەوڵەکان بەو ئاڕاستەیە ئامانج بنرێت بۆ یەککگرتنەوەی ڕیز و ناوماڵی کوردستان.

هەوڵی هێنانە دی سیستەمێکی ئەو ئەرکە نەتەوایەتییە بە زاراوەسازی دیپلۆماسیەتی کوردی دەگەڕێتەوە ئەو واقیعە و ئەو ئەرکە لە نێو دەوڵەتی عیراقی فیدڕاڵ وە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارە زیاترین کات و باشترین ڕێگا و ڕەخساندنی بەرزترین ئاستی گەرەکە بۆ هێنانە دی زمانێکی پاراوەی  دیپلۆماسیەتی کوردی هاوشێوەی زاراوەی دیپلۆماسیەتی وڵاتانی خاوەن سیادەت.

لەسەر بنەمای ئەو واقیعە نوێیەی عیراقی فیدڕاڵ بە پێکهاتە مۆزاییکی و جۆراوجۆرەکانیەوە، کورد وەک هێزێکی هەرێمی دیارترین ئاڵنگاری و ئەرکی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دانانی و جێبەجیکردنی پێوانەسازی زاراوەکان کە لە کاتی کۆبوونەوە و پێشوازی و کۆڕبەندەکان بەکار دەهێنرێت.

مرۆڤی ڕۆشنبیری کورد لەسەر ئاستی جیاوازدا پێویستە سیتراتیجیەتی بیرکردنەوەی بۆ دواڕۆژدا پرۆگرامسازی بۆ بکات، بە تایبەت ئەگەر پڕۆژەی دەوڵەتی کوردستان بێتە بواری جێبەجیکردنەوە.

فاکتەرە گرنگەکانی زەرورەتی دامەزراندنی دەوڵەت بە ڕواڵەت بوونی هەیە، بەڵام لە نێو ناخی مانا بەرزەکانی نیشتمان پەروەری و هەر هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لەو مانایانە وەک هەوڵێک هەژماردەکرێت بە نزیک بوونەوەی قۆناغێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، واتە گەیشتن بە ساتی بڕیاردان.

هەست کردنی تاکە کەس یان هاووڵاتی بە ئینتمابوون بۆ خاک یەکەم سەرکەوتنە بۆ بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست بەرەو ئەو ئامانجە. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە کۆمەڵێک ئەرک خۆی دەنوێنێت :

١/-**ئەرکێکی سایکۆلۆجییە** : واتە هەر مرۆڤێکی کورد دەتوانێت کەسایەتی خۆی لە چوارچێوەی ئەو قەوارەیەدا (کە پێی دەڵێن دەوڵەت) بدۆزێتەوە و بە پێچەوانەوە مرۆڤ ناتوانێت بەتەواوی هەست بە ئینتمابوون بکات ئەگەر وڵاتی ژێردەست بێت یان بە تەواوی سەربەخۆ نەبێت.

٢/-**دامەزراندنی دەوڵەت ئەرکێکی مێژووی و جیۆگرافییە:** واتە کوردستان کە خاوەن مێژوو و خاکە، مانایەک دەبەخشێ وەک هێزێکی سروشتی بەردەوام وە بەستنەوەی گشت چەمکە گرنگەکانی تر.

٣/-**وەک ئەرکێکی ئایینی و یاسایی:** خۆی نیشان دەدات، واتە بە گەڕانەوە بۆ دەقەئایینیەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەو مافە بە کورد دەدات و پێشێلکردنی ئەو مافە لەلایەن تاخمێک یان هێزێک ئەو دەقە ئایینی و یاسیایانە رەسوایان دەکات، برگە جۆراوجۆرەکانی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕوونی وە زمانێکی ئاشکرا ئاماژە بەو مافە دەدات.

٤/ **وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی:** ئەو بابەتە شی دەکرێتەوە. کۆمەڵگای کوردی لە ژیانی ئێستای جیهانگیری وە گۆڕانکارییە بەردەوامەکان دووچاری کاریگەری دەبێتەوە، بەڵام پابەندبوون بە خاک و نیشتمان زۆر بەهێزترە لە هەر گۆڕانکارییەک.

هەوڵەکانی بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی سەکتەرەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی خاک گشتیان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئەرکە.

**٥/-وەک ئەرکێکی ئابووری** : بە واتای دروستکردنی هێزێکی دارایی بۆ خزمەتی ئەو ئەرکە، سیاسەتی ئابووری دامەزراوەکان دەبێت بە ئاڕاستەی خزمەت کردنی ئەو ئەرکە بێت وە لە ژیانی کۆمەڵگای ئێستادا هێزە نەختینی بەراورد ناکرێت لەگەڵ هەر هێزێکی تر.

**٦/-وەک ئەرکێکی سیاسی**: میللەتی کورد و لە درێژایی مێژوو ستەمی لێکراوە وە لە مافە بنەڕەتییەکانی بە مرۆڤ بوون دابڕاوە و بەرامبەر ئەوە سیاسەتکردن و لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی تێکەڵ بووە بە سیاسەتی ڕۆژانەی ژیان بەسەربردن لەو بارو دۆخە ناهەموارەی تێیدا ژیاوە.

تاوتۆکردنی و ئامادەکاری ئەو ئەرکانە و جێبەجێکردنی دەکەوێتە ئەستۆی گشت چین و توێژەکان و بەرپرسیاریەتی سەرکردەکان و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆشنبیران و گشت تاکە کەسی کورد.

کاریگەرترین شێواز لە مامەلەکردندا لەگەڵ دەسەڵاتە جیهانییەکان و ناوەندە سیاسییەکان زمانی دیپلۆماسیەتە و هەر بەو زمانەوە دەتوانرێت باشترین وە مەزنترین ئامانج وەدەست بهێنین،زمانی دیپلۆماسیەتی دامەزراندنی دەوڵەت تایبەتمەندی هەیە لە :

-شێوازی تاوتۆکردن.
-بەکارهێنانی وشە و تەعبیردان.
-زیرەکی لە قەناعەت پێکردن.
-ئامادەکاری لە ڕوانگەی سایکۆلۆجیەوە.
-دیراسەکردن و شیکردنەوەی کەسایەتی لایەنی بەرامبەر.
-نمایشکردنی ڕاستییەکان وەک خۆی.
-ئارام گرتن لە کاتی هەر گفتوگۆیەک یان کۆبوونەیەک.
-ئامادەکاری تەواو لە گشت ڕوویەکەوە بە تایبەت لایەنی مەعریفی و فەلسەفەی سیاسی.

تاوتوکردنی  و ئامادەکاری و گەیشتن بە دەرئەنجام بۆ ئەو ئەرکانەو جێبەجێکردنی بێگومان ئەرکەکە  دەکەوێتە ئەستۆی گشت چین و توێژەکان و بەرپرسیاریەتی سەرکردەکان و پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆشنبیران و گشت تاکە کەسی کورد.

کاریگەرترین شێواز لە مامەلەکردندا لەگەڵ دەسەڵاتە جیهانییەکان و ناوەندە سیاسیەکان زمانی دیپلۆماسییەتە وە هەر بەو زمانەوە دەتوانرێت باشترین وە مەزنترین ئامانج وەدەست بهێنین، ئەو فینۆمینایەش بە جیهانگەڕایی دەناسریتەوە  کە دیپلۆماسییەت شێوازە پراکتیکیەکەیەتی.

پڕۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا بە داخەوە لاوازە لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز کۆمەڵگای کوردستان وەک هەر کۆمەڵگایەکی گۆی زەوین لە دەرئەنجامی گەشەسەندن و پێشکەوتنی سۆشیال میدیا و ئەنتەرنێت و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای کۆمپانیا ناسراوەکانی جیهان وەک Google کە خزمەتگوزاری وەرگێڕانی لە خۆ دەگرێت،  بڕوای ئێمە ئەو وەرگێڕانەی ئینتەرنێت زۆر کەموکورتی پێوە دیارە و ئاستێکە ئەکادیمی و زانستی نییە، لەبەر ئەوەی وەرگێڕان تەنیا وەرگێڕانی ووشە و دەربڕینەکان نییە، بەڵکو گواستنەوەی بیرۆکەکە وەک دەقە ئەصلەکە بێت.

زاراوەسازی یەکێکە لە گرفتەکان کە هەر کارمەندێکی حکومەت یاخود مامۆستا یان قوتابی و هەر ڕۆشنبیرێک یان وەرگێرێکی تایبەتمەند لە بواری یاسایی و کارگێری و زانستی وە لە ئەنجامی گەشەسەندنی گشت بوارێکی ژیان و زیاد بوونی قەبارەی وشەکان و بەززاندنی سنوورەکان لە نێوان وڵاتان و تیکەل بوونی تاکە کەسکان لەیەکتر بە شیوازی جیا جیا، گشت ئەو گەشەسەندنە لە بوارەکاندا وای کردووە کە گرفتی جیاواز بیتە پیش وەرگێر یان هەر نووسەر یان هەر توێژەرێک لە کاتی داڕشتنی تێکست دووچاری چەند گرفتێکی زمانەوانی و ڕێنووس و دانانی زاراوە دێت کە ئەو حالەتەش وا دەکات تێکستەکە لاواز بێت و پەیامە ڕاستەقینەکەی بە تەواوی نەگەیەنێت.

هاوکات زاراوەی زانستی زۆڕ جیاوازی هەیە لەگەڵ زاراوە ئەدەبیەکە، کە پێویستە ناوەندە ئەکادیمی و ڕوشنبیریەکان و ئەکادیمیای کوردی بە دەزگاکانی

ڕاگەیاندنەوەش، پێویستە دەست بکەن بە دووبارە داڕشتنەوەی پیوەر و ڕێککەوتن لەسەر هێڵە گشتیەکانی زاراوەکان کە بۆ جەماوەر بڵاودەکرێتەوە.

دوای ئەوەی گرفتەکانی زمانەوانی و زاراوەکان بە زەقی لە نێو نووسراو و دیمانە و کۆربەندەکان دەرکەوتن، بەرپرسیاریەتی مێژوویی حکومەت کەوتە کاری پراکتیکی و لێژنەیەک پێکهاتووە لە چەندین دەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت و ناوەندە زمانەوانی و ڕۆشنبیرییەکان لەسەر ئاستی بەرز لێژنەیەک پێکهاتووە کە خۆشبەختانە من ئەندامی ئەم لێژنەیەم، مەبەستی ئەو لێژنەیە دووبارە داڕشتنەوەی زاراوەگەلی بازرگانی و ئابووری و نووسراوەکانی حکومەت و هەر بەربەست یان گرفت هەبێت ئەو لێژنەیە لێکۆلینەوەی لەبارەوە دەکات.

سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی ئێستادا هەرچەندە ئەو دەستپێشخەرییە دواکەوت، بەڵام هەنگاوێکی زۆر بایەخدارە بە دانانی هێڵی گشتی بۆ بەکارهێنانی زاراوەکان، ئەو هەوڵە بە بڕوای ئێمە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە لایەنی کەم هەنگاوێکە جێیگای دەستخۆشییە.

ئامانجی ئەو دەست پێشخەرییە پاراستنی شکۆمەندی زمانی کوردییە.

گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆسەی وەرگێڕان لە کوردستان وەکو هەر بابەتێکی تر و بوارێکی تر هەڵبەتە ئالنگاری هەمەچەشن لەبەر دەم پرۆسەی وەرگێڕان هەیە.

لە سەرووی هەموو ئەو ئالنگارییانە تاکو ئێستا بە داخەوە سەندیکایەک یان دەزگایەکی تایبەت نییە بە وەرگێڕان و وەرگێڕەکان کە ئەو دەزگایە ببێتە چەترێک بۆ ئەو چینە ڕۆشنبیر و ئەکادیمیە بۆ پێشخستن و بەرگریکردن لە مافەکانیان و وەرگێڕەکان لە چوارچێوەی ئەو دەزگایە کۆ بکاتەوە.

دووەم ئالنگاری لە بەکارهێنانی زاراوەیە کە تاکە ئێستا ڕێککەوتن لەسەر نییە یان بە دەستە جەمعی گشت شارەزایان ڕێککەوتنیان لەسەری کردبێت.

لەلایەکی تریش زاراوەی بیانی بە ڕادەیەکی زۆڕ لە دەقەکان بەکار دێت کە هەندێک جار خوێنەر گرفتی بۆ دروست دەبیت لە تێگەیشتن و دەقەکەش بیگومان لاواز دەکات.

جا بۆ ئەوەی ئەوەی پەرەپێدان و گەشەسەندن لە تێگەیشتن و فێربوونی،زمان و ئەدەبیاتەکانی بەردەوامی هەبێت پێویستە ئەو ئەرکە کاتی زۆڕ و گونجاوی

بۆ تەرخان بکرێت، بێ گومان توێژینەوەو لێکۆلینەوەی زیاتری لەلایەن خاوەن بەهرەی ئەکادیمی هاوشێوەی زمانەکانی تر گرنگترین هەنگاو دەبێت، ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش بگرە لە وەرگێڕان و توێژینەوەو بەراوردکردنی زانستیانە بە ڕادەیەک کە تیۆرە،زمانەوانیەکانی جیهانی بە ڕادەی پەیوەست لە کۆلێج و زانکۆکانی کوردستان لە بابەتی پەرەپێدان و وەرگێڕان و دانانی فەرهەنگی تایبەتی چ لەبارەی ئابووری یان سیاسەت یان دیپلۆماسیەت، گشت ئەو چالاکیانە پێویستە ببێتە جێگای سەرنج بۆ ناوەندی توێژینەوەکان.

وێڕای زنجیرە نەهامەتییەکان وە هەڕەشەکان لەسەر خودی نەتەوایەتی و وجودی کورد، هەڕەشەکان لەسەر،زمان و خاک و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و مەترسییەکانی کۆمەڵ کوژی و جینۆساید و بەدناوەکانی لەناوبردن و لە لایەکی تریشەوە ململانێکان و دووبەرەکی خودی کۆمەڵگای کوردی و دەست تیوەردان لە کاروبارەکان، گشت ئەمانە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەرزی واقیع دووبارە و سێ بارە بوونەوەتەوە، بەڵام فاکتەرەکانی مانەوەی، زمانی کوردی زۆر بەهێزتر بوو لە گشت ئەو مەترسیانە، بێ گومان فاکتەری بەردەوام بوون و گەشەسەندن هەڵبەتە بە ڕواڵەت بۆ هێزی، زمانی کوردی دەگەڕێتەوە کە لە توانای دابووە زاڵ بێت بەسەر هەر هەڕەشەیەک یان ویستێک کە دژی مانەوەی ئەو، زمانە بێت یاخود هەر پیلانێکی داڕێژراو دژی میللەتی کوردی.

دەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەی کوردی لەو ڕوانگەوە وەدەردەکەوێت، کە تاقە کەسی کوردی خوێندەوار بە گشت ئاستەکانی خویندنەوە گرنگترین ئەرکیان هەوڵدانی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی زانیاری و سەرچاوەی دروست بۆ پێشخستن و پەرەپێدان بە کەلتورو ڕۆشنبیری کوردی، بێ گومان هەر کۆمەڵگایەک کە گرنگترین پیشەی خوێندنەوە بێت، ئەو کۆمەڵگایە هەڵبەتە لە پێشکەوتنی بەردەوام دەبێت سەرەڕای گشت تەحدایەکان و هەڕەشەکان.

ئەو حاڵەتە ئەگەر هاتوو وەک نەریتی ڕۆژانە مامەلەی لەگەڵدا بکرێت و ببێتە فینۆمینا(دیاردە) بێ گومان ئەو گەلە مایەی پێشکەوتن و سەرکەوتنە .

لەلایەکی تریشەوە هەر پرۆژەی نووسینێک یان توێژینەوەیەکی زانستی یان وەرگێڕان لە، زمانە هەرە فراوانەکانی جیهان وەک ئینگلیزی و فرەنسی یاخود

ئامادەکردن و دانانی فەرهەنگ و نووسینەوەی مێژوو لەسەر بنەما فەلسەفییەکان و نووسینەوەی بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبیات بەشێوەیەکی گشتی، گشت ئەمانە دەبنە بناغەی دانانی کۆنینە و کەلەپوری شارستانەیتی بۆ بەهێزکردنی وجود و پێگەی ئەو نەتەوەیە، ئەزمونی وڵاتان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت.

لە جیهانی پێشکەوتوو و گەشە سەندوودا، میللەتان شانازی بە کەلەپوری هەزاران ساڵەیان دەکەن ئێمەش وەک نەتەوەی کورد ئەو ڕاستییە دەبێت مایەی سەرنجی ئێمە بێت لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەن ئەو میراتە بەنرخ و بەهایەین کە بە درێژایی هەزاران ساڵ بۆ نەوەی ئێستا ماوەتەوە.

هەڵسەنگاندن بۆ پەرتوکخانەی کوردی لەو خاڵەوە دێت کە تا چ ئاستێک ئەو پەرتوکخانەیە لەهەمان پێگەی یان ئاستی پەرتوکخانەی وڵاتانی تری گەشەسەندوو دەبێت، بەلایەنی کەم پێویستە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە هەوڵی بێ وچان بدرێت، ئەوەش لەکاتێکدا دەبێت کە دەست بکرێت بە کامپینی وەرگێڕان و دانانی فەرهەنگی جۆراوجۆر بۆ گشت ئاستەکانی خوێندنگاکان بەتایبەت قوتابخانەکان و دانیشتگاکان و زانکۆکان لە ڕێگای چاپکردنی پەرتوکی هەمەچەشنە، لەلایەکی تر پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێ ی ئۆن لاین و دامەزراندنی داتابەیسی تایبەت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، گشت ئەمانە ئەزموونی شایستەی وڵاتانی جیهان بۆ نەوەی ئێستا دەگوازنەوە. لەلایەکی تر، پێویستە سەرنج و هەوڵەکان بە وچانی جیهانی ئینترنێت بخاتە ئەولەویاتەوە لەبەر ئەوەی ئەو جیهانە نوێیە بە گشت پێوەرێک لە ئێستاو دواڕۆژدا گرنگی بێ سنوور و بایەخداری هەیە و دەیبێت و پێویستە بەرنامەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دابڕێژرێت، وا ئێستا گرنگترین و بە ناوبانگترین ڕۆژنامە و گۆڤار دەخرێنە نێو جیهانی ئەلکترۆنی داتا بێس و بە ڕاستەوخۆ (ئۆن لاین) دەتوانرێت هەڵبگیرێت و سەیر بکرێت و ببێتە سەرچاوەی زانیاری. ئەو هەوڵانەش وەک ئەرکێکی نیشتمانی و زەروورەتی دۆخی سیاسی و رۆشنبیری و ئەخلاقیاتی هاونیشتمانیەتی دەبینرێت و ئەرکەکەش دەکەوێتە سەر شانی زانکۆکانی کوردستان و دەزگاکانی رۆشنبیری و رۆشنبیران و مامۆستایان و ناوەندە ئەکادیمیاکان و نووسەران و بگرە گشت تاکە کەسی کوردی خاوەنشکۆ و خاوەن باوەڕ بە نیشتمان و دوا ڕۆژی پڕشنگداری کوردستان.

**ڕاسپاردەکان:**

١_–تواناکانی ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامەکان و کەسایەتییە خەمخۆرەکانی ئەو میللەتە ئەرکێکی گەورەیان لەسەرە بۆ ئێستا و دوارۆژ، ئەرکی کامپینێکی ڕۆشنبیری و زمانەوانی و زانستی، پێشنیار دەکەم کە دەزگایەکی تایبەت بە زمانی کوردی دابنرێت وەک (دائیرەی مەعاریفی کوردستانی) کە پاڵپشتی حکومەت و کەسایەتییەکان و زانکۆکانی لەگەڵدا بێت بۆ سازدانی کۆنفرانسی ساڵانە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی، هاوکات دەیان چالاکی تر کە دەبێتە مایەی گەشەسەندی تواناکان بە گشتی بۆ پاراستنی شکۆی زمان.

٢–دامەزراندنی زانکۆیەکی زمانی کوردی بە هەموو زارەکانیەوە کە ئامانجی ئەوە بێت چاوپێخشاندنەوە بۆ تەواوی پرۆسەی خوێندن و زمانی فەرمی و دەربڕین و زمانی ڕۆژنامە بکات بۆ ئەوەی نەوەیەکی هۆشیار و هۆشمەند دروست بکەین.

*** ڕاوێژکار لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

# زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان یاسا و واقیعدا

ئازاد وەڵەدبەگی

## پێشەکی:

### یەکەم/ دەروازەیەک بۆ دەستپێکی توێژینەوەکە

یاسا لە لایەکەوە، ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی دادپەروەری، چ لەسەر ئاستی نیشتمانی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە لایەکی ترەوە، زمانیش بە نۆرەی خۆی ئامرازێکە بۆ دانان، دەربڕین، ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی یاسا و لە ئەنجامدا ئەویش دەبێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئاشکرایە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یاسا ئەوەیە کە هەمووان لێی تێبگەن، ئەگەر خەڵکی کۆمەڵگەیەک لە دەق و زاراوە و بڕیارە یاساییەکان تێنەگەن، سەرپێچی کردن لە یاسا و سزادان هیچ واتایەکیان نامێنێت. هەربۆیە، بزاڤی یاسا بۆ هەمووان و تێگەیشتنی هەمووان لە دەق و زاراوە یاساییەکان، بۆ خۆی بزاڤێکی ڕەوایە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا.

زمانی عەرەبی وەک زمانی ئایینی ئیسلام (کە ئایینی زۆربەی خەڵکی کوردستانە)، هەروا باڵادەستیی زمانی عەرەبی پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو، بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی دەق و سەرچاوە یاساییەکان بە زمانی عەرەبی بنووسرێنەوە و زمانی کوردی ببێتە زمانێکی لۆکاڵی و پەراوێزخراو. بەڵام دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ و، داننان بە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە عێراق بە گوێرەی مادەی (٤) لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بووە دەستپێکی سەردەمێکی نوێ سەبارەت بە پێگەی زمانی کوردی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی چەندین زمانی فەرمی لە بری یەک زمانی فەرمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵگە فرەزمانەکان لە درێژەی هەوراز و نشێوە مێژووییەکان و بە شایەتی «نەخشەی زمانیی» هەر وڵاتێک، گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە «زمانی هاوبەش» فاکتەری یەکگرتوویی نیشتمانی نییە. هەربۆیە ئەم وڵاتانە بۆ کەمکردنەوەی هەرچی زیاتری گرژییە نەتەوەییەکان، سیاسەتی «پێکەوەژیانی ئاشتیانەی زمانیی»یان گرتەبەر؛ سیاسەتێک کە لەسەر سێ بنەمای یەکسانی زمانە فەرمییەکان، ئازادیی کەڵکوەرگرتن لە زمانەکان و پێدانی دەسەڵاتی جێبەجێکاریی زیاتر بە ناوچەکان لەسەر بنەمای پرەنسیپی قەڵەمڕەو دامەزراوە. لە کاتی ئێستادا لە (٥٥) وڵاتی جیهان پتر لە زمانێک بە زمانی فەرمی ناسراون.

**دووەم/ بایەخی توێژینەوەکە**

هەروەک ئاشکرایە زمان بەردی بناخەی شوناسی هەر نەتەوەیەکە، هەربۆیە گرنگیدان بە پاراستن و پەرەپێدانی زمان وەک ئەرکی تاک و دەوڵەتان سەیر دەکرێت، کە پێویستە لە دەستوور و یاساکاندا ڕەنگ بداتەوە. لە لایەکی ترەوە ئەمڕۆ زۆربەی دەوڵەتانی جیهان و لەوانەش عێراق فرەشوناس و فرەنەتەوەن، ئەمەش وایکردووە بابەتی شوناسە جیاوازەکان ببێتە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێ لەم وڵاتانەدا. بەدەر لەمەش پاش نزیکەی سێ دەیە لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان زمانی کوردی هێشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و لە سەرانسەری سنووری کارگێڕیی حکومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت.

**سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١) خستنەڕووی هەڵوێستی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافە زمانییەکان.

٢) خستنەڕووی پێگە و چوارچێوەی یاسایی زمانی کوردی لە دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

٣) خستنەڕووی دۆخی ئێستای زمانی کوردی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری و لەوانەش دادگاکانی هەرێمی کوردستان..

٤) دەست نیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم چەسپاندنی بە تەواوەتی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان.

٥) ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دۆخی ئێستای زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفت و ئاستەنگەکان.

**چوارەم/ گرفتی توێژینەوەکە**

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە پێگەی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی عێراق و پرۆژەی دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستاندا بە تەواویی چەسپاوە و لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە گرفت نییە، بەڵام گرفتەکە بۆ قۆناغی پراکتیزەکردنی ئەو دەقە دەستووریی و یاساییانە دەگەڕێتەوە.

## پێنجەم/ گریمانەی توێژینەوەکە

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە سستی و بایەخ نەدانی پێویست لە لایەن دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان هەیە سەبارەت بە پراکتیزەکردنی دەقە دەستوورییی و یاساییەکان و، هەوڵی پێویست نەدراوە بۆ چەسپاندنی تەواوی ئەم دەقانە و پەرەپێدانی زمانی کوردی لەسەر هەموو ئاستەکان.

## شەشەم/ چوارچێوەی توێژینەوەکە

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، دۆخی زمانی کوردی لەناو دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان و بە وردیی دادگاکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، پاڵپشت بە دەقە دەستوورییی و یاساییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

## حەوتەم/ میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، بە گوێرەی پێویستیی توێژینەوەکە سوودمان لە میتۆدەکانی شیکاری یاسایی، وەسفی و پراکتیکی وەرگرتووە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و دەقە دەستوورییی و یاساییەکان. هەروا لە هەندێ شوێندا بە گوێرەی پێویستیی توێژینەوەکە و زیاتر دەوڵەمەندکردنی، کەڵکمان لە میتۆدی مێژوویی و هەڵێنجان وەرگرتووە.

## هەشتەم/ پلانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، لە سێ بەش پێکهاتووە و شێوازی پۆلێنکردنی ژمارەییمان (دیجیتاڵی) بەکارهێناوە بەم جۆرەی خوارەوە: لە بەشی یەکەم، باس لە مافە زمانییەکان دەکەین لە یاسای نێودەوڵەتیدا، کە تێیدا ئەو پەیمان و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتیانە دەخەینەڕوو کە گرنگییان بەم بابەتە داوە. لە بەشی دووەم، تیشک دەخەینەسەر پێگەی زمانی کوردی لە دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. لە بەشی سێیەم، وێرای ناساندنی دەسەڵاتی دادوەری، دۆخی زمانی کوردی لە دادگاکان و گرنگیی زمانی کوردی و ئاستەنگەکانی بەردەمی دەخەینەڕوو.

### ١. مافە زمانییەکان لە یاسای نێودەوڵەتی

هیچ یەک لە بەڵگەنامە گرنگە نێودەوڵەتییەکان وەک جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، پەیمانی مافە شارستانی و سیاسییەکان و پەیمانی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بە ڕاشکاویی باسیان لە مافە زمانییەکان نەکردووە. هۆکاری ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە لە کاتی پەسندکردنی ئەو بەڵگانەدا هێشتا باسکردن لە مافە زمانییەکان زۆر زوو و دوور لە خەیاڵ بوون. ئەم مافانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مافی کەمینەکان هەیە، چونکە ئەمە کەمینەکانن کە هەمیشە لە بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆیان بێبەش دەکرێن. دواتر لە هەندێ لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا وەک ڕاگەیەندراوی جیهانی مافی زمانیی، ڕاگەیەندراوی مافی کەسانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی یا ئەتنی، ئایینی و زمانییەکان باس لە هەندێک لە مافە زمانییەکان کراوە، بەڵام بە هۆی ناوەڕۆکی تایبەتی مافە زمانییەکان و ترسی دەوڵەتان لە بەهێزبوونی کەمینەکان بە هۆی بەخشینی ئەم مافانە، ئەوا هەر بە گومانەوە سەیری ئەم مافانە دەکرێت.

مافە زمانییەکان و داواکاری کەمینەکان لەم بارەیەوە دەکرێ لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

ئا- مافی قسەکردن بە زمانی دایک لە پەیوەندییە تایبەتییەکانی نێوان ئەندامانی گرووپدا.

ب- مافی کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایک لە بوارە گشتییەکان و دامودەزگا کارگێڕییەکاندا.

ج- مافی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک.

د- مافی کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

دەوڵەتەکان ئارەزوومەند نین دان بە مافی کەمینەکاندا بنێن و هەندێ جار ئەوان بە دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتانی خۆیاندا دەزانن، هەربۆیە هەوڵدەدەن تا ئەو شوێنەی کە دەکرێت مافی کەمینەکان و سنوورەکەی بەرتەسک بکەنەوە. کەمینەکان دوو جۆر مافیان هەیە، مافە گشتییەکان و مافە تایبەتییەکان. ئەوەی جێی بایەخە مافە تایبەتییەکانە، واتە ئەو مافانەی کە تایبەتن بە کەمینەکان و ئەوان لێی سوودمەند دەبن. بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت مافی کەمینەکان تەنیا بە مافە گشتییەکانی مرۆڤ دابین ناکرێت، هەربۆیە دەبێ ڕەهەندەکانی دیکەی ئەم بابەتەش بخرێتە بەرباس.

ئەو ڕەهەندەش بریتییە لە هەستی هۆگریی تاکەکان وەک ئەندامانی کەمینەیەک، کە ئەوان لە هاووڵاتیانی دیکە جیا دەکاتەوە. هەربۆیە پاراستنی مافەکانیان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانە ناتەواو دەبێت. کەمینەکان گرفتێکی ڕوونیان هەیە و ئەویش پێداگرتنە لەسەر پاراستنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، هەربۆیە بۆ پاراستنی کەمینەکان، تەنیا قەدەغەکردنی جیاکاریی بەس نییە، بەڵکوو پێویستە پێدانی مافی ئەو گرووپانە و چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو مافانەش لەبەرچاو بگیردرێن. مافی مرۆڤی زمانیی، تێکەڵەیەکە لەو پێویستییە یاساییانەی کە پشت بە پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەبەستێ و، پێوەرەکانی تایبەت بە چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشە زمانییەکان یا کێشەی کەمینەکان و فرەزمانیی لەناو دەوڵەتدا دەخاتەڕوو.

لەم بەشەدا، تیشک دەخەینە سەر ئەو پەیمان و ڕاگەیەندراوانەی کە لەم بارەیەوە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەرچووە بەم جۆرەی خوارەوە:

**١-١. پەیمانی مافە شارستانی و سیاسییەکان ساڵی ١٩٦٦**

پەیمانی مافە شارستانی و سیاسییەکان یەکەمین بەڵگەنامەی گشتییە، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باس لە مافی کەمینەکان دەکات، هەرچەندە لە کاتی پەسندکردنیدا، گۆڕانکارییەکی زۆر لە هەندێک لە بەشەکانی ئەم پەیمانەدا کرا، بەڵام ئەو بەشەی کە تایبەت بوو بە مافی کەمینەکان پێشوازی لێکرا و گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا نەکرا. پەیمان لە مادەی (١/برگە ١)دا باس لە مافی چارەی خۆنووسین دەکات بۆ هەموو گەلان. هەروا لە مادەی (٢٧)دا باس لە مافی کەلتووریی کەمینەکان دەکات و دەڵێت: «لەو وڵاتانەی کە کەمینەی ئەتنی یا ئایینی یا زمانییان تێدایە، نابێت کەسانی سەر بەو کەمینانە بێبەش بکرێن لە سوودمەندبوون لە کەلتووری تایبەت بە خۆیان یا ئاشکراکردنی ئایینەکەیان و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکانیان یا بەکارهێنانی زمانەکەیان بە هاوبەشیی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکەیاندا.»

**١-٢. ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاریی لە فێرکردن**

بەو پێیەی کەمینەکان زیاتر لە بەردەم هەڕەشە و زیانمەندبووندان، هەربۆیە بە مەبەستی پاراستنی شکۆی مرۆیی و یەکسانی بابەتیی بۆ کەسانی سەر بەم کەمینانە، جگە لەو پاراستنانەی کە بۆ هەموو مرۆڤێک هەیە، ئەوا پێویستیان بە پاراستن و مافی

تایبەت هەیە. لەم پێناوەشدا پرەنسیپی قەدەغەکردنی جیاکاریی وەک پردێک سیستەمی گشتی مافی مرۆڤ و سیستەمی مافی کەمینەکان بە یەکتر دەبەستێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاریی لە فێرکردن لە دانیشتنی یازدەیەمی یۆنسکۆ لە ١٤ نوڤەمبەر هەتا پازدەی دیسەمبەری ١٩٦٠ لە پاریس پەسندکرا کە لە ١٩٦٢/٥/٢٢ەوە بەرکارە. بەپێی مادەی (٥)ی ئەم ڕێککەوتنە، کەمینەکان مافیان هەیە زمانی خۆیان بۆ خوێندن و فێربوون بە کار بهێنن.

**١-٣. ڕاگەیەندراوی مافی کەسانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی، ئەتنی، ئایینی و زمانییەکان**

ئەم ڕاگەیەندراوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (٤٧/١٣٥) لە ١٨/دیسەمبەری/١٩٩٢ لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا. لە پێشەکی ئەم ڕاگەیەندراوەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم ڕاگەیەندراوە لە مادەی (٢٧)ی پەیماننامەی مافە شارستانی و سیاسییەکانەوە هەڵقوڵاوە و تەنیا دەوڵەتی تورکیا دەنگی نەرێنی پێدا. لە مادەی (١/ب ١) جەخت لەسەر پاڵپشتیی دەوڵەتان دەکاتەوە بۆ پاراستنی بوونی کەمینەکان و شوناسی نەتەوەیی یا ئەتنییان و شوناسی کەلتووریی و ئایینیی و زمانییان و گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی شیاو بۆ پاراستنی ئەم شوناسانە. لە مادەی (٢/ب ١) باس لەوە دەکات کە کەمینەکان مافیان هەیە سوود لە کەلتووری تایبەت بە خۆیان وەربگرن و زمانی تایبەتی خۆیان بە ئاشکرا و نهێنی بە ئازادی بە کار بهێنن، بە بێ هیچ دەستوەردان یا جیاکارییەک و لە بڕگەی دووەمی هەمان بەند باس لە مافی بەشداریی کەلتووریی کەمینەکان دەکات. مادەی (٤/ب ٣)ی ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بەوە دەکات، دەبێ دەوڵەتان ڕێوشوێنی شیاو بگرنەبەر بۆ ئەوەی کەسانی سەر بە کەمینەکان هەلی پێویستیان لەبەردەمدا بێت بۆ فێربوونی زمانی دایک یا وەرگرتنی وانەکان بە زمانی دایک.

**١-٤. ڕاگەیەندراوی جیهانی مافە زمانییەکان**

ئەم ڕاگەیەندراوە، لە کۆنفرانسی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ٦-٩ تەمووزی ١٩٩٦ لە شاری بەرشەلۆنە پەسندکرا. لە سەرەتای ئەم ڕاگەیەندراوەدا، باس لە پێناسەی کەمینە زمانییەکان و جۆرەکانی کراوە و پێویستیی ڕێزگرتن لە مافە زمانییەکان لە کۆمەڵگە فرەزمانەکاندا دەخاتەڕوو. لە مادەی (٣)دا مافی زمانیی کەمینەکان بەم

جۆره دەخاتەڕوو: مافی مرۆڤ وەک ئەندامی کۆمەڵەیەکی زمانیی، مافی مرۆڤ بۆ کەڵکوەرگرتن لە زمانی خۆی لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا، مافی مرۆڤ بۆ کەڵک وەرگرتن لە ناوی خۆی، مافی مرۆڤ بۆ دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەندامانی دیکە کۆمەڵەی زمانیی خۆی، مافی مرۆڤ بۆ پەرەپێدان و پاراستنی کەلتووری خۆی، مافی گرووپە زمانییەکان لە فێربوونی زمان و کەلتووری خۆیان، مافی گرووپە زمانییەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە کەلتوورییەکان، مافی گرووپە زمانییەکان بۆ دەرکەوتنی یەکسانی زمان و کەلتووریان لە میدیا گشتییەکان. لە بەشی بنەما گشتییەکان لە مادەی (٧/ب ١)دا دەڵێت: «هەموو زمانەکان نیشانەی شوناسی گرووپێکی تایبەتن و تاکە ڕێگایە بۆ وەسف و تێگەیشتنی ڕاستییەکان؛ کە وابوو دەبێ هەموو هەلومەرجە پێویستەکان بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنیان لە هەموو بوارەکاندا دەستەبەر بکرێن. «

### ١-٥. ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ

ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەپێی بڕیاری ژمارە (٤٤/٢٥) لە ٢٠/نۆڤەمبەری/١٩٨٩ لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا. لە مادەی (١٧/بڕگە د) باس لە هاندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات بۆ ئەوەی گرنگیی تایبەتی بدەن بە پێداویستییە زمانییەکانی ئەو منداڵانەی کە سەر بە گرووپی کەمینەکان یا دانیشتووانی خۆجێین. هەروا لە مادەی (٣٠)دا هاتووە: «ئەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی ئەتنی یا ئایینیی یا زمانی یا دانیشتووانی ڕەسەنی تێدایە، نابێ منداڵانی سەر بەو کەمینانە یا ئەو دانیشتووانانە وەک ئەندامانی دیکەی ئەو گرووپانە لەو مافە بێبەش بکرێن کە کەڵک لە کەلتوور یا پەروەردەی ئایینی یا بەکارهێنانی زمانی خۆیان وەربگرن.»

### ١-٦. ڕێککەوتننامەی پارێزگاریکردن لە کەلەپووری کەلتووریی نامادیی

ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە ١٧/ئۆکتۆبەری/٢٠٠٣ لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە پەسندکرا. ئەمڕۆ، کەلەپووری کەلتووریی نامادیی وەک یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکانی کەلتووریی و فاکتەری فرەکەلتوریی پێگەیەکی گرنگی هەیە و پاراستنی بووەتە جێی بایەخ. بەپێی مادەی (١)ی ڕێککەوتنەکە، ئامانجەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بریتین لە پاراستنی کەلەپووری کەلتووریی نامادیی، ڕێزگرتن لە کەلەپووری کەلتووریی نامادیی

گرووپ و کۆمەڵە دیاریکراوەکان و وشیارکردنەوەیان لەم بارەیەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی، نیشتمانی و نێودەوڵەتی. لە مادەی (١/ برگە ٢/أ) نەریتەکان وشێوازەکانی دەربڕینی زارەکی لەوانەش زمان وەک نێوانکارێک بۆ کەلەپووری کەلتووریی نامادیی لە قەڵەمدراون.

### ١-٧. ڕاگەیەندراوی جیهانی دەربارەی فرەکەلتووریی

ئەم ڕاگەیەندراوە، لە ٢/ نۆڤەمبەری/٢٠٠١ لە پاریس پەسندکرا. بەپێی مادەی (١) فرەکەلتووریی سەرچاوەیەکە بۆ ئاڵوگۆر و نوێبوونەوە و داهێنان و پێویستە بۆ مرۆڤ هەر وەک پیویستیی فرەیی بایۆلۆجی بۆ بوونەوەرە زیندووەکان. بەم پێیە، فرەکەلتووریی کەلەپووری هاوبەشی مرۆڤایەتییە و دەبێ دانی پێدا بنرێ و جەختی لەسەر بکرێتەوە لە پێناو بەرژەوەندیی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو. بەپێی مادەی (٥) مافە کەلتوورییەکان بە بەشێکی جیانەکراوەی مافی مرۆڤ دانراون و، لەسەر ئەم بنەمایە هەر کەسێک دەبێ توانای ئەوەی هەبێت بەو زمانەی کە دەیەوێت و بە تایبەت بە زمانی ڕەسەنی خۆی ڕای خۆی دەرببڕێت یا داهێنان لە کارەکانیدا بکات یا بڵاوی بکاتەوە. هەروا مادەی (٦) جەختی لەسەر ئازادی ڕادەربڕین، فرەیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فرە زمانی و هتد کردۆتەوە.

### ١-٨. ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی گەلانی خۆجێی

ئەم راگەیەندراوە، لە ١٣/سپتەمبەری/٢٠٠٧ لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا. بە سەیرکردنێکی ئەم راگەیەندراوە دەردەکەوێت، کە بەشی هەرە زۆری تایبەت کراوە بە مافە کەلتوورییەکان، کە ئەمەش نیشانەی گرنگیی ئەم مافانەیە بۆ پاراستنی ئەم جۆرە کەسانە. هەندێک لەو مافانەی کە لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتوون بەم جۆرەیە: مافی چارەی خۆنووسین (مادەی ٤)، مافی بەشداری لە ژیانی کەلتووریی بە دروستکردنی دامەزراوە کەلتوورییەکان (مادەکانی ٥ و ٣٤)، مافی نەتوانەوە لەناو کەلتووری زۆرینە (مادەی ٨)، مافی پاراستنی داب و نەریتەکان (مادەکانی ١١ و ١٢)، مافی پاراستنی کەلەپووری کەلتووریی نامادیی (مادەکانی ١٣ و ٢٤ و ٣١) و مافەکانی پەیوەست بە زمان (مادەکانی ١٤ و ١٦).

### ١-٩. بەڵگەنامە هەرێمییەکان

هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنەکان و گەشەکردنی سیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بە تایبەت سەبارەت بە مافی کەمینەکان و مافە زمانییەکان، وڵاتانی جیهان هەر بەوەندەش نەوەستان و لەسەر ئاستی ناوچە و کیشوەرەکانیش کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراو بۆ پاراستن و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ هاتنەئاراوە، کە بەشێکی گرنگی ئەم دیکۆمێنتانە تایبەتن بە مافی کەلتووریی کەمینەکان، بۆ نموونە ڕاگەیەندراوی ئەمەریکی ماف و ئەرکەکانی مرۆڤ، جاڕنامەی ئەورووپی بۆ زمانە ناوچەییەکان یا زمانی کەمینەکان، ڕێککەوتننامەی چوارچێوەیی ئەنجومەنی ئەورووپا سەبارەت بە پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان، جاڕنامەی ئەفریقی مافی مرۆڤ، جاڕنامەی کەلتووریی بۆ ئەفریقا، ڕاگەیەندراوی پەیوەندیی نەتەوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ مافی مرۆڤ و هتد.

لە ساڵی ١٩٨١ گەشەکردنێکی بەرچاو سەبارەت بە مافە زمانییەکان لەسەر ئاستی ئەورووپا ڕوویدا. لەم ساڵەدا، ئەنجومەنی ئەورووپا ڕاسپاردەی ژمارە (٩٢٨)ی دەربارەی گرفتەکانی خوێندن و کەلتووری کەمینە زمانییەکانی ئەورووپای پەسندکرد. ئەم بەڵگەنامەیە، شوناسە زمانییەکان بە ڕەگەزێکی پێویست دەزانێ بۆ گەشەکردنی ئەورووپا و ئەم خاڵانە لە خۆ دەگرێت: بەکارهێنانی ناوە جوگرافییە ڕەسەنەکان لە قەڵەمڕەوێکی تایبەت کە لە زمانە خۆجێییەکاندا بە کار دێت، ناچارکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆ بە فەرمی ناسین و پەسندکردنی، کەڵکوەرگرتن لە زمان و زاراوە زگماکییەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، پشتیوانی کردن لە کەمینەکان لە خوێندنی باڵا و میدیا لۆکاڵییەکان و دانپێدانیان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا.

### ٢. پێگەی زمانی کوردی لەناو دەستوور و یاسا ناوخۆییەکاندا

مافی مرۆڤی زمانیی سێ مافی جیاواز بەڵام لێک گرێدراو لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە: مافی ناسینەوە لە ڕێگەی زمانی دایک، مافی پەسندکردن و ڕێزگرتن لەم شوناسە زمانییە لە لایەن ئەوانیتر و مافی خوێندن و پەروەردەکردن بە زمانی دایک و مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لە هەموو بوارە تایبەتی و گشتییەکاندا. لەم بارەیەوە، دەوڵەتان سیاسەتی جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر سەبارەت بە داننان بە بوونی کەمینە زمانییەکان و ڕێزگرتن لە کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان لە بوارەکانی حکومەت،

سیستەمی یاسایی، قوتابخانەکان و میدیا و بوارەکانی تر. هەندێک لە دەوڵەتان، دانیان بە هەموو یا هەندێک لەو زمانانەدا ناوە وەک زمانی فەرمی لەسەر ئاستی وڵاتدا. هەندێکی تر، شێوازێکی ناناوەندییان پەیڕەو کردووە و وێڕای ئەوەی دان بە یەک زمانی فەرمیدا دەنێن، لە هەمان کاتدا دانیان بە زمانەکانی تریشدا ناوە یا وەک زمانی فەرمی یا لە پێگەیەکی بەرز لەسەر ئاستی هەرێمیی یا ناوچەیی. هەندێکی تر لە دەوڵەتان وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تەنیا دانیان بە یەک زمانی فەرمیدا ناوە بەدەر لە قەبارەی گرووپی کەمینە زمانییەکان لەناو سنووری وڵاتەکەیاندا.

سەرچاوەی دانانان بە فەرمی بوونی هەر زمانێک و دروستبوونی پاڵپشتیی یاسایی بۆ پەرەپێدانی ئەو زمانە، بۆ هەڵوێستی دەستوور و یاساکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە لەم بوارەدا. لەم بەشەدا، باس لە پێگەی زمانی کوردی لەناو دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەکەین و بۆ ئەم مەبەستە ئەم بەشە بەسەر سێ لقدا دابەش دەکەین: زمانی کوردی لەناو دەستوورەکانی عێراقدا، زمانی کوردی لەناو یاسا ناوخۆییەکانی عێراقدا و زمانی کوردی لەناو پرۆژەی دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

### ٢-١. زمانی کوردی لەناو دەستوورەکانی عێراقدا

عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، هەربۆیە سیستەمی دەستووریی و یاسایی ئەم وڵاتە بەدەر لەوەی کە دەبێ ڕێز لەم فرەییە بگرێت، پێویستە دان بە پرەنسیپە گشتییەکانی وەک نەهێشتنی جیاکاریی و یەکسانیدا بنێت و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ڕێسای دەستووریی و یاسایی تایبەت دابنێت بۆ پاڵپشتی کردن و بە فەرمی ناسینی ماف و ئازادییەکان، لەوانەش بەفەرمی ناسینی زمانی کەمینە و پێکهاتەکان و بەکارهێنانی زمانیان لە هەموو بوارە تایبەتی و گشتییەکاندا. بۆ ئەم مەبەستە، باس لە پێگەی زمانی کوردی و چۆنێتیی هەڵسوکەوتی دەستوورەکانی عێراق دەکەین لەگەڵ ئەم زمانە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ئێستا بەم جۆرەی خوارەوە:

#### ٢-١-١. یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥

یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥ بە شێوازی ناڕاستەوخۆ بە بێ ناوهێنان لە مادەی (١٧)ی خۆیدا دانی ناوە بە بوونی زمانی کوردی و دەڵێت: «عەرەبی زمانی فەرمییە

جگە لەوەی کە لە یاسایەکی تایبەتدا هاتووە». یاسای تایبەت لەم بارەیەوە بریتییە لە یاسای زمانە ناوچەییەکان ژمارە (٧٤) ساڵی ١٩٣١، کە تەنیا دان بە فەرمی بوونی زمانی کوردیدا دەنێت لە ناوچە کوردییەکاندا.

هەروا لە مادەی (١٦)دا دەڵێت: «تایفە جۆراوجۆرەکان مافی دانانی قوتابخانەیان هەیە بۆ فێرکردنی زمانی تایبەتی خۆیان بە تاکەکانیان و پاراستنی، بەو مەرجەی ئەمە بگونجێت لەگەڵ ئەو میتۆدە گشتیانەی کە یاسا دیاریی کردووە.»

### ٢-١-٢. دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨

لەم دەستوورەدا هیچ ئاماژەیەک بە زمانی فەرمی لە عێراقدا نەدراوە، بەڵام لە مادەی (٣)دا دەڵێت: «قەوارەی عێراقی لەسەر بنەمای هاوکاری لەنێوان هەموو هاووڵاتیان دامەزراوە بە ڕێزگرتن لە مافەکانیان و پاراستنی ئازادییەکانیان وعەرەب و کورد بە هاوبەش دادەنرێن لەم نیشتمانەدا و ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا.» ئەم مادەیە لاستیکییە و مانای جیاوازی هەڵدەگرێت، هیچ دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆی تێدا نیە سەبارەت بە زمانی کوردی و شرۆڤەی جیاواز هەڵدەگرێت، هەربۆیە ناکرێت بە دانپێدانان بە زمانی کوردی لە قەڵەم بدرێت.

### ٢-١-٣. دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٤

ئەم دەستورە لە مادەی (٣)دا باس لەوە دەکات کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە لە عێراق. هەروا لە مادەی (١٩)دا ئاماژە بەوە دەکات: «عێراقییەکان یەکسانن لە بەردەم یاسا و لە ماف و ئەرکە گشتییەکاندا، هیچ جیاکارییەک نیە لەنێوانیان بە هۆی جۆر یا بنەچە یا زمان یا ئایین و هاووڵاتیان هەموویان هاوکاریی یەکتر دەکەن لە پاراستنی قەوارەی ئەم نیشتمانە لەوانەش عەرەب و کورد و ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا.»

### ٢-١-٤. دەستووری کاتی ٢١/ئەیلوول/ ١٩٦٨

ئەم دەستوورە پاش هاتنەسەرکاری بەعس نووسراوەتەوە و لە مادەی چوارەمی خۆیدا زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی عێراق دەناسێنێت. هەروا لە مادەی بیست و یەکدا دەڵێت: «عێراقییەکان یەکسانن لە ماف و ئەرکەکانیاندا لەبەردەم یاسادا، هیچ

جیاکارییەک نیە لەنێوانیان بە هۆی جۆر یا نەژاد یا زمان یا ئایین و هاوکاریی یەکتر دەکەن لە پاراستنی قەوارەی نیشتمان لەوانەش عەرەب و کورد و ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا.»

بە وردبوونەوە لەو دەقانەی دەستوورەکانی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی عەرەبی تاکە زمانی فەرمییە لە عێراقدا بە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە زمانی کوردی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دانی ناوە بە مافە نەتەوەییەکانی کورد، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە وردەکاریی یا شێوازی دەستەبەرکردنی ئەو مافانە بکات.

### ٢-١-٥. دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠

دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ لە مادەی (٧)ی خۆیدا دەڵێت: «١- زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە. ٢- زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە لە ناوچە کوردییەکاندا». هەروا یاسای ئۆتۆنۆمی کە لەژێر سێبەری ئەو دەستوورەدا دەرچووە لە مادەی (٢)ی خۆیدا دەڵێت: «أ- زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە لە ناوچەکەدا. ب- زمانی کوردی زمانی فێرکردنە بۆ کوردەکان لە ناوچەکە و خوێندنی زمانی عەرەبی تەوزیمییە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و لەگەڵیدایە.

تایبەتمەندیی ئەم دەستوورە ئەوەیە، کە بۆ یەکەمجار دانی ناوە بە فەرمیبوونی زمانی کوردی تەنیا لە ناوچە کوردییەکاندا و لەم ڕووەوە هەنگاوێک پێش دەستوورەکانی بەر لە خۆی کەوتووە.

### ٢-١-٦. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگوزاری ساڵی ٢٠٠٤

سەبارەت بە ناونانی ئەم دەستوورە بە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگوزاری) لە بری (دەستووری کاتی) یا (ڕاگەیەندراوی دەستووری)، هەندێ کەس بۆ ناکۆکی قووڵ لەنێوان لایەنە باڵادەستەکان دەیگەڕێنەوە سەبارەت بەو پرسە بنچینەییانەی، کە لەم یاسایەدا هاتوون و بەم ناولێنانە دەیانویست لە دژایەتی لایەنە عێراقییەکان کەم بکەنەوە. هەروا (پۆل بریمر) هۆی بەکارنەهێنانی زاراوەی دەستووری کاتی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، چونکە عێراق بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ خاوەن دەستووری کاتی بووە، هەربۆیە ئەم ئەم ناولێنانە دەبووە هۆی بێمتمانەیی زۆرینەی عێراقییەکان.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگوزاری (قانون ادارة الدولة العراقية لمرحلة الانتقالية) ساڵی ٢٠٠٤، لە مادەی نۆیەمی خۆیدا بۆ یەکەمجار دانی بەوەدا ناوە کە «هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا ... چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنێتیی پراکتیزەکردنی ئەحکامەکانی ئەم مادەیە بە یاسا دیاریی دەکرێت و ئەمانە دەگرێتەوە: ١. دەرکردنی رۆژنامەی فەرمی (الوقائع العراقية) بە هەر دوو زمان. قسەکردن و نووسراوەکان و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکان وەک کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان بە هەر دوو زمان دەبێت.

٢. داننان بە بەڵگە فەرمییەکان و نووسراوەکان و دەرچوواندنی بەڵگە فەرمییەکان بە هەر دوو زمان. کردنەوەی قوتابخانەکان بە هەر دوو زمان بەگوێرەی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان و هەر بوارێکی تر کە پرەنسیپی یەکسانی بخوازێت وەک پەڕاوە نەختینەکان، پاسپۆرت و پوولەکان. دامەزراوە و دامودەزگا فیدراڵییەکان لە هەرێمی کوردستان هەر دوو زمانەکە بە کار دەهێنن. « لەم دەستوورەدا، زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی ناسرا لە سەرانسەری وڵاتدا، ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ بوو لە ژیانی دەستووریی عیراق، چونکە بۆ یەکەمجار بوو زمانی کوردی لە بازنەی ناوچەیی دەربچێت و ببێتە زمانی فەرمی لە سەرانسەری وڵاتدا. ئەم دانپێدانانە دەستوورییە بە فەرمیی بوونی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەنگاوێکی پیشکەوتووە لە چاو هەڵوێستی دەستوورەکانی پێشووتر، کە تەنانەت بە ڕواڵەتیش دانیان بە فەرمی بوونی زمانی کوردیدا نەناوە، تەنانەت لە ناوچە کوردییەکانیشدا، جگە لە دەستووری ساڵی ١٩٢٥ و دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠. ئەم دەقەی دەستووری عێراقیش هەمان ڕێبازی زۆرینەی دەوڵەتانی دیکەی فیدراڵییە وەک مادەی (٤) لە دەستووری سویسری و مادەی (١٦) لە دستووری کەنەدی و مادەی (٤) لە دستووری بەلجیکی.

### ٢-١-٧. دەستووری ساڵی ٢٠٠٥

ئەگەر بۆ دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بگەڕێینەوە، دەبینین کە بە هەمان شێوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگوزاری و بگرە زیاتریش باسی لە بابەتی زمانی فەرمی کردووە و لە مادەی (٤) دا دەڵێت: «یەکەم- زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا و...هتد.

دووەم- چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنێتیی پراکتیزەکردنی ئەحکامەکانی ئەم مادەیە بە یاسا دیاری دەکرێت کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

ئا- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەر دوو زمان.

ب- قسەکردن و وتوویژ و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکان بە هەر یەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

ج- داننان بە بەڵگە فەرمییەکان و نووسراوەکان و دەرچوواندنی بەڵگەکان بە هەر دوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانەکان بە هەر دوو زمان بەپێی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان.

ە- هەر بوارێکی تر کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پاسپۆرت و پوول.

سێیەم- دامودەزگا فیدراڵییەکان و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر دوو زمانەکە بە کار دەهێنن.

چوارەم- زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی فەرمی دیکەن لەو یەکە کارگێڕییانەی کە تێیدا زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن.

پێنجەم- هەر هەرێم یا پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە هەر زمانێکی ناوچەیی تر بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانەکەی بە ڕیفراندۆمێکی گشتی بڕیاری لەسەر بدەن.»

دێڕی یەکەمی مادەی چوارەم کە ڕێسایەکی گشتیە زۆر یاساییانە داڕێژراوە کە دەڵێت: « اللغه العربیه واللغه الکوردیه هما اللغتان الرسمیتان للعراق»، بەڵام لە بڕگەی دواتردا کە سیفەتە فەرمییەکە شیدەکاتەوە، ئەو تێبینییە هەڵدەگرێ کە زمانی کوردی هاوشانێتیی فەرمیبوونی لە بەرامبەر زمانی عەرەبیدا لە دەستدەدا، یان هەرهیچ نەبێ بازنەکەی بەرتەسک دەبێتەوە. ڕستەی سەرەوە بە ڕەهایی هاتووە و، خۆشی خۆی شیکردووتەوە، چونکە فەرمیبوون هەموو بوارەکانی ژیانی دانیشتووانی عێراق دەگرێتەوە، بەڵام کاتێک هەر خودی مادەکە دێت و خوردی دەکاتەوە لە بڕگەی (دووەم/ب)دا دەڵێت هەرکامێک لە دوو زمانەکە «بأی من اللغتین»، لێرەدا داڕشتنەکە ئەو پابەندییە زەقە نادات بە دەستەوە لەوەی کە بگوترابا، دەبێ بە هەر دوو زمانەکە بێت. ئەو بوارانەی کە بڕگەی ئاماژەپێکراو باسی دەکات لە ئەنجومەنی نوێنەران،

ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان بەوپێیەی کە زۆرینەی ئەندامانی عەرەبن و بە کرداریش هەروا بووە زمانی عەرەبی بە کار هاتووە، ئەوا ئەگەر هەر یەکێک لەو دوو زمانە بە کار بێت ڕەوایی دەستووریی وەردەگرێ و پێویست ناکات زمانەکەی تر بە کار بێت، بەڵام ئەگەر جەختی لەسەر بەکارهێنانی هەر دوو زمانەکە بکردایەتەوە، ئەوا دۆخەکە بەجۆرێکی دیکە دەکەوتەوە.

### ٢-٢. زمانی کوردی لەناو یاسا ناوخۆییەکانی عێراقدا

بە مەبەستی ڕێزگرتن لە دەقەکانی دەستوور و فرەنەتەوەیی و فرەزمانیی لە عێراق (ئەگەر بە شێوەیەکی ڕواڵەتیش بێت) هەر لە کۆنەوە چەندین یاسا دەرکراون، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

#### ٢-٢-١. یاسای زمانە ناوچەییەکان ژمارە (٧٤) ساڵی ١٩٣١

ئەم یاسایە لە (٩) مادە پێکهاتووە و لە ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی ژمارە (٩٨٩) لە ١/حوزەیران/١٩٣١ بڵاوکراوەتەوە و لە مادەی (٢)دا دەڵێت: «زمانی دادگا لەم قەزایانەی خوارەوە بە کوردی دەبێت: ئامێدی، زاخۆ لە لیوای مووسڵ، زێبار، ئاکرێ، کۆیە، ڕانیە لە لیوای هەولێر، ڕواندز، کیل لە لیوای کەرکووک، چەمچەماڵ، سلێمانی، هەڵەبجە لە لیوای سلێمانی و شارباژێر.»

لە مادەی (٣) ئاماژە بەوە دەکات، کە دەکرێ زمانی دادگاکان بە عەرەبی یا کوردی یا تورکی بێت لەم قەزایانەی خوارەوە: «دهۆک، شێخان لە لیوای مووسڵ، هەولێر، مەخموور لە لیوای هەولێر، کەرکووک، کفری لە لیوای کەرکووک. لە هەر حاڵەتێکدا دادگا بڕیار لەسەر هەر زمانێک دەدات کە دەبێ بە کار بێت.» هەروا لە مادەی (٤) دا هاتووە: «تۆمەتبار مافی هەیە لە هەموو حاڵەتەکان و لە هەموو ئەو قەزایانەی سەرەوە کە باسکران: ئا- دادگایی بکرێت و ئاگادار بکرێتەوە بە زمانی عەرەبی ئەگەر زمانی باوی ناوماڵی بوو. ب- هەموو دادبینییە زارەکییەکانی بۆ وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی یا کوردی یا تورکی و هەروا داوای وێنەیەکی وەرگێڕدراوی حوکمەکە بکات بە یەکێک لەو زمانانە و هەر کەسێک بۆی هەیە کە داواکاری بە زمانی عەرەبی یا کوردی یا تورکی پێشکەش بە هەر دادگایەک بکات لەو قەزایانەی کە ناوبران و یا هەر دادگایەکی سەرووتری.» لە مادەی (٥)دا دەڵێت: «زمانی کوردی زمانی فەرمییە

لەم قەزایانەی کە لە خوارەوە هاتوون و فەرمانگە تەکنیکییەکان و پەیوەندییەکان لەنێوان ناوەندی لیواکان و وەزارەتەکان و لەنێوان لیوای مووسڵ و قەزاکانی بە زمانی عەرەبی دەبێت: ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک لە لیوای مووسڵ، زاخۆ، زێبار، هەولێر، مەخموور، کۆیە لە لیوای هەولێر، ڕانیە، ڕواندز، چەمچەماڵ، کیل لە لیوای کەرکووک، سلێمانی، هەڵەبجە، شارباژێڕ. بەڵام لە هەر دوو قەزای کەرکووک و کفری کوردی و تورکی بە کار دێت.»

لە مادەی (٦)دا هاتووە: «لە هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکان لەو قەزایانەی کە لە سەرەوە لەم یاسایەدا ناوبراون زمانی فێرکردن، زمانی ناوماڵی زۆرینەی قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە دەبێت چ عەرەبی بێت یا تورکی یا کوردی». هەروا مادەی (٨) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: «لەو قەزایانەی لیواکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە شێوازی زمانی کوردی ئەو شێوازەیە کە ئێستا بە کار دێت. و لەو قەزایانەی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە دانیشتووانەکەی ئەو شێوازەی زمانی کوردی هەڵدەبژێرن کە ئارەزوویان لێیەتی لە ماوەی یەک ساڵ لە ڕێکەوتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

بەپێی ئەم یاسایە، دەبوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، زمانی کوردی زمانی خوێندن و کاروباری کارگێڕیی و دادگاکان بوایە، بەڵام یاساکە وەک خۆی جێبەجێ نەکرا و تەنیا بە شێوەیەکی بەرتەسک ڕێگە درا بە خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی چەند ناوچەیەک و، بەشێوەیەکی سنوورداریش ڕێگە بە چاپ و بڵاوکردنەوە درا بەزمانی کوردی. لە ڕاستیدا، پاڵنەری دەرچوونی ئەم یاسایە سیاسی بووە، نەک پاڵنەرێکی ڕاستەقینە بۆ پێدانی دەرفەت لەبەردەم نەتەوەکانی دانیشتووی عێراق بۆ خوێندن بە زمانی دایک و، هۆکاری ئەمەش بۆ بەڵێنی حکومەتی عێراق لەبەردەم کۆمەڵەی گەلانی ئەوسا دەگەڕێتەوە، چونکە کۆمەڵەی گەلان ئەو مەرجەی لەسەر عێراق دانابوو بۆ وەرگرتنی لەو کۆمەڵەیە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دەبێت دان بە مافی نەتەوەکانی دانیشتووی عیراقدا بنێت.

تێبینیمان لەسەر ئەم یاسایە ئەوەیە، کە زاراوەی ناوچەیی یەکێکە لە داهێنانەکانی نەتەوەی باڵادەست و ئەو کەسانەیان بە کەمینەی نەتەوەیی ناوبردووە کە بەم زمانانە قسەیان کردووە و لەوانەش نەتەوەی کورد، کە زمانەکەی بە زمانی ناوچەیی دانراوە. جگە لەمەش، تێبینی ئەوە دەکرێ کە یاسادانەر جیاوازیی نەکردووە لەنێوان

زمانی فەرمی و زمانی ناوچەیی و ناونیشانی یاساکە زمانە ناوچەییەکانە، بەڵام لە ناو دەقی یاساکە لە مادەی (٥)دا بە ڕوونی دەڵێت کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە، بەڵام لە سنوورێکی جوگرافی و لە چوارچێوەیەکی کارگێڕیی دیاریکراودا، هەربۆیە جۆرێک لە دووفاقی زاراوەیی لەناو یاساکەدا بە دیدەکرێت. بەڵام بەو حاڵەش، ئەمە بە سەرەتایەکی باش دادەنرێت بۆ حکومەتی عێراقی ئەوکات لە چاو دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، کە خاوەن کەمینەی کوردن و بە هیچ جۆرێک ئامادە نین دان بە فەرمیبوونی زمانی کوردیدا بنێن لە وڵاتانی خۆیاندا.

**٢-٢-٢. یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٧٤**

ئەم یاسایە لە (٢١) مادە پێکهاتووە و وەک بەشێک لە پابەندییەکانی حکومەتی ئەوسای عێراق بە ڕاگەیەندراوی ١١/ئازار/١٩٧٠ دەرچووە. لە مادەی یەکەمی خۆیدا دان بەوەدا دەنێت، کە ناوچەی کوردستان خاوەن ئۆتۆنۆمییە و ناوچەکە یەکەیەکی کارگێڕیی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە لە چوارچێوەی یەکگرتووی یاسایی و سیاسی و ئابووریی کۆماری عێراقدا. هەروا لە مادەی (٢)دا دەڵێت: «ئا- زمانی کوردی لە ناوچەکە زمانی فەرمییە لە پاڵ زمانی عەرەبیدا.

ب- هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فێرکردنن بۆ کوردەکان لە ناوچەکە لە هەموو قۆناغەکان و لەپاڵ یەکتردا و ئەمەش بەپێی بڕگەی (ها) لەم یاسایە دێت.

ج- دامودەزگەی فێرکردن لە ناوچەکە بۆ منداڵانی نەتەوەی عەرەب دروست دەکرێت کە تێیدا خوێندن بە زمانی عەرەبییە و خوێندنی زمانی کوردیش تەوزیمییە.»

٢-٢-٣. یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤

بە مەبەستی پراکتیزەکردنی مادەی (٤) لە دەستووری عێراقی و ڕێزگرتن لە فرەنەتەوەیی و فرەزمانی، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکانی دەرکرد. لە مادەی (١/یەکەم) لە یاساکە زمانی فەرمی بەم جۆرە پێناسە کراوە: «زمانی فەرمی ئەو زمانەیە کە دەوڵەت لە گفتوگۆ و دەربڕین و نووسراوە فەرمییەکان و پەڕاوە نەختینەکان و پوول و بەڵگە فەرمییەکان پشتی پێ دەبەستێت لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی و بوارەکانی ترەوە هەیە». هەروا لە مادەی (٣) دا یاساکە باس لەوە دەکات، کە زمانەکانی کوردی و عەرەبی هەردووکیان زمانی

فەرمیین لە عێراقدا و لە مادەی (٤) ئاماژە بەوە دەکات، کە رۆژنامەی فەرمی بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچێت. لە مادەی (٥) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە کۆبوونەوە فەرمییەکان و ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری باڵا و دەستە و دامودەزگا فیدراڵییەکانی تر و کۆبوونەوە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و سەرۆکایەتی و حکومەتەکەی بە کار دیت. لە مادەی (٦) باس لەوە دەکات، کە گفتوگۆ و نووسراو و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکان لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی دەبێت. لە مادەی (٧)یش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بەڵگە و نووسراوە دەرچووەکان لای دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێم پشت بە هەر دوو زمانی فەرمی دەبەستێت.

مادەی (٩)ی یاساکە ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر دوو زمانی عەرەبی وکوردی لە دەرکردنی دراوی نەختینە و پاسپۆرت و تابلۆکانی هاتووچۆ و تابلۆی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان بە کار دێت. لە مادەی (١٤) یاساکە باس لە کۆمەڵێک ئەحکامی سزایی دەکات لە ئەگەری سەرپێچیکردن لە یاساکە، بەو پێیە ئەگەر کەسی سەرپێچیکار فەرمانبەر بێت، ئەوا سزای ڕێککاری بەرامبەری دەگیرێتەبەر. هەروا ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر نەبێت، ئەوا ئاگادار دەکرێتەوە بە نەهێشتنی سەرپێچییەکە لە ماوەی پانزدە رۆژدا و، ئەگەر بێت و خۆی ببوێرێت لە لادانی سەرپێچییەکە، ئەوا سزا دەدرێت بە غەرامەیەک کە کەمتر نەبێت لە پەنجا هەزار دینار بۆ هەر رۆژێک. جگە لەمەش، هەموو زیانمەندێک لە سەرپێچیکردنی ئەم یاسایە دەتوانێ داوای سزایی بجووڵێنێت. بەگوێرەی مادەی (١٥)ی یاساکە کۆمیتەیەکی باڵا بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دروست دەکرێت و دەبەسترێتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرێکی ئەمینداریێتیی گشتی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دەکات بە ئەندامێتیی نوێنەرێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرێک لە ئەمینداریێتیی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران، کە کۆمیتەیەکی تایبەت لە زمانناسان و ئاکادیمییەکان و نوێنەرانی تورکمان و سریان و ئەرمەن و مەندائییەکان یارمەتییان دەدەن و دەکرێ نوێنەری هەر زمانێکی تری عێراقیشی پێ زیاد بکرێت.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم یاسایە بە پێچەوانەی یاساکانی پێشوو، کە زمانی عەرەبییان بە تاکە زمانی فەرمی عێراق دادەنا، دوو زمانی عەرەبی و کوردی بە یەکسانی بە زمانی فەرمی داناوە کە پێشتر وێنەی نەبینراوە. بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. لەسەر ئاستی ناوخۆیی عیراق، بە مانای بە فەرمی ناسینی گەلێکە کە هاوشانی گەلی عەرەبە و گەلی پلە دوو نییە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی بەو واتایە دێت، کە بەرپرسانی عیراق و هەرێمی کوردستان دەتوانن لە کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییە فەرمییەکاندا بە زمانی کوردی قسە بکەن.

## ٢-٣. زمانی کوردی لەناو پرۆژەی دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان

بۆ زانینی هەڵوێستی یاسادانەری کوردستانی بەرامبەر بە پێگەی زمانی کوردی، لەم بەشەدا باس لە پێگەی زمانی کوردی دەکەین لەناو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و یاسای ناوخۆییەکانی هەرێمدا.

### ٢-٣-١. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٦/٢٤ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا، بەڵام بە هۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان نەخرایە ڕیفراندۆم. پاشان یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ڕاپرسی لە ٢٠١٥/٤/٢٣ دەرچووو. بەپێی مادەی (٢)ی یاساکە، پەرلەمان لیژنەیەکی نوێی بۆ نووسینەوەی دەستوور دانا، کە لە (٢١) ئەندام پێکهاتبوون. ئەم لیژنەیەش نەیتوانیوە هەتا ئێستا کارەکانی تەواو بکات و ئەو پرۆژەیەی کە لێرەدا پشتی پێ دەبەستین هەمان پرۆژەی یەکەمە، کە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسندکراوە. سەبارەت بە زمانی فەرمی لە مادەی (١٤)ی پرۆژەکەدا هاتووە: «یەکەم: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دامودەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بەپێی مەرج و ڕێککارییەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی خۆیان. ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوە..

دووەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمیین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبییەوە، لەو یەکە کارگێڕییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن، زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێ.

سێیەم: لە هەرێمی کوردستان کار بە حوکمەکانی مادەی (٤)ی دەستووری فیدراڵی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمییەوە لە هەر جێیەک بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.»

بەم پێیە، زمانەکانی کوردی و عەرەبی زمانی فەرمیین لە هەرێمی کوردستان و، هەروا زمانەکانی تورکمانی و سریانیش لەو یەکە کارگێڕییانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی پێکدەهێنن بە زمانی فەرمی دادەنرێن. بەم جۆرە دەردەکەوێت کە پرۆژەی دەستووری هەرێمیش هەمان ڕێبازی دەستووری عێراقی لە بارەی زمانە فەرمییەکان گرتۆتەبەر.

**٢-٣-٢. یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان**

لە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا دوو یاسای دەسەڵاتی دادوەری دەرچووە بەم جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم: یاسای دەسەڵاتی دادوەریی ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٢**

ئەم یاسایە، یەکەم یاسایە بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ڕاستیدا دادگاکان لەو سەردەمە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە وەزارەتی داد بوون کە بەشێک بووە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. سەبارەت بە زمانی کارپێکراو لە دادگاکان لە مادەی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە: «زمان لە دادگاکاندا کوردی دەبێ. بەڵام دادگا بۆی هەیە بە هۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددانی گوێ لە قسەی دژکاران (الخصوم) و شایەتەکان بگرێ.»

**دووەم: یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧**

بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پاش ساڵی ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستان هاتەئاراوە و، بە مەبەستی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری لە وەزارەتی داد و چەسپاندنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری ئەم یاسایە دەرچوو و، لە مادەی شەست و هەشتەمی خۆیدا یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە

(١٤) ساڵی ١٩٩٢ هەڵوەشاندەوە. هەروا سەبارەت بە زمانی دادگاکان لە مادەی شەشەمی یاساکە ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: «زمانی کوردی زمانی دادگاکانە و دەشێ لە کاتی پێویستدا زمانی عەرەبی بە کار بێت.»

هەرچەندە دەقە یاساییەکە ئەوەی بڕاندووەتەوە کە کوردی زمانی دادگاکانە، بەڵام باشتر وابوو دەقەکە وردتر بوایە و بنووسرایە کە: زمانی کوردی زمانی فەرمی ئاخاوتن و نووسین و بڕیارەکانی دادگایە لە هەرێمی کوردستان و و دەکرێ لە کاتی پێویستدا زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی و سریانی بەکار بێن.

**٢-٣-٣. یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤**

لەبەر ڕۆشنایی مادەی (٤) لە دەستووری عێراق و بۆ پێشخستن و بایەخدانی زیاتر بە زمانی دایک و ڕێزگرتن لە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان و پەرەپێدانی بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیانە، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانی دەرکرد، کە لە (٢٧) مادە پێکهاتووە. لە مادەی (١/ بڕگەی دووەم) زمانی فەرمی بەو جۆرە پێناسە کردووە، کە ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمیبوونیاندا نراوە. لە مادەی (٢)دا دەڵێت: «کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیین لە سەرانسەری عێراقدا، لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە». هەروا لە مادەی (٣)دا دەڵێت: «لە کوردستانی عێراقدا زمانی پێکهاتەکانی تری (تورکمان و سریان و ئەرمەن) لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا و لە کاتی پێویستدا، لە پاڵ زمانی کوردی زمانی فەرمیین». لە مادەی (٦)دا دەڵێت: «یەکەم: هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن و دەنووسرێن. دووەم: ئەگەر لایەنێکی داواکە زمانی کوردی نەزانێت، پێویستە دادگا وەرگێڕێکی بۆ دابین بکات». لە مادەی (٧) جەخت لەوە دەکاتەوە: «زمانی کوردی، زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستووری و فەرمانگەکانی هەرێمە..»

لە مادەی (٢٤)دا باس لە سزاکان دەکات لە ئەگەری هەر سەرپێچییەکی مادەکانی ئەم یاسایە و دەڵێت: «ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت: یەکەم: سزاکانی بەرزەفتەکردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ئەگەر هات و فەرمانبەر بوو. دووەم: ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر نەبێت

ئاگادار دەکرێتەوە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرپێچییەکە ڕاست بکاتەوە، ئەگەر لە سەرپێچییەکە بەردەوام بوو، بۆ هەر ڕۆژێک بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کە لە (٥٠) پەنجاهەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت. سێیەم: هەموو زەرەرمەندێک مافی جووڵاندنی داوای هەیە لە کاتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.» هەروا لە مادەی (٢٥)دا باس لەوە دەکات، کە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن. لە مادەی (٢٦)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

چەند تێبینییەکمان لەسەر ئەم یاسایە هەیە، بۆ نموونە هەق وابوو لە مادەی (٢٥) بە ڕوونی ئاماژەی بە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەریش بکردایە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، چونکە بەشێک لە پابەندییەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەستۆی ئەم دوو دەسەڵاتەیە. جگە لەمەش، هەرچەندە یاساکە لە ڕووی دەق و داڕشتنەوە توندە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە ڕووی پراکتیزەکردنەوە سستە، چونکە هیچ دەزگا و میکانیزمێکی شیاوی دانەناوە بۆ بەدواداچوونی پراکتیزەکردنی یاساکە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە یاساکە جێبەجێ ناکەن. هەربۆیە، پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان دابمەزرێت، کە ئەرکی چاودێریی و جێبەجێکردنی یاساکە و بەڕێوەبردنی سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئەستۆ بگرێت.

٣. دەسەڵاتی دادوەری و دۆخی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان تیشک دەخەینە سەر چەند تەوەرێک لەوانە: دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، گرنگیی و پێویستیی پاراستنی زمانی کوردی، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی لە دادگاکان.

### ٣-١. دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان

لە سیستەمی حوکمڕانیدا، دەسەڵاتی دادوەری بە یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی پرۆسەی نیشتمانسازیی و دەوڵەتسازیی دادەنرێت.

لە وڵاتانی دیموکراسیشدا، پتر لەمە ڕۆیشتووە و دەسەڵاتی دادوەری بە پارێزەری مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، هەربۆیە لەو وڵاتانەدا میکانیزمی تۆکمە بۆ سەربەخۆیی، کارایی و شەفافیەتی دەسەڵاتی دادوەری دانراوە. سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە ژمارەیەک لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەک بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٣٢/٤٠) لە ١٩٨٥/١١/٢٩ و بڕیاری ژمارە (٤٠١٤٦) لە ١٩٨٥/١٢/٢٩ و هەروا (ڕاگەیەندراوی بەیرووت بۆ دادپەروەری) ساڵی ١٩٩٩ و (ڕاگەیەندراوی قاهیرە بۆ سەربەخۆیی دادوەری لە ناوچەی عەرەبی) ساڵی ٢٠٠٣.

هەروەک دەزانین، هەرێمی کوردستان پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بەشێک بووە لە دەوڵەتی عوسمانی، هەر بۆیە دادگاکانی کوردستان بەشێک بوون لە سیستەمی دادوەری ئەو دەوڵەتە. پاش داگیرکاریی بریتانیا، دەوڵەتی عوسمانی دامودەزگا دادوەرییەکانی خۆی لەم ناوچەیە کشاندەوە و بریتانییەکان کەسانی بریتانی و هیندییان لە جێگەیان دانا. پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥، دادگاکانی کوردستان بوونە بەشێک لە سیستەمی دادوەری عێراق. پاش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەمجار یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو لە پاڵ هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا، بەڵام لە ڕاستیدا وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکرا، سەرەڕای ئەوەی کە مادەی (٢)ی یاساکە جەخت لەسەر سەربەخۆیی دادگاکان و قەدەغەکردنی دەستوەردانی دەسەڵاتەکانی تر لە کاروباری دادگاکان دەکاتەوە و، وێڕای پێکهێنانی ئەنجومەنی دادوەری و ئەرکەکانی بەپێی ئەم یاسایە، بەڵام بابەتی دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە و کاروباری بژێویی دادوەران لە دەست دەسەڵاتی جێبەجێکردندا مایەوە کە لە وەزارەتی داد خۆی دەبینیەوە. دۆخەکە هەتا ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەم جۆرە بەردەوام بوو، پاشان دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان فەرمانی ژمارە (٣٥)ی لە ١٨/ ئەیلوول/٢٠٠٣ دەرکرد بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی دادوەری و جیاکردنەوەی دادگاکان لە وەزارەت داد و سەرهەڵدانی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق. هەروا یادداشتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ژمارە (٢٠٠٤/١٢) جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ دەکاتەوە.

دەستووری عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥ لە مادەکانی (٨٧) و (٨٨)ی خۆیدا گەرەنتیی دەستووریی پێویستی بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەستەبەر کرد. هەروا لە مادەی (١٢١)ی خۆیدا دەڵێت: «دەسەڵاتی هەرێمەکان، مافیان هەیە مومارەسەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بکەن، بە گوێرەی ئەحکامەکانی ئەم دەستوورە، جگە لەوانەی کە لە تایبەتمەندییە پاوانکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵیدا هاتوون.» هەروا دەستووری عێراقی لە مادەی (١١٧/یەکەم)دا دەڵێت: «ئەم دەستوورە لە کاتی بەرکاربوونیدا دان دەنێت بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتانەی کە تێیدا بەرقەرارە وەک هەرێمێکی فیدراڵی». هەربۆیە، پاش چەسپاندنی فیدراڵییەت لە دەستووری عێراقی و داننان بە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی، سەرەنجام یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو، کە جێی یاسا کۆنەکەی گرتەوە و دادگاکانی هەرێمی کوردستانی لە وەزارەتی داد جیاکردەوە.

لە عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) بە گشتی دادگاکان بۆ سەر دوو پلە دابەش دەبن، دادگاکانی پلە یەک کە بریتین لە: دادگای بەرایی، باری کەسی، کار، گومرک، باری شارستانی، لێکۆڵینەوە، مەوادی کەسی، نەوجەوانان و تاوان. دادگای پلە دوو بریتییە لە دادگای تێهەڵچوونەوە، کە بە گشتی لەسەر بنەمای پارێزگاکان دادەنرێ و لە کاتی پێویستدا ئەنجومەنی دادوەری دەتوانێ لە شوێنەکانی تر بیکاتەوە. لە سەرووی ئەمانەشەوە دادگای تەمییز دێت کە بە پلەیەک لە پلەکانی دادگا دانانرێت، بەڵکوو دەستەیەکی دادوەریی باڵایە.

### ٢-٣. گرنگیی و پێویستیی پاراستنی زمانی کوردی

زمانی هەر تاک و نەتەوەیەک، جگە لەوەی کە ئامرازی دروستکردنی پەیوەندییە لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ دەربڕینی شوناسی ئەو نەتەوەیە. هەر مرۆڤێک ئەگەرچی ئاشنای زمانەکانی دیکەش بێت، بەڵام شوناسی تاک و کۆمەڵایەتی خۆی بەردەوام لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە وەردەگرێت. ئەو زمانەی کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو بەسەرهاتانەیە کە ئەو گەلە بە درێژایی مێژوو بینیویەتی. ئاشکرایە، کە پاراستن و پەرەپێدانی ئەو زمانە دەبێتە هۆی پاراستنی سنوورە کەلتووریی و مێژووییەکانی ئەو نەتەوەیە و دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ کیان و شوناسی سیاسی ئەو نەتەوەیە. جگە لەمەش، زمان شتێکە پتر لە ئامرازێکی پەیوەندیی و لە ڕاستیدا

بەشێکە لە شوناس و کەلتووری خەڵک. ئەو کاتەی کە زمانێک لە ناو دەچێت، ئەو کەلتوورەش کە ڕووماڵی دەکات لە ناو دەچێت.

بێگومان، زمان لە بواری تاکەکەسی بۆ فۆرم بەخشین بە شوناسی تاک و لە بواری کۆمەڵایەتیش بۆ یەکپارچەکردنی کۆمەڵگە گرنگییەکی زۆری هەیە. لە مێژووی مرۆڤایەتی کەڵکوەرگرتنی ئامرازیی لە زمان بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکان لە سەردەمی مۆدێرندا دەستی پێکرد. وەنەبێ دەوڵەتە گەورە ئەورووپییەکان هەر لە سەرەتاوە زمانێکی هاوبەشیان هەبووبێت. ئەو کاتەی کە ئیتالیا توانی یەکگرتوویی سیاسی وڵاتەکەی دابین بکات، تەنیا ٢٪ دانیشتووانی ئەو وڵاتە بە زمانی ئیتالی قسەیان دەکرد. هەروا لە ئەڵمانیا لە کاتی پرۆسەی یەکگرتنی ئەڵمانیا، تەنیا ١٧٪ دانیشتووانی ئەو وڵاتە دەیانتوانی بە زمانی ئەڵمانی قسە بکەن.  لە فەرەنسا، لە ساڵی ١٧٩٠ تەنیا ١٠٪ خەڵکی ئەو وڵاتە زمانی ستانداردی فەرەنسییان زانیوە و لە ساڵی ١٨٧٣ پتر لە چواریەکی هاوڵاتیانی فەرەنسی لە زمانی ستانداردی فەرەنسی تێنەدەگەیشتن..

کاتێک کە زمان، کەلتوور و مێژووی گەلێکی ژێر ستەم نکۆڵی لێ بکرێت، لە ناو ببرێت و سووکایەتی پێ بکرێت، ئەوا ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە هەست بە سووکایەتی و خۆ بە بچووک زانین دەکەن و دەگەنە ئەو باوەڕە کە شتێکیان نیە بۆ خستنەڕوو یا شانازی پێوەکردن، هەربۆیە ئەم هەستی خۆ بە کەمزانینە بەرەبەرە گشتگیر دەبێت. لە ئەنجامدا، ئەندامانی ئەو نەتەوەیە پەنا بۆ خۆکوژیی کەلتووریی دەبەن و کەلتوور و زمانی زگماکی خۆیان بە لاوە دەنێن و، شوناس و مێژووی خۆیان لە دەست دەدەن و ڕوو دەکەنە کەلتوور و زمانی نەتەوەی باڵادەست و شانازی بە مێژوو و شوناسی نەتەوەی سەردەستەوە دەکەن. بەم جۆرە پرۆسەی لە خۆ نامۆبوون (ئیلیناسیۆن) و بێگانەپەرەستی دەست پێدەکات، کە سەرەنجام ئاسمیلەبوون و یەکسانسازیی شوناسی بە دوادا دێت.

سەبارەت بە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی کوردی، لە سەدەی شانزدە بە دواوە لە سایەی میرنشینە کوردییەکاندا، زمانی کوردی لە زمانی ئاخاوتنەوە بەرەو زمانی نووسین هەنگاوی ناوە و جۆرێک لە زمانی ئەدەبیی کوردی سەریهەڵدا. ئەمەش سەرەتای گۆڕانێکی گرنگ بوو لە کوردستان، کە سەرەتا لە کوردستانی باکوور و لە سایە میرنشینی بۆتاندا دەستی پێکرد و شاعیرانی

وەک مەلای جزیری، فەقێ تەیران، ئەحمەدی خانی و هتد، دەرکەوتن. لە سەدەی هەژدەیەم، لە سایەی میرنشینی ئەردەڵان شێوەزاری گۆرانی (هەورامانی) بووە زمانی نووسین، کە شاعیرانی لە چەشنی خانای قوبادی، مەولەوی تاوەگۆزی، بێسارانی و هتد، پێشەنگی ئەم داهێنانە بوون. لە سەدەی نۆزدەیەم، لە سایەی میرنشینی بابان جۆرێکی تر لە زمانی ئەدەبیی کوردی کە شێوەزاری کوردی ناوەڕاستە هاتەئاراوە کە شاعیرانی لە چەشنی نالی، کوردی، سالم، مەولانا خالیدی نەقشبەندی و هتد، بناغەی دروستبوونی ئەم زمانە ئەدەبییەیان دانا. ئەمڕۆ، ئەم شێوەزارە بە شێوەیەکی سروشتی بووەتە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ڕێگای نووسین و چاپەمەنی و خوێندنەوە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوبووەتەوە و چەسپاوە و، سیستەم و نۆرمی نووسین و ڕێنووسەکەی گەشەی کردووە. قۆناغێکی دیکەی گەشەکردنی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ١٨٩٨/٤/٢٢ بە ناوی کوردستان، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە زمانی شیعرەوە ببێتە زمانی نووسینی وتاری جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری، ئایینی و هتد، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگی بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی بوو، هەربۆیە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە قۆناغێکی نوێی زمانی کوردی دادەنرێت.

ئەمڕۆ، سیاسەتی زمانپارێزی لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە و لە هەندێک لە وڵاتانی جیهان کاری بۆ دەکرێت، چونکە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان بە جۆرێکە ئەگەر بیرکردنەوەیەکی وەها لە ئارادا نەبێت، ئەوا گەلێک لە زمانەکان لە ناو دەچن. زمانی کوردییش لەم ناوچەیە لە هەڕەشە بە دوور نییە، هەر بۆیە سیاسەتی زمانپارێزیی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. دیارە ئەمەش کارێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو دەبێ دەسەڵاتی فەرمی بە بەرنامەیەکی نیشتمانی کورتخایەن و درێژخایەن کار بۆ ئەم ئامانجە بکات. سیاسەتی زمانیی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بریتییە لە دیزاینێک بۆ گەشەپێدانی یەک یا چەندین زمان و، هەروا دیارکردنی بەکارهێنانی زمان لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەک فێرکردن، بەڕێوەبردن، میدیا و هتد. سیاسەتی زمانیی بریتییە ڕووماڵکردنی هەموو ڕەفتارە زمانییەکان وەک گریمانەکان، شێوازە کەلتوورییەکان، بیروباوەڕە جەماوەرییەکان و هەڵوێست بەرامبەر بە زمان و هتد.

### ٣-٣. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

زمانی یاسایی ئامرازێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە بواری یاسا و گەرەنتیی جێبەجیکردنی یاسا دەکات، ئەم زمانە هەموو کات بۆ ئەو کەسانەی کە پسپۆڕیی یاساییان نیە قورس بووە، بە جۆرێک کە زماننااسە ئەورووپییەکان شێوازی زمانی یاسایی بە زاراوەیەکی تر لە قەڵەم دەدەن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم گرفتە ئەوەیە کە زمانی یاسایی، بە پێچەوانەی زمانەکانی تر زمانێکی وەستاوە. ئەمە مافی خەڵکە، ئەوە بزانن ئایا ئەو بڕیارەی کە لە دادگا دەرچووە لە بەرژەوەندییانە یا لە دژیانە و بۆچی لە بەرژەوەندییانە یا لە دژیانە؟ لەو وڵاتانەی کە پتر لە زمانێکی فەرمی و یاساییان هەیە، مافە زمانییەکان زیاتر گەشە دەکەن. دروستکردنی پێگەیەکی یەکسان بۆ هەموو زمانە فەرمییەکانی وڵات یەکێکە لە بابەتە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە زمان. بۆ نموونە، دەستووری کەنەدا هەر دوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بە زمانی فەرمی وڵات دەزانێت، لە ڕووی بەکارهێنانیان لە هەموو دامودەزگا حکومییەکاندا ماف و ئیمتیازی یەکسانیان هەیە.

بێگومان، زمان شوناسی گەلانە و گەلی کوردیش مافی ڕەوای خۆیەتی کە پارێزگاریی لە زمانی خۆی بکات، بە تایبەت زمانی یاسا کە زمانی پەیوەندیی و ئاخاوتنی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردنە لەگەڵ خەڵکدا. یاسا بەرزترین دەربڕینی ئیرادەی گەلە، هەروا بەرزترین و دیارترین هێمای سەروەری دەوڵەتە لەسەر خاکەکەی، هەربۆیە پێویستە زمانی یاسا زمانی خودی ئەو نەتەوەیە بێت. یاساناسی ناوداری عێراقی د.عیسمەت عەبدولمەجید لەم بارەیەوە دەڵێت: «مەرجی دروستی ئەرکداریی یاسایی ئەوەیە کە ئەرکدارەکە توانای تێگەیشتنی یاسا دانراوەکەی هەبێت. هەر بەم هۆیە دەبێ یاسا بە زمانی ئەو وڵاتە دابڕێژرێت، کە یاساکەی تێدا پیادە و جێبەجێ دەکرێت، تاوەکوو هاووڵاتیان توانای تێگەیشتنیان لەم یاسایە هەبێت و دەبێت بەو شێوازە باوە بێت کە لێی تێدەگەن».

هەوەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٢ لە مادەی پێنجەمی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە زمانی کوردی زمانی دادگاکانی هەرێمی کوردستانە و پاڵپشت بەم یاسایە، وەزارەتی داد بە فەرمانی

وەزاری ژمارە (٣٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٦/٣ بڕیاریدا لەم ڕێکەوتە بە دواوە هەموو کاروبارێکی یاسایی دادگاکان، هەر لە سکاڵانامەوە بگرە هەتا داواکاری و کۆنووس و دادبینی و بڕیارەکانی دادگا بکرێن بە زمانی کوردی و، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لە وەزارەتی داد پێکهات بۆ دانانی زاراوە و دەستەواژە یاساییەکان بە زمانی کوردی.

هەروا لە مادەی شەشەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧، دیسان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە زمانی کوردی زمانی دادگاکانە، جگە لەمەش، یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە مادەی (٦) خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن و دەنووسرێن.

بەدەر لەمەش، یاسای ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق لە مادەی (٣) بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراق و بەو پێیەش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، کە واتە هیچ بۆشاییەکی یاسایی لەم بارەیەوە بە دیناکرێت.

زمانی کوردی بەپێی دەستووری عێراق، بووەتە زمانی فەرمی لە عێراق. ئەگەر زمانی عەرەبی زمانی یەکەم بێت لە ناوچە عەرەبییەکان، ئەوا زمانی کوردیش زمانی یەکەمە لە هەرێمی کوردستان و دەبێ زمانی کارگێڕی و حوکمڕانی بێت لەم هەرێمە، بەڵام ئەم مافە دەستوورییە هەتا ئێستا بە باشی پراکتیزە نەکراوە.

بەپێی بەدواداچوونمان لەسەر دۆخی زمانی کوردی لە دادگاکان بۆمان دەرکەوت، هەوڵی بە کوردی کردنی زمانی دادگاکان لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین بە ڕێژەیەکی باش سەرکەوتوو بووە، هەموو سکاڵانامە و نووسراو و پێڕاگەیاندن و کۆنووسی دادبینییەکان لە سەرجەم دادگاکان بە زمانی کوردی ئەنجام دەدرێن، بەڵام تەنیا بڕیاری دادگاکان هەتا ئێستا لە زۆرینەی دادگاکان بە زمانی عەرەبین. بەڵام لە پارێزگای دهۆک هەتا ئێستا زۆربەی نووسراوەکان و سەرجەم بڕیارەکانی دادگا

بە زمانی عەرەبین و لەم بارەیەوە بەرەپێشچوونێکی ئەوتۆ بەدینەکراوە. هەروا سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانیش، هەتا ئێستا بە زمانی عەرەبین و نەکراون بە کوردی، کە ئەمەش پێچەوانەی مادەی شەشەمی دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧ و هەروا مادەی (٦) لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ یە.

**٣-٤. ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی لە دادگاکان**

هەر وەک بینیمان، بە گوێرەی دەقەکانی دەستووری عێراقی بەرکار و ئەو یاسایانەی کە لەم بارەیەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەرکارن، وەک هەر دوو یاسای زمانە فەرمییەکانی فیدراڵی و هەرێمی و یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی لە ڕووی بنەمای دەستووریی و یاساییەوە پاڵپشتیی و پێگەیەکی بەهێزی هەیە و لەم بارەیەوە، نەک هەر هیچ بۆشاییەکی یاسایی بە دیناکرێت، بەڵکوو هاوشانی زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. بەڵام بەو حاڵەش دەبینین لە واقعی کرداریدا زمانی کوردی نەک هەر لە عێراق، بەڵکوو لە هەرێمی کوردستانیش بە تەواویی نەچەسپاوە. لە وڵاتانی فرەنەتەوە بە گشتی، چەندین هۆکار هەن کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم چەسپاندنی فرەزمانی بە شێوەیەکی فەرمی. لێرەدا ئاماژە بەو ئاستەنگانە دەکەین کە لە بەردەم زمانی کوردیدا هەن و نەیانهێشتووە وەک زمانێکی فەرمی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا بە تەواویی بچەسپێت.

١) نەبوونی سیاسەتی زمانیی و ئیرادەی سیاسی بەهێز لە لایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە کرداریی ببێتە زمانێکی فەرمی کارپێکراو لە سەرانسەری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

٢) دروستنەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی و زەقبوونەوەی ناوچەگەریی و زاراوەگەریی، کە ڕێگر بووە لەبەردەم دروستبوونی زمانی ستاندارد

٣) باڵادەستی مێژوویی زمانی عەرەبی وەک زمانی ئایین و پاشان وەک زمانی دەوڵەت (دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق)، وایکردووە زمانی عەرەبی هەژموونی خۆی بەسەر زمانەکانی تردا بسەپێنێ و پەراوێزیان بخات.

٤) تێگەیشتنی کلاسیکیی دەسەڵاتدارانی عێراقی، کە لەو باوەڕەدان پەرەپێدانی زمانی کوردی هانی بزاڤی جوداخوازیی دەدات و ڕەنگە لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە کەڵکی لێوەربگیرێت. هەربۆیە، بەردەوام هەوڵدەدەن بە چەسپاندنی یەک زمانی فەرمی، کە زمانی نەتەوەی زۆرینە و باڵادەستە کار بۆ یەکگرتووکردنی هەموو نەتەوەکان و تەنانەت تواندنەوەی نەتەوەکانی تر بکەن.

٥) ئاڵنگارییە لۆجستیکییەکان کە دەبنە بەربەست لەبەردەم چەسپاندنی سیستەمی فرەزمانی لە بواری خویندن و کارگێڕیی.

٦) بەجیهانیبوون و پەرەسەندنی بازاڕێکی جیهانی بەرەبەرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانە لۆکاڵییەکان نەتوانن هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنەکان دینامیکیەتی خۆیان بپارێزن و بەرەو پێشەوە بچن، ئەمەش وادەکات کە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە نەتوانن سوود لە زمانەکانیان وەربگرن بۆ گواستنەوەی واتا و چەمکەکان، کە ئەمەش لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی لەناوچوونی توانای ئەو زمانانە.

٦) نەبوونی هیچ نەخشەڕێگا و ستراتیژێکی کورتخایەن یا درێژخایەن لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە تەواوەتی لە دادگاکاندا بچەسپێت و لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم، هەموو ڕێکار و بڕیارەکان بکرێن بە زمانی کوردی.

٧) بوونی تێگەیشتنێک لە لای هەندێک لە یاساناسان، کە پێیانوایە تەنیا زمانی عەرەبی زمانی یاسایە و زمانی کوردی ناتوانێ ببێتە زمانی یاسا.

٨) هەژاریی زمانی کوردی لە ڕووی سەرچاوە یاسایی و دادوەرییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە یاساناسان ناچار بن بۆ هەر کار و توێژینەوەیەکی یاسایی پشت بە سەرچاوە عەرەبییەکان ببەستن، ئەمەش وایکردووە بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو زمانی کوردی بەرەبەرە لەو بوارەدا پەراوێز بخرێت.

٩) گرنگینەدانی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا بە ئەنجامدانی توێژینەوە بە زمانی کوردی و لەم بوارەدا نەک هەر هیچ ستراتیژێکی نیشتمانی نیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زمانی کوردی لەم بارەیەوە پەراوێز دەخرێت.

**کۆتایی:**

لەم توێژینەوەیەدا، پاش ئەوەی کە هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتیمان سەبارەت بە مافە زمانییەکان خستەڕوو و هەروا باسمان لە پێگەی زمانی کوردی کرد لەناو دەستوور و یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و دۆخی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، گەیشتینە چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە بەم جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم/ ئەنجامەکان:**

١) بەڵگەنامە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان جەخت لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی مافی کەمینەکان دەکەنەوە بۆ بە کارهێنانی زمانی دایک لە هەموو بوارە گشتی و تایبەتییەکاندا.

٢) کەمینەکان مافیان هەیە سوود لە کەلتووری تایبەت بە خۆیان وەربگرن و زمانی تایبەتی خۆیان بە ئاشکرا و نهێنی بە ئازادی بە کار بهێنن، بە بێ هیچ دەستوەردان یا جیاکارییەک و، دەوڵەتان ئەرکیانە لەم بارەیەوە هاوکار و پاڵپشتی کەمینەکان بن و دەرفەت و ئاسانکاریی پێویستیان بۆ بکەن.

٣) بۆ یەکەمجار دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ و هەروا یاسای زمانە ناوچەییەکان ژمارە (٧٤) ساڵی ١٩٣١ دانیان ناوە بە فەرمی بوونی زمانی کوردی بە شێوەیەکی سنووردار و تەنیا لە ناوچە کوردییەکاندا.

٤) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزاریی ساڵی ٢٠٠٤ و پاشان دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەمجار دانیان ناوە بە فەرمیبوونی زمانی کوردی لە سەرانسەری عێراقدا، بە پێچەوانەی دەستوورەکانی پێشوو کە بێدەنگ بوون لەم بارەیەوە یا خود بە شێوەیەکی سنووردار و لە بوارێکی بەرتەسک (وەک خوێندن) و تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەی کوردستاندا دانیان بە زمانی کوردیدا ناوە.

٥) لەبەر ڕۆشنایی مادەی (٤)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەرچووە، بەڵام هەتا ئێستا ناوەڕۆکی ئەم یاسایە وەک پێویست پراکتیزە نەبووە.

٦) زمانی کوردی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستان پاڵپشتی دەستووریی و یاسایی هەیە وەک زمانی فەرمی دانپێدانراو و، لە ڕووی ڕواڵەتییەوە هیچ گرفتێکی

یاسایی بەدیناکرێت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان سستی و کەمتەرخەمی دەنوێنن لە پراکتیزەکردنی ناوەڕۆکی یاساکان.

٧) مافە زمانییەکان بە بەشێک لە مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن و، ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر پێویستیی ڕێزگرتن لەم مافانە دەکەنەوە لە کۆمەڵگە فرەزمانەکاندا و، وەک بەشێک لە پابەندییەکانی دەوڵەتان سەیر دەکرێت.

٨) سەبارەت بە دۆخی زمانی کوردی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری بەرکار زمانی کوردی زمانی فەرمی دادگاکانە، بەڵام ئەم دەقە بە تەواویی پراکتیزە نەبووە.

٩) حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زمانی یا نەخشەڕێگایەکی ڕوونی نیە سەبارەت بە زمانی کوردی و، بە درێژایی سێ دەیەی حوکمڕانی هەتا ئێستا نەیتوانیوە زمانێکی ستانداردی کوردی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنێ.

١٠) دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ یەکسانیی هەر دوو زمانی فەرمیی کوردی و عەرەبی گەرەنتیی کردووە و، هیچ کامیانی لە پێش ئەویتر دانەناوە لە هەموو بوارە فەرمییەکاندا.

١١) زمان وەک بەشێک لە شوناسی هەر نەتەوەیەک گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێکە لە کەلەپووری کەلتووریی نامادیی، کە ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر پاراستنی دەکەنەوە.

١٢) لە یاسای زمانە فەرمییەکان، هیچ میکانیزمێکی تۆکمە و شیاو دانەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و بەدواداچوون و چاودێرییکردنی جێبەجێکردنی یاساکە.

**ب/ ڕاسپاردەکان:**

١) پێویستە ئەنجومەنی دادوەری نەخشەڕێگا و ستراتیژێک دابڕێژێت بۆ بە کوردی کردنی هەموو ڕێکار و بڕیارەکان لە هەموو دادگاکان و لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا.

٢) پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زمانی و ستراتیژێکی نیشتمانی دابڕێژێت بۆ دروستبوون و چەسپاندنی زمانی ستانداردی کوردی.

٣) هەوڵی چەسپاندنی زمانی کوردی بدرێت لە دامودەزگا فیدراڵییەکانی عێراق و ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم ئەم پرسە چارەسەر بکرێن.

٤) بەو پێیەی زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، پێویستە زانینی زمانی کوردی مەرجی سەرەکی بێ بۆ دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە لە دامودەزگا دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

٥) خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی لە هەموو ئاستەکاندا پەرەیان پێبدرێت، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نایەت کە گرنگیی فێربوونی زمانە بیانییەکانی تر پشتگوێ بخرێن، بەڵکوو دەبێ لەم بارەیەوە جۆرێک لە هاوسەنگیی دروست بکرێ لەنێوان پاراستنی زمانی نەتەوەیی و پێویستییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ فێربوونی زمانەکانی تر، هەتا ئەو ئاستەی کە بەرژەوەندیی گشتی و نیشتمانی دەخوازن و کاروبارەکان ڕایی دەبن و مەترسی لەسەر شوناسی نەتەوەیی دروست نەکات.

٦) دامەزراندنی کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان بۆ بە دواداچوونی یاسای زمانە فەرمییەکان و چاودێریی کردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

٧) ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان و ئاکادیمیای زمانی کوردی هاوئاهەنگیی پێویستیان هەبێت بۆ داڕشتن و یەکخستنی زاراوە یاساییەکان و، لەم بارەیەوە فەرهەنگێکی تایبەت بە زاراوە یاساییەکان دەربکەن کە ببێتە سەرچاوە بۆ دادگاکان.

٨) دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە هەموو بوارەکان بە تایبەت بواری یاسایی، لە ڕێگای هاندانی نووسین و توێژینەوە و وەرگێڕانی سەرچاوە یاساییەکان بە زمانی کوردی، هەتا ببێتە پاڵپشت بۆ توێژەران و ناوەندە زانستییەکان و دانانی پاداشتی هاندان بۆ نووسین و توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی..

**سەرچاوەكان:**

**یەكەم/ كوردی**

**أ- كتێب:**

١-/ دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی نەخشەڕێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)، هەولێر، ٢٠١٨.

٢-/ دڵشاد حامید دەروێش، کەمینەکان (ناسنامە، یاسا، هەرێمی کوردستان)، چاپی یەکەم، ماڵی سوهرەوەردی و ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٧.

٣-/ د.ڕەفیق سابیر، بە ستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٤.

٤-/ د.ڕەفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥-/ د.نووری تاڵەبانی، فەرهەنگی قانوونی، چاپی پێنجەم، وەزارەتی داد و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١٠.

**ب-_- وتار و توێژینەوەی زانستی:**

٦- / ڕەزا شەجیعی، ئەڵقەی زمانیی ١٩٤٦ (ئاوڕدانەوەیەک لە بەرنامەڕێژییە زمانییەکانی کۆماری کوردستان)، گۆڤاری زمانەوان، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان- تاران، ژمارە ٣، ٢٠٠٧.

٧- / قاسم محەممەد مستەفا، بە کوردی نووسینی یاسا و یاسایی زاراوە یاساییە کوردییەکان، گۆڤاری تەرازوو، یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، ژمارە ١٤، ساڵی ٢٠٠٢.

٨- / کەمال عوسمان شینە، جۆرەکانی دادگاکان و تایبەتمەندییەکانیان لە یاسای عێراقیدا، گۆڤاری تەرازوو، ژمارە ٨، ساڵی ٢٠٠٠.

٩- / د.هۆگر مەحموود فەرەج، ڕۆژی زمانی زگماک زمانی کوردی لەبەردەم هەڕەشە مێژوویی و سەردەمییەکاندا، گۆڤاری ئاکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٢، هەولێر، ساڵی ٢٠١٥.

١٠-/ هیوا ئیبراهیم حەیدەری، بەرەو بە کوردی کردنی زمانی یاسا چەند تێبینی و پێشنیارێک، گۆڤاری تەرازوو، یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، ژمارە ١٤، ساڵی ٢٠٠٢.

**ج-_ پەیماننامە و دەستوور و یاساكان:**

١١/ - پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩/٦/٢٤.

١٢- یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٢.

١٣-/ یاسای ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٤-/ یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**د-_ سەرچاوەی ئەلیكترۆنی:**

١٥-/ خەلیل عەبدوڵڵا، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک و کاروانی تێکۆشانی بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی!، لەسەر ئەم ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەی خوارەوە دەبینرێت:

Knwe.org/?p=٦٣٤٣٧، last visited: ٢٦/٣/٢٠٢١.

١٦-/ شەفیقی حاجی خدر، پێگەی قانونیانەی زمانی کوردی لە عیراق، لەسەر ئەم ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەی خوارەوە دەبینرێت:
politics/ku/articles/niqash.org/٢٠٥٧، last visited: ٢٥/٣/٢٠٢١.
١٧-/ لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، پێگەی زمانی کوردی لە کوێدایە؟ لەسەر ئەم ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەی خوارەوە دەبینرێت:
peyserpress.com/detail/٧٣٣٢، last visited: ٢٠٢١/٣/٢٥.

**دووەم/ عەرەبی**

**أ- -_ کتێب:**

١٨-/ د.أحمد عبدالظاهر، اللغة العربية والقانون، الطبعة الاولى، دار وجوه للنشر والتوزيع، الرياض، ٢٠١٨.
١٩/ - المقررة الخاصة المعنية بقضايا الاقليات، الحقوق اللغوية للاقليات اللغوية (دليل عملي للتنفيذ)، جنيف، آذار ٢٠١٧.
٢٠/ - بكر محمد قادر، استقلال القضاء في الفقه الإسلامي والقانون الوضعي، دارالسنهوري، بيروت، ٢٠١٧.
٢١/ - ريتا إسحق، مجلس حقوق الإنسان، الدورة الثانية والعشرون، تقرير الخبيرة المستقلة المعنية بقضايا الأقليات، A/HRC/٢٢/٤٩، ٣١/ديسمبر/٢٠١٢.
٢٢-/ شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية دراسة تحليلة مقارنة، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.
٢٣-/ طارق جامباز، قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨، من مطبوعات المجلس الوطني لكوردستان العراق/ لجنة الشؤون القانونية (١٩)، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٧.
٢٤/ - عابد خالد رسول، الحقوق السياسية في الدساتير العراقية دراسة تحليلية مقارنة على ضوء المتغييرات السياسية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢.
٢٥/ - مدحت المحمود، القضاء في العراق دراسة استعراضية، الطبعة الرابعة، بغداد، ٢٠١٥.
٢٦/ - منظمة المحقق لسيادة القانون (IOL)، واقع القضاء في اقليم كوردستان-العراق، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٢٠.

**ب-_ وتار و توێژینەوەی زانستی:**

٢٧/ - د.حسن منديل حسن العكيلي، قرائة في قوانين اللغات الرسمية في العراق، مجلة مداد الاداب، عدد الخاص بالمؤتمرات ٢٠١٨-٢٠١٩.

**ج- _ پەیماننامە و دەستوور و یاساکان:**

٢٨-/ اتفاقية بشأن حماية التراث الثقافي غيرالمادي، باريس، ١٧ اكتوبر/تشرين الأول ٢٠٠٣.
٢٩/ - اتفاقية حقوق الطفل، ٢٠ تشرين الثاني/نوفمبر ١٩٨٩.
٣٠/ - إعلان بشأن حقوق الاشخاص المنتمين الى أقليات قومية أو اثنية وإلى اقليات دينية و لغوية، ١٣٥/٤٧ المؤرخ في ١٨ كانون الأول/ديسمبر ١٩٩٢.
٣١/ - إعلان الامم المتحدة بشأن حقوق الشعوب الاصلية، سبتمبر ٢٠٠٧.

٣٢/ – الإعلان العالمي للحقوق اللغوية، حزيران ١٩٩٦.
٣٣/ – العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، المؤرخ في ١٦ كانون/ديسمبر ١٩٦٦.
٣٤/ – القانون الاساسي العراقي لعام ١٩٢٥.
٣٥/ – الدستور المؤقت لعام ١٩٥٨.
٣٦/ – الدستور المؤقت لسنة ١٩٦٤.
٣٧/ – الدستور المؤقت ٢١/ايلول/١٩٦٨.
٣٨/ – دستور الجمهورية العراقية المؤقتة لسنة ١٩٧٠.
٣٩/ – قانون ادارة الدولة العراقية لمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤.
٤٠/ – دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.
٤١/ – قانون اللغات المحلية رقم (٧٤) لسنة ١٩٣١.
٤٢/ – قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان رقم (٣٣) لسنة ١٩٧٤.
٤٣/ – قانون رقم (٧) لسنة ٢٠١٤، قانون اللغات الرسمية الصادرة في مجلس النواب العراقي.

**د- _ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

٤٤- / حبيب هورمزلو، تاريخ التعليم باللغة التركية في العراق و ابعاده القانونية، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://www.orsam.org.tr/ar/history-and-legal-dimension-of-turkish-education-in-iraq/last visited: ٣٠/٣/٢٠٢١.

**سێیەم/ فارسی:**

**أ- کتێب:**

٤٥-/ امیر کلان، چه کسی از آموزش چند زبانه می هراسد، ترجمه د.هیوا ویسی، Channel View Publications Ltd. / Multilingual Matters، ٢٠١٨.
٤٦/ – اومود.آ (اورمولو)، آموزش به زبان مادری، بدون محل نشر، ١٣٩٤.
٤٧/ – پاتریک ترنبری، حقوق بین الملل و حقوق اقلیت ها، پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران، ١٣٧٩.
٤٨/ – د.ستار عزیزی، حمایت از اقلیت ها در حقوق بین الملل، چاپ اول، انتسارات نور علم، همدان، ١٣٨٥.
٤٩/ – د.سید احمد حبیب نژاد و عالیه اسمعیلی زاده، حقوق فرهنگی اقلیت های قومی در نظام حقوق اساسی جمهوری اسلامی ایران و اسناد بین المللی حقوق بشر، چاپ اول، انتشارات مجد، تهران، ١٣٩٥.
٥٠/ – محمدرضا خوبروی پاک، اقلیت ها، چاپ اول، نشر شیرازه، تهران، ١٣٨٠.
معاذ عبداللهی و د.جوانمیر عبداللهی، نسل زدایی فرهنگی ، چاپ اول، انتشارات مجد، تهران، ١٣٩٣.

**ب- _ نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

٥١- / ارکان شریفی، بررسی حق بر آموزش به زبان مادری در نظام حقوقی ایران در پرتو اسناد حقوق بشری، پایان نامه جهت اخذ درجه کارشناسی ارشد رشته حقوق عمومی، دانشکده حقوق

دانشگاه شهید بهشتی، تابستان ١٣٨٥.
**ج- _ وتار و توێژینەوەی زانستی:**
٥٢-/ امیر ناظمی، سیاست زبان در جمهوری اسلامی ایران: پیشنهادهای سیاستی درخصوص زبان و زبان آموزی، فصلنامۀ مطالعات راهبردی سیاستگذاری عمومی، دوره ٨، شماره ٢٦، بهار١٣٩٧.
٥٣-/ روح الدين كردعليوند، زبانشناسی حقوقی، انسان و فرهنگ، ویژه نامه «زبان و متن»، سال دوم خرداد ١٣٩٢، شماره ٣. ٥٤- سید احمد حبیب نژاد؛ زهرا دانش ناری، حمایت از حقوق زبانی در رویه دیوان اروپایی حقوق بشر، فصلنامه حقوق اداري (علمی - پژوهشی)، سال ششم، شماره ١٧، زمستان ١٣٩٧.
٥٥/ - فردوس آقاگل زاده و دیگران، تحلیل زبان شناختي آرای قضایي براساس الگوی خلاق: رویکرد حوزه زبان شناسی حقوقی، فصلنامه پژوهش های زبان و ادبیات تطبیقی، دوره اول، شماره اول، بهار ١٣٨٩.
٥٦/ - مصطفی فضائلی و موسی کرمی، تأملی بر نسبت میان حمایت از اقلیت ها و صلح و امنیت منطقه‌ای در اسلام و حقوق بین الملل، فصلنامه پژوهشی تطبیقی حقوق اسلام و غرب، سال سوم، شماره دوم، تابستان ١٣٩٥.
٥٧/ - نادر ذوالعین، حمایت از حقوق اقلیت ها در حقوق بین الملل، نشریه تحقیقات حقوقی، شماره ١٥، ١٣٧٣.
**د- _سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**
٥٨- / رسمیت چند زبان و تنوع زبانی دراروپا، در سایت زیر قابل مشاهده است:
http://eyitimhaqqi.blogspot.com/ last visited: ٣/٣/٢٠٢١.

**چوارەم/ ئینگلیزی:**
**أ- -_ نامەی ماستەر و دکتۆرا:**
59- Naheed Saba، Linguistic Heterogeneity and Multilinguality in India: A Linguistic Assessment of Indian Language Policies، Submitted for the award of the Degree of Doctor of Philosophy، Department of Linguistics Aligarh Muslim University (India)، 2011.
**ب- وتار و توێژینەوەی زانستی:**
60- Crow Samuel، comparatively speaking: language rights in the United States and Canada، 2012، Canada-United states law Journal، volum37، issue 1.
61- Kathryn J. Zoglin، Recognizing a Human Right to Language in the United States، Boston College Third World Law Journal،Volume 9، Issue 3، 1989.
**ج- پەیماننامە و دەستوور و یاساکان:**
62- Universal Declaration on Cultural Diversity، Paris، 2 November 2001.

*خوێندکاری دکتۆرا

# نووسین و ئامادەکردنی قامووسی یەکگرتووی وشە و زاراوە یاساییەکان

کامبیز ئیبراهیمزادە

١-نووسین و ئامادەکردنی قامووسی یەکگرتووی وشە و زاراوە یاساییەکان
٢-پوختە:
٣-وشە سەرەکییەکان:
٤-پێشەک
٥-گەلێ گرینگ !!
٦-مانای وشەیی فەرهەنگ
٧-پێشینە:
٨-فەرهەنگنووسی و فەرهەنگنووس و دژوارییەکانی:
٩-گرینگایەتی و پێویستی فەرهەنگنووسی
١٠-ڕەوتی گەشە و نەشەی فەرهەنگ نووسی:
١١-ڕێسا و بنەماگەلی باو لە فەرهەنگنووسیدا
١٢-قۆناغەکانی نووسینی فەرهەنگ
١٣-لێکۆڵینەوە و فێرکاری لە فەرهەنگنووسیدا
١٤-دەسکەوت و دەرەنجام
١٥-سەرچاوەکان

**پوختە:**

ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییانەی پسپۆڕانەیە کە گرینگترین کێشەکان لە هەمبەر نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگێکی یەکگرتووی وشە و زاراوە حقووقییەکان لێکدەداتەوە. دیارە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبێ لە دوو بەشی پسپۆڕی و گشتیدا دەستەبەندی بکرێن و کاریان لە سەر بکرێ، بەڵام هەر وەکی ئاگادارن بە هۆی ئەوەی کە باسەکە باسی یاسا و قانوون و حقووقە، تەنیا دەبێ هەر لە بەشی پسپۆڕیدا پێی بپرژێین و لێکی بدەینەوە. ئەمەش بەتایبەت لە وەرگێڕانی وشەنامە و فەرهەنگی واژە و دەستەواژەگەلی چەند زمانە، ئەویش ئەگەر لایەکیان بە دوو یان چەند زاراوە بێت گەلێ کێشەی تایبەت بە خۆی تێدایە کە بریتین لە:

١- «وێکنەچوونی فەرهەنگی وشەکان بۆ وەرگێڕی کورد لە هەمبەر وشەیەکی زمانی سەرچاوەدا».

٢- «کێشەی دۆزینەوەی بەرامبەرێکی پڕ بە پێستی وشە و دەستەواژەکان لە هەمبەر وشەیەکی زمانی سەرچاوەدا».

٣- «لاوازیی زمانی دووەم لە هێندێک بواری پسپۆڕانەدا» و چەند کێشەی تر و کێشە گشتییەکانیش کە گوتم بە هۆی ئەوەی کە باسی فەرهەنگێکی پسپۆڕی دەکەین، لێرەدا ناگونجێن. ئێمە لەم بابەتەدا باسی ئەوەی دەکەین کە لە بواری زانستی و شێوازی سەردەمانەوە چلۆن دەبێ فەرهەنگ بنووسین، جا ئینجا دەبێ بەم بەربڵاوی زاراوە کوردییەکان ساکارترین و کردەوەییترین شێوەی نووسینی فەرهەنگێکی پسپۆڕی حقووقی چی بکەین.

**وشە سەرەکییەکان:**

فەرهەنگی حقووقی، زاراوە سەرەکییەکان، فەرهنگنووسی
پیشەکی

بە گشتی فەرهەنگ بە دوو دەستە دابەش دەکرێن:

١- فەرهەنگی یەک زمانە.

٢- فەرهەنگی دوو زمانە.

گوتمان کە لەم بابەتەدا شیدەکەینەوە کە بۆ نووسینی فەرهەنگێکی دوو زمانەی پسپۆڕی حقووقی بە زمانێکی ئیستانداڕدی کوردی دەبێ چلۆن کارێ بکەین و چ بنەما و نەریتگەلێکی لەبەر چاو بگرین. بە قەولی «دوکتوور ئەسعەد ئەردەڵان»: «سەرەڕای ئەوەی کە نووسینی واژەکانی گشتی زمانێکی بیانی و بێگانە و هاوواتاسازییەکەی بە زمانی خۆماڵی کارێکی دژوارە و پێویستی بە سوڵتە و دەسەڵاتداری وشەنووس بە سەر هەردووک زمانانە، بەڵام هەرە لەویش سەخت و دژوارتر، نووسینی فەرهەنگی دوو زمانە و یان چەند زمانەی زانستی پسپۆڕییە و بەتایبەت ئەگەر حقووقیش بێ هەر یەکجار دژوارترە. دژواری کارەکە لەوەیدایە کە واژە و دەستەواژەگەلی هێندێک لە زانستەکان بەتایبەت زانستی حقووقی لە ئەدەبیاتی زارەکی و پسپۆڕیدا باوی نەبووە و بە دەگمەن کەسانێک هەن کە لەم زانست و تەکنیکانە تێ دەگەن و سەریان لێی دەردەچێ و نزیکایەتییان دەگەڵی هەیە. بە ئاسانی دەکرێ تێبگەین کە وەرگێڕانی وشەیەکی حقووقی هەر بۆ حاڵی بوونی توێکڵەکەی نییە و یەکێ لە هەرە گرفتەکانی زانستی حقووقی ئەوەیە کە دەبێ ئەم واژە و دەستەواژانە بە وردی شی

بکرێنەوە هەتا لە ناخیان بگەین و ئەم شیکاری و تەفسیرانە بۆ تێگەیشتنی ورد لە مانا و واتاکەیانە.»

بە ڕەچاو کردنی ئەم ڕاستییانە نووسینی فەرهەنگ و زانستنامە حقووقییەکان پێویستی بە دەسەڵاتداری تەواو لە زمانە پێوەندیدارەکانی و هەروەها زانینی ئەدەبیاتی پسپۆڕی حقووقی هەیە. ئێستا بە لەبەر چاوگرتنی کێشە باسکراوەکان و پێکهاتەی زاراوە سەرەکییەکان و ژێرزاراوەکانی زمانی کوردی ئێمە چلۆن دەبێ ئیش بکەین؟

ڕێگای سەرەکی بۆ نووسینی فەرهەنگێکی پسپۆڕی حقووقی بە زمانی یەگرتوو چلۆنە.

بە شانازییەوە پێشەکی سەرەکیی کتێبی فەرهەنگی حقووقی دادپەروەر نووسراوەی من بە قەڵەمی پاشای حقووقی کورد «محەممەدساڵح نیکبەخت» نەخشێندراوە. بەڕێزیان دەفەرموێ:

«هەر نەتەوەیێ کە هەناسەیەکی دێتەوە بەر خۆی و دووبارە دەژێتەوە و چارەنووسی خۆی بە دەستەوە دەگرێ، ناچارە هەتا بۆ مانی خۆی پلانێکی تازە دابڕێژێ و پێودانگەلی پیویست بۆ درێژەدانی ژیان و مسۆگەر کردنی بوونی خۆی لەم دونیا پڕ ڕەمز و ڕازەی کە ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی و بەربڵاوی ڕوو دەدەن ساز بکا. بە پێچەوانەی هێندێک لایەن ئەم داپەڕانە تەنیا بزووتنەوەگەلی ئازادیخوازانە و یان چالاکی سیاسی و بەهێزتر بوونی حیزب و ڕێکخراوە حکوومییەکان نین، بەڵکوو زمانی هەر نەتەوەیەک نموونە و نیشانەی بوونی ئەم نەتەوەیەیە و لە بنەڕەتڕا نەتەوە بە هەبوونی زمانی هاوبەشی ئەندامانی تەفسیر و پێناسە دەکرێ و لەم واتەیەدا بە دوای زمانی یەکگرتووی نەتەوە، جەخت لە سەر فەرهەنگ و مێژووی هاوبەش دەکرێ.

کەوایە پیاو سەری سوڕ نامێنێ کاتێک کە دەبینێ نەتەوەکان بەر لە هەر شتێک و هەر کارێک تێکۆشاون هەتا زمانی خۆیان لە زەبر و گەزەنەی ڕۆژگار و پەلاماری داگیرکەران بپارێزن، چونکە زمان ڕازی مانی نەتەوەکانە و مامۆستا ئەوڕەحمان شەرەفکەندی، هەژار موکریانی گوتەنی: «نەتەوەیەک کە زمانی نەبێ، نە سامانی هەیە و نە دەمێنێتەوە». دیارە زمانی هیچ نەتەوەیەک لە سەرەتادا تەواو و کامڵ نەبووە، تەنانەت پڕ لە گومان و ئاڵۆزی بووە و بۆ گەیاندنی واتا و مانا کێشە و گرفتگەلی تایبەتی خۆشی هەبووە. هەر بۆیە نووسەرانی فەرهەنگی هەر زمانێک تێدەکۆشن بۆ

دۆزینەوەی واتای ڕاستەقینەی وشە و گەیاندنی مەبەست بە شێوەی ئەزموون و هەڵە، دەستیان بە تاشینی وشە کردووە. لە لای ترەوە زمان لە واتای فەلسەفییەکەی نەتەنیا بووەتە هۆی لێکحاڵیبوونی مرۆڤ، تەنانەت خۆشی بووەتە کەرستەیەک بۆ بیرکردنەوە. چون تەنیا لە ڕێگەی زمانە کە مرۆڤ توانیویەتی بە درێژایی مێژوو بچێتە نێو هەزار پێچی ژیانی مرۆڤایەتی.

بە زمان واتاگەلی گشتی وەدەر دەکەوێ و مرۆڤ لە دەرەوەی بازنەی زمان هیچ ناوەندێکی تری نییە هەتا لەوێ ڕاوەستێ و بڕوانێتە دونیا و بیروڕاکانی دەگەڵ دەوروپشتی ئاڵوگۆڕ بکاتەوە. بەتایبەتی کە زمان خۆشی بەردەوام پڕ بووە لە گومان و ئاڵۆزی، کە وایە باس لە زمان کردن کارێکی گەلێک دژوارە». «وینگشتاین» فەیلەسووفی مەزنی سەدەی بیستەم دەڵێ: «شیکردنەوەی فەرهەنگ و زانستی مرۆڤایەتی لە ژێر سێبەری گەمەی زمانەکانە و ئەم گەمانە خۆیان سێبەرێکی قورسیان خستووەتە سەر فەرهەنگی گشتی و کاردانەوەکانی. تەواوەتی هۆش و زەین و دەروونی مرۆڤ لە ژێر پەتانی پڕ ڕەنگ و فێڵ بازانەی زمان حاشار دراوە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئەم پەتانییە جوان و ڕەنگینە چلۆن هەڵبدەینەوە و یان بە چ شێوەیەک لە خزمەت بە ژیانەوەی دووبارەی گەلەکەمان دەری بخەین». بۆ گەلی کورد کە باپیرەکانی دوو هەزار و حەوسەت و چەند ساڵ بەر لەوە یەکەم پێکهاتەی پاشایەتی بە دەسەڵاتی ناوەندی لە وڵاتی ئێران و هەڵبەت نەک بە شەڕ و تاڵان، بەڵکوو بە ڕاوێژ و یەکدڵی و هاودەنگی تاکبەتاکی دانیشتووانی پێشوو و هاوپەیمانان خۆی سەقامگیر کرد و دوو سەدە حکوومەتی بە سەر ئەم کەونە نیشتمانەدا کرد و لە هەمبەر پەلاماری ئیمپڕاتووییە بەهێز و ڕێکخراوانەی چەشنی ئاشووڕ، بابیل، ئکەد و ... ڕاوەستان و دیارە لە ئاست ئەم ئیمپڕاتووریانەدا زمان گرینگییەکی تایبەتی بە خۆی هەبووە.»

نووسین و گڵاڵەی فەرهەنگ بۆ هەر زمانێک و بۆ هەر نەتەوەیەک پێویستە، چونکە زمان بە هۆی چییەتی گەشە و ئافراندن بوونی خۆی بەردەوام خەریکی ئاڵوگۆڕە و هێندێک وشە دەمرن و هێندێکیش وشە دەپشکوێن و دەست دەکەن بە زاووزێ و لەگەڵ وشەگەلی خۆجێی خزمایەتی دەکەن و وشەگەلێکی تازە بەرهەم دێن گەلێ گرینگ!!

جاریَ با خۆمان ساغ بکەینەوە. ئێمەی کورد بە قانوون دەڵێین، «یاسا». بە حەق دەڵێین، «ماف»، بەڵام بە خوێندەواری لقی حقووقی دەڵێین، «قانوونی دەخوێنیَ»!! یان بە فەرهەنگی حقووقی دەڵێین، «فەرهەنگی قانوونی». هەنووکەشی پێوە بێ ئێمە دەگەڵ خۆمان ساغ نەبووینەوە! ئەگەر بە قانوون دەڵێین، «یاسا»، ئەدی بۆچی بە حقووق دەڵێین، «قانوون»؟!. لە یادمان نەچیَ کە حقووق کۆی وشەی حەق بە مانای ماف نییە، حقووق فەن و تەکنیکی گەمە و یاری و ئیش و کار بە یاسایە. خوێندەوارێک کە ئەم لقە لە یاسا و حقووقی گشتی یان حقووقی نێودەوڵەتی دەخوێنیَ، هەر تەنیا یاسای نیشتمانی و دەستووری بنەڕەتی وڵاتەکەی خۆی کە ڕاژێریەتی ناخوێنیَ، دەرس و وانەگەلی جۆراوجۆری یاسا و حقووقی نێودەوڵەتی لە حقووقی شەڕ و کیشە و ئاریشەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بگرە هەتا حقووقی دەریاکان و هتد ... دەخوێنیَ. بۆ نموونە دەبیَ بزانیَ و فێر بیَ کە لە کویَ چی تاوانە و لە کویَ نییە، هەتا بەرامبەر بە دادوەر جا چ لە دادگایەکی سەرەتایی ناو شارەکەی خۆی هەتا دادگای لاهە و دادگای سزایی نێودەوڵەتی بتوانیَ لە نوێنەرگرەکەی پارێزگاری بکا، کەوایە پێم باشە هەر لە وشەی حقووق کەلک وەربگرم  ناوی قانوون بشۆمەوە و لە درێژایی بابەتەکەشمدا لەباتی قاموسی یاسایی لە ناوی فەرهەنگی حقووقی کەلک وەربگرم و هیواداریشم ئەم تێبینییەی بچووکتان ڕەچاو بفەرموون.

### مانای وشەیی فەرهەنگ:

فەرهەنگ کۆمەڵێکی ڕێکوپێک لە وشەکانی زمانێک، هاوڕیَ دەگەڵ زانیاریگەلێک لە پێوەند بە هەر وشە، واژە و دەستەواژەیە. دەکریَ فەرهەنگ گشتی و بیَ و گشت وشەکانی زمانێک لە خۆی بگریَ و یان ڕادەدار بە بەشێکی تایبەتی لە وشەگەلی پسپۆڕانەی ئەم زمانە بیَ. لە یادیشی نەکەین کە فەرهەنگ و دایرەالمعارف جیاوازییان هەیە. بە واتای تر فەرهەنگ نیشانەکانی زمانی لێک دەداتەوە و دایرەالمعارفیش میسداقەکانیان(حسین سامعی، ١٣٩٨: ل١٨)

### پێشینە:

نووسینی فەرهەنگ لە بنەڕەترا چالاکییەکی تەواو کردەوەییە کە بە ڕادەی مێژووی مرۆڤایەتیش پێشینەی هەیە(هاڕتمەن ...: ٣٤٥-٣٦٠) وێدەچیَ یەکەم پێشینەی

لێکدانەوەی وشەکان ئەم لیستە کورتە لە وشەکانی ئەکەدی لە نێوانچۆمان بووبێ کە ئی سەدەی حەوتەمی بەر لە زایینە. چینییەکان، یوونانییەکان و ئاشوورییەکان پێشەنگانی نووسینی فەرهەنگی زمانی بوون و دیارە چینییەکان لەوانی تریش لە پێشترن. ئاشوورییەکانیش لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین بە هۆی ترسیان لە فەوتانی زمانەکەیان وشەنامەگەلێکیان لە سەر خشتی برژاو وەک تەتەڵە نووسیوە و لە کتێبخانەی نەینەوادا ڕایان گرتووە. یوونانییەکانیش وشەنامەیان بە تەفسیری هێندێک لە وشە و دەستەواژەکانی کتێبەکانی ئەفلاتوون نووسیوە. هاڕتمەن ...: ٣٥٩-٣٦٠). دیارە عەرەبەکان بەر لە فارسەکان دەستیان بە نووسینی فەرهەنگ و وشەنامە کردووە. لە ڕۆژهەڵاتدا فەرهەنگنووسی لە نێو یوونانییەکان دەستی پێ کرد و یەکەم فەرهەنگی ئینگلیسی و فەڕانسەویش لە ساڵی ١٤٨٠ بە دەستی «ویلیام کاستۆن» لە ئینگلیس دەرکرا. بە دوای هاتنی سەنعەتی چاپ، فەرهەنگنووسیش گەشەیەکی تایبەتی کرد و گرینگترین فەرهەنگ لە ساڵی ١٦٠٤ لە لایەن «ڕابێرت کاوێردی» چاپ و بڵاو کراوە. لە کوردستانی خۆشمان ماڵپەڕی فەرهەنگ دۆستانی کوردستان ١٧٠ جۆرە فەرهەنگی یەک زمانە و دوو زمانە و چەند زمانەی بە نیشانە و پێناسەوە هێناوە.

**فەرهەنگنووسی و فەرهەنگنووس و دژوارییەکانی:**

بە ڕەوتی نووسینی و داڕشتنی پەڕتووکی واتایی وشەکان، فەرهەنگنووسی دەگوترێ. ڕەوتێک کە هەم پێوەندی بە بوونە بەدیکراو و بەرچاوەکان (وشە و دەستەواژە)یە و هەمیش پێوەندی بە کۆمەڵێک لە بنەماگەلی تیۆریکی (واژەناسی) کە لە ڕێگای ئەوانەوە دەکرێ وشە، واژە و دەستەواژەکان لێک بدرێنەوە. دەرەنجامەکەی، بەرهەم هاتنی سەرچاوە یان لیستەیەک لە وشەکانە بە ڕێزبەندی «ئەلف و بێ»یی، وێڕای شیکاریگەلێک لە پێوەند بە مانا، واتا، ڕێزمان، ڕێنووس و یان هاوواتاکانیانە.[٤- هاڕتمەن ...: ٢٦٠-٢٤٥] لاتینەکەشی لە وشەی یوونانی Lexis بە مانا و واتای «واژە» وەرگیراوە. [Dictionaries. The Cambridge ...:P١٠٨] و فەرهەنگنووسیش بە ئەم کەس، دەستە و یان گرووپە دەگوترێ کە ئەم پەڕتووکە دەنووسن و دەیدەنە بازاڕی کتێب.

**دەكرێ لە سێ ڕوانگەوە بڕوانینە فەرهەنگنووسی:**

١-وەک پیشە و حیرفەیەک بۆ فەرهەنگنووسان، کە لەم ڕوانگەیەدا، فەرهەنگنووسی جەختی لە سەر فێرکاری، تایبەتمەندی و پێکهاتەی ئیش و کار و سازکردن و ئامادەکردنی فەرهەنگنووسێکی حێرفەیی و پیشەییە،

٢-وەک بیرۆکە بە کۆمەڵە بنەمایەک ئەم چالاکییە لەخۆ دەگرێ و لێرەدا جەختی فەرهەنگنووس لە سەر بنەماگەلێکە کە ڕەوتی نووسین و دامەزراندنی فەرهەنگێکی لە سەر دامەزراوە. هێندێک لەم بنەمایانە چییەتی وشەناسییان هەیە، چەشنی شیکردنەوەی وشەکان و دەستەواژەکان و هەروەها واتا و مانای وشەیەک و بنەماکانی تریش لە سیاسەت و مەبەستی کتێبەکە سەرچاوە دەگرن. و هەروەها...

٣-وەک چالاکییەکی زانستیانە تایبەت بە نووسین و ئامادە کردنی فەرهەنگ کە لەم پێگەیەدا فەرهەنگنووس بە نووسین و شیکردنەوەی کردەوەیی و زانستیانەی فەرهەنگنووسی دەکا دیارە ئەم سێ ڕوانگەیە گەلێ لێک نزێکن و لەم بابەتەدا ئێمە بەشی سێهەمینمان لەبەر چاو و مەبەستە و کار لە سەر ئەم بەشەی دەکەین.

Amvela، Etienne zÅ. «Lexicography and ...٣٥٥-٣٥٤:P] . [Lexixology». Encyclopedia .

هەڵبەت سنووری نێوان چالاکیگەلی کردەوەیی و زانستیانەی فەرهەنگنووسی یەکجار تەسک و گەلێ ئەم چالاکیانە لێک نزێکن. گەلێ ئەنجوومەنی جۆراوجۆر لە دونیادا ساز بوون هەتا وەک پردێک لە نێوان بەرهەمهێنەرانی وشەنامەکان و فەرهونگنووسانی زانستی کار بکەن. سازدانی کارگای فێرکاری، کۆنفرانس و سمینارەکان، هەروەها دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی زانستی، دەبنە هۆی گەشە و نەشەی هەرچی پتری فەرهەنگنووسی وەک دەڤەرێکی سەربەخۆ بە بنەما و چالاکیگەکی تایبەت بە خۆی کە گەلێ ژیرانە کەلک لە دۆزراوە زانستییەکانی لقەکانی تر وەردەگرێ و یارمەتی دەکا.

زۆرجار بە هەڵە فەرهەنگنووسی بە لقێک لە زبانناسی ئەژمار دەکرێ، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم لاموایە کە فەرهەنگنووسی خۆی لقێکی سەربەخۆیە. دیارە فەرهەنگنووس دەبێ بزانێ کە وشە یان واژە چییە و چ شتێک دەبێ شی بکرێتەوە و لە مانا و واتای وشەیەک دا بگونجێندرێ، بۆیە وێنا دەکرێ کە کاری فەرهەنگنووسانە، لانیکەم هەتا ڕادەیەک بیرۆکە و تیئۆرییەکانی زمانناسان بە ڕاشکاوی یان بە وێڕایی

وەک پێشگریمانەیەک بە کار دەبا. بۆ نموونە لە واژەناسیدا بە وشە هاوشێوەکان واتا دوو وشەی کە بۆ مانایەک بەکار دەبردرێ و وشەگەلی هاوڕێنووس کە چەند مانا و واتای جیاوازیان هەیە سەرنجێکی تایبەتی دەدرێ. فەرهەنگنووسانیش یەکجار ئەم بابەتەی لە بەر چاو دەگرن، لەم ڕوانگەیەیە کە دەکرێ فەرهەنگنووسی بە وشەناسی کردەوەییش بژمێردرێ و ئاواش تەعبیر بکرێتەوە.
Amvela، Etienne zÅ. «Lexicography and Lexixology». ...٣٥٥:P] [Encycloped

«ئەبولحەسەن نەجەفی» کاری فەرهەنگنووسی پێ بە ئیشێکی گەلێ ساکار و سادە ئەژماردووە و هۆی ئەوەی کە فەرهەنگنووسیان لە گرووپی زمانناسیدا نەگونجاندوەی پێ بە هۆی ئەم سادە و ساکارییە بووە و بڕوای وایە و دەڵێ: «بە ڕاستی لاتان وایە کە دەبێ ئەم وانەیە دابندرێ، بۆ ئێوە نازانن چەندە سادە و ساکارە؟ ئەوەی لە قوتابخانە فێری بووین، هەر لە سەرەتای خوێندنمان فێری بووین و دەی هەر هەمانی درێژە دەدەین، لە هەمبەر وشەکەی، ماناکەی دادەنیین و هەر وا سادە.(نجفی، ١٣٨٨: ل١٧٦)»

لەم چەند ساڵەی کۆتاییدا لێکۆڵینەوە لە سەر زاراوە کوردییەکانی کوردستان لە زیادی داوە و ئەم بابەتە نیشانمان دەدا کە جگە لە زمانناسانی خۆماڵی و بیانی کە بە شێوەی تایبەتی و پسپۆڕانە لە دەڤەری ناسینی زمان کارێ دەکەن، وێژەران و پێشکەشکارانی ئۆگر و خوێندەواریش ڕوویان لە لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی کردووە هەتا بەر بە لە یاد کردن و بشێوی زمان یان ڕاوێژەکان و زاراوەکانی زمانی خۆیان ببن. دیارە فەرهەنگ بە واتای کۆمەڵێک وشەی زمانێکە و بۆ کەسانێکیش دەنووسرێ کە زانیاری و ناسیاویان لە سەر ئەم وشانە نییە یان ئەوەی کە ڕادەی ئەم زانیاری و ناسیاوییە کەمە. ئەگەر ئەم بنەما گشتییەی قەبووڵ بکەین، تێدەگەین کە پێویستی نووسینی یەک فەرهەنگ، ڕەچاو گرتنی کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای سەرەکییە کە خوێنەرانی هەر فەرهەنگێک بە کەلک وەرگرتن لەوی بۆ فەرهەنگەکە بچن و بەکاریشی بەرن.

دیارە کەمتر کەسێک هەیە کە فەرهەنگ بنووسێ و نەکەوێتە بەر لافاوی ڕەخنە. «حەسەن ئەنوەری» کە سی ساڵ دەگەڵ «عەللامە دێخودا» لە نووسینی وشەنامەکەدا یارمەتی دەکرد و خۆشی سەرپەرستی «فەرهەنگی مەزنی سخن»یشی بە ئەستۆوە بووە، بڕوای وایە:

«فەرهەنگنووسی کارێکی گەلێک سەخت و پڕمەترسییە، چونکە ئەگەر کەسێک باشترین فەرهەنگیش بنووسێ، یەکێک پەیدا دەبێ و هەڵەیەکی دەدۆزێتەوە و دژ بەوی بابەتان دەنووسێ. هەروەکی لە پێوەند بە خوالێخۆشبووان دێخودا و موعین و منی بچووکیش ئەم کارەیان کردووە. بۆ نموونە ئێوە فەرهەنگێکی بنووسن کە حەفتا هەزار وشە، واژە و دەستەواژەی تێدایە و شەست و نۆ هەزار و نۆ سەت و نەوەد و پێنج دەنکت دروست بێ، هەر پێنج دەنکیان نەختێکی هەڵە تێدابێ، ئەوە ڕاست ئەم پێنج هەڵەیەی دەبینن و لە سەری دەنووسن. ئەنوەری لە درێژەدا لە زمان دوکتوور جانسۆن فەرهەنگنووسی مەزنی ئینگلیسی دەڵێ:

«هەر نووسەرێک چاوەڕوانی ستایشی خەڵکییە، بەڵام دڵخۆشی و چاوەڕوانی فەرهرنگنووس، ڕاکردن لە لۆمە و تانەیە». (ئەنوەری، ١٣٨٨، لل: ١٥٧-١٥٨)

گرینگایەتی و پێویستی فەرهەنگنووسی

لەم سەردەمانەدا ئیتر فەرهەنگ تەنیا کۆمەڵێک وشەی کۆکراو و ڕێککراوە نییە، بەڵکوو خەزێنەیەکە لە هەزاران خاڵی ئاشکرا و شاراوە لە پێوەند بە واتا، سازکراوە و بەکاربەری وشەکانی یەک زمان. و ناساندنیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان و بە شێوەیەک کە لە کۆمەڵگا و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانستی و ئەدەبی بە کار دەبردرێن. هەنووکە هەر بۆ واتاناسی کەلک لە فەرهەنگ وەرناگیرێ، بەڵکوو بۆ ناسین و زانینی مەبەستێک کە قسەکەران بە زمانێک، وشەیەکیان لە دەقێک یان گوتارێکدا هەیە، بەکار دەبردرێ. کەوایە هەر نابێ فەرهەنگنووس لە بواری ئەدەبیات، زمانناسی و فەلسەفە و حقووقدا کارناس بێ، بەڵکوو دەبێ دەگەڵ بنەما و شێوەکانی زانستیانەی فەرهەنگنووسیش بەتەواوی شارەزا بێت. [وثوقي، حسين. ١٣٨٢: ل ١٨-١٦] هەدەف، مەبەست و ئامانجی فەرهەنگنووسی ئەوەیە کە لایەنگەلی فەرهەنگنووسی هزری و کردەوەیی پێکەوە بکرێ.

**ڕەوتی گەشە و نەشەی فەرهەنگنووسی:**

لە درێژایی زەماندا و بە هۆی کەرستە و دەرفەتە جۆراوجۆرەکان گەلێ گۆڕانکاریی بە سەر فەرهەنگنووسیدا هاتووە. مەک ئاڕتووڕ لە کتێبی «جیهانی سەرچاوە«دا چوار گۆڕانکاری گشتی و مەزنی لە ڕەوتی گەشە و نەشەی پێوەندی نێوان مرۆڤدا ناساندووە: ١- کەلک وەرگرتن لە زمانی ئاماژە ٢- نووسین ٣- چاپ ٤- کامپیۆتێر.

ئەم ئاڵوگۆڕانە بەردەوام لە سەر فەرهەنگنووسیش کاریگەرییان هەر هەبووە. لە زۆربەی نەریتەکانی فەرهەنگنووسی وەک لە نێوان عەرەب و پارسەکان و لە زمانی سانسکریتدا وشە هاومانا و هاوواتاکان بە پێی بابەت دەستەبەندی کراون. نووسینی فەرهەنگ بە ڕێک و پێک کردنی «ئەلفوبێ»یی نیشاندەری دووەمین قۆناغی گۆڕانی ڕێساکان لە ڕەوتی کەلک وەگرتن لە واژەکانن. و هەتا ئەمڕۆکە کە شێوەی ئیستانداردی فەرهەنگ نووسی دەزانین و ئاگامان لێیەتی کە بە هۆی بەروپێشچوونی تەکنیک و کامپیۆتێر هەنووکە بە کوێ گەیشتووە.

**ڕێسا و بنەماگەلی باو لە فەرهەنگنووسیدا:**

لە داڕشتن و نووسینی فەرهەنگەکان سەرەڕای هەبوونی بیرۆکەیەکی گشتی و بەڵگەدار، بە کردەوەش دەبێ ڕێژە بنەما و ڕێساگەلێکیش لەبەر چاو بگیرێن. هاڕتمەن ٥ بنەمای گشتی زمانناسانەی (کە تەنیا و بەتایبەتی پێوەندی بە فەرهەنگنووسییەوە نییە، بەڵام دیارە پێوەندیشی پێوە هەیە)ی ئاوا ئەژمار کردووە:

١ -فەرهەنگنووسی خەریک بە واتا و شی کردنەوەی وشەکانی زمانێک یان زاراوەیەک دەبێ،

٢ -یەکەی بنەڕەتی لە نووسینی فەرهەنگدا «یەکەی وشەیی» واتا تێکەڵاوییەک لە وشە و مانایە،

٣ -فەرهەنگ یان گشت وشەکانی زمانێک شی دەکاتەوە [واتا گشتییە] و یان لایەنێک و یان چەند لایەنیان شی دەکاتەوە و پێیان ڕادەگا[واتا پسپۆڕی و تایبەتییەکان چەشنی لقێک لە زانست).

٤ -لە نووسینی فەرهەنگدا دەبێ «ئەوپەڕی زمان» بۆ شی کردنەوە و لێکدانەوە و پێدانی زانیارییەکان بە کار ببردرێ و لە ئاخریشدا،

٥ -بزوێنەی نووسینی گشت فەرهەنگەکان پێویستییەکانی وشەیی بەکاربەرێکی کەلک وەرگرە، کە فەرهەنگ لە خزمەتی‌دا دەبی و فەرهەنگەکان بەپێی هەر ئەم پێویستییە دەکەونە بەر دادوەری. [هاڕتمەن، لل: ٢٥٥-٢٦٠)

بەڵام بەشێکیش لە ڕێساگەلی بە کردەوەیی نووسین و داڕشتنی فەرهەنگەکان بە گشتی تایبەت بە پێکهاتەی گشتی واتا فۆرمەتی دەست پێڕاگەیشتن بە واژەنامەکەیە. دیارە ئەمڕۆکە پێکهاتەی زاڵ بەسەر ڕێکوپێک کردن و داڕشتنی فەرهەنگ هەر

شێوەی «ئەلفوبێ»ییە و شێوەگەلی تریش چەشنی ڕێکوپێک کردن بە پێی بابەت، ڕێکەوت و هتد... یش هەر هەیە بەڵام زۆر باویان نەماوە و یان باشترە بڵێین لە نووسینی فەرهەنگی حقووقی‌دا کەلکی نییە. بۆ نووسینی فەرهەنگێکی پسپۆڕی بە پێی دارشتنی «ئەلفوبێ»یی دوو شێوە ڕێسا بوونیان هەیە:

١ –ڕێساگەلی گشتی: مەبەست پێوەر و ڕێساگەلێکە کە لە فەرهەنگنووسی دوو یان چەند زمانی جیاواز بە مەبەستی نووسین و ئامادەکردنی وشەنامەیەکی ئیستاندارد و هەڵبژاردنی پێکهاتەیەکی شیاو و باش بۆ پێدانی زانیاری وەبەر چاو دەگیرێ کە بە گشتی بریتین لە:

ئا) دیاری کردنی فەرهەنگ کە ئایا گشتییە یان لە بابەتێکی زانستییانە و پسپۆڕی وانەیی‌یە، کۆی وشەگەلێک کە بڕیارە تێی بئاخندرێ و داوێنەی فەرهەنگ لە بابەت ڕادەی زانیارییە پێدراوەکانی هەر وشە، واژە و دەستەواژە.

ب) شێوەی ڕێنووسی واژەکان، ڕێزمانی و خوێندنەوەیان واتا بێژکردنی وشە، واژە و دەستەواژەکان و تایبەتمەندییە ڕێنووسییەکان.

ج) شێوەی پێشکەش‌کردنی هاوواتاکان و ڕێکخستنی واتا و ماناکان، وەک چلۆنایەتی ڕادەبەندی کردنی هاوواتاکان بە پێی جیاوازی مانا، چلۆنایەتی جیاکردنەوەی هاوواتا وەکی یەک نەچووەکان لە سنوورێکی واتایی، چلۆنایەتی پێدانی زانیارییە ئەوپەڕی زمانییەکان (چەشنی بۆ نموونە زانیاریگەلی شێوەیی، شێوازی و دایرەالمەعارِیفی) چلۆنایەتی گونجاندنی زانیارییەکانی ڕیشەناسی و ڕێزمانی و چلۆن بە کار هێنانی کۆد و نیشانەکورتکراوەکان بۆ نیشاندانی هەمەجۆرە زانیاری یان سەردانەکان و ...

چ) چلۆنایەتی گونجاندنی ڕوانگەی کۆمەڵگا و لە بەرچاو گرتنی هێڵە سوورە ئەخلاقییەکان لە فەرهەنگنووسی‌دا.

٢ –ڕێسا تایبەتییەکان: مەبەست بابەتگەلێکن کە پێوەندی بە چییەتی تایبەتی و شێوەی ساز بوون و گەشەی واژە و گشت واژە هاوردەییەکان و قەرز وەرگیراوەکان لە زمانێکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە لە نووسینی فەرهەنگی پسپۆڕی ئینگلیسی بە کوردی حقووق، پێویستە هەتا رادەیەکی زۆر بابەتی بوونی وشە عەڕەبییەکان بەرچاو بگرێ و سەرنجیان پی بدرێ و لە بەشی ئینگلیسییەکەی هاتنە ژوور و تێئاخنینی وشە، واژە و دەستەواژەکان لە زۆر زمانان بووەتە هۆی ئەوەی کە بابەتی ڕیشەناسی، ڕێنووس و خوێندنەوەیان لە فەرهەنگنووسی‌دا دەبێ گرینگایەتییەکی

زۆری پێ بدرێ.[حەقشناس، عەلیمحەممەد و ...: فەرهەنگ معاصر انگلیسی-فارسی: صص ٣٧-٤٣ و هەروەها وثوقی...،واژە شناسی و فەرهەنگنگاری: ٣٦-٤٣] بۆ نموونە دەبینین لە فەرهەنگە بەناوبانگەکەی حقووقی جیهانی واتا Black Law چەندەها وشەی یوونانی تێدایە.

**قۆناغەکانی نووسینی فەرهەنگ:**

دارشتن و نووسینی فەرهەنگ چالاکیگەلێکی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێ کە هێندێکیان ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی بەرهەمهاتنی فەرهەنگ و هێندێکیش لایەنی ڕێخۆشکەرانە و ئامادە کردنی بارودۆخەکەیان هەیە. لە چالاکییە سەرەتاییەکانی فەرهەنگنووسی دەکرێ باس لە بازاڕی داخوازی و ڕادەی پێویستی چین یان چەند چینێک لە خەڵک، فێرکاری و ڕاهێنانی کارمەند و ئەوەی یارمەتیدەرە و هتد... کە دیارە پتر بە هۆی سەرنجی زۆرتر بە قۆناغە سەرەکییەکان واتا کۆکردنەوەی زانیارییەکان، هەڵەچنی و بڵاوکردنەوەی، ئیتر ئەم چالاکییە سەرەتاییانە زۆر لەبەر چاو ناگیرێن. کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتییە لە گشت ڕێکار و تەکنیکگەلێک کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە پێوستەکان بۆ نووسینی فەرهەنگ بەکار دەبردرێن چەشنی:

١- ئامادە کردنی فایلە پشتپێبەستراوەکان

٢- گڵاڵەکردنی پێکهاتە

٣- کۆپیهەڵگرتنەوە لە واژەنامە و کەلک وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی مەیدانی

دیارە گەڵاڵە کردنی یەکجارەی پەیکەرەکان یان کۆمەڵەیەکی ڕێکڕاوەی دەقەکان، کارێکی گەلێ دژوار و ئاستەمە، بۆ نموونە ئامادەکردنی ئەم شێوە کۆمەڵەیە بۆ «ئای ئەی دی» لە چوارچێوەی پلانی لێکۆڵینەوەی ڕادەیەکی زۆر لە خەڵکان بە شێوەی تەواووەخت پتر لە ٢٢ ساڵانی کات خایاند. هەڵبەت ئەمڕۆکە بە کەلک وەرگرتن لە کامپیۆتێر و دەست پێڕاگەیشتنی خێرا بە دەقە ئەلەکترۆنیکییەکان، کارەکان بە خێراییەکی پتر دەکرێن. دامەزران و سازبوونی پایەگا و بنکە زانیارییەکان گەلێ یارمەتیان بە نووسینی فەرهەنگەکان داوە. پایەگاکان دوو جۆر و شێوەن: یەکەم زانیاری سەرچاوە زمانییەکانی زمانی سەرەکییە و پایەگای دووەمیش، پایەگا زمانییەکانی دووەم بە واتا و مانا و شیکارییەکان و گشت زانیارییەکانە.

**لێکۆڵینەوە و فێرکاری لە فەرهەنگنووسیدا:**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان لە فەرهەنگنووسی کە لە دونیای سەردەمدا پێشکەوتنی بە خۆی بینیوە لەبەرچاو گرتنی ڕا و ڕوانگە و بۆچوونی ئەم کەسانەی کە فەرهەنگی بەکار دەبەن بووە. بەکاربەران بە هۆکارگەلی جۆراوجۆرەوە کەلک لە فەرهەنگەکان وەردەگرن. لە ڕابردوودا فەرهەنگنووسەکان سەرەڕای حەول دان بۆ ئەوەی کە وڵامی پێویستییەکانی گرووپێکی زۆر و مەزنی کاربەران بدەنەوە، سەرنجێکی کەمیان بە وڵامدانەوە بە گرووپە بچووکەکان دەدا و لەم ڕاستی و ڕاستەقینەیەی غافڵ بوون کە کاربەران بە هۆی پێویستییەکانیان و بواری کەلک وەرگرتنیان لە فەرهەنگ جیاوازیان هەیە. هەنووکە و لە دونیای سەردەمدا بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانی کەلک وەرگران و بەکاربەران بوارە جۆراوجۆرەکانی کەلک وەرگرتن لە فەرهەنگ و کارکردی فەرهەنگ لە بارودۆخ و چلۆنایەتیگەلی جۆراوجۆر کەلک وەرگرتن و لێزانییە پێویستییەکانی لێکۆڵینەوە بە پێ و لە سەر میحوەری بەکاربەرەکان بۆ تێئاخنینی ڕا و بۆچوونی بەکاربەر لە واتا و داڕشتنی پلانی فەرهەنگەکان دەڕەخسێنن. هەروەها شاهیدی زۆر بوون و بەرفراوان بوونی فێرکارییەکان بۆ کەلک وەرگرتن لە فەرهەنگەکان بە شێوەی زۆرتر کردنی خولی فێرکاری لە ژێر ناوی «دەستوبرد و لێزانییە وشەنامەیی‌یەکان» لە وانەی دەرسی منداڵانی پۆلی ناوەندی و هەروەها لە هێندێک وڵاتدا زیاد کردنی سەرفەسڵی دەرس لە ڕاهێنانی مامۆستایاندا بە ناوی «فێرکاریی لێزانییەکانی وشەنامەیی»ن کە گشتیان بەرهەم و دەرەنجامی ئەم دەسکەوتە لێکۆڵینەوەییانەن:

پێویستی بە فەرمی ناسینی فەرهەنگنووسی وەک لقێکی زانستی بووەتە هۆی دەست پێکردنی ڕێژە فێرکاریگەلێکی حێرفەیی لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی زانکۆییدا. هەر ڕۆژەی ڕادەیەکی پتر لە زانکۆکان بۆ وڵامدانەوە بە داخوازی بازار خولی فێرکاری و خوێندنی ڕێساگەلی فەرهەنگنووسی بە گشتی لە ڕادەی ماستێڕدا دەکەن. لە وڵاتەکاندا سەرفەسڵی وانە دەرسییەکانیش جیاوازیان هەیە. بەڵام پتر بریتین لە : نەحوناسی، دەروونناسی زمانەکان، کۆمەڵناسی زمانەکان، زمان لە فێرکاریدا، لێکدانەوەی زمانێکی تایبەتی(بەتایبەت شی کاری وشەکان)، تەکنیکی کامپیۆتێڕی و شێوەگەلی لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. لایەنەکانی تریش وەک: مێژووی گۆڕانکاری نەریتی فەرهەنگنووسی، بنەماگەلی چێکاری و هەڵەچنی و .... هێچکات

نابێ ڕۆڵی مرۆڤ لە فێرکاری بە کەم بژمێردرێ. لە دونیای ئەمڕۆکەدا فەرهەنگنووس جگە لەوەی کە پێویستی بە فێرکارییەکی گشتی باش هەیە دەبێ بۆخۆشی کەسێکی ژیر و وریا بە هەستێکی لێکۆڵەرانە و وردبین بێ و شارەزای بابەتگەلی تایبەت بە زبانیش بێ. فێرکارییە پسپۆڕییەکان دەبنە هۆی گەشە و نەشەی هەرچی پتری ئەم تایبەتمەندیگەلە و ڕاهێنانی پسپۆڕانی فەرهەنگنووس.

ئەمڕۆکە فەرهەنگنووسانی جیهانی لە چوارچێوەی ئەنجوومەن و کۆمەڵەگەلی پسپۆڕ لێک کۆبوونەوە هەتا لە ڕێگای سازدانی ڕێکوپێکی کۆنفرانسەکان لە پانتایی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا، دامەزراندنی سمینار و کۆبوونەوە و کارگاگەلی فێرکاری و ڕاهێنان، و چاپ و بڵاوکردنەوەی زانیارییە زانستییەکان یارمەتیدەری فەرهەنگنووسی لە پانتاییەکی سەربەخۆدا یارمەتی دەکەن. دەکرێ لەوانە لە «ئەنجوومەنی فەرهەنگنووسانی هیند» (١٩٧٥) ، «ئەنجوومەنی فەرهەنگنووسانی ئەمریکای باکوور» (دی، ئێس، ئێن، ئێی ١٩٧٥)، «ئەنجوومەنی فەرهەنگنووسانی ئورووپا» (یوراڵێکس ١٩٨٣) و چەند ناونیشانی تر.

زمانی نەتەوەکەمان دەریایەکی بێ بنە کە گەلێ دوڕڕی لە خۆدا حاشار داوە. فەرهەنگ و ئەدەبیات، زمان و زاراوە جۆراوجۆرەکان مەزنترین و پڕبایەخترین خەزێنەیە کە لە باب‌وکاڵمان بۆ ئێمە بەجێ ماوە. زمانێک کە هەزاران ساڵ بەر لە مێژوودا خۆی نواندووە و زیندوو ماوە و هەر زیندووش دەمێنێ. لە بەندەری ئەسکەندەروون هەتا یەکەم فلکەی شاری دێزفوول لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران کە زەویمان دەگەڵ عەڕەبە خووزییەکانی ئێران لێک دەگەڕێتە خاکی کوردستانە. نەتەوەیەک بە گەلێ زاراوەی جۆراوجۆری کوردی کە لە شوێن بە شوێنی ئەم پیرەوڵاتەدا دەژین.

**زماننناسە کورد و ئورووپییەکان زاراوەکانی زمانەکەمانیان دەستەبەندی کردووە و دەڵێن:**

| | | |
|---|---|---|
| | | M. Izady |
| مێهراد ئیزەدی | ١٩٩٢ | Hassanpour |
| یەمیر حەسەنپوور | ١٩٨٩ | Mackenzi |
| مەککێنزی | ١٩٨١ | J.Nebez |
| جەماڵ نەبەز | ١٩٧٦ | Zebihi |

زەبیحی ١٩٦٧
North Kurmânji

| | |
|---|---|
| کرمانجی باکووری | Kurmanci |
| کرمانجی | Northern Group |
| گرووپی باکووری | North Kurmanci |
| کرمانجی باکووری | Northern Group |
| گرووپی باکووری | South Kurmânji |
| کرمانجی باشووری | Sorani |
| سۆرانی | Central Group |
| گرووپی ناوەندی | Middle Kirmanci |
| کرمانجی ناوەڕاست | Central Group |
| گرووپی ناوەندی | Dimili |
| دیمیلی | Hawrami |
| هەورامی | Non-Kurdish |
| غەیری کورد (زازا، گۆرانی) | Gorani / ZaZai |
| زازا / گۆران | Hawrami / Dimili |
| هەورامی / دیمیلی | |
| Gurâni | |
| گۆرانی | Kirmashani |
| کرماشانی | Southern Group |
| گرووپی باشووری | South Kirmanci |
| کرمانجی باشووری | Southern Group |
| گرووپی باشووری | |

پرۆفسۆر مینۆرسکی لە لاپەڕەی ٥٦٣ی کتێبی «کورد نەوەی مادەکان» ، دوکتور محەممەد موعین لە لاپەڕەی ٣٧-٤١ی بورهانی قاتع ، محەممەد موکری لە لاپەڕەی

٨ی کتێبی «ئاواز و گۆرانییەکانی کوردی» و دوکتور کەماڵ فواد لە لاپەڕەی ٢٢ی کتێبی «زاراوەکانی زمانی کوردی و زبانی ئەدەبی و ڕێنووسی»دا بە خڕی ئاوایان هێناوە و دەڵێن:

«ئەگەر چاوێک لە پانتایی و سنووری زمانی کوردی بخشێنین، لە ڕوانگەی شێوەی ئاخافتن و قسەکردن سێ ناوچەی تەواو جیاواز دەبینین.

١- لە کەنارەکانی «دەریاچەی ورمێ» و ڕێک لە نێوان ناوچەکانی «دۆڵدزە» و «سندووس» هێڵێکی براوە دەست پێ بکەین و دوای تێپەڕین لە پشتی «شنۆ»یەوە ئەم هێڵەی بە باکووری «ڕواندز»ەوە بلکێنین و دوایە بەرەو ڕۆژئاوا هەتا دەگەینە «ئاکرێ» و «دەهۆک» و «زاخۆ» و «شنگار» و لە نێوان «قامیشلی» و «حەسەکە» درێژەی پێ بدەین و دوای تێپەڕاندنی باشووری «دەرباریە»، ڕاستەوخۆ بگەینە «عەفرین» و بە کێوی «کرمانجە«یەوە بلکێنین.

٢-هەروەها هێڵێکی براو لە ڕۆژئاوای «هەمەدان»ەوە دەست پێ بکەین و دوای تێپەڕاندنی ناوچەی باکووری «کرمانشان» هەتا کەنارەکانی «دیژلە» درێژی بکەینەوە.

ئەم دوو هێڵە براوە گشت ئەم ناوچانە لەخۆ دەگرن کە لەواندا بە زمانی کوردی ئاخافتن دەکرێت و بە سێ بەشیشدا دابەش دەبن کە هەر کامە و یەکێک لە زاراوەکانی زمانی کوردی تێیدا زاڵە

١- **زاراوەی باکووری**: لە باکووری هێڵی یەکەمڕا ئەم ژێر زاراوانە لەخۆ دەگرن: هەرکی، دری، شکاکی، جەلالی(بایەزیدی)، بەهلەیی، هەکاری، بووتی، جزیری، بە ئافەرینی، دومبەلی، بادینی.

**٢-زاراوەی ناوەڕاست**: لە باشووری هێڵی یەکەمڕا و باکووری هێڵی دووەم هەڵکەوتووە کە سۆرانی پێدەڵێن. بەڵام لە ڕاستیدا سۆرانی خۆی ژێرزاراوەیەکە لە زاراوەی ناوەڕاست. لەم دەڤەرەدا ژێرزاراوەگەلی چەشنی موکریانی، سۆرانی، سلێمانی، جافی، سنەیی و گەڕووسی و ... بوونیان هەیە.

**٣-زاراوەی باشوور**: لە باشووری هێڵی دووەمی زاراوەی باشووری واتا خواروو زاڵە و ئەم ژێرزاراوانەش لە خۆی دەگرێ کە بریتین لە کرماشانی، کەڵوڕی، کولیایی، ئیلامی، پیروەندی و لەکی.

٤- **هەورامی و زازایـی**: لە سنووری زاراوەگـەلـی باکووری و ناوەڕاستی زمانی کوردیدا دوو دەڤەری تر بوونیان هەیە کە بە کوردی دەئاخافن. سەرەڕای دووریان لە یەکتری گەلێ بە ئاسانی تێی دەگەی کە یەک ڕیشەن.»

**دەسکەوت و دەرەنجام:**

پەرەئەستاندنی ئەدەبیاتی کوردی لەم دەیانەی کۆتاییدا ئەگەرچی بە بەرهەم هاتنی ئەدەبیات لە بوارگەلی شێعر و داستان و هونەر و فەرهەنگە دوو زمانەکان دەستی پێکردووە و درێژەشی هەر هەیە، بەڵام هەنووکەشی پێوەبێ بۆ ئەم مەبەستە گرینگەی زمان گەشەی فەرهەنگ و قامووس هەر لە سەرەتای ڕێگایە. لە نێوان ئەم چالاکییانە بەڕاستی جێگەی فەرهەنگێکی تایبەتی حقووقی گەلێ بەتاڵ بوو. سەرەڕای ئەوەی کە هێندێک لە بلیمەت و ڕووناکبیرانی حقووقناسیی کورد بەرهەمگەلێکی گەلێ گرینگیان لە دەقە فارسییەکانی حقووقی بە زمانی کوردی وەرگێڕاوەتەوە بەڵام بەخوا بۆ خۆ بەزۆر زانین و بەرزەدەماخی نایڵێم هەتا ئمڕۆکە لە کوردەواریدا هیچ سەرچاوەیەکی گرینگی زانکۆیی و تەکنیکی کە بتوانێ لە بەر دەستی هەمووان بێ و ئاسانکارێ بکا لە یەکدەستی و یەک زمانی ئەدەبیاتی حقووقی نێودەوڵەتی بە زمانی کوردی هەتا ڕۆژی چاپ و بڵاو بوونەوەی ئەم فەرهەنگی دادپەروەرەکەی من نییە و بوونی نەبووە. هەڵبەت وێڕای ڕێز و حورمەتم بۆ مامۆستا دوکتوور نووری تاڵەبانی. بە دوای ویشدا فەرهەنگی ئینگلیسی بە کوردی حقووقی سزایی کە وەدەرکەوت بە تەقریب کارەکەی تەواو کرد و دیارە ئەوە سەرقاڵی داڕشتنی بەشی کوردی بە ئینگلیسییەکەم و ئەگەر تەمەنم مەودا بدا ئەویش پیشکەش بە کتێبخانەی کوردی دەکرێ.

لە درێژی بابەتەکەم دەمهەوێ ناوی فەرهەنگە بەناوبانگە حقووقییەکانی دونیا بێنم، هەڵبەت بەڕاستی چ ئاگام لە فەرنگگەلی حقووقی کە لە کتێبخانەی عەرەب و تورکیدا بوونیان هەیە نییە:

١-وشەگەلێکی حقووقی لە کۆلێژی حقووقی زانکۆی تێگزاسی ئەمریکا Tarlton Law Library»» کۆکراونەتەوە،

٢-یەکەم فەرهەنگی حقووقی لاتین لە ساڵی ١٤٧٦ ی زایینی لە شاری ئیستراسبوورگی فەڕانسە کە ئەمڕۆکە بە ناوی شاری یاسادانەری ئوڕووپا دەناسرێ بە ناوی «Vocabulariusutriusque juris» چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٣- شتێکی تریش هەر بەم ناوە لە ساڵی ١٤٨٨ ی زایینی لە شاری «بازێل»ی سوویسرا بڵاو کراوەتەوە.

٤-یەکەم فەرهەنگی ئینگلیسیش لە ساڵی ١٥٣٩ زایینی لە لەندەن بە ناوی «Exposicion esterminorum legumang lorum» چاپ کراوە.

هەروەها ئەم فەرهەنگە حقووقییانەی من بۆ دارشتن و وێکچواندن و هەڵەچنی کەلکم لێ وەرگرتوون و لە ئێران دەست دەکەون:

٥- فرهنگ حقوقی بهمن (انگلیسی به فارسی) ترجمەی: بهمن آقایی دیبا، انتشارات گنج دانش، تهران ١٣٧٨

٦-فرهنگ حقوقی دو زبانه – معاونت حقووقی ریاست جمهوری، تهران ١٣٩١

٧- فرهنگ اصطلاحات حقوقی (لاتین به فارسی) ترجمەی محمدعلی طالقانی، نشر یلدا، تهران ١٣٧٣

8- Black's Law Dictionary. Editor in Chief: Bryan A. Garner. Us 2004

9- Ballentine James Arthur، A Law Dictionary (Latin & English to English). The Boobs-Merrill Company. Us 1916

10- Cultural Property Crime، An Overview and Analysis of Contemporary Perspective and Trend. Edited by Joris D. Kila and Marc Balcells. Brill Publication، Boston 2012

11- Daniel Oran، J.D. Mark Tosti، J.D. Dictionary Of The Law، Edition، Australia 2000

12- Duhaim's Legal Dictionary. www. Duhaime.org/ Legal Dictionary. Aspx

13- Merriam-Webster's Dictionary of Law. Us1996

14- P.H.Collin، ORAN'S Dictionary of Law، A Bloomsbury

Referenc Book، Fourth Ddition. Bloomsbury Publishing PLC. London 2004

15- Open Juris. https//: Openjurist.org، Law Dictionary

16- Oxford Dictionary of Law. UK 2003

دەبێ لە ژێر چەترێکی پان و بەربڵاو و بەڕێوەبەرایەتی و بڕیبەری کەسایەتییەکی حقووقزان، لێزان و شارەزا بە کاروباری فەرهەنگنووسی، بە بووجەیەکی دیارکراوی بەردەست، سەرەتا گرووپێکی حقووقزان پێک بهێندرێ بۆ دارشتنی بەشی وشە، واژە و دەستەواژەی ئینگلیسییەکە بۆ لایەنی سەرەتایی فەرهەنگی حقووقی ئینگلیسی بە کوردییەکەمان. هەڵبەت ئەمڕۆکە نەرمئامێری گەلێ زانستیانە لە بازاڕدا بوونی هەیە و بۆ نموونە دەکرێ بڵێین نەرمئامێری پێرلێکس Perlex هەیە کە فەرهەنگنووسان لە ئێران کەلکی لێ وەردەگرن. یان لەم سەرچاوانە کۆپیهەڵبگیرێتەوە کە دیارە هیچ کێشەیەکیش نییە و ئێمە دەتوانین کەلک لە زەحمەتی ئەوان وەربگرین و هەڵبەت دەبێ لە سەرچاوەکانیشدا ئاماژەیان پێ بکەین. ئینجا لە سەرەوەدا باسی سێ زاراوەی سەرەکیم کرد. دەبێ گرووپی دامەزراو ئەندامانی شارەزا بەم سێ گرووپە زاراوەییە بن. هەر وشەیەک ڕەوانە بکرێ هەتا بزانین کامیان کوردی پەتی تر و خاوێنترن و ئێمە دەتوانین لە بەرامبەر وشەی ئینگلیسییەکە واتا کوردییەکەی بەرامبەری بنووسین. وشەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی دەردەهاوێین و کوردییەکەی خۆمان بە پەتیترینیان و دوایە ئەگەر مانای تریشمان هەبوو دایاندەبەزێنین. هەڵبەت ئەم ئیشە دەبێ ڕاگەیاندنی حکوومیشی لە پشتی بێ هەتا وشەکان باش و خێراتر جێ بکەون.

گرینگترین قۆناغی ڕەوتی فەرهەنگ نووسی، نووسین و هەڵەچنی و یەکگرتنەوەی واتا، مانای وشەکانە کە باسم کرد چلۆن دەتوانین بە بنەمادانانی ئەم سێ گرووپە زاراوەیی‌یە ئەم ئیشەی بە ئەنجام بگەیەنین. بەڕێوەبەری گرووپە دامەزراوەکە دەبێ ئەم کارەی بە یارمەتی ڕاوێژکارانی بەئەزموون و تەکنیکی و گرووپی ڕاوێژکاران بکا و دەتوانێ ڕا و ڕوانگەی ئەوان لە پێوەند بە واتاکان و جێگای بەکاربەری واژە و دەستەواژەکان بەتایبەت لە دەڤەرە پسپۆڕی و زانیارییەکاندا وەربگرێ. بەر لە هەڵەچنی کۆتایی، هەڵەچنی سەرەتایی لە سەری

دەکرێ لەم قۆناغە دا بڕیاراتگەلێکی تایبەتی لە پێوەند بە پێکهاتە و فۆڕمەت، شکڵ و شێوەی فەرهەنگ دەردەکرێ. وەک ئەوەی کە ئایا واتا و ماناکان بە پێی ڕێکی کات و زەمانی ڕێک بکرێن یان بە پێی ڕێزبەندی واتایی و پتر وێچوویی مانا بە وشەکە کامیان دەبێ لە سەرەتادا بێن. لێرەدایە کە هەڵەچنەکان دەتوانن بە پێی سەرچاوەی مەزنی بەردەستی و لە ڕێگای بەرنامەی ئامادە کردنی وشەنوێن ڕەوتی دادوەری بەکاربەران لە دەڤەری واتا و هەمیش لە پێوەند بە کەلک وەرگرتنی بە شێوەیەک هەڵبسەنگێنن. قۆناغی کۆتایی ڕەوتی سازکردنی وشەنامە و فەرهەنگەکان، بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەە و فرۆشتنیەتی. ڕکەبەرایەتی نێوان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە و مسۆگەر نەبوونی داخوازی کۆمەڵگا و سەرچاوە پسپۆڕانەکان خۆبەخۆ بووەتە ئاڵۆزی و بشێوییەکی قورس لە بازاری ئاڵۆزی فەرهەنگ نووسی و بێگومان ئەوەی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتن و سەرتر بوونی فەننی و تەکنیکی باڵای کارەکەیە. لە ساڵی ٨٢ ی زایینی(ئەگەر هەڵەم نەکردبێ) لە وڵاتی ئێران بە سێ مانگان بە کورتە فیلمی سی و چل چرکەیی گەلێک وشەی ئینگلیسی و بیانیان لە زمانی خەڵکی وەدەر هاویشت و وشەی جوانی فارسییان تێخست. زۆر زۆر سادە و ساکار. ئەگەر یەک بین و کورد گوتەنی ئەندامانی ئەم گرووپە پیشنیارکراوە «هەموو هەر خۆیان بە گەلێ هەند نەزانن» ئەوە دەکرێ سەر بکەوین. ئەو پێشنیارەی بچووکتان لە دوایەدا بۆ سازدانی زمانێکی گشتی ئیستانداڕدی کوردیش هەر کەلکی دەبێ. زۆر سادە! هەر بەم ساکارییەی کە باسم کرد. هیممەتی دەوێ.

## سەرچاوەکان:

١- انوري، حسن. فرهنگ بزرگ سخن. تهران: سخن، ١٣٨١؛

٢- انوری، حسن، ١٣٨٨، کلیات تعریف نگاری فرهنگ نویسی، ج ٢، ش ٢، صص ١٥٧-١٦٨

٣- حق‌شناس، علی‌محمد. سامعی، حسین؛ و انتخابی، نرگس. فرهنگ معاصر هزاره (انگلیسي - فارسي). تهران: فرهنگ معاصر، ١٣٧٩؛

٤- حسین سامعی، ١٣٩٨، اصول و مبانی فرهنگ‌نویسی، تهران

٥- نجفی، ابولحسن، ١٣٨٨ واژه‌های عامیانه در فرهنگ جامع زبان فارسی فرهنگ نویسی جلد ٢، شماره ٢، صص ١٧٦-١٩٠

٦- وثوقی، حسین. واژه‌شناسی و فرهنگ‌نگاری در زبان فارسی. تهران: مرکز بازشناسی اسلام و ایران (باز)، ١٣٨٢؛

٧- هارتمن، ر.ر.ک. «مبانی نظری و عملی تدوین فرهنگ». ترجمه حسن هاشمی میناباد. فرهنگ. دوره؟، شماره؟ :ص ٢٤٥-؛٢٦٠

9) Amvela، Etienne zÅ. «Lexicography and Lexixology». Encyclopedia of Language Teaching and Learning. PP. 354356-;

10) «Dictionaries». The Cambridge Encyclopedia of Language. PP.108118-

11) «Dictionaries». The New Encylopedia Brittanica. Vol.18، PP. 277286-;

12) Hartman، R.R.K; and Gregory James، Dictionary of Lexicography. London: Routleage، 1998، PP.vii-xiv;

# نەڤەرەی ڕۆکیرۆ- بێخزانی
# (Rokiro Theory_ Bekhzani)

تاریق هەمەوەندی




## پەرتی پێنجەم

### شیگەریی وشەی «ڤەر، بەر، وەر»

وشەی (ڤەر) وشەیەکی کوردییەو بە مانای «ثمر» دێت. دوای گۆڕانی دەنگی ( ڤ) بۆ هەردوو وشەی ( ب) و ( و)، وشەی « بەر» و «وەر» ی لێکەوتۆتەوە. وشەی( ڤەر، بەر، وەر)، واتای بەری گیانەوەران و ڕووەک دێت. بۆنموونە: بە یەکەم منداڵ دەگوترێت:( نۆبەرە- نەوبەرە)، هەروەها بەیەکەم میوەی درەختییش دەگوترێت: ( نۆبەرە- نەوبەرە). منداڵێک کە زۆر خراپ بێت لە گەڵ دایک و باوکییدا، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بە تەواوی دڵیان بڕەنجێت، دایک و باوکەکە لە خۆیان بێبەریی دەکەن، وشەی ( بێ+ بەر+ ی) بەواتای ئەوە دێت؛ کە بە منداڵەکە دەڵێن : تۆ لە ( بەر) ی ئێمە نییت. هەروەها دەستەواژەی ( دووبەرەکی)، کینایە بۆ ئەو وەچانەی کە لە ناو یەک خێزاندا پێکەوە دەژین، بەڵام لە دوو بەرەی جودان، یان لە دوو بەرەباب (بەر+ە+ باب)ی جودان. شایانی ئاماژەیە، کە هەمان وشەی ( بەرە) واتای ” جبهة“ی لێکەوتۆتەوە.

لە وشەی ( ڤەر، بەر، وەر) ەوە، وشەی " ڤار، بار، وار"* کەوتۆتەوە، کە بەمانای (حمل) دێت. بۆ یە بە ژنێک کە کۆرپەی لەزگدا بێت، دەگوترێت ( باردار) و بە عەرەبییش پێیدەگوترێت" حامل". بە داخەوە ئەمڕۆ لە بری دەستەواژەی ( باردار)، زۆربەی نووسەران و تەنات زمانناسانیش، دەستەواژەیەکی بێمانای کرچوکاڵ و بازاڕی بە کاردێنن کە ئەویش ( زگپڕ- سکپڕ)ە. گەر تەرجەمە بکرێت بۆ عەرەبی دەبێت بە "البطن الممتلئ". کاتێک کە درەختێک زەوییەکەی بە پیت نەبێت و خۆراکی پێویستی بۆ دەستەبەر نەبێت، بەرەکەی دەخات. هەروەها ژنی باردار، گەر خۆراکی تەواو لە لەشیدا نەبێت، بە ڕادەیەک کە خۆراکی پێویست بۆ کۆرپەلەکەی دەستەبەربێت، بەرەکەی دەکەوێت. هەر بۆیە دەستەواژەی "بەرخستن" بۆ کەسانی چڵێس بەکاردێت. بۆ نموونە کە کەسێک زۆر چڵێس بێت و زۆر هەڵپەی خۆراک بکات، پێی دەڵێن: ئەوە چییە هێندە چڵێسییت؟ خەریکە بەر دەخەیت بۆ خواردن! هەروەها لە بری دەستەواژەی ( بەرخستن)، دەستەواژەی (لەبارچوون) یش بەکاردێت، کە بەعەرەبی دەکاتە "سقوط الجنین" یان "سقوط الحمل". دەبینین کە لە (بەرخستن) و ( بارچوون) دا ، هەردوو وشەی ( بەر) و( بار) هاوواتان.

هەروەها بە دیوێکی دیکەدا لە وشەی (ڤەر، بەر، وەر) ەوە، " ڤەرگ، بەرگ، وەرگ" سازێنراوە، کە بەواتای "گەڵا" دێت،کە وشەی (وەرگ) بەشێوەی " وەرەق" کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

لە ڕوویەکی دیکەوە لە وشەی ( بەرگ)ەوە، وشەی " بەرگە"سازێنراوە، کە بەمانای نووسراوی سەر وەرەقە، دێت، کەدواتر وشەی " بەڵگە"ی لێکەوتۆتەوە، کە بەعەرەبی دەبێتە "أوراق ثبوتیة". بەڵام دواتر وشەی ( بەڵگە) واتاکەی گۆڕاوە و واتای "دلیل" یان " برهان" ی لەخۆگرتووە.

(بەرگ) پارێزگاری لە درەخت و میوە دەکات، هەروەها مرۆڤیش دەپارێزێت، کە وشەی بەرگ واتای(جل)ی لە خۆگرتووە. لێرەوە وشەی (بەرگە) کەوتۆتەوە، کە واتای "پارێزگاری لەژیان" یان "درێژبوونەوەی تەمەن"ی لە خۆگرتووە، بۆ یە دەستەواژەی( بەرگەگرتن) کەوتۆتەوە، کە بە مانای " تحمل" دێت. بنۆڕە، لێرەدا کە وشەی ( تحمل) لە (حمل) ەوە هاتووە؛ کە بەمانای" بار" دێت، بەڵام وشەی ( بەرگە) لە ( بەر) ەوە سازێنراوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە " بەر" و" بار" هاوواتان. وەک بینیمان وشەی ( بەرگە) بە دوو ڕێچکەی جێواز کەوتۆتەوە، کە هاوشێوەن، بەڵام هاوواتا نیین. یەکێکیان بە مانای " تەحەممول" دێت، ئەوی دیکەیان بە مانای " نووسراوی سەر وەرەقە" دێت.

بە دیوێکی دیکەدا، چونکە (بەر) بە واتای "منداڵ" دێت و لە (زێ)وە، یان لە ( ئەندامی زاووزێ) وە دەکەوێتەوە، کە دەکەوێتە ڕووی پێشەوەی مرۆڤەوە، ئیدی وشەی ( ڤەر، بەر، وەر) واتای " پێش" ی لە خۆگرتووە.

(بەرگ- جل) هەرچەندە بۆ خۆپاراستن لەسەرما بەکاردێت؛ بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ داپۆشینی ( پێش)، یان داپۆشینی(ڤەر، بەر، وەر) بەکار هاتووە" کە برێتییە لە ئەندامی زاووزێ" . بۆ یە دەستەواژەی (جل لە ڤەرکردن، جل لەبەرکردن، جل لەوەرکردن ) کەوتۆتەوە. ئیدی لێرەوە ( لە بەرکردن) واتای " تلبیس" ی لە خۆگرتووە، کە هەموو لەش دەگرێتەوە. پێشتر لەسەر وشەی ( بەڕک) و ( بەرۆک) دواوم، کە بە پارچە قوماشێک گوتراوە، لە کاتی کارکردندا بەشی پێشەوەی لەشیان پێ داپۆشیوە، کە بە عەرەبی ( صدرية) ی پێگوتراوە، کە لە " صدر" ەوە هاتووە، بەڵام دواتر ( صدريه) واتای کراسێکی درێژی لەخۆگرتووە، کە بەشێکی زۆری لەش دادەپۆشێت.

*وشەی( ڤار، بار، وار) کە واتای ( ڤەر،بەر، وەر)ی لەخۆگرتووە، ڕاستەوخۆ لە ( ڤەر،بەر، وەر) ەوە نەهاتووە، بەڵکو لە وشەی ( بەرگ) ەوە کەوتۆتەوە، بنۆرە دەستەواژەی " بەرگ و بار"، کە بە پەیڕەوێک سازێنراوە، پێشتر باسم کردووە، ئەمەیش چەند نموونەیەک بۆ وەبیرهێنانەوە: " بەرگ و بار، کەس وکار، لەش و لار ... هتد".

وشەی( کەر) کە پێشتر ( خەر) بووە، ئێستاش لە زمانی فارسی و هەندێک زاری کوردییدا هەر (خەر)ی پێدەگوترێت، لە گەڵ وشەی ( ڤار، بار، وار) دا، وشەی " خەرڤار، خەربار، خەروار" ی لێسازێنراوە. وشەی ( خەرڤار، خەروار) کە بەمانای "باری کەر " دێت برێتییە لەتەلیسێکی دووتایی کە دانەوێڵەی تێ دەکرێت، ئێستا واتایەکی نوێی لەخۆگرتووە، کە برێتییە لە یەکەیەکی پێوانەی کێش، کە برێتییە لە ( ٢٠٠) کیلۆگرام، پێشینیان گوتویانە: مشتێک نموونەی خەروارێکە.

بە گوێرەی "نەخشەی ڕۆکیڕۆ" پێشتر بە (ئەسپ) گوتراوە ( سەڤ)، دواتر لە ڕێی " پەیڕەوی هانەونا" وە بووە بە ( ئەسەڤ)و دواتر وشەی" ئەسەو- ئەسو- ئەسەپ- ئەسپ- هەسپ- ئەسب... هتد"ی لێکەوتۆتەوە. وشەی ( سەڤ) لە گەڵ وشەی (ڤار، بار، وار) دا، وشەی ( سەڤڤار) ی لێ سازێنراوە، کە دوواتر وشەی " سەڤار" و" سەوار" ی لێکەوتۆتەوە، کە بە مانای " باری ئەسپ دێت". لە بەرئەوەی کە مرۆڤ هەمیشە بە سواری ئەسپ گەشتی کردووە و کەریش بۆ گواستنەوەی دانەوێڵە و شتی دیکە بەکارهاتووە. بۆیە ( خەروار)، واتای " بار بەسەر کەرەوە"ی لە خۆگرتووە. وە وە ( سوار- سەڤار ) یش واتای "مرۆڤ بە سەر ئەسپەوە" ی لە خۆگرتووە. کە بەمانای "راکب" دێت. کە وشەی ( راکب) یش، لە (رکاب)و ( رەکەب)ەوە هاتووە، کە بە مانای بازنەیەکی ئاسنین دێت کە بە زینی ئەسپەوە بەندە، کە هەم بۆ سواربوون بەکاردێت و هەم لەکاتی سوارییدا پێیەکانی لێ گیردەکرێت، بۆ کۆنترۆڵ و باڵانسی لەش. وە وشەی ( رەکەب) یش لە " ڕەهکەو- ڕیکەو" ەوە وەرگیراوە، کە برێتییە لە ڕەگی چاووگی ( ڕەهکەوتن- ڕێکەوتن) کە بەمانای " انطلاق" ی عەرەبی " راه افتادن"ی فارسی دێت. کە وشەی ( کەوتن) پێشتر " کەڤتن" و "کەفتن"

بووە، بۆیە وشەکە پێشتر( رەکەڤ) و ( رەکەف) بووە . ئەم وشەیە لە زاری لوڕییدا بە " ڕەکەو"و لە زاری کرمانجییدا " ڕەکێڤ"و لە زاری سۆرانییدا بە " ڕکێف" لەڤز دەکرێت. وشەی (ڕەکەو) لە زمانی فارسییدا بووە بە "ڕەکەب "و دواتر گۆڕاوە " ڕەکاب" هەر بە هەمان شێوەش کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە. هەروەک پێشتر گوتم کە (ڕەکەو) بۆ پێ توندکردن و کۆنتڕۆڵکردنی لەش بەکاردێت، ئیتر لێرەوە، وشەی( ڕکێف) واتای " کۆنتڕۆڵ" ی لە خۆ گرتووە، کە دواتر دەستەواژەی ( ژێر ڕکێف) سازێنراوە، کە بەمانای " تحت السیطرة" ی عەرەبی و "Under control " ی ئینگلیزی دێت. هەروەها لە وشەی (ڕەکەب)، هەروەک و خۆی لە زمانی عەرەبییدا، واتای " سواربوون" ی لە خۆگرتووە، و وشەی " راکب" یش سازێنراوە، کە هەمان مانای " سوار" ی هەیە. هەروەها وشەی ( مرکبة) سازێنراوە، کە بەمانای ئەو ئامرازانە دێت کە بۆ سواربوون بەکاردێن. هەروەها وشەی ( ترکیب) سازێنراوە، کە واتای " سوارکردن" یان " لێ بارکردن" ی لەخۆگرتووە، دواتر چەندین واتای نوێی دیکەی لێکەوتۆتەوە، وەك: " پێوەلکاندن- تێکەڵکردن... هتد".




هەروەها چونکە مرۆڤ بەسواری ئەسپ گەشتی کردووە، وشەی ( سەڤار) واتای گەشتی لە خۆگرتووە، کە دواتر گۆڕاوە بۆ «سەفار» و وشەی « سەفەر» ی لێکەوتۆتەوە. وشەی (سەڤار)، کە لە زمانی عەرەبییدا بووە « سفار»، دوای جێگۆڕکی کردن بە پیتەکان، وشەی « فارس» ی لێسازێنراوە، دواتریش وشەی «فروسیة» ی لێسازێنراوە، کە بە واتای ( سوارە) دێت. کە دواتر وشەی ( فرس)

سازێنراوە کە بەمانای «ئەسپ» دێت. هەروەها خودی وشەی ( سوار) بە بێ گۆڕان و بە هەمان واتەوە کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بۆنموونە ( سوار الفرس) بە مانای «سواری ئەسپ» دێت. هەروەها وشەی ( الإسوار) سازێنراوە، کە بە مانای «سوارچاک» دێت. هەروەها لە باری کۆدا، وشەی( فرسان) سازێنراوە کە هاوواتای ( سواران- سەڤاران)ە، کە واتای « جەنگاوەری سوارە» ی لە خۆگرتووە، کە پێچەوانەی ( جەنگاوەری پیادە) یە، کە بە مانای» مشاة» دێت.

## شیگەریی وشەی ” رەڅ «

وشەی ( رەڅ )، بەواتای گەیشتن، یان پێگەیشتن دێت. دوای پەرشبوونی پیتی(څ) بۆ (خ) و(ث) و(خث) و(ثخ)، وشەکانی ( ڕەخ) و ( ڕەث) و( ڕەخث)، ( ڕەثخ) کەوتوونەتەوە.

وشەی (ڕەخ) بەشێوە سادەکەی پوکاوەتەوە و نەماوە، بەڵام شوێنەواری ئەم وشەیە، لە زۆر وشەی ئاوێتەدا ماوەتەوە، کە دواتر لە شیگەرییەکاندا دەردەکەون.

وشەکانی ( ڕەث) و ( ڕەخث) و ( ڕەثخ) یش گۆڕاون بۆ «ڕەس» و « ڕەخس» و « ڕەسک».

وشەی ( ڕەس) لە هەردوو زمانی کوردی و فارسییدا بەکاردێت و لە هەردوو زمانەکەدا هەمان واتایان هەیە، بنۆرە وشەی ( نەوڕەس، نورس) کە بە مانای تازەگەیشتوو، یان تازەپێگەیشتوو، یان پێگەیشینی میوە ( ڕەسینی میوە- رسیدن میوە) دێت. یان گەییشتنەجێ کە بە واتای ( جێڕەس- جەهـ ڕەس- جارس) دێت. شایانی ئاماژەیە کە وشەی (جرس) ی عەرەبی لێرەوە هاتووە کە بەمانای « زەنگ» دێت. لە زەمانی کۆندا کە ئامێری پەیوەندی نەبووە، لە کاتی گەڕانەوەی کاروانی لەسەفەر، لە دوورەوە (زەنگی گەیشتنەجێ) واتە (زەنگی جێڕەس- زەنگی جەهڕەس- زەنگی جاڕەس)یان لێداوە. ئیدی لێرەوە وشەی (جەڕەس) واتای زەنگی لەخۆگرتووە. و هەروەها وشەی (جاڕەس)، کە بە واتای « گەیشتنە جێ» دێت و واتای « گەیشتنە دواڕادە» یش دەگەیەنێت، کە بەدیوێکی دیکەدا واتای «پڕ بوون» یش دەگەیەنێت، کە بە عەرەبی بەمانای «ملء» دێت، کە دەستەواژەی « ممل» ی لێکەوتۆتەوە. بۆیە وشەی ( جاڕس) واتای « بێزار» ی لە خۆگرتووە.

وشەی ( ڕەخس) تەنها لە زمانی کوردییدا ماوە و بەمانای گەیشتن دێت، بۆ نموونە منداڵێک کە کامڵ دەبێت و پێدەگات، دە گوترێت : لە خەم ڕەخساوە، یان : ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێت؛ فڵان کار دەکەم.

وشەی (ڕەسک) یش تەنها بەشێوەی ئاوێتە لە زمانی کوردییدا ماوە، جگە لە واتای ( پێگەیشتن) واتای ( گەشەکردن) یش لە خۆگرتووە، وەک لە وشەی (خۆڕەسک) دا دەردەکەوێت.

هەروەها بە گوێرەی « نەخشەی ڕۆکیرۆ»، لە وشەی (ڕەڤ)ەوە، وشەی (ڕەڤ) و (ڕەپ) کەوتۆتەوە، کە لە زمانی ئینگلیزییدا وشەی و (Ripe)ی لێ کەوتۆتەوە، کە (Ripe) بەمانای پێگەیشتنی میوە دێت. لە( Rive) یشەوە، (Arrive) کەوتۆتەوە، کە بەمانای گەییشتن دێت.

## شیگەریی وشەی " ڤەرەخ- بەرەخ- وەرەخ «

لە شیگەریی پێشتووتردا باسی هەردوو وشەی (ڤەر) و (رەخ) مان کرد، کە بەواتای « بەر» و « گەییشتن» دێن. دوای ئەوەی کە ئەم دوو وشەیە ئاوێتە کراون، وشەی ( ڤەر ڕەخ) سازێنراوە کە بە واتای «گەییشتنی بەر» دێت، کە دیوێکی دیکەی وشەی (بەر ڕەس)ە. کە بە عەرەبی بە مانای( نضوج) دێت، ( گەیشتنی بەر) بەواتای هەردوو بەری گیاندار و ڕووەک هاتووە. لە کاتی ئاوێتە بوونی هەردوو وشەکە دوو پیتی (رڕ) کەوتوونەتەوە، کە دواتر یەکێکیان کەوتووە و وشەی (ڤەرڕەخ) گۆڕاوە بۆ (ڤەرەخ).

وەک پێشتر دیتمان کە لە وشەی ( ڤەر) ەوە، هەردوو وشەی ( بەر) و( وەر) کەوتبۆوە، بۆیە لێرەشدا بەهەمانشێوە، لە وشەی (ڤەرەخ) ەوە، هەردوو وشەی (بەرەخ) و( وەرەخ) کەوتوونەتەوە.

لە دوای پەرشبوونی پیتی (خ) بۆ دەنگەکانی (خ)و ( ث) و (ثخ)و ( خث)، لە وشەی( ڤەرەخ) ەوە، وشەکانی « ڤەرەخ- ڤەرەث- ڤەرەثخ- فەرەخث» کەوتوونەتەوە.

بە هەمانشێوە لە (بەرەخ)ەوە، وشەکانی « بەرەخ- بەرەث- بەرەثخ- بەرەخث» کەوتوونەتەوە.

هەروەها لە (وەرەخ) یشەوە، وشەکانی « وەرەخ- وەرەث- وەرەثخ- وەرەخث» کەوتوونەتەوە.

کەواتە لەکۆی ئەنجامی گۆڕانی فۆڕمی وشەکەدا، ئەم وشانە کەوتوونەتەوە» ڤەرەخ- بەرەخ- وەرەخ- ڤەرەث- بەرەث- وەرەث- ڤەرەثخ- بەرەثخ- وەرەثخ- ڤەرەخث- بەرەخث- وەرەخث» کە هەموویان یەک واتایان هەیە کە برێتییە لە « بەر ڕەس»، یان « بەری پێگەییشتوو››.

لە وشەی (ڤەرەث) ەوە، کەبەمانای «پێگەیشتنی بەر» دێت، لەزمانی کوردی و فارسییداواتای (منداڵ) ی لە خۆگرتووە، ئەم وشەیە دوای ئەوەی فۆڕمەکەی گۆڕاوە، زۆر بە دەگمەن لە زمانی کوردییدا بەکاردێت و کراوە بە موڵکی زمانی عەرەبی، کە وشەی (ولد)ی لێکەوتۆتەوە، بەمشێوەیە: ( ڤەرەث، ڤەرەت، ڤەلەت، ڤەلەد، وەلەد). ئەم وشەیە زۆر بەکەمی لە هەندێ ناوچەدا بە شێوەی (وەڵەد) بەکاردێت و وادەزاندرێت کە وشەیەکی عەرەبییە! هەروەها وشەی (ڤەلەد) لە زمانی فارسییدا بەکاردێت و ئەوانییش وا دەزانن کە ئەسڵی وشەکە عەرەبییە! هەروەها وشەی ( بەرەث) یش لە زمانی ئینگلییزیدا بووە بە « Birth“. هەرچەندە وشەی (وەلەد) بەمانای منداڵ دێت، بەڵام

واتای ئەسڵی وشەکە برێتییە لە بەرێکی پێگەیشتوو، (ڤەرڕەث)، هاوتای ( بەر ڕەس)ە. کە بەمانای (ولادة) دێت، واتا زیاتر لە مانای ( Birth)ەوە نێزیکە. واتا وشەی ( ڤەرەث)لە بنەڕەتدا واتای "لەدایکبوون- ولادة"ی هەبووە و دواتر واتاکەی گۆڕاوە بۆ " منداڵ- ولد".

هەروەک چۆن لە وشەی ( ڤەرەث) ەوە وشەی " ڤەلەد" کەوتۆتەوە، لە وشەی ( بەرەث) یشەوە وشەی " بەڵەت" و " بەلەد" کەوتۆتەوە، کە دواتریش دوای گۆڕانی دەنگی (د) بۆ (و) و( ی)، وشەکانی " بەڵەو- بەڵەی"ی لێکەوتۆتەوە، کە بە مانای ( شارەزا) دێت. چونکە بە خەڵکی شار گوتراوە (ڤەلەدی شار- بەڵەدی شار) واتا "لەدایکبووی شار" یان " خەڵکی شار"یان " مناڵی شار". ئیتر بۆیە لێرەوە ( بەلەد) واتای شارەزای لەخۆگرتووە، چونکە کەسێک کە خەڵکی شوێنێک بێت، شارەزای ئەو شوێنەیە. شایانی ئاماژەیە، کە خودی وشەی ( شارەزا) هەر بەمشێوەیە سازێنراوە، کە برێتییە لە "شار+ە+ زا"، واتا (زاییوی شار)، یان (لە دایکبووی شار)، کە بە فارسی دەبێت بە ( شهرزاد)، هەر لێرەوە وشەی ( بەلەد) لە زمانی عەرەبییدا واتای "شار" ی لە خۆگرتووە، و وشەی ( شارەزا- شهرزاد) بە مانای " ابن البلد" دێت. لە زمانی عەرەبییدا وشەی (جهال) واتای ( منداڵ) ی هەیە، کە لە (جهل) ەوە هاتووە، کە کینایەیە بۆ نەفامی و نەزانیی منداڵ. وشەی ( بلد) لەزمانی عەرەبییدا کە بەمانای شار دێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بە مانای منداڵ هاتووە، هەر بۆیە وشەی ( بلد) لەزمانی عەرەبییدا واتای " بێعەقڵ" یان "نەفام" یشی هەیە، هەروەها وشەی ( بلید) یش سازێنراوە کە بە مانای "کەمفام" دێت.

وشەی( ڤەرەث) کە بەمانای ( ولادة) دێت ، بە گوێرەی " پەیڕەوی هانەونا"، وشەی ( ئاڤەرەث) ی لێسازێنراوە، کە هاومانای " والدة"ی عەرەبییە. هەروەها لەزمانی کوردی و فارسییدا ( ڤەریث) سازێنراوە، کە لە زمانی عەرەبییدا بووە بە " وەلید- ولید". ئەمیش بە گوێرەی " پەیڕەوی هانەونا"، وشەی (ئاڤەریث) ی لێسازێنراوە، کە واتای "مولود- مخلوق"ی لە خۆگرتووە،کە وشەی "عفریت" یشی لێکەوتۆتەوە، کە واتای " مەخلوقێکی گەورەی ئەفسانەیی" لە خۆگرتووە.. دواتریش (ئاڤەریڤە) سازێنراوە، کە واتای " خالق"ی لەخۆگرتووە.

لە شیگەریی وشەی ( بەر) دا باسی دەستەواژەی ( بێبەریمان) کرد، کە ( بێ + بەر) سازێنراوە و بە واتای " تۆ لە بەری من نییت" دێت. کە برێتییە لە " حاشا لێکردن، لەلایەن دایک و باوکەوە". دووبارە لە وشەی ( ڤەرەث) ەوە، هەمان دەستەواژە سازێنراوە، بەڵام بە فۆڕمێکی جیاواز، کە برێتییە لە ( نە+ ڤەرەث) کە وشەی " نەڤەرەث" ی لێسازێنراوە، کە دواتر وشەی (نەفرەت)ی لێکەوتۆتەوە. کە وشەی ( ڤەرەث) بەمانای " ولد" دێت، لێرەدا وشەی ( نەڤەرەث) بە واتای " تۆ منداڵی من نییت" دێت. لە ئێستادا کە وشەی ( بێبەری) جێگەی ( نەڤەرەث) ی گرتۆتەوە، ئیدی

وشەی ( نەڤەرەث) واتاکەی گۆڕاوە و واتای ( لعنة) ی لە خۆ گرتووە. شایانی ئاماژەیە کە وشەی ( لعنة) لە ( ثانە) ی کوردییەوە وەگیراوە " کە بە مانای خاڵێکی ورد دێت" ، کە وشەی (ثانیة) ی عەرەبیی لێکەوتۆتەوە. دواتر وشەی ( ثانە) گۆڕاوە بۆ ( تانە)، بۆنموونە: گەر کەسێک خاڵێکی ورد لە سەر سپێنەی چاوی بێت، دەڵێن: چاوی تانەی لێ هاتووە، ئیتر لێرەوە ( تانە) واتایەکی نوێی لە خۆگرتووە، کە بەواتای " لەکەدار" دێت، کە پێچەوانەی وشەی ( پاک- بێگەرد- بێخەوش) ە. هەروەها وشەی ( ثانە) بە گوێرەی" پەیڕەوی هانەونا"، وشەی ( نیثانە) ی لێکەوتۆتەوە، کە دواتر ئەم وشەیە گۆراوە بۆ ( نیشانە)و واتای خاڵێکی گەورەتر لە ( تانە)ی وەرگرتووە. هەروەها وشەی ( طعنة)یش هەر لە (ثانە) ی کوردییەوە هاتووە. کە بە مانای "لەکەدار کردن" هاتووە، دواتر واتاکەی گۆڕاوە بۆ " لێدان لە پشتەوە". هەروەها واتای ( لعنة)یش لە " لەکەدار کردن" ەوە، گۆڕاوە بۆ "لەکەدارکردنی ڕووخسار- ناشیرین کردنی ڕووخسار" لە لایەن خوداوە.

دواتر وشەکانی ( ئاڤەرەث)، (نەڤەرەث)، ( ئاڤەریث)،( ئاڤەریثە)، گۆڕاون بۆ ( ئافرەت)،( نەفرەت)، (ئافەریت)، ( ئافەریتە)، دواتریش ( ئافەرید) و ( ئافەریدە) کەوتوونەتەوە. هەروەها لەزمانی فارسییدا، لە هەردوو وشەی (ئاڤەریدە)و ( نەفرەت)ەوە، (ئافەرین) و( نەفرین) سازێنراون، کە (نەفرین)، هەمان واتای ( نەفرەت)ی هەیە و ( ئاڤەریثە) چونکە بەمانای (خالق) دێت، واتای (داهێنەر- مبدع) ی لەخۆگرتووە و بۆیە دوای ئەنجامدانی کارێکی سەرکەوتوو، وشەی( ئافەرین) بۆ دەستخۆشی بەکاردێت. شایانی ئاماژەیە کە هەڵەیەکی باو لە ناو کوردزمانانندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وشەی ( ئافرەت) بە نادروستی بەکاردەهێندرێت، کە هەردوو واتای "ژن" و " کچ" دەگرێتەوە. ( ئافرەت) بە مانای " والدة" ی عەرەبیی دێت. واتا ژن دوای خستنەوەی منداڵ دەبێت بە ( ئافرەت). واتا: مرۆڤی مێینە، بەر لە شووکردن " کچە"، دوای شووکردن دەبێت بە" ژن"، وە دوای ئەوەی کە دەزێت، دەبێت بە " ئافرەت".

لە ڕوویەکی دیکەوە، وشەی ( ئاڤەریث)، کە دواتر گۆڕاوە ( ئاڤەریڵ). واتای لەدایکبوونی وەرزی گوڵ و گوڵزاری لەخۆگرتووە، کە دەکاتە یەکەمین مانگی کوردی، کە ڕێکەوتی چوارەمیین مانگی ساڵژمێری گریگۆرییە.

تێبینی: یەکەمین مانگی کوردی، تەنها «دە» ڕۆژی دەکەوێتە مانگی «سێ»وە، ڕۆژەکانی دیکەی دەکەوێتە مانگی «چوار».

وەک پێشتر باسی پیتی(ڵ)مان کردووە، کە پیتێکی ئاوێتەیە بە هەردوو دەنگی (ث) و ( ل). لە وشەی ( ئاڤەریڵ)ەوە، وشەی ( ئاڤەریل) کەوتۆتەوە، کە بەشێوەی ( ئاڤریل- آوریل - Avril) کەوتۆتە ناو زمانی فارسی و فەرەنسییەوە . لە بەر ئەوەی کە لە زمانی ئیسپانییدا دەنگی ( ڤ)

دەگۆڕێت بۆ ( ب). وشەی ( Avril)، بە شێوەی ( ئابریل)( Abril)، کەوتۆتە ناو زمانی ئیسپانی و پۆرتوگییەوە. بەدیوێکی دیکەشدا وشەی ( ئاڤریل) بە شێوەی ( ئاپریل) (April) کەوتۆتە ناو زۆربەی زمانە ئەورووپییەکانەوە. هەروەها وشەی ( ئاپریل) بە شێوەی ( ئاپریلیۆس)( Απρίλιος) کەوتۆتە ناو زمانی گریکییەوە.

لە وشەی (ڤەرەخ) ەوە، وشەی « فەرەخ- فەرخ» کەوتۆتەوە، کە واتای «منداڵ- بەچکە»ی باڵندەی لەخۆگرتووە. لە وشەی ( بەرەخ) یشەوە، وشەی « بەرخ» کەوتۆتەوە، کە واتای « منداڵ- بەچکە»ی «مەڕ» ی لە خۆگرتووە. دوای گۆڕانی دەنگی( خ) بۆ ( ه)، وشەی ( بەرەخ) بووە بە « بەرەه- برە»، کە لە زمانی فارسییدا هەمان واتای ( بەرخ) ی کوردیی هەیە. ڕەنگە لە پێشدا وشەی ( بەرخ) بە واتای بەچکەی هەموو ئاژەڵان هاتبێت، بەڵام دواتر تەنها واتای بەچکەی مەڕی لە خۆگرتبێت، چونکە وشەی « بەرخ» و» بەرخۆلە» بۆ هەندێ ئاژەڵی دیکەش بەکاردێت، تەنانەت بۆ بەچکەی مرۆڤیش. هەروەک چۆن لە وشەی ( بەرەخ) ەوە، وشەی « بەرخ» و « بەرە- بەرە» کەوتبۆوە، لە زمانی پەشتۆنییشدا لە وشەی ( وەرخ) ەوە، وشەی « وەره- وەری» کەوتۆتەوە، کە بەمانای بەرخ دێت.

هەروەها لە وشەی ( بەرەخ) ەوە، وشەی « بەلەخ» کەوتۆتەوە، وەک بینیمان، کە وشەی ( بەرەخ) لە بنەڕەتدا بە واتای « گەیشتنی بەر» هاتووە، بۆیە وشەی (بەڵەخ) واتای « پێگەییشتن» ی لە خۆگرتووە، کە بەشێوەی ( بەلەغ- بلغ) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە. هەروەها ( باڵخ) و ( باڵق) لە زمانی کوردییدا واتای «پێگەیشتن» ی لەخۆگرتووە، (پێگەیشتنی تەواو، واتە پێگەیشتنی بەژن و عەقڵ و ئەندامەکانی زاووزێ)، کە لە عەرەبییدا برێتییە لە « سن البلوغ».

وشەی ( وەرەث) یش بەبێ گۆڕان، هەروەکو خۆی ماوەتەوە و کراوەتە موڵکی زمانی عەرەبی، کە واتای «بۆماوەیی لە باوانەوە» ی لە خۆ گرتووە. بنۆڕە وشەکانی ( وەرەث- وەلەد)،(وەریث- وەلید)، ( وراثة- ولادة)، ( موروث- مولود)، ( میراث- میلاد)، کە هەموویان لەگەڵ ئەوەدا کە هاوڕیشەن، هاوئاهەنگیشن و بە هەمانشێوە گەردێنراون.

دوای ئەوەی کە وشەی ( وەرەث- وەرەخ) لە زمانی عەرەبییدا گەردێنراوە، وشەی « أرث- أرخ» ی لێسازێنراوە، کە بە مانای» ئەو شتانەی کە لە باوانەوە ماوەتەوە» دواتر لە وشەی ( أرث) ەوە، وشەی «تراث» سازێنراوە. لە وشەی ( أرخ) یشەوە، وشەی «تاریخ- تأریخ» سازێنراوە. وشەی (تراث) بەمانای پاشماوەکانی باوان هاتووە، کە برێتییە لە « شوێنەوار» ، دوای ئەوەی بە جێگۆڕکێی پیتەکان وشەی( أرث) گۆڕاوە بۆ (أثر) ، ئیدی ئەم وشەیە جێگەی واتای» شوێنەوار» ی لەخۆگرتووە، کە لە باری کۆدا بووە بە ( آثار). وە وشەی (تراث) واتای « فەرهەنگی باوان» ی

لە خۆگرتووە. وە (تاریخ) یش واتای « کاتی کۆن» ی لە خۆگرتووە. دواتر وشەی (أرخ) بە هەمان واتایەکەی پێشوویەوە» کە بە مانای شوێنەوار هاتووە». بە شێوەی ( أرخیو- ئارکیو) (αρχαιο) کەوتۆتە ناوزمانی گریکییەوە. کە بەمانای « پاشماوەی کۆن» دێت. وە دەستەواژەی ( ئارکۆلۆجییا) (αρχαιολογία) ی لێسازێنراوە، کە بە مانای « شوینەوارناسیی» دێت. هەروەها وشەی (أرث) یش بووە بە «ئارثیو»، دوای ئەوەی دەنگی ( و) گۆڕاوە بۆ ( ڤ)، هەردوو وشەی (ئارکیو) و (ئارثیو) گۆڕاون بۆ « ئارکیڤ» و» ئارثیڤ» « Αρχείο» ، کە هەردوو وشەی (ئارکیڤ) و(ئارشیڤ) ی لێکەوتۆتەوە، کە لە زمانی ئینگلییزیدا وشەی ( ئارکیڤ)، بە «ئارکایڤ»Archive“ لەڤز دەکرێت. شایانی ئاماژەیە پیتی(χ) ی گریکی کە لە وشەی (Αρχείο) دا دەرکەوتووە، دولفانەیەو هەردوو دەنگی (خ) و ( ث)ی تێدایە. هاوتای پیتی (ځ) ە، کە لە (وەرەځ) دا دەرکەوتووە و وشەکانی (وەرەخ) و( وەرەث) ی لێکەوتۆتەوە، واتە بە شێوە کوردییەکەی، لە وشەی( ئارځیو)ەوە، «ئارخیو» و» ئارثیو» کەوتۆتەوە. وە بە شێوە گریکییەکەش لە وشەی (Αρχείο) ەوە، ( ئارکیو) و( ئارشیو) کەوتۆتەوە. بۆ نموونەی لەمشێوەیە بنۆڕە وشەی (Don Quixote)(دۆن کیخۆت)، کە بە « دۆن کیخۆت» و « دۆن کیشۆت» لە ڤز دەکرێت. بە هۆی پەرشبوونی پیتی (x) بۆ هەردوو دەنگی (خ) و(ث)، کە دواتریش دەنگی (ث) دەگۆڕێت بۆ (ش)، هەروەک بە هەمانشێوە لە زمانی کوردییدا، لە وشەی (پوختە) ەوە، وشەی « پوختە» و «پۆشتە» کەوتۆتەوە.

هەروەها لە وشەی( ڤەرەث)ەوە ، وشەی « فەرەز- فەرز» کەوتۆتەوە، کە هەمان واتای منداڵی هەیە، کە دواتر وشەی « فەرزەند»ی لێسازێنراوە. هەروەک گوتمان، وشەی ( ڤەرەث) بەواتای گەییشتنی بەری ئاژەڵ و ڕووەک هاتووە. لێرەوە وشەی ( فەرز) بە واتای گەیشتنی بەری ڕووەک، کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوەو واتای چنینەوەی بەری ڕووەکی لەخۆگرتووە، بنۆڕە « فرز المحاصیل»، ئیتر لێرەوە واتای وشەکە گۆڕاوە و واتای چنینەوە و کۆکردنەوەی لە خۆگرتووە، هەروەک لە کاتی هەڵبژاردندا، بەکۆکردنەوەو جیاکردنەوەی دەنگەکان دەگوترێت» فرز الأصوات». هەروەها بە جیاکردنەوەی زەوییش دەگوترێت « افراز». هەروەها گلاندەکان کە شلەیەک بەبەر دەهێنن، واتا شلەیەک (تولید)دەکەن، لە زمانی عەرەبییدا بە وشلەیە دەگوترێت « افرازات» ، کە بەخودی گلاندیش دەگوترێت « مفرز»، هەر لەوشەی ( فەرەز- ڤەرەث) ەوە وەرگیراوە. کە ( مفرز) هاوواتای « مولد» ە.

هەروەها لە وشەی ( بەرەث) یشەوە، وشەی» بەرەز» کەوتۆتەوە، کە دواتر وشەی «بارز»و» بروز»ی لیسازێنراوە، کە بە مانای هەڵکەوتن» یان» دەرکەوتن» دێت، کە دیوێکی دیکەی واتای (ولادة جدیدة) یە.

لە ڕوویەکی دیکەوە لە وشەی ( وەرەث)ەوە، وشەی « وەرەد» کەوتۆتەوە، کە بەمانای «پەیدابوون» یان «هاتن»ە دێت، کە ئەمیش دیوێکی دیکەی واتای « ولادة»یە( لەکاتێکدا کە ژنێک منداڵی دەبێت، دەگوترێت: منداڵی هێناوە). دواتر وشەی ( ورود) ی لێسازێنراوە، کە لە زمانی عەرەبییدا بەمانای « هاتن» دێت و لە زمانی فارسییدا واتای « هاتنە ناوەوە- دخول» ی لە خۆگرتووە. هەروەها لە وشەی (ورود) ەوەوشەکانی (وريد)(مورد) و (موارد) و (وارد) و (واردة) و (موارد)ی لێسازێنراوە. وشەی « وەرید- ورید»، بەمانای هێنەر دێت، کە لە ( وەرەث) ەوە سازێنراوە. لە وشەی (بەرەث) یشەوە، وشەی « بەرید- برید» سازێنراوە، کە هەمان واتای (وريد) ی هەیە، کە بەمانای هێنەر دێت، بەڵام واتاکانیان گۆڕاوە، کە ( وەرید) واتای «هێنەری خوێن»ی لەخۆگرتووە، (بەرید)یش واتای « هێنەری نامە»ی لە خۆگرتووە.

هەروەها لە وشەی ( ڤەرەث)ەوە، کە بە مانای " ثمر" دێت، بە شێوەی "Fruit" کەوتۆتە ناو زۆربەی زمانە ئەوروپییەکانەوە. وشەی ( ڤەرەخث) یش بە شێوەی" فروکت" کەوتۆتە زمانی لاتینییەوە، کە دواتر وشەی " فروکتۆس" "Fructus"ی لێسازێنراوە، کە هەمان مانای میوەی هەیە، هەروەها ناوی شەکری فریکتۆز "Fructose " لێرەوە هاتووە، کە برێتییە لەشەکری میوە.

لە ڕوویەکی دیکەوە، لە وشەی (ڤەریث) ەوە، وشەی " فرێش" " Fresh" کەوتۆتەوە، کە بەمانای " تازە پێگەیشتوو- نەوڕەس " دێت . بە دیوێکی دیکەشدا لە زمانی کوردییدا لە وشەی (ڤەریخ) ەوە، وشەی "فەریک" کەوتۆتەوە کە هەمان واتای هەیە. لە زمانی ڕووسییدا لە وشەی ( ڤەریث) ەوە " فرێژی" " Свежий» کەوتۆتەوە. لە زمانی ئیتالییدا لە وشەی ( ڤەریثخ) ەوە، وشەی «فریسک» «Fresc" کەوتۆتەوە. لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکاندا، پیتی (o) دەخرێتە سەر وشەو واتای ناوی نێرینە دەگەیەنێت، و پیتی (a)دەخرێتە سەر وشەو واتای ناوی مێینە دەگەیەنێت. هەر بۆیە لە زمانی ئیتاڵییدا وشەی (Fresc) بووە بە "Fresco " و "Fresca"، وە دواتر وشەی(Fresco ) بە بێ گۆڕان، واتە بەشێوەی" فرێسکۆ" "Φρέσκο» کەوتۆتە ناو زمانی گریکییەوە.

وشەی ( ڤەرەث)، کە بە مانای «ولادة» هاتووە، کە دیوێکی دیکەی واتای « زایین» ە، دواتر واتای زاووزێی «تكاثر»ی لە خۆگرتووە. لە وشەی ( ڤەرەث) ەوە وشەی»Fert" کەوتۆتەوە، کە دواتر وشەی "Fertile" ی لیسازێنراوە، کە بەمانای (پیت- خصب) دێت، دواتر وشەی "Fertility" ی سازێنراوە، کە بە مانای " زاووزێ" " التكاثر" دێت. ( Fertility rate ) بە مانای ( ڕێژەی زاووزێ- ڕێژەی منداڵبوون- ڕێژەی پیتاندن- نسبة الخصوبة) دێت. هەروەها وشەی (Fertilize) سازێنراوە، کە بەمانای" بەپیت کردن" دێت. هەروەها (Fertilizer) سازێنراوە، کە بەمانای" پیتێنەر- پەیین-

سماد" دێت. ئیدی لێرەوە وشەی ( پیت- خصب) واتاکەی دەگۆڕیت، کە پێشتر (پیتاندن) بۆ واتای ئاژەڵ و ڕووەک بە کارهاتبوو، لێرە بە دواوە واتای "پیتاندنی زەوی" لە خۆ دەگرێت. کە لە زمانی کوردییدا بە هەمانشێوە، بەڵام بە دیوی ( ڤەرەخ) دا، وشەی " فەرەخ" کەوتۆتەوە، کە هەروەها دوای ئەوەی کە پیتی ( خ) گۆڕاوە بۆ ( ه)، وشەی "ڤەرەه" کەوتۆتەوە، کە وشەی " فەڕ" ی لێکەوتۆتەوە، بنۆڕە، کە زەوییەک دەوڵەمەند بێت، دەگوترێت: بە پیتە یان بە فەڕە. یان هەندێجار هەردوو وشەکە پێکەوە دێن، وەکو: " بە پیت و فەڕ". وشەی( ڤەرەخ) کە بە مانای " تکاثر" هاتووە، واتا " زۆربوون". هەر بۆیە لە وشەی (فەرەهـ) ەوە وشەی" فەرە- فرە " کەوتۆتەوە و واتای " زۆر" ی لە خۆگرتووە. بە دیوێکی دیکەشدا لە وشەی ( فەڕ)ەوە، وشەی " پڕ" کەوتۆتەوە، کە هەمان واتای " زۆر" ی هەیە. هەروەها لە وشەی (فرە) وە وشەی " فرەوان" سازێنراوە، کە بەواتای" زۆر" یان "بەرین" دێت. هەروەها بە دیوێکی دیکەدا وشەی ( ڤەرەخ)، بە شێوەی ( فەرەح) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، کە هەمان واتای ( بەرین) ی هەیە. وشەی " بەرین" برێتییە لە دیوێکی دیکەی "کراوە- گوشاد- شاد" ی هەیە، لە زمانی عەرەبییشدا وشەی (فەرەح) هەمان واتای لە خۆ گرتووە، بۆنموونە: وشەی (فرحان) بە مانای " شادمان" دێت. هەروەها، وشەی (فەرەخ) یش لە زمانی فارسییدا هەمان واتای " شاد"ی لە خۆگرتووە، بۆ نموونە: وشەی (فرخندە) ، هەمان واتای " فرحان" ی هەیە.

وشەی ( ڤەرەث- بەرەث- بەرەخ- ڤەرەخ) کە واتای " زاووزێ" و " زۆربوون" و" فراوان بوون" ی لە خۆگرتووە، لە زمانی کوردیی و فارسییدا، لەوشەی ( ڤەرەث) ەوە، وشەی " ڤیروز" و دواتر فیروز" و " پیروز" و " پیرۆز" کەوتۆتەوە. هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا لە وشەی ( بەرەث) ەوە، وشەی " بلێس- Bless" کەوتۆتەوە. لە زمانی ئاشورییشدا، لە وشەی ( بەرەخ) ەوە، وشەی " بەریخا" کەوتۆتەوە کە هەمان واتای " پیرۆز" ی هەیە، لە زمانی عەرەبییشدا وشەی "بەرەک" کەوتۆتەوە، کە دواتر وشەی " برکة"ی لێسازێنراوە، هەروەها وشەی " مبارک" یش کە هەمان واتای "پیرۆز"ی هەیە. هەروەها لە زمانی کوردییدا لە وشەی ( ڤەرەخ) ەوە، وشەی " فەڕک" کەوتۆتەوە، کە بەهۆی کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە، وشەی ( فەڕک) بووە بە " موفەڕک"، لەسەرشێوەی ( موبارەک).

لە وشەی ( ڤەرەخ) ەوە، کە ( فەرەخ) ی لیکەوتبۆوە، وشەی " فەرەخزاد" سازێنراوە، کە هەمان واتای " مبارک" ی عەرەبیی هەیە، بە دیوێکی دیکەشدا واتای " منداڵێکی سەربەرزق- سەربەخێر" ی دەگەیەنێت، بە دیوی ( فەرەه- فەڕ) شدا، وشەی " فەرزاد" سازێنراوە، کە هەمان واتای هەیە. دواتر وشەی ( ڤەرەخ)، بە شێوەی (فەلەح) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە. کە وشەی " فلاح"ی

لێسازێنراوە، کە واتای کارگەری زەوی و ڕووەکی لەخۆگرتووە. بە دیوی ( ڤەرەث) یشدا، لە زمانی کوردییدا وشەی" ڤەرز" کەوتۆتەوە، هەروەها لە (وەرەث)یشەوە، وشەی " وەرز"کەوتۆتەوە، کە هەمان واتای کە هەمان واتای ( فەلەح) ی هەیە. دواتر لە وشەی ( ڤەرز – وەرز)ەوە، وشەی" ڤەرزگەر- وەرزگەر" سازێنراوە، کە دواتر لە وشەی ( ڤەرزگەر- وەرزگەر)ەوە، وشەی" ڤەرزیەر- وەرزیەر" کەوتۆتەوە کە دواتتر گۆڕاوە بۆ" ڤەرزێر- وەرزێر" کە هەمان واتای "فەلاح"ی هەیە. هەروەها بە گوێرەی " پەیڕەوی هانەونا"، لە وشەی (ڤەرز- وەرز) ەوە ، وشەی " ئاڤەرز- ئاوەرز" سازێنراوە.

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، وشەی (خیث) کە لە بنەڕەتدا بە مانای " ژین" هاتووە،کە لە پەرتەکانی پێشووتردا باسی ئەم وشەیەم کردووە. کە دواتر هەردوو وشەی " کیش" و " ئیش" ی لێکەوتۆتەوە، کە بەمانای " ژیانکردن". هەروەها وشەی ( ئیش)، بە شێوەی " عیش" کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، کە وشەی "معیشة" یش هەمان واتای " ژیانکردن" ی هەیە و لە هەمانکاتدا بە مانای " ئیش" یش دێت. وشەی (کیش) لە گەڵ وشەی ( ئاوەرز) دا، وشەی " کیشئاوەرز- کیشاوەرز" ی لێسازێنراوە. بە دیوێکی دیکە شدا لەوشەی ( ڤەرەھ) ەوە، وشەی" پەلەھ" کەوتۆتەوە، بە هەمانشێوەی " فەلەح"، کە دواتر وشەی " پاڵە"ی لێکەوتۆتەوە کە هەمان واتای" کیشاورەز" و" وەرزێر" و " فەلاح" ی هەیە.

درێژەی هەیە...

# ئاستەنگەکانی بەردەم وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان لە نێوان کوردی و عەرەبیدا

م. ی. عەبدولسەمەد محەمەد خەیلانی

**پێشەکی:**

ئاشکرایە پێشکەوتن و گەشەکردنی هەر وڵات و کۆمەگایەک بەستراوەتەوە بە بەرەوپێشچوونی زانست، تاکە سەرچاوەی هەر زانستێکیش بریتییە لە نووسین و خوێندنەوە، جا بە هەر جۆرێک بێت، وەک: (کتێب، توێژینەوە، بابەت، وتار، ڕۆژنامە و هتد...)، بۆئەوەی بتوانرێت نووسینی زۆر بخرێتە بەردەستی خوێنەران و لەگەڵ کاروانی زانستی سەردەم هەنگاو بنرێت، پێویستە سوود لە زانستی وڵات و گەلانی دونیا وەربگرین، ئەگەر وەرگێڕان تاکە کلیلیش نەبێت بۆ چوونەناو کاروانی زانستی، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە کلیلە هەرە گرینگەکان. کوردستانیش وەک هەر وڵات و گەلێکی ناوچەکە و دونیا بە جۆرێک لە جۆرەکان خاوەنی دام و دەزگای یاسایی و  دادوەری و کارگێرییە، خەڵکەکەی بە زمانێک قەسە دەکەن، کە هیچی کەمتر نییە لە زمانەکانی تر، بۆیە لۆژیکی نییە کۆمەڵێک یاسا بێنیت و لەسەر هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە پیادەیان بکەیت، و بەپێی ئەو یاسایانە سزایان بدەیت، کە بە زمانی خۆیان نەبێت و پێشتر لە واتەکەی تێ نەگەیشتبن، چونکە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی بنەمایەکی گشتی یاسایە، کە دەڵێت: (لا جريمة وعقوبة الإ بالنص) واتا: بەبێ بوونی دەق نە تاوان و نە سزا نین. چونکە مەبەست لە بڵاوکردنەوەی یاسا لە ڕۆژنامەی فەرمی هەر بۆ ئەوەیە خەڵکی لە یاساکە تێبگەن، بەڵام ئەگەر بە زمانی خۆیان نەبێت چۆن تێی بگەن؟ بۆیە پێویستە لە هەموو لایەک گرنگی بە وەرگێرانی دەقە یاساییەکان بدرێت.

ناونیشانی توێژینەوەکەمان (ئاستەنگەکانی بەردەم وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان لە نێوان کوردی و عەرەبیدا)یە، یەکێکە لەو ئالانگارییانەی لە وەرگێڕاندا بوونی هەیە. سنوری ئەو توێژینەوەیەمان تەنها وەرگرتنی ئاستەنگەکانی زاراوەیە لەبەردەم وەرگێڕاندا، بە وەرگرتنی چەند نموونەیەکی بژاردەی زاراوەیی بۆ ئەوەی ئاسۆی وردەکاری ئەو وەرگێڕانەی، کە پێویستە بەرچاوبخرێت..

**ئامانجی توێژینەوە:**

بۆ کاری وەرگێڕان بە تایبەتی لە زانستەکاندا کاری وەرگێڕان ئاستەنگی خۆی هەیە، هەربۆیەش گرنگە لە وەرگێڕانی یاسایی هەست بەو بەرپرسیارییەتییە بکرێت. ناکرێت وەرگێڕان بەبێ وردەکاری زاراوەوە و بەبێ ڕەچاوکردنی چەمکی زاروەکان کردەی وەرگێڕان ئەنجام بدرێت. من لەو توێژینەوەیە دەمەوێت چۆنیەتی بە کوردیکردنی

دەقە یاساییەکان و ئەو ئاستەنگانە بخەمەڕوو، کە لە ئەنجامی گەڕان لە سەرچاوەکان و کارکردنم لەو بوارە پێیان ئاشنا بووم.

**بایەخی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی کەسی وەرگێر بەو کێشە و ئاستەنگانەی بە تایبەت دێنەر بەردەمی لە کاتی وەرگێرانی دەقە یاساییەکان. چۆنییەتی مامەڵە کردنیان و ئاگاداربوونیان بەتایبەتی تێگەیشتنی دەقە یاساییەکان وەک یاسا گرنگن. لە پاڵ ئەزموونی توێژینەوەدا هەڵوەستەیەک بۆ بنەما و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو زاراوانە گرنگە.

**پرسیاری توێژنەوە:**

ئایا وەرگێرانی دەقێکی یاسایی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ وەرگێرانی هەر دەقێکی تری عەرەبی؟ ئەو جیاوازییانە چین؟ بۆچ گرنگە ڕەچاوکرێن؟

**پلانی توێژینەوە:**

پێشەکی:

وشە کلیلییەکان: (Keywords)

تەوەرەی یەکەم: چەمک و پێناسە و جۆرەکانی وەرگێڕان

لەتەوەری دووەمدا: جۆرەکانی زمان و تایبەتمەندییەکانی یاسا

تەوەرەی سێیەم: ئاستەنگەکانی بەردەم وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان و بەکوردی کردنی

وشە کلیلییەکان: (Keywords)

زمانی یاسا، تایبەتمەندییەکانی دەقە یاساییەکان، کێشە و ئاستەنگەکان

چەمک و پێناسەی وەرگێڕان

وەرگێڕان وەک هەر زانستێکی تر بایەخ و بەهای خۆی هەیە، بۆیە پێویستە چەمکی وەرگێڕان پێناسە بکرێت.

**پێناسەی وەرگێڕان:**

بە مەبەستی پێناسەکردنی وەرگێڕان پێویستە جیاوازی لە نێوان وەرگێڕان (Traduccion) و زانستی وەرگێڕان (Traductologia) یان تیۆرەکانی وەرگێڕان بکرێت (ألبير، ٢٠٠٧، ٣٣).

١-پێناسەی وەرگێڕان: وەرگێڕان بریتییە لە بەهرە و شارەزایی لە کاری وەرگێڕان، واتا تەنها بریتییە لە توانای گواستنەوەی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان هونەری گواستنەوەی وشە و واتا لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر.

٢-زانستی وەرگێڕان: بریتییە لە تێگەیشتن لە تیۆرەکانی وەرگێڕان و جۆرەکانی وەرگێڕان.

**جۆرەکانی وەرگێڕان:**

بەرلەوەی باس لە وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان بکەم حەزدەکەم زۆر بە کورتی ئاماژە بە جۆرەکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی بکەم، وەرگێڕان چەند جۆرێکی هەیە لەوانە، (عناني، ٢٠٠٣، ٣٣) (اکرم، ٨ و دواتر)؛

١-وەرگێڕانی دەقاو دەق (الترجمة الحرفية): بریتییە لە پابەندبوون بە دەقی ڕەسن و واتای پیتی وشەکان، ئەم جۆرە وەرگێڕانە بە خراپترین جۆرەکانی وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە زۆر جار وشەکان تاوای ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن، و بگرە تەنانەت بەلای زۆربەی هاوزمانەکانی زمانی ئامانج (زمانی بەرامبەر) تێگەیشت لە دەقی ڕەسن ئاسانترە لە تێگەیشتن لە دەقی وەرگێڕدراو.

٢-وەرگێڕان بە دەستکارییەوە: بریتییە لە دەستکاریکردنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان بەپێی ڕێساکانی زمانی بەرامبەر، بەمەش دەقەکە واتای ڕاستەقینەی خۆی دەگەیەنێت و تێگەیشتن لێی ئاسانە.

٣-وەرگێڕانی ڕاڤەیی (الترجمة التفسيرية): بریتییە لەوەی وەرگێڕ هەندێک وشە و دەستەواژەی ناڕوون ڕووندەکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاڤەکردنە لە پەراوێز بکرێت باشترە.

٤-وەرگێڕانی کورتکراوە: بریتییە لەوەی وەرگێڕ بابەتەکە کورت بکاتەوە و بە شێواز و دەربڕینی خۆی پێشکەشی بکاتەوە.

٥-وەرگێڕانی ڕاستەخۆ: بریتییە لە وەرگێڕانی وتە و دیدار و کۆبوونەوەکان و کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکان و هتد...، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەرگێڕ لێهاتوویەکی باشی هەبێت لە هەردوو زمانەکە و شێوازی دەربڕین.
هەریەک لە وەرگێڕانی دەقاو دەق و وەرگێڕانی ڕاڤەیی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە وەرگێڕانی دەقە یاساییەکانەوە هەیە، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی تێکەڵ بە یەکتر بکرێن هەروەک دواتر باسی دەکەین.

**زمانی یاسا:**

زمانی یاسا، کە بریتییە لە زمانی پسپۆڕی یاسا (لغة اختصاص القانون): هەروەک (د. پیار لورا- (Pierre LERAT): بەم جۆرە پێناسەی زمانی پسپۆڕی دەکات: (بریتییە لە زمانێکی سروشتی، کە ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە زانیارییەکانی پسپۆڕییەک)، (بوالمرقة،٢٠٠٧-٢٠٠٨، ١١).
کەواتە زمانی پسپۆڕی بەندە بە بوارێکی دیاریکراو و زۆر جار لە چوارچێوەی زمانی گشتی دەردەچێت، بۆیە واتا و مەبەستی دەستەواژەکان لە پسپۆڕییەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. کەواتە وەرگێڕان بووەتە پسپۆڕی لە ناو پسپۆڕیدا، بۆ نموونە وەرگێڕانی ئەدەبی پەیوەستە بە دەقە ئەدەبییەکان و وەرگێڕانی دارایی پەیوەستە بە وەرگێڕانی دەستەواژە و ڕاپۆرتە داراییەکان و، پزیشکی بریتییە لە وەرگێڕانی ڕاپۆرتەکانی پشکنین و بەڵگەنامە پزیشکییەکان وهتد... بۆیە ناکرێت وەرگێڕ لە هەموو پسپۆڕییەکان داهێنان بکات، بەڵکو پێویستە تەنها لە بوارێکی دیاریکراو کار بکات.
پسپۆڕی یاساش وەک هەر پسپۆڕێکی تر، زمان و دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە گوزارشت لە دەق و ڕێسا یاساییەکان دەکەن، و تەنانەت دەربڕینی زارەکی و نووسراویش لە مەیدانی یاسا واتا و مەبەستی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە ئەو زمانەی لە کاتی دادبینی و لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن بەکاردەهێنرێت هەر وشەیەک گوزارشتە لە واتایەکی تایبەتی و پێویستە بە ئەمانەتەوە دەرببڕدرێت، وەک وشەی تۆمەتبار و تاوانبار (المتهم والمجرم)، ئەو کەسەی لە کاتی پرۆسەی لێکۆڵینەوە دایە و تاوانەکەی لە سەر ساخ نەبۆتەوە پێی دەگوترێت تۆمەتبار و کاتێک تاوانەکەی لەسەر چەسپا پێی دەگوترێت تاوانبار، بۆیە ناکرێت بە هیچ جۆرێک لە کاتی وەرگێڕان ئەم دوو دەستەواژەیە تێکەڵ بە یەکتر بکرێن. کەواتە وەرگێڕانی یاسا واتا پسپۆڕی لە زمانی یاسا و شارەزابوون لە دەستەواژە یاساییەکان.

**جۆرەكانی زمانی یاسا:**

زمانی یاسا لە رووی ئەرکەوە لە سێ جۆر پێک دێت، (بوالمرقة،٢٠٠٧-٢٠٠٨، ١٦ و دواتر)، (حساین سهام، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ٦):

**یەكەم**: زمانی یاسادانان: بەڵگەنامە یاساییەکان لەخۆدەگریت، وەک یاساکانی پەرلەمان و بەڵگەنامە دەستوورییەکان و گرێبەست و ریککەوتننامە و پەیماننامەکان، شێوازی یاسادانان دیارترین شێوازەکانی نووسینی یاساییە، چونکە ئەو دەقە یاساییانەی یاسادانەر دەریان دەکات رەنگدانەوەی فیکری کۆمەڵگان لە سەردەمێکی دیاریکراو، و ناکرێت ئەم شێوازە تێکەڵ بە هیچ شێوازێکی تری دەربڕین بکرێت.

**دووەم**: زمانی دادگا: بریتییە لە زمانی بڕیار و کۆنووس و راپۆرتەکانی دادگا و بەڵگەنامەکانی دادگا، وەک گرێبەستی هاوسەرگیری و بەڵگەنامەی لە دایک بوون و مردن و دابەشنامەی شەرعی و هتد..

**یەكەم**: زمانی زانستی (ئەکادیمی): وەک توێژینەوەی ئەکادیمی یاسایی و کتێبەکانی تایبەت بە پڕۆگرامی خوێندنی یاسا.

بۆیە پێویستە وەرگێر هەرسێ جۆرەکە بە یەکترەوە ببەستێتەوە.

**تایبەتمەندییەكانی زمانی یاسا:**

هەرچەندە زمانی یاسا لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ زمانی گشتی یەک دەگرێتەوە، بەڵام بە پێی سروشتی ئەو مەیدانەی تیایدا بەکاردەهێنرێت چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە، (حدید، ١٩٧١، ١٣٢)، (بوالمرقة، ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ١٨ و دواتر)، (حساین سهام، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ٨ دواتر):

**١-وردی** (**الدقة**): واتا بە شێوەیەکی یەکسان گرنگی بە پیت و واتا دەدات، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ناوەڕۆکی دەقەکە بکرێت بۆ ئەوەی واتا و لێکدانەوەی جیاواز لەگەڵ واتای راستەقینە هەڵنەگرێت، و بە هۆشیاری ڕاڤە بکرێت، چونکە هەر تێکەڵاوییەک لە واتای دەستەواژەکان کاریگەری لە سەر دەقەکە و تێگەیشتن لە ڕێسای یاسایی دەبێت.

**٢-ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوی یان روونی و سادەیی**: یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆییە، بە جۆرێک دوورە لە هەر جوانکارییەکی ڕەوانبێژی، چونکە گەرەکە هاوڵاتی بەبێ پێچ و پەنا لە واتاکەی تێبگات، بۆیە پێویستە زمانی یاسا

دوور بێت لە هەر وشەیەکی نادیار و ئاڵۆز و تێکەڵاو، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەرک و مافی هاوڵاتیانەوە هەیە.

**٣-کورتی و پوختی:** واتا دەربڕینی واتای مەبەست بە کەمترین وشە و ڕستەی گونجاو، بۆیە چۆن دەقەکە کورت و پوختە بە هەمان شێوە پێویستە وەرگێڕ بە پوختی دایبڕێژێتەوە بۆ سەر زمانی بەرامبەر

**٥-دەستەواژەی تایبەت بە بواری یاسایی:** پسپۆڕی یاسا وەک هەر پسپۆڕییەکی تر دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەشێ لە پسپۆڕییەکانی تر واتای جیاواز بگەیەنێت، بۆیە پێویستە وەرگێڕ لە زمانی بەرامبەر دەستەواژەی تایبەت بە پسپۆڕی یاسا بەکاربهێنێتەوە.

بۆ نموونە وشەی (القاعدة واللوائح)، کە لە پسپۆڕی یاسا بە واتای ڕێسا و گەڵاڵەنامە دێن، بەڵام لە پسپۆڕییەکی تری وەک کۆمپیوتەر و هونەری بە واتای جیاواز دێن.

**چەند ئاستەنگێکی گشتیی بەردەم وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان:**

بەرلەوەی باس لە کێشەکانی وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان بکەم، بە کورتی ئاماژە بەو کێشانە دەکەم، کە ڕووبەڕووی زانستی وەرگێڕان دەبنەوە، بەم جۆرەی خوارەوە (أبو يوسف و مسعد، ٢٠٠٥، ١٦ و دواتر):

**١-کێشەی وشە و دەستەواژەکان**

کێشەی سەرەکی وشە و دەستەواژەکان دەگەڕێتەوە بۆ بنچە و وەرگیرانی وشە و گۆڕانی واتاکەیان بەپێی شێوەی دەستەواژەکان و شوێن و پێگەی لە ڕستەدا، بەم جۆرەی خوارەوە (كحيل، ٥٢ و دواتر):

أ-جیاوازی زمانەوانی وەک جیاوازی لە پێکهاتەی وشە (بناء الكلمة) بۆ نموونە ناوی بکەر (اسم فاعل) و ناوی کارلێکراو (اسم مفعول)، یان پێگەی وشە لە ڕستە بۆ نموونە ئەگەر وشە لە ڕستەدا بکەر (فاعل) بێت واتاکەی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کارلێکراو (مفعول) بێت و بە جۆرە، بۆیە پێویستە وەرگێر بە وردی ڕەچاوی ئەمە بکات.

ب-جیاوازی ڕۆشنبیری و شارستانی لە نەتەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و کاریگەری لە سەر واتا و مەبەست لە دەستەواژەکان.

ت-کێشەی داهێنانی دەستەواژە لەلایەن نەتەوەیەک و هەولی وەرگێڕان بۆ سەر زمانێکی تر، بۆ نموونە کاتێک نەتەوەیەک زانستێک یان ئامێرێک یان بیرۆکە و تیۆرێک دادەهێنێت و بە زمانی خۆی ناوێکی بۆ دادەنێت و خاوەن زمانەکانی تر دەیانەوێت خودی ناوەکە وەربگێڕنە سەر زمانی خۆیان، کە زۆر جار ناوەکە لە واتای ڕاستەقینەی خۆی دەردەچێت، من پێم باش ناوەکە بە هەمان زمانی ڕەسەن لە زمانی بەرامبەر بناسێندرێت و لە نووسینەکاندا بەکاربهێنرێت.

**٢-کێشەی لێکدان و بەکارهێنانی ڕستە:**

ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی نووسینی ڕستە و پێکهاتەی ڕستە و چۆنیەتی بەکارهێنانی و جێگۆڕکێکردن بە وشەکان لە زمانی بەرامبەر، وەک شێوازی بەکارهێنانی کردار لە ڕستەدا بۆ نموونە لە زمانی عەرەبی کردار (الفعل) لە سەرەتای ڕستە دێت و لە زمانی کوردی لە کۆتایی ڕستە دێت و هەروەها. بۆیە پێویستە وەرگێر لە کاتی وەرگێڕانی ڕستەکان ڕەچاوی ڕێزمانی زمانی بەرامبەر بکات.

**٣-کێشەی فەرهەنگی: خۆی لە دوو حالەت دەبینێتەوە:**

أ-کاتێک پێویست بە داڕشتنی دەستەواژەیەک دەکات، کە لە زمانی ئامانج نییە، لەو حالەتە وەرگێڕ پەنا بۆ داڕشتنی دەستەواژەی نوێ دەبات لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ و بونیادی زمانی ئامانج، لێرەدا وەرگێڕ دەکەوێتە بەردەم چەند حالەتێک لەوانە نەبوونی وشەی هاوتا لە فەرهەنگی هەردوو زمانەکە، و نەپێکانی واتای تەواوی وشەی بیانی، و گوزارشتکردنی وشەکان لە واتایەکی جیاواز لەگەڵ واتای زمانی سەرچاوە.

ب-کێشەی هاوواتایی: بریتییە لە کێشەی دەست نەکەوتنی وشەی هاوواتا لە زمانی ئامانج، ئەمەش زۆر جار پەیوەندی نییە بە کەم وکوڕی زمانەکە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و لاوازی وەرگێڕ.

٤-کێشەی پەیوەست بە دەق: بە تایبەت لە بواری دەقە زانستی و پسپۆڕییە وردەکان، چونکە دەقە زانستییەکان بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوە دان، بە جۆرێک بە دەگمەن وایە هەردوو زمانەکە لە یەک ئاستی زانستیدا بن، بۆیە ئەمەشیان دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم وەرگێر.

**کێشەی وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان:**

لەبەر ئەوەی دەقی یاسا تایبەتە و ڕاستەخۆ پەیوەندی بە ژیانی تاکەکانەوە هەیە و بە شێوەیەکی ورد دانراوە، بەجۆرێک هەر پیت و وشەیەک مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی ورد وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر بۆ ئەوەی واتای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست نەدات، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و ئەرک و مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە.

ئاستەنگەکانی بەردەم وەرگێڕانی دەقەکان یاساییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن (ریکالد: ٢):

**یەکەم: کێشەی دەستەواژەکان:**

لە بەر ئەوەی هەر وڵاتێک خاوەنی سیستەمی یاسایی و دەستەواژەی یاسایی تایبەت بە خۆیەتی، و دەکرێت واتای دەستەواژەکان لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێن. چونکە کلتور و زمانی کۆمەڵگا کاریگەری ڕوونی هەیە لەسەر زمانی یاسا. بۆیە پێویستە دەستەواژەکان بە وردی بۆ زمانێکی تر بگوازرێنەوە، بۆ ئەوەی واتای ڕاستەقینەی خۆیان بگەیەنن.

بۆیە لە کاتی وەرگێرانی دەقە یاساییەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەم چەند حاڵەتەمان دێتە بەردەم (ریکالد: ٢)؛

١-بوونی دوو سیستەمی یاسایی، کە بە دوو زمانی یاسایی هاوشێوە گوزارشتیان لێ دەکرێت، لەم حاڵەتە وەرگێڕان تا ئاستێک ئاسانە.

٢-بوونی دوو سیستەمی یاسایی هاوشێوە، کە بە دوو زمانی یاسایی جیاواز گوزارشتیان لێ دەکرێت، لەم حاڵەتە وەرگێڕان زۆر زەحمەت نییە.

٣-بوونی دوو سیستەمی یاسایی تەواو جیاواز، بەڵام لەگەڵ ئەوە زمانی یاساییان بە تەواوەتی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، لەم حاڵەتە وەرگێڕان زۆر ئەستەمە.

٤-بوونی دوو سیستەم و دوو زمانی جیاواز کە بە هیچ جۆرێک پەیوەندییان بە یەکترەوە نەبێت، لەم حاڵەتە زیاترین کێشە بۆ وەرگێڕی یاسایی دروست دەکات.

کەواتە پێویستە وەرگێر ڕەچاوی جیاوازی دەستەواژەکان و کلتور و شێوازی دەربڕینی یاسایی لە هەردوو زمانەکە و کۆمەڵگاکە بکات.

**دووەم: وەرگێڕانی دەقی یاسایی:**

بە شێوەیەکی گشتی کێشە سەرەکییەکانی وەرگێڕانی دەقی یاسایی بریتین لە (حدید، ١٩٧١، ١٣٣ و دواتر) (سفیلر، ٢):

١-چوارچێوەی تەسکی دەقی یاسایی دەربارەی هەلبژاردنی سەرچاوەکانی زمان، کە پێویستە وەرگێر تێی بگات و جۆرێک لە ملکەچی بۆی هەبێت و ڕێزی بگرێت و بە تەواوەتی بزانێت تاچەند ئازادە لە بەکارهێنانی، چونکە وەرگێڕ بۆی نییە بە ویستی خۆی ڕوونکردنەوەی درێژ لەسەر دەستەواژەکان بخاتەڕوو، تەنها بۆی هەیە لە کاتی پێویست ڕوونکردنەوە لە پەراوێز بدات.

٢-گوتار و زمان و چەمک و ئامراز و میکانیزم و دەزگاکانی بواری یاسایی زۆر فراوانن، بە جۆرێک پێویستە وەرگێڕ بتوانێک لەگەڵدا هەڵ بکات.

٣-جۆراوجۆری لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی سیستەمە یاساییەکان، یەکێکی ترە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە.

٤-کێشەی پەیوەست بە پەسەندکردنی دەستەواژە بێ شومارەکان، کە بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووری کۆمەڵگاکان گواستنەوەیان ئەستەمە، چونکە هەڵژاردنی دەستەواژە شوێنەواری یاسایی لێدەکەوێتەوە، هەروەها دەکرێت کت و پڕ بە هۆی گۆڕانی یاساکان چەند دەستەواژەیەک کۆن ببن یان پووچەڵ بکرێنەوە.

٥-پێویستی پەیڕەوکردنی پرۆگرامی چەند پسپۆڕی، بەجۆرێک پێویستە وەرگێڕ لە یەک کاتدا شارەزایی لە کۆمەڵێک پسپۆڕی هەبێت، بۆ نموونە لە کاتی وەرگێڕانی دەقەکانی یاسای بازرگانی پێویستە وەرگێڕ شارەزایی لە زانستی دارایی و بانکی هەبێت.

کێشەی بە کوردیکردنی دەقە یاساییەکان و تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕی یاسایی:

**کێشەی بە کوردیکردنی دەقە یاساییەکان:**

زۆر کەس پێی وایە هەرگیز ناکرێت یاسا بکرێتە کوردی، بەڵام من بۆچوونێکی پێچەوانەم هەیە و هەرگیز باوەڕیشم وانییە، کە پێویست بێت هەموو دەستەواژەکان بکرێنە کوردی، بۆیە لە ئەنجامی کارکردنم لە بواری وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان

بۆم دەرکەوت، کە دەستەواژەکان بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرەی خوارەوە دابەش دەکرێن:

١-ئەو دەستەواژانەی لە کوردیدا وشەی بەرامبەریان هەیە بەبێ ئەوەی واتای ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست بدەن، و لە زمانی کوردی بۆ هەمان ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێن، وەک:

عقوبة – سزا

جريمة- تاوان

محكمة- دادگا

حاكم أو قاضي– دادوەر

تحقيق – لێکۆلینەوە

زواج- هاوسەرگیری

بۆیە لە کاتی وەرگێڕانی ئەم دەستەواژانە بۆ سەر زمانی کوردی هیچ کێشەیەک ناهێتەبەردەم و بە زمانی کوردی دەنووسرێنەوە و پێویست بە هیچ ڕوونکردنەوەیەک ناکات.

٢-ئەو دەستەواژانەی واتاکەیان لە زمانی کوردی نامۆیە، واتا ئەگەر تەنها بە زمانی کوردی بنووسرێنەوە تێگەیشتنیان بۆ خەڵکی ئەستەمە، بۆیە پێویستە وشە عەرەبییەکەی لەگەڵدا بنووسرێتەوە، ئەگەرنا کێشە لە تێگەیشتن لە واتای ڕاستەقینە دروست دەکات، چونکە هەروەک پێشتر باسمانکرد یەکێک لە تایبەتبەتمەندییەکانی دەقی یاسایی بریتییە لە ڕوونی و ڕاشکاوی بۆ ئەوەی هاوڵاتی بەبێ پێچ و پەنا لە واتاکەی تێبگات. ئەم دەستەواژانەش وەک نموونە بریتین لە:

إلتزام – پابەندبوون

رهن- بارمتە

حقوق الإرتفاق – مافەکانی هاوتەنیشتی

٣-ئەو دەستەواژانەی ئەگەر دەقاودەق بکرێنە کوردی واتای راستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن یان لەگەڵ دەستەواژەی تر تێکەڵ دەبن، بۆیە پێویستە هەر بە عەرەبی بەکاربهێنرێنەوە: وەک:

الحكم والقرار: چونكە لە كوردی وشەی (الحكم و القرار) واتا بڕيار، بەڵام لە ڕووی ياسايی حكم و قرار جياوازن، عادەتەن قەرار پێش يەكلايی كردنەوەی داوا لەلايەن دادوەر دەردەچێت، واتا: بڕيار دەدرێت بە ئەنجامدانی ڕێكارەكانی داوا، بۆ نموونە بڕياردان بە ڕاگرتنی تۆمەتبار و دەستبەسەرداگرتنی كەرەستەی بەكارهاتوو لە ئەنجامدانی تاوان، بەڵام حوكم دوای يەكلايی كردنەوەی داواكە وەک دەرئەنجامی داواكە دەردەچێت، بۆ نموونە حوكمدان بە تاوانباركردنی تۆمەتبار و زيندانيكردنی بۆ ماوەی دياريكراو لە دەقی ياسا، بۆيە ئەگەر لە كاتی وەرگێڕانيان بۆ سەر زمانی كوردی لە بەرامبەر هەردووكيان بڕيار بەكاربهێنرێت هەڵەيە، چونكە دەستەواژەكان تێكەڵ دەبن. كەواتە بە بۆچوونی من دەكرێت لە بەرامبەر (قرار) بڕيار بەكاربهێنرێت و (حكم)يش لە زمانی كوردی وەک خۆی بنووسرێتەوە.

السجن والحبس: لە زمانی كوردی هەردوو وشەكە بە واتای بەندكردن يان زيندانيكردن بەكاردەهێنرێن، بەڵام لە ڕووی ياساييەوە جياوازن، بە جۆرێک بە پێی ماددەی (٨٧) لە ياسايی سزاكانی عيراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ (السجن) بريتييە لە بەندكردنی بۆ ماوەی زياتر لە پێنج ساڵ بەرەوە سەرەوە، بەڵام لە پێی ماددەی (٨٨) لە هەمان ياسا (الحبس) بريتييە لە بەندكردن بۆ ماوەی سێ مانگ تاكو پێنج ساڵ. بۆيە ئەگەر لە كاتی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی كوردی بەندكردن بۆ هەردووكيان بەركابهێنرێت واتای دەقە ياساييەكە دەگۆڕێت و خوێنەر نازانێت مەبەست سيجنە يان حەبس، كەواتە دەكرێت وشەی (السجن) بە بەندكردن لێكبدرێتەوە و (الحبس)يش وەک خۆی لە ناو دەقی كوردی بەكاربهێنرێتەوە.

### تايبەتمەندييەكانی وەرگێڕی ياسايی:

بە پێی ڕوونكردنەوەيەی پێشوو مان دەردەكەوێت، كە بە شێوەيەكی گشتی پێويستە وەرگێڕی ياسايی ئەم تايبەتمەندی و خەسڵەتانەی تێدا بێت، (عناني، ٢٠٠٣، ٣٤)، (أبو يوسف و مسعد، ٢٠٠٥، ٢١)، (اكرم، ٩ و دواتر) و (ريكالد: ٣)، (مكی، ٢٠١٠، ١):

-شارەزاييەكی تەواوی هەبێت لە تيۆر و پرۆگرامەكانی وەرگێڕان (نظريات ومناهج الترجمة)، (نيوبرت، ٢٠٠٨، ١٦ ودواتر).

٢-پێویستە شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە شێوازی دەربڕین و نووسینی یاسایی تایبەت بە زمانی ئامانج (واتا ئەو زمانەی وەرگێرانی بۆ دەکات).

٣-مەرجە زانیاری پێویستی هەبێت لە سەر سیستەمە یاساییەکانی وڵاتی سەرچاوە (واتا ئەو یاسایانەی مەبەستییەتی وەریان بگێڕێت).

٤-توانای داڕشتی چەمکی یاسایی هەبێت بۆ گوزارشتکردن لە زمانی سەرچاوە، بۆئەوەی لە زمانی ئامانج هەمان واتای خۆی بگەیەنێت.

٥-پێویستە ئەمین بێت لە گواستنەوەی واتا و فیکرەکان لە زمانی سەرچاوە.

٦-شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە سەر واتا و مەبەستی دەستەواژەکان لە هەردوو سیستەمە یاساییەکە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەر دەستەواژەیەک لە زمانی ئامانج لە بەرامبەر دەستەواژەی هاوشێوەی لە زمانی سەرچاوە بەکاربهێنێت.

٧-ئاگاداری ئامانج و مەبەستی دەقە یاساییەکە بێت، بۆئەوەی لە کاتی گواستنەوەی بۆ زمانی بەرامبەر لە چوارچێوەی ئەم مەبەستە دەرنەچێت.

٨-شارەزایی لە ڕێسا و بونیادی هەردوو زمانەکە هەبێت، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبی (فعل) کردار لە سەرەتای ڕستە دێت، بەڵام لە زمانی کوردی لە کۆتایی ڕستە دێت، بۆیە ئەگەر وەک نموونە بمانەوێت ئەم دەقە یاساییە لە عەرەبییەوە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی:

تحسب المواعيد بالتقويم الميلادي... (یاسای شارستانی عیراقی، ژمارە(٤٠)ی ساڵی ١٩٥١، ماددەی (٩)

ماوەکان بە ڕۆژژمێری زاینی هەژمار دەکرێن.

هەروەها ماددی (٧٢٢) لە هەمان یاسا:

الایجار تملیک منفعة معلومة بعوض معلوم لمدة معلومة وبه یلتزم المؤجر ان یمکن المستأجر من الانتفاع بالمأجور.

هەریەک لە وشەی (المؤجر – اسم فاعل) واتا بەکرێدەر، (المستأجر) ئەو کەسەی داوای بە کرێگرتن دەکات، (المأجور) بە کرێگیراو، بۆ تێگەیشتن لەو دەستەواژانە پێویستە وەرگێڕ شارەزای ڕێساکانی زمانی عەرەبی بێت.

٩- شارەزا بێت لەو پسپۆڕییەی وەرگێرانی تیادا دەکات، کەواتە تێگەیشتنی وەرگێر تەنها لە چەمکە یاساییەکانی دەقی زمانی سەرەکی (source language

text)، و لە زمانی بەرامبەر (target language)، و بەکارهێنانی فەرهەنگ و شارەزابوون لە زانستی زمان و (علم النحو والصرف) بەس نییە، بەڵکو پێویستە لە شێوازی دەربڕینی یاسایی زمانی بەرامبەر شارەزا بێت، بۆ ئەوەی دوور بێت لە وەرگێڕانی دەقاو دەق (وشە بە شە). (ریکالد: ٢)، کەواتە باشترین وەرگێڕی یاسایی بریتییە لە خودی پسپۆڕی یاسایی، بەڵام کەسی دەرەوەی ئەم پسپۆڕییەش پێویستە شارەزاییەکی فراوانی هەبێت لە بواری ڕۆشنبیری یاسایی، ئەگەر کاری وەرگێڕان لەم بوارە بکات. (حدید، ١٩٧١، ١٢٣).

١٠- شارەزابوون لە دەستەواژە یاساییە نوێیەکان، بۆ نموونە وەک (الاستنسال-الاستنساخ البشري) واتا: کۆپیکردنی مرۆڤ، بۆ ئەوەی لە کاتی وەرگێڕان تووشی تێکەڵکردنی دەستەواژەکان نەبێت.

**ئەنجام**

١-کێشەکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێنەوە بۆ کێشەی وشە و دەستەواژاەکان لە ڕووی جیاوازی زمانەوانی و ڕۆشنبیری و کێشەی داهێنانی وشە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانێکی تر، و کێشەی لێکدان و بەکارهێنانی ڕستە و فەرهەنگ و جگە لەوانە چەند کێشیەکی پەیوەست بە دەق و وشەی هاوواتا.

٢-کێشەی وەرگێڕانی دەقە یاساییەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە کێشەی جیاوازی دەستەواژەکان بەپێی جیاوازی سیتەمی یاسایی و تایبەتمەندی دەقی یاسایی.

٣-کێشەی بە کوردیکردنی دەقە یاساییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سێ جۆر دەستەواژەی یاسایی، وەک ئەو دەستەواژانەی لە کوردیدا وشەی بەرامبەریان هەیە بە هەمان واتا، و ئەو دەستەواژانەی واتاکەیان لە زمانی کوردی نامۆیە، کە پێویستە لەگەڵیدا وشە عەرەبییەکە لە ناو کەوان بنووسرێتەوە، و ئەو دەستەواژانەی ئەگەر دەقاودەق بکرێنە کوردی واتای راستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن یان لەگەڵ دەستەواژەی تر تێکەڵ دەبن، پێویستە هەر بە عەرەبی بەکاربهێنرێنەوە.

٤-پێویستە وەرگێڕی یاسایی چەند تایبەتمەندییەکی تێدا بێت لەوانە: شارەزا بوون لە تیۆر و پرۆگرامەکانی وەرگێڕان و شێوازی دەربڕین و نووسینی یاسایی

و سیستەمە یاساییەکانی وڵاتی سەرچاوە و دارشتی چەمکی یاسایی و ئاگادار بوون لە ئامانج و مەبەستی دەقە یاساییەکە، و شارەزا بوون لە ڕێسا و بونیادی هەردوو زمانەکە، هتد...

**ڕاسپاردە:**

به مەبەستی گرنگریدان بە بواری یاسایی بە پێویستی دەزانم ئەم چەند ڕاسپاردەیە بخەمە ڕوو:

١-لەسەر ئاستی فەرمی لە حکومەتەوە تا دەگاتە دامەزراوە زانستییەکانی وەک وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆ و کۆلێژەکان گرنگی بە بواری بەرکوردیکردنی یاسا بدرێت.

٢-لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی گرنگی بدرێت بەم بوارە لە ڕێگەی کردنەوەی خول و دامەزراندنی ناوەند و سەنتەری تایبەت بە وەرگێڕان.

٣-لە سەر ئاستی تاکە کەسی بە پێویستی دەزانم مامۆستیانی یاسا و دادوەر و یاساناس و پارێزەر هەوڵی بە کوردیکردنی دەقە یاساییەکان بدەن.

**سەرچاوەکان:**

١- اشكالية الترجمة القانوية، ترجمة. د. حسيب الياس حديد/ ادريانا سفيلر، جامعة باريس ٣/السوربون/ www.alnoor.se/article.asp?id=٢٨٥٨٦١.

٢- أصول الترجمة، د. حسيب الياس حديد، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ١٩٧١.

٣- الترجمة القانونية: إشكاليات وأخطاء شائعة، مثنى مكي محمد، ا. م. في الادب الانكليزي - جامعة كربلاء قسم اللغة الانكليزية - المقال منشور عل موقع صحيفة كتابات في الميزان-Muthanna. meqi@uokerbala.edu.iq .

٤- الترجمة القانونية: طبيعتها وصعوباتها، بقلم: دينيس ريكالد Denise Recald، ترجمة: هاشم كاطع لازم – أ. م. (لغة أنكليزية وترجمة) – كلية شط العرب الجامعة البصرة.

٥ ٢٠٠٩□-

٢٠١٠: ٦.

٦- ترجمة بعض المصطلحات والمفاهيم المستمدة من القانون الإسلامي إلى اللغة الفرنسية، رسالة ماجستير، مينة بوالمرقة، جامعة منتورى- قسنطينة – كلية الآداب واللغات- الجزائر – ٢٠٠٧- ٢٠٠٨.

٧- الترجمة وعلوم النص، ألبرت نيوبرت و غريغورى شريف، النشر العلمي والمطابع- جامعة الملك سعود، ٢٠٠٨

٨- الترجمة ونظرياتها مدخل إلى علم الترجمة، أمبارو أورتادو ألبير، ترجمة على إبراهيم المنوفى، المركز القومي للترجمة، ط١، ٢٠٠٧.

٩- فن الترجمة للطلاب والمبتدئين، (اكرم أي. مومن) (Akram A. Mo،men)، دار الطلائع.

١٠- مبادئ الترجمه وأسياتها، د.إيناس أبو يوسف، د. هبة مسعد، ٢٠٠٥.

١١- نظريات الترجمة بحث في الماهية والممارسة، د. سعيدة كحيل، منشور في موقع: ..www ebook.univeyes.com

١٢- نظرية الترجمة الحديثة، د. محمد عناني، الشركة المصرية العالمية للنشر-لونجمان، ط١/ ٢٠٠٣.

# گێڕانەوە و ئاکار:

## عەزیزی مەلای ڕەش: ناوێکی ناوازە لە زماندا..

■ ڕێبوار سیوەیلی

**گەمەی ناوێکی تایبەت:**

**پووختە:**

دەکرێت ناو، یان نازناوەکان زۆر سەرنجڕاکێش بن، چونکە شتێکی زیاترمان لەبارەی کەسی هەڵگری ناوەکەوە پێدەڵێن. هەندێ ناو هەن ئاماژەن بە پیشەیەک، یان بە سیستەمێکی ناونان، یاخود بە ناوچە و تایبەتمەندییەکانی ناولێنراو و ئەوەی بۆتە پاشناوی ئەو کەسە. کەواتە ناوەکان و پاشناوەکان، هیچکات ناوی ڕووتەڵە نین و ئاماژەی زۆریان لەبارەی شوێن، کات، پیشە و تایبەتمەندیی کەسەکانەوە بۆ هەڵگرتووین. بگرە پڕن لە ئاماژەی کولتووریی ئەو سەردەمەی تیایدا ناوەکە سەریهەڵداوە. ناو بۆخۆی بەشێکە لە تێکست و مێژووی سەرهەڵدانەکەی. بگرە گەلێک ئاماژەشی تێدایە بۆ دەرەوەی خودی هەڵگری ناوەکە و ئەو سیستەمەی ئەو ناوەی لەو کەسە ناوە. جگەلەوەش، ناو و نازناو لە کولتووورە ڕەسەنەکان و نەریتییەکاندا، هەمیشە بەرەنجامی ژیانێکی ئەزموونکراو بوون، نەک ژیانێکی لاساییکراوە و کۆپیکراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین: هەر ناوێکی ڕەسەن یەکەمین ئایەتەکانی ئەو کولتووورە نەتەوەییەن، کە وەک بەڵگەیەکی ڕەسەنێتی دەمێننەوە.

عەزیزی مەلای ڕەش؟! ناوێکی سەرنجڕاکێش لە زماندا. باشە ئەم ناوە چۆن بخوێنینەوە؟ ئەوە مەلای ڕەشە کە دەمانەوێ بە عەزیز ناوی بەرین، یان مەلای ڕەش عەزیزێکی هەیە؟ ڕەش لەم دەربڕینەدا مانایەکی جیاوازی بەخۆیەوە گرتووە، لەوەی پێی ڕاهاتووین: ئاماژەیەکی تێدایە بە تاریکی و لەوێشەوە لە پێشینەی کولتووری و یادوەریی ئێمەی کورد و میللەتانی وەک ئێمەدا، بیرخەرەوەی ترسە، چونکە ڕەش لە هەمان کاتیشدا تاریکییە و لە تاریکاییشدا نەناس و نەزانراو خۆیان ماتداوە..

چۆن دەکرێت (عەزیز، مەلا و ڕەش) پێکەوە کۆ بکرێنەوە؟ ئەمە پرسیارەکەی سەردەمی هەرزەکاریم بوو. عەزیز ناوێکی تایبەت و وشەیەکیش بوو لەڕووی خوازەوە، عاشقان بەیەکتریان دەگوت و بە چەندین شێوەی دیکەش گوێم لێبووە: (عەزیزم. ئەزیزەکەم، ئازیزم).. مەلاکانی ئەوسا هەمیشە لە شێوەی مرۆڤی هێمن و میزەر سپیی گوڵینکەدار، کە شەکری شیرینیان بە تامی قەندی شیعری نالی و مەحوی لە دەم دەباری، دێنەوە پێشچاوم، (ڕەش)یش هەمیشە لە دنیای منداڵی و هەرزەیی مندا، یەکسان بوو بە تاریکایی و ترس. بۆیە من و هاوڕێکانم لە هەرزەکاریدا بەمجۆرە دەمانخوێندەوە: مەلایەکی ڕەش هەیە و عەزیزێکی هەیە! بۆیە

دەبووە: عەزیزی مەلای ڕەش، بە جەختکردنەوە لەسەر عەزیزەکە و بەوشێوەی فێر ببووین: عەزەی مەلای ڕەش، عەزۆی فلانی و هتد. پاشان دەمانگوت نا، ئەمە وەسفە و پێاگوتراوێکە بە مەلایەکی ڕەشدا: عەزیزی مەلای ڕەش، عەزیزەکە بۆ مەلا ڕەشەکە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ڕەش بوو، بەڵام عەزیز بوو، ئەوەش ترسی تاریکاییەکەی لەسەردا دەڕەواندینەوە.. جاریش هەبوو بەخۆمان دەگوت: ئاخۆ ئەو عەزیزەی مەلا ڕەشەکە کێ بێت؟ ئەم گەمەیە زۆری دەخایاند، بەدەریش نەبوو لە گەمەیەکی ڕاست..

وەلێ گوزارەی (عەزیزی مەلای ڕەش) هەموو ئەم وێناکردنەی هەڵدەوەشاندینەوە. بەڵام زیاتر لەوەی ناو بێت بەو شێوەیەی گوێچکەمان لەسەر ناسینەوەی ناوە سیانییەکان ڕاهاتووە، وەسفە بۆ کەسایەتییەک، کە ناوێکی تایبەتی لەگەڵ تایبەتمەندیی کەسێک، کە دەبێت وەک ناوی باوکی تێبگەین، تۆمار کردووە.. هەمووان مامۆستا عەزیز بەم ناوەوە دەناسن، ئەو بۆخۆشی لەسەر بەرگی کتێبەکانی هەر بەوجۆرە دەینووسێت و کورداندوویەتی، نەک بنووسێت: عزیز.

کەواتە لە ناوی عەزیزی مەلای ڕەشدا، مەلای ڕەش ئاماژەیە بە باوکێک، لە سیمادا ڕەش و لە بیرکردنەوەدا ڕۆشن و ڕۆشنگەر. کوڕەکەی لە دەشتی هەولێر و نووسەرێکی گەورەی کوردستان و مەلای ڕەشیش، مەلایەک لە بیارە وانەبێژێکی دیار و مامۆستایەکی بەناوبانگ و جێی متمانە، نیشانەمان بەو نیشانەی هەردوو مامۆستایان مەلا محەمەدی چروستانی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەرسیان لەسەر دەستی ئەو خوێندووە و موستەعیدی بوون. کەواتە ناوەکە هەر تەنیا ناوێک نییە، بەڵکو چیرۆک و بەسەرهاتێکیشی لە پشتەوەیە، کە باس لە کۆچی ئەم خانەوەدایە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەکەیەکی دیکەی کوردستان و قەڵەمڕەوەکەی دەکات، کە ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەکە لەسەر نەبوونی ئارامی و لە هەمان کاتیشدا لەسەر زیرەکیی و پێگە زانستیی و ئایینیەکەی مەلای ڕەش، کە لە پێناوی پاراستن و مانەوەی خانەوەداکەیدا ئەو ڕیسکەی کردووە. بەڵام هەر ئەوەش نا، بەڵکو بەم هیجرەتەی دوو ناوچەشی پێکەوە بەستۆتەوە. خۆ ئەگەر ئێستاش لە مامۆستا عەزیز بپرسین، وەک ئەوەی من لێمپرسی: بۆچی مەلای ڕەش کەمتر لە قوتابییەکانی دیار و بەناوبانگە؟ وەڵامەکەی تێکەڵێکە لە حوزن و واقیعبینی: (باوکم بە کوردی نەیدەنووسی و ئەوەش هۆکاریی گومناوییەکەیەتی. لە یازدە پشتی بەرەبابی ئێمە مەلابوون و هیچیان نەمان، چونکە

زمانی کوردی زمانی نووسینیان، نەبووە). بۆیە مامۆستا عەزیز هەر لە سەرەتاوە، نایەوێت ئەم چارەنووسە تاقیی بکاتەوە و لەوەشدا بە ڕێچکەی باوکیدا بڕوات: خۆی فێری کوردی دەکات و شەقاوێکیش لە پیشەی مەلایەتی دوور دەکەوێتەوە. خوێنی (مەحوی) دەچێتە دەمارەکانیەوە:

**کوردی زمانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بە کول**

**بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا..** (دیوان، ل: ١١)

لە کوردییدا، ئەو نەک هەر بیرخەرەوەی تراژیدیای داگیرکاری و زمانسڕینەوەی چەند بەرەبابێکە، بەڵکو ڕچەشکێنی زمان و شوناسیشە: ئەو نەریتی زمانیی باووباپیرانی جێدەهێڵێت و دەچێتەوە سەر نەریتی ئەحمەدی خانی و جزیری و نالی و.. بۆیە عەزیزی مەلای ڕەش هەر تەنیا بەهۆی نووسینەکانییەوە بۆمن گەورە نییە، بەڵکو بەهۆی ڕەتکردنەوە زمانییە سەپاوەکەیی و هەڵبژاردنی زمانێکی ئیختیاریشەوە مەزنە. لە ئاستی ئەدەبییشدا، زمانی گێڕانەوە دەکاتە چارەنووسی خۆی، ئەویش نە زمانی شێوە ستاندارد و شێوەزاری باڵادەستی نووسین، بەڵکو زمانی گێڕانەوەی ڕۆژانە، زمانی خەڵک و ڕەشوڕووت، زمانی ژیان و گێڕانەوەی ئەزموون کە قورسترین ئەرکێکە بخرێتە ئەستۆی زمان. بگرە زمانی دەشتی هەولێر و ئاقارەکەی. وەک ئەوەی زمان توانای هەبێت ئەوەی بکەر ئەزموونی کردووە، دووبارە بگێڕێتەوە؟! وەک ئەوەی ئەزموونی خود شیاوی ئەوە بێت بخرێتە دەفری زمانەوە، وەکئەوەی ئەو شتەی ڕەوان و ڕێدەکا وەک ڕووبار، بتوانرێت لە قەبارەیەکی وەستاودا بسەکنێت. لەگەڵ هەموو ئەم مەترسیانەشدا، عەزیزی مەلای ڕەش شان دەداتە بەر ئەرکێکی قورس: زمانێک، کە لە ماوەی چل ساڵ و زیاتردا، خەریک بوو ببێت بەژێر شاڵاوی زمانی سناندادری شاریی و زمانی فەرمیی ساردوسڕی ڕۆشنبیرانە و فێزلێدان، لە ئەنفالە زمانییەکە ڕزگار دەکات و دەیکاتە یەکێک لە گێڕەرەوە هەرە بەرجەستەکانی وڵاتی ئێمە. زمانی بوومی و ناوچەیی دەڤەرێکی کوردستان، شێوەی دەشتی هەولێر دەکاتە شوناسیی ئەدەبیی خۆی. زمانێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ سادەیی و خۆماڵێتی کەسایەتی مامۆستادا وێکدێتەوە..

لە ڕاستیشدا شێوەی دەشتی هەولێر و موکریان ئەو دوو شێوەزارەن، کە لەبەرامبەر سوپای «سۆرانییەت» و ڕۆحە دیکتاتۆرییەکەیدا بەرگرییان لە تایبەتمەندی

بەکارهێنانی ڕۆژانەی خۆیان کردووە. ئەو دوو شێوەزارەی پڕن لە هارمۆنیا و مۆزیک و هاوکات بە ڕۆحی مەقامە کوردی و گۆرانیی و حەیران و لاوک و ئای ئاییەکان، جوانترین خەسڵەتەیلی زمانی کوردی بەرجەستە کردووە. ئەو دوو شێوەزارەی زۆرترین نزیکایەتیان لە ڕۆحی کورد و جوگرافیا بریندار و موزیکە دەوڵەمەندەکەیەوە هەیە. زمانێک نەبووە بە ژێر هێرشی پلاستیکیەتی مۆدێرن و بێڕۆحیی شار و وشەی داتاشراو و ڕیتمی زمانی داگیرکەرانەوە. ئەو شێوەزارانەی بۆنی خاک و قوڵقوڵەی کانی و هاتنەوەی بێری و ئاوازی بلوێر و خۆماڵییەتی کوردستانی لێدێت..

**(گێڕانەوە) وەک کردەیەکی دژە کۆلۆنیالیستی:**

وشەی گێڕانەوە لەم بەکارهێنانەیدا هەمان مانای ناراتیڤ و ناراشێون (Narrative, Narration) لەخۆی دەگرێت. تێکستی گێڕانەوە جۆرێکی تایبەتە لە تێکست کە تیایدا بەسەرهاتێکمان بەشێوەکی خودگەرایانە و لە ڕوانگەی سەبژەکتیڤانەی گێڕەرەوە بۆ دەگێڕێتەوە بەبێ شاردنەوەی هەڵوێست و هەستی گێڕەرەوە. تێکستی گێڕانەوە بۆی هەیە ڕوویدابێت و بۆی هەیە بەرهەمهێنرابێت، کە تیایدا شوێن و کات تێکەڵ دەکرێن. ئامانجی ئەمجۆرە تێکستە، چ زارەکی و چ نووسراوبێت، بریتیە لە گەیاندنی زانیاری، خستنەڕووی کێشەیەک و چارەسەر، ناساندنی قارەمان و نەیار، لەگەڵ چارەسەر.. بۆیە لەمجۆرە تێکستەدا گێڕانەوە ناخرێتە چوارچێوەیەکی تەکنکیی ئاڵۆزە و سادەیی گێڕانەوە دەپارێزرێت و خەسڵەتە لۆکاڵییەکانی ئاخاوتن و بەیانکردنی زمان، بەرجەستە دەکرێت و گشت دەبێتە وەرگر. بەمجۆرەش گێڕانەوە بەشدارییەکی کارا لە چارەسازیی دەروونیی گشت و دەروونناسی گشتیدا، دەکات. (http://jannedolma.dk/hvad-betyder-narrativ/). ئەوەی پێیدەگوترێ ئێش و ئازار و کەفوکوڵی دەروونی و خەم و کەسەر و سەرکەوتن و تێکشکان لە گێڕانەوەی لەمجۆرەدا، خۆیان بەرجەستە دەکەن و ئەمەش بوار دەداتە گێڕەرەوە تا هەستی خۆی تێکەڵ بە گێڕانەوەکانی بکات. وەک چۆن حەیرانبێژ و لاوکبێژ و حەکایەتخوانەکان لە میانەی گێڕانەوە گشتییەکانییانەوە، ناخی خودی گوێگرانیشیان دەهێنایە گێڕانەوە.

لە جەوهەردا هەموو گێڕانەوەیەکی خۆماڵیانە و بوومی، ڕۆحێکی دژە کۆلۆنیالیستی تیدایە. ئەوەی دەبێت وێران بکرێت، گێڕانەوە بەرهەمی دەهێنێتەوە. (تازە) و (نوێ)،

دەبێت (کۆن) و (نەریت)ی و (خۆماڵێتی) بسڕێتەوە، دەمامکە جیاوازەکان جێگەی شوناس بگرنەوەو دڵنیایی مرۆڤ بە کولتوور و شوناسی خۆی، شوێن چۆڵ بکات بۆ نامۆیی و لەسەر عەردی نیشتیمان بەرگی غەریبی و پارچەپارچەیی بپۆشێت. لە هەموو ئەوانەش مەترسیدارتر: مەسرەف و بەرخۆریی ڕۆژانە و بچووک بوونەوەی مرۆڤ لەوەدا ببێتە کڕیار و مەسرەفکەر، ڕۆحیی داهێنان و خۆدروستکردن لەودا دەسڕنەوە.

بۆیە گێڕانەوە جۆرێکە لە بەرگریی و کردنەوەی زارە لە بەرامبەر سانسۆرەکانی ئەتەکیەتی شار و دیسیپلینەکانی کاپیتالیزم و بێدەنگکردندا بەناوی ژیانی شاریی و مەدەنییەتەوە. شار لەبەر کولتووری کاپیتالیزم و بازاڕ، غەدرێکی گەورە لە کولتووری گێڕانەوە و زارەکیی و خۆماڵیانە دەکات. غەدرێک لە هەموو ئەوانەمان کە بەدوای پەروەردەی ڕۆحییدا عەوداڵین. شار چەندە ئازادیی بە تاکەکەس دەدات، ئەوەندەش نەریتە شوناس بەخشەکانی وەک گێڕانەوەی لێدەستێنێتەوە، بەشدارییەکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی فەزای هاوبەشدا. دەیکاتە تاکەکەسێکی بەڕواڵەت ئازاد، گەڕۆک، حەز و چێژپەرست، بەڵام نایکاتە کەسێکی خاوەن ڕۆح و خود و بەها. زۆربەی مەیلەکانی بۆ دابین دەکات، بەڵام ویستەکانی لێدەستێنێتەوە.

لە جیاتی حەکایەتخوان، تەلەفزیۆن و شاشە دەهێنێت، لە بری گێڕانەوەش، ڕاگەیاندن و میدیا.. لە جیاتی وردبوونەوە لە دۆخی ئاسمان، کەشناسیی جێگەی خودا دەگرێتەوە و باوەڕ بە ئاسمان دەبێتە باوەڕ بە کەشناسەکان.. مۆڵ و مزگەوت و کافتاریاکان دەکەونە کێبڕکێوە. خواردنی فەست فوود، لەگەڵ چێژی خۆماڵیی دەچنە سەنگەرەوە. کەبابخانە خۆماڵییەکان کەمدەبنەوە و سکالۆپچییەکان وڵات داگیر دەکەن. لە جیاتی کورسی کورسی و دیلانێ و سواریی کەر و عەرەبانە و چەرخ و فەلەک، یارییە ئەلیکترۆنییەکان، گیرفانبڕە بێڕەحمەکانی مۆڵ و یاریگا، بەخۆیان و دەنگە ناسازەکانیانەوە، ڕۆحیی منداڵێتی لە منداڵەکانمان دەستێنن..

هەموو ئەمانەش بەشێکن لە هێرشێکی کۆلۆنیاڵیستانە کە لە بنەمادا دژی هونەری گێڕانەوە و کۆی ئەو کەشانەیە کە ئەم هونەرە بەدوای خۆیدا دەیهێنان: کۆبوونەوە، گوێگرتن لە یەکتر، گۆڕینەوەی ئەزموون، هاوخەمی و ڕاکێشانی دەستی یارمەتی بۆ یەکتر و بۆ ئەوانەی پێویستییان پێمانە و لە وانەش بترازێت: گۆڕینەوەی ئەزموون..

گێڕانەوە لەوەها دۆخێکدا نەک هەر بەرگرییە لە هونەری مرۆڤبوون، بەڵکو بژاردەیەکی کۆجیتۆییانەش دەخاتە بەردەمی مرۆڤ: (من دیمە دەنگ، دەنگم بەدەنگهێنەری ئەزموونەکانی خۆمە تاکو بیانکەمە ئەزموونێکی گشتی، بۆیە من دەگێڕمەوە، کەواتە هەم)..

### گێڕەرەوە وەک ئاوارە:

من لێرەوە لە گرنگیی بیچمە ئەدەبیەکانی وەک عەزیزی مەلای ڕەش تێدەگەم کە لە شاردا، بەرگریی لە شوناس دەکات. ئەو فیگەرێکی تاقانەیە، ڕەنگە لە وڵاتدا چەند کەسێکی دیکەی لە وێنەی ئەومان مابن، چ لە گێڕەرەوەکان و چ لە دەنگبێژەکان و چ لە بوارەکانی دیکەی هونەردا. ئەو، بەبێ جلوبەرگە کوردی و کڵاو و جامەدانیی و زمانە تایبەتیەکەی، کە خاڵییش نییە لە قۆشمەیی و خۆشخوانی، نایێتە پێش چاو. لەو ڕۆژانەدا دوایین بەرهەمیم بەدەست گەیشت: (واریقاتی ژیان)، یانی سەربردە و بەسەرهات، کە دیسانەوە وەک بەرهەمەکانی دیکەی تێکەڵێکە لە بەسەرهات و ڕووداوی قۆشمەجاڕانە و تراژیدیانەی واقیعیی و دەماودەم، کە تایبەتمەندییەکی کومەڵگا نەریتی و بەتایبەتیش کۆمەڵگەی کوردییە.. ئەم مرۆڤە هەمیشە باریک و بچکۆلە ڕوو بەخەندەیە، بەم سیفەتانەوە دەگمەن و دانسقەیە، بەڵام نامۆ بە ڕۆژگاریی ئێستا کە ڕۆژگارێکی شێوە مۆدێرن و مڕوومۆچ و هەموو پەیوەندییەک تیایدا لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بەڕێوە دەچێت، بەبێ ئەوەی مرۆڤ ببێتە خاوەن ئەزموون و پەروەردەی ڕۆحیی بکرێت.

گێڕانەوەی خۆماڵی لەم ڕۆژگـارەدا، کە تەکنیکی گێڕانەوەی کردۆتە پێوەر و هونەری گێڕانەوەی نەریتی خستۆتە پەراوێزەوە، (عەزیزی مەلای ڕەش)یشی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرەو بیرچوونەوە بردووە و لە قەڵەمڕەوی خۆی کردوێتیە ئاوارە. هەرچەندە ئەو لەسەری نووسراوە، بەڵام ئەگەر بەراووردی بکەین بە نووسەرانێکی دیکەی ژانری گێڕانەوە، هێشتا هیچی لەبارەوە نەنووسراوە و ئەو هەر ئاوارەی هەرێمی ڕەخنەی ئەدەبییە. ئەوە ڕاستە کە هەمیشە گێڕەرەوە گەورەکان بە جۆرێک ئاوارە بوون، بەڵام ئەوەش ڕاستییەکە بیڵێم: ئاگایی ڕەخنە کە لە ئاگایی مۆدێرن و تەکنیکخوازانەکەیەوە ئاو دەخواتەوە، چەند پێوەرێکی حازربەدەستی وەرگیراو لە

سەرچاوەکانەوە بۆ گێڕانەوە دەستنیشان کردووە، کە مامۆستاکەی ئێمە دەخاتە دەرەوەی ئەو پێوەرانەوە.. پیاوە عەزیزەکە خۆی نادات بەدەست ئەو پێوەرانەوە، کە لەگەڵ ئەسمەرییە خۆماڵییەکەی ئەودا ویکنایەنەوە.

بەڵام ئەو ئاگاییە ڕەخنەییەی بەو جۆرە پراکتیکی دەسەڵاتی خۆی دەکات و کردووە، نە دادوەرانەیە، نە ئەو پێوەرانەش کە زەیینیەتی ڕەخنەیی دەیانکاتە ستاندارد و جیهانگەرا و زانستی، جیهانگەرا و زانستیی ڕەها و ستانداردن..

ئەوە سواری گای هاربوونە، کە پێمانوابێت ئەوەی جیهانی و ستاندارد بوو بۆ پێوانەکردنی لۆکاڵ و خۆماڵییش دەست دەدات. ستانداردە جیهانییەکان کە بەهۆی زانستگەراییەوە دەسەڵاتی خۆیان باڵادەست کردووە، لەوانەش دەسەڵاتی تەکنیک و پێوەرە ئیستاتیکیەکانی، نە ڕەتکەرەوەی ئێستاتیکای خۆماڵی و نە بۆ کەمکردنەوەی تەکنیکە خۆماڵییەکان هاتوون. ستاندارد و زانستی و جیهانی، ئەو زنجیرە وشەیەن کە لە مێژووی ئەورووپادا و لە ڕوانگەی ئەورووپاسەنتەرییەوە و پێبەپێی کۆلۆنیالێزم، بە هەمان شێوەی کەلوپەلە بازرگانیی و کولتوورییەکانی ئەمێستا و بە هۆی بازاڕەوە، بەسەر شوێنەکانی دیکەی جیهاندا سەپێنران و کرانە ئەو فیلتەرەی کە دەبێت هەموو بەرهەم و داهێنانێکی خۆماڵی لێوەی بچێتە قۆناغی جیهانبوون و متمانە و میسداقیەتی خۆی لەو فیلتەرەوە بەدەست بهێنێت. هاوشان بە دانانی ئەو فیلتەرانەش ئەو دامەزراوانە و ستانداردەکانیان بەپێی باوەڕبوون بە زانستگەرایی کەوتنە پۆلێنکردنی هونەر و داهێنانەکانی جیهانە بێدەسەڵاتەکانی ژێر چەپۆکی خۆیان و بۆچوونێکی وایان لە هابیتۆسی گەلاندا دروستکرد، کە ئەگەر بەرهەمێک بەو ستاندارد و پێوەرانە نەبێت، هونەر نییە و داهێنان نییە.. ئەم ترس و تۆقاندنە لە بواری ئەدەب و هونەری گێڕانەوەشدا کاری خۆی کردووە و دەکات و کۆلۆنیالێزەی کایەی ئەدەبییشی کردووە. زانکۆکانی ئێمە دەیان و سەدان بڕوانامەیان بەم نییەتەوە بە خەڵکانێک بەخشیوە، کە توانی تیۆریزەکردنی بەرهەمە خۆماڵییەکان و دەرهێنانی تیۆری لە بەرهەمی ڕەسەن نییە؛ ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ سندووقە ئامادەکانی نێو بەناو زانستەکەیان..

وەلێ ڕاستەقینە ئەوە نییە دەمڕاستانی ستانداردخواز بانگەشەیان بۆ کردووە و بۆی دەکەن. ڕاستەقینە ئەوەیە، کە خودی دروستکردنی ستاندارد و تایبەتمەندیی هونەرێک لە هونەرەکان شتێک نییە بگشتێنرێت بەسەر گشت هونەری گەلانیتردا.

پێوەرەکانی هونەر و ئێستاتیکا، هەرچەندەش زانستگەرایانە بن و دامەزراوەی گەورەیان لە پشتەوە بێت و توانیبێتیان بە درێژایی مێژوویەک پارێزگاریی لە خۆیان بکەن و بخرێنە ناو بەرنامەی خوێندنی زانکۆکانەوە، ناتوانن پێوەر بن بۆ هونەرێکی خۆماڵی کە لە ژینگە و کات و شوێنی خۆیدا و لە دەرەوەی هەر ستانداریکی ئیستاتیکی بەرهەمهاتوون و دێن.

## گێڕانەوە وەک کردەیەکی ئەخلاقی:

مرۆڤایەتی یەکدەست نەبووە و ئەزموونی مرۆیی هاوشێوە نەبووە. بۆیە گێڕانەوەکانیش فرەچەشنن. وەک ڕۆلان بارت نوسیویەتی: (گێڕانەوە لەسەر بنەمای ئەم بێسنوورییەوە لە شێوەدا، لە هەر سەردەم، شوێن و کۆمەڵگەیەکدا ئامادەیە: گێڕانەوە ڕێک لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستپێدەکات و لە هیچ شوێنێکدا مرۆڤێک بە بەبێ گێڕانەوە نەبووە. هەموو چین و دەستە مرۆییەکان گێڕانەوەکانی خۆیانیان هەبووە، چێژێک کە بەشێوەیەکی گشتی مرۆیەکان بە زەمینە جیاوازە کولتووری و تەنانەت دژوازەکانیشەوە، تیایدا بەشداربوون. پۆلێنکردن لە نێوان ئەدەبیاتی باش و خراپ گرنگیی نییە، گێڕانەوە جیهانیانەیە: بانمێژوویی، بانکولتووری: بە سادەیی، وەک ژیان خۆیەتی). (بارت: ٢٠٠٨، ل: ٢٧).

مرۆڤ لە گێڕانەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، یان خۆی بەرجەستە دەکات. گێڕانەوە نزیکترین فۆرمی زمانە بە ناوەڕۆکێکی ڕۆحییانە و مەعنەویانەی مرۆڤ بەو جۆرەی کە ژیان بناخەی لەم نێوانەدا هەیە. ئەو ئەزموونەی خۆی دەگێڕێتەو و گێڕانەوە دەکاتە هونەری خۆ بەرجەستەکردن لە ژیاندا، لە کۆمەڵە مرۆییەکانەوە بۆ ئەوانی دی جیاوازە. بۆیە دەکرێت هەر میللەت و کۆمەڵە کولتوورییەکانی، بە هەمان ئاست بنەمای ئێستاتیکی و هونەریی خۆیان هەبێت، کە ئەزموونی گەلانی دیکە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان هەیانە و خۆیانی پێ جیادەکەنەوە. ئەم ڕاستییەمان لە ئەزموونی هونەری و ئێستاتیکی ئەسکیمۆکان و هونەری ئازتیکی ئەمەریکای لاتین و هونەری ئەفەریقیدا بینی و ئاشکرابوو کە لە دەرەوەی پێوەرە بەجیهانیکراوەکانی ئەورووپا و جوگرافیای وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان، پێوەری لۆکاڵییش هەن کە بە هەمان ئەندازە هەڵگریی ئێستاتیکان، کە جیایان دەکاتەوە لە ستانداردەکانی دنیای دەوڵەمەند و مێژوو دروستکەر.

وەک مارشاڵ مەک لۆهان لە شیکردنەوەیدا بۆ قۆناغەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەنووسێت: کۆمەڵگەی مرۆیی تا ئێستا بە سێ قۆناغی پەیوەندییەکانیدا تێپەڕ بووە:

یەکەم: چاخی پەیوەندییە زارەکیەکان و ژیانی هەمەکی. دووەم: چاخی پەیوەندیی چاپەمەنیی و نوسراو و شێوەژیانی تاکگەرایانە، سێیەمیش: چاخی پەیوەندییە ئەلکترۆنیی و شێوەژیانی بەجیهانبوو.

ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەی مەک لۆهان، وەکخۆی پەسەند بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە گێڕانەوە دەکەوێتە چاخی یەکەمەوە. یان دەتوانین بڵێین: لە خۆیدا گێڕانەوە فۆرمێکی پێشمۆدێرنی پەیوەندییە. شێوازێکی زیندووی باوی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بووە بۆ نزیکخستنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری، بۆ بایەخدانەوە بە ئەزموونەکانی پێشتر و بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون و تەنانەت بۆ یەکخستنی خەڵک لە ڕێگەی بەخشینی زانیاریی یەکسان. گێڕانەوە شوناسبەخش و زمانی هاوبەشی گەلانە بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ ڕابردوو، بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و بۆ پەیام ناردن بەرەو داهاتوو. ئەوە کارێک بوو خانیی مەزن کردی و ئەوەش ڕازی نەمریی خانییە: ئەو لە ڕێگەی گێڕانەوەی داستانێکی ئەڤیندارانەوە پەیوەندیی لەگەڵ ڕابردوودا بەست، لە نایەکسانی ئەمێستا ڕاما و پەیامێکیش بۆ دوارۆژ نارد تا بزانین بۆچی کوردەکان ئاوا شکستی خۆیان دەکەنە چامە و دیباچەی داستانەکانیان.

بەمجۆرەش، گێڕەرەوە، بەشێوەکی زیندوو و چاوبەچاو، ئەزموونەکانی لەگەڵ ئەوانیتریش، بەش دەکات. چونکە وەک فەیلەسووفی ئەڵمانی واڵتەر بنیامین گوتویەتی: ئەوەی گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە، لە ئەزموونەوە بە دەستیهێناوە. ئەزموونی خودیی خۆی و ئەزموونی دەماودەمی کەسان و نەوەکانیتریش، بۆیە کاتێک دەیانگێڕێتەوە، ئەو ئەزموونە تایبەتیی و گشتیانە دەکاتە ئەزموونی هاوبەش (بنیامین: ١٩٨٧، ل: ٢٠٤). یەکخستن و بەشدارپێکردنی گشت لە سەر بنەمای ئەزموونی هاوبەشەوە، هەمان جەوهەری کۆمەڵگەی هاووڵاتیی و مەدەنییە. لەبەر ئەوە لە هەناوی گێڕانەوەدا، جۆرێک لە هەوڵدان و سەرەتا و ڕێخۆشکردن هەیە بۆ دروستکردنی وەها کۆمەڵگەیەک، کە لە دیمەنە ئێستاییەکەیدا، میدیاکان ئەو ئەرکە جێبەجێدەکەن، کە جاران گێڕەرەوە دەیکرد.

پۆڵ ڕیکیۆر، فەیلەسووفی فەرەنسی، ئەم پەیوەندییە وەک ئەرکێکی ئاکارمەندانە و وەک کردەیەکی ئەخلاقی دەخوێنێتەوە. «ڕیکیۆر لەو بڕوایەدایە، گێڕانەوەکان هەر تەنیا

لە ڕەهەندە ئێستاتیکیەکەیاندا سەقامگیر نابن، بەڵکو بارگاویش دەبن بە مانایەکی قووڵ بۆ ژیان و شوێنی مرۆڤ وەک بوویەکی خاوەن بەسەرهات کە دەبێ بگێڕدرێتەوە و مانای ژیان دەوڵەمەندتر بکەن»، لێکدەداتەوە. (سیوەیلی: ٢٠٠٦، ل: ٨٠).

بەمجۆرەش گێڕانەوە کردەیەکی بێ ئامانج نییە، بەڵکو ئامانجدارە و ئەو ئامانجەش تەنیا ڕەهەندی تەکنیکەکانی گێڕانەوە ناگرێتەوە. ئامانجی گێڕانەوەکان پتر گەردوونی و ئاکاریانەیە تا ئەرکمەندانە و تەکنیکبازیانە: (ئێمە بە گێڕانەوەکان پردێک لە نێوان (کاتی تایبەت)ی شەخسی و ئەزموونکراو و کاتی (گشتی)دا هەڵدەبەستین کە بریتیە لە کاتی هاوبەش) (P. Ricoeur: ١٩٨٤, s: ١٢٩). دۆخی هاوبەش تێکەڵێک و بەیەک گەیشتنی تایبەت و گشتییە و لە ئەنجامی ئەمەیشەوە دۆخێک لە کات دێتە ئاراوە کە کاتی هەمەکی و گشتییە. گێڕانەوە وەدیهێنەری ئەم کاتەیە و ئەم کاتەش ئەرکێکی ئەخلاقییە هەم لە ئاست پێشینەکان و هەم لە ئاست ئێستادا. ڕابردوو و ئێستا لە گێڕانەوەدا بەیەک دەگەن و ئەمەش هەم دانەوەی چاکەیە لە ئاست پێشینەکان و هەم پەلکێشکرنیشیانە بۆ ئێستای خۆمان و بە زمانهێنانیانە. لێرەوەیە کە ڕۆڵی هونەری گێڕانەوە لە دنیای هاوچەرخدا بایەخدارتر دەکات و هەر لێرەشەوەیە کە نووسەرانی وەک عەزیزی مەلای ڕەش، گرنیگی خۆیانیان هەیە، کە هیچکەسێکی دیکە و هیچ گێڕانەوەیەکی دیکە جێگەیان پڕناکاتەوە.

### ڕێگرەکانی بەردەم گێڕانەوە:

لەسەردەمی ئەمڕۆدا، کە لە چاخی خێرای پەیوەندییە ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵیزەبوون و کۆمەڵگەی فەیسبووکیدا دەژین، گواستنەوەی ئەزموون و بەگشتیکردنی ئەزموونیش زۆر زەحمەت بووە، بە هەمان ئەندازەش کەسایەتی گێڕەرەوە و هونەری گێڕانەوە، کەوتوونەتە مەترسییەوە. ئەمەش پەیوەندیی هەیە بە کۆنەبوونەوەی مرۆیەکان لە فەزایەکی هاوبەشدا، کە تیایدا ئەزموونی چوونیەک ببێتە سەرمەشقی پەروەردەبوونیان. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا مرۆڤ لە جیاتیی پەیوەندیگرتن لەگەڵ هاوچەشنەکانی، زۆر ئاسانتر لەگەڵ شتی بێ گیاندا پەیوەندیی دروستدەکات نەک لە پێناوی ئەزموونکردندا، بەڵکو بۆ مەسرەفکردنیان. ئەمەش وایکردووە هونەری گێڕانەوە، کە پێویستی بە نزیکی و ڕووبەڕووبوونەوەی زیندوو هەیە، هەم لە مەترسیدا بێت و هەم گرنگ و پێویستییش بێت. گێڕەرەوەکانیش بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە پەنا بۆ جۆرەها

تەکنیک و هونەری گێڕانەوە ببەن، بەڵام گێڕانەوە هەمیشە لە سادەییەکەیدا جوان و کاریگەرە، بە گوتەی بارت، وەکئەوەی کە ژیاوین.. ئەمەش ئەو ڕەهەندەیە کە زۆر لە گێڕەرەوەکان بیریان دەچێت: تەکنیک باڵادەست دەکەن بەسەر گێڕانەوەدا و ئەزموون دەخەنە پەراوێزەوە. گێڕانەوە لە ئامرازەکانی میدیای هاوچەرخیشدا لە مەترسیدایە: ئەم میدیایانە ناتوانن بگێڕنەوە، بە ڵکو ڕادەگەیەنن. ڕاگەیاندن لە گێڕانەوە جیاوازە و ڕۆڵی زمان و ئەزموون لە گێڕانەوەدا، بۆ میدیاکان گرنگیی ئەوتۆی نییە و دەبێت هەموو شتێک بکرێتە نومایش و ڕاگەیاندن. ڕاگەیاندن ناتوانێت ئەزموون بگێڕێتەوە، چونکە گوێ ناگرێت، ناشتوانێت شوناس دروستبکات، چونکە لە زمان تێناگات و تەنیا مەسرەفی دەکات.. لەبەر ئەوەی دۆخی گێڕانەوە و کەسێتی گێڕەرەوە سامناک و لە مەترسیدایە. ژیان تەنیا بە گێڕانەوەی لە لایەن گێڕرەوە ڕاستەقینەکانەوە، مانا و بەردەوامیی هەیە.

لەمڕووەوە مامۆستا بەساڵاچووەکەمان لە تەنیاییدا دەژی. ئەو بە تەنیا و بەو ئامرازەی بە دەستییەوەیەتی ناتوانێت بەرەنگاری ئەم دێوی تەکنیکە بێت، ئەگەر ئامرازەکە نەکاتە ئامانج.. ئەو بە تەکنیکێکی خۆماڵی کەڵەکەبوو، کە بەرەنجامی ئەزموونێکی زۆری مرۆییە، بەردەوامە لە گێڕانەوە لە سەردەمێکدا کە گێڕانەوەی هاوبەش نامۆیە بە شێوەژیانی شاریی و خۆویستانەی مرۆڤی هەنووکەیی. بۆیە کەسانی وەک کوڕەکەی مەلای ڕەش، دەبێت لەم جیهانە بەبەردبووەدا، بە هێزی فەرهادەوە کێوی بێستوون بتاشن تا هونەری گێڕانەوە نەبێتە ئامرازێک بۆ داتاشین، بەڵکو ئامانجێک بۆ پێکەوە بوون. ئەمەش بوێرییەکی زۆری دەوێت، لە ڕۆژگارێکدا وڵاتەکە پڕبووە لە ڕۆمان و چیرۆک، وەلێ هەژار لە گێڕانەوەدا! پڕ بووە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە بەڵام خاڵییە لە هونەری خۆدروستکردنەوە، کابرایەکی دەشتێ بێت و بەردەوامی بدات بە هونەرێک کە خۆی تیایدا تاقانەیە. زمانێک تیایدا وەستا و سادەییەک تیایدا مەلەوان.. ئەوە هونەرەکەیە، ئەوەش ڕەسەنێتی و بەردەوامی.

عەزیزی مەلای ڕەش لە سێ تەوەریی سەرەکیدا بەرهەمەکانی خۆی بەرجەستە کردوون، تەوەریی یەکەمیان، گێڕانەوە بۆ منداڵ و مێردمنداڵان، کە ئەمە دەلالەتێکی پەروەردەیی و ئەرکێکی ئەخلاقیش بووە لە ئاست منداڵ و گەشەدان بە هووشیاریی و خەیاڵ و بیریان. تەوەریی دووەمی کارەکانی، گێڕانەوەکانێتی بۆ گەورەساڵان لە

فۆرمی ڕۆماندا، تەوەریی سێیەمی کارەکانیشی بریتیە لە تۆمارکردنی زەخیرەیەکی گەورە بە زمانی کوردی لە چوارچێوەی شێوەزاریی ناوچەیی، کە ئەمەی دواییان، نەک هەر پشوودرێژی ئەو وەک نووسەرێک ئاشکرا دەکات، بەڵکو خەباتێکی ئاشکرایشە بۆ زیندووڕاگرتنی شێوەزاری ڕۆژانە، کە زمانی ڕەسەنی گێڕانەوەیە.

**گێڕانەوە وەک شوناسی نەتەوەیی:**

ئەم ڕێزلێنانە سیمبولیکیانەیە لە هەوڵی ئەم مامۆستایە، لە هەمان کاتیشدا بایەخدانەوەیە بە لقێکی گرنگی ئەدەبیات و کولتووری ڕۆحیی میللەتەکەمان، کە لە مێژوودا پێوەی ناسراوە. گێڕانەوە هەردەم بەشێکی گرنگ بووە لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد و زمانی گێڕانەوە ئەو دەفرە بووە کە کورد ئەزموونە تراژیدیی و کەرنەڤاڵەکانی سەرکەوتنی خۆی، تێهاویشتووە و پشتاوپشت بۆ نەوەکانی پاشتر کردوویێتیە دیاریی. هەرچەندە ئەمڕۆکە ئەدەبیی گێڕانەوە و گێڕانەوەی زارەکیی بەشێک نییە لە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە، بەڵام دەکرێت بە چاولێکردن لە بەرهەمی کەسانی بە ئەزموونی وەک عەزیزی مەلای ڕەش، گێڕانەوەش بکرێتە بەشێک لە وانە پەروەردەییەکان، چونکە بۆ ئەوەی شوناسێکی نەتەوەیی و هووشیارییەکی جێگر و هاوبەشمان لەسەر خۆمان هەبێت، پێویستە لەو تەمەنەی منداڵانەوە بیر لە ئەزموونە هاوبەشەکان بکەینەوە. ئەمەش ئەو هاندەر و نیەتەیە کە هەر لە مێردمنداڵییەوە دەبێتە دنەدەری مامۆستای ناوبراو، بۆ ئەوەی خۆی لە زمانی گێڕانەوەدا بەرجەستە بکات و نووسین و گێڕانەوە بکاتە فۆرمێکی مانەوە، کە بۆ ئەو، جودا نییە لە کوردبوونەکەی.. لەڕاستیدا ئەوە تەنیا چیاکان نین، مانەوەی کوردیان دابینکردووە، بەڵکو گێرانەوەکانن.. ئەمڕۆش هەلێکی زۆر مەزن لەبەردەم ژانری گێڕانەوەدا بۆ کورد هەیە، بەیادهێنانەوەی تراژیدیاکانی و نزیکبوونەوەی لە سەرکەوتن یان تێکشکانێکی دیکەی نەتەوەیی، هاوکات بە زیندووڕاگرتنی یادوەریی ئەنفالیانە و گرنگیدان بەو نمونە بەرزانەی خەباتی هاوچەرخی پێشمەرگە و شەرڤان، لە دژی دوژمنە ڕەشەکە و ئەو ڕیوایەتانەی لەم ئەزموونە دەکەونەوە، دەستمایەیەکی گرنگن بۆ ئەوەی ئەزموونی هاوبەش ببێتە ناوەڕۆکی گێڕانەوەکان..

هەرچەندە هیچ ڕێزلێنانێک، قەرەبووی ئەو ڕەنج و ئازار و هەژاریی و ناخۆشیانە ناکاتەوە کە عەزیزی مەلای ڕەش لە پێناوی کارەکەیدا و بۆ سەلماندنی کوردیانەی

خۆی لە چوارچێوەی زماندا، چەشتوونی، بەڵام ئێمە سەربەزین بەوەی ئەو ئەمڕۆ لە ناوماندایە و سادەیی و خۆماڵینووسی و خۆماڵیپۆشییمان بیر دەخاتەوە..

من هەر بە چاوی هەرزەکاریم، وەکئەوەی هێشتا (بۆرە) بخوێنمەوە، تەماشای دەکەم. لە ڕاستیدا ئەو ناوەکەی سەرنجراکێشە: عەزیزی مەلای ڕەش. ڕەشی ناوەکەی بیرخەرەوەی تاریکی نییە، هێندەی ئەوەی بیرخەرەوەی ڕووناکی و ڕۆشنگەرییە. ئەمەش چارەنووسی گشت گێڕەوەرەیەکە. ئەو ڕەشییەی ناوەکەی، ناچارمان دەکات چرایەک بەدەستەوە بگرین بۆ ڕەوینەوەی تاریکایی و ئاشکراکردنی نهێنییەکەی. بەم مانایەش، گێڕانەوە لە بنەمادا کردەیەک و ئەرکێکی ڕۆشنگەرانەیە. لە پشت هەر گێڕانەوەیەکەوە، هەستکردنێکی ئەخلاقییانە بەبەرپرسیارێتی هەیە. گێڕەرەوە هەستکردنێک و ئیدراکێکی تایبەت لەسەر ئەوەی ڕوویداوە بۆ نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو دەخاتە ڕوو. ڕاگواستنی ئەزموون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانیتر، جگە لە کردەیەکی ئەخلاقیی ڕۆشنگەرانە ناتوانێت شتێکیتر بێت. گێڕانەوە لە بنەمادا کردەیەکی ئەخلاقیە، بەبێ ئەوەی تەکنیک لەم ئەخلاقەدا هیچ ڕۆڵێکی هەبێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەخلاقیانە بژی و بەرگریی لە بەها بەرزەکان بکات، تەکنیک دادی نادات، پێویستە لە حیکمەتی ڕاستگۆیی تێبگات.. کوڕەکەی مەلای ڕەش ڕاستگۆیەکە لە ناو درۆزنەکاندا..

من بۆ پیاوە ڕووخۆشەکە نیگەرانم. هیچ متمانەم بە کۆمەڵگەیەک نییە بتوانێت تازە گرنگیی و بەهای ئەم فیگەرە ئەدەبیانەی خۆی بزانێت. ڕۆحی شمشاڵ لە دەنگیایەتی، بەڵام ئیدی بولبوولی عەشق فڕیوە. ئێستا سەردەمی شاتەشات و نەڕەنەڕە.

٢٠٢٣/٢٠١٦ هەولێر

**تێبینی:**

**(*) پێشتر بە بۆنەی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەشەوە، ئەم وتارە لە ژێر ناونیشانی: (گێڕانەوە و ئاکار: لەبارەی عەزیزی مەلای ڕەشەوە)خوێندراوەتەوە. لەسەر پێشنیاری سەرنووسەری گۆڤار، فەرەیدوون سامانی ئازیز، ئەم ناونیشانەی ئێستەی بۆ داندراوە.**

# زمانی پێوەر!
# زمانی یەکگرتوو!

ئاکۆ جەلیلیان

ساڵەهایە کە نووسەران و چالاکوانانی زمانی کوردی باس لەزمانی یەکگرتوو یان ستانداردی کوردی دەکەن و لەسەر ئەم باوەڕەن کە زمانی کوردی لەسەر ڕێبازی نەریتی خەریکە، گومانی تێدا نییە کە زمانی ستاندارد کاریگەرییکی هەرەمەزنی لەسەر کۆمەڵگادا هەیە بەڵام کۆمەڵێک مەرج و ئەگەری تێدایە کە ئەگەر چارەسەر نەبێت بەلاڕێ دەچین و ئەرک و تێکۆشانی دڵسۆزانی زمان بەفیڕۆ دەڕوا. ئەم بیرۆکەیە «ستانداردسازیی زمانی کوردی» لەساڵانی هەفتاکانەوە لەلایەنی کۆڕی زانیاریی ئەو سەردەمە گەشەی کرد و چەندین دانیشتن و هەڤپەیڤینی چڕوپڕ لەسەری کرا، بەڵام بەداخەوە ڕێپشاندەر و ڕێخۆشکەر و بەدیهێن نەبوو. چونکە لە بنواشە و ئەساسدا بابەتە زانستییەکانی زمان تێدا رەچاو نەکرابوو، هەوڵدرابوو کە یەک زاراوەی مامناوەندی بژاردە بکرێت و ئەو داوایی زاراوەکان یاریدەر بین، کە بۆخۆی بیردۆزییەکی پەسندکراو بوو، بەڵام ئەم زاراوەی مامناوەندییە خۆی ئەرشیڤێکی چڕوپڕی لێی لەبەردەستدا نەبوو و بەبێ هەڵبژاردن و دەنگدان هەڵبیژاردبوون و دژایەتیی لەگەڵ پلۆرالیزمی زمانی بوو. ئیدی ئاساییە ئەگەر بڵێین: نەیتوانی مسۆگەری داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بێت.

**کلیل وشە: زمانی یەکگرتوو، زمانی پێوەر، ئەگەرەکان و دەربازبوون**

بەپێ بەڵگەنامە مێژووییەکان و شرۆڤەی زماننناسان، کوردستان بەشی هەرە گەورەی میدیا بووە کە لەو سەردەمە خاوەن دەسەڵات و شکۆی بێوێنەیەک بووە و گومانی تێدا نییە کە زمان وەک پردی پێشکەوتوویی (نە وەک پردی پێوەندی) ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە. پێوەندی نێوانی زمان و ناسین(معرفت) بۆچونێکی حاشا هەڵنەگرە و «وشە« هەڵگر و شرۆڤەدەری ئەم ناسینەیە، ئەوەتە کە زماننناسانی گەورەی دنیا بەئاشکرا دەڵێن: وشە ژووری بیر و هزرە. پەرەپێدان و بەخێوکردنی زمان و وێژە بابەتێکی گرینگە کە ئێمەی کورد سیاسەت و بۆچونێکی ئەوتۆمان بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی بنەمایەکی بتەو بۆ زمانەکەمان نەبووە و نەمانتوانیوە بەرگری لە پەرتەوازی و بەربڵاویی زمانەکەمان بکەین. «فرە نیشتمانی» و «فرە ئایینی» و «فرە زاراوەیی» و لەم دواییەش «فرە حیزبی»، بوەتە هۆی پەرتەوازی و لاوازیی زمانی کوردی و لە برێک قۆناخی مێژووییشدا خۆمان تێکدەری بنواشە و ئەساسی زمانەکەمان بووینە. لە کۆمەڵگایەک وەک کوردستانی ئەمڕۆکە کە تووشی ئەم چوار پەتایە بووە هەوڵ

و تێکۆشانی چالاکان و دڵسۆزانی زمان بەباشی جێبەجێ نابێت چونکە ڕەهەند و کۆسپی بەرفراوان لەپشتێدا هەیە و هەوڵەکان و دەرفەتەکان دەخزێتە خشتەی خزمەتکردن و پاڵپشتیی زمانی سەردەست(حاکمیت سیاسی). لەئاوا بارودۆخێک و لەهەفتاکانەوە پڕۆژەی «ستاندارد سازیی زمانی کوردی یان زمانی یەکگرتوو» بەدی هات کە سەرەڕای چەڵەمە و تەنگانەکان و کەموکوڕییەکانی، بەرژەوەندێکی نوێ لەبەردەست و دەمی نووسەران و چالاکانی زمان و فەرهەنگی کوردی دەرباز کرد. دەیان وتار و پەیڤ و ... لەسەری نووسرایەوە و وەک بەرنامەیەک بۆ دەربازبوون لەم ڕەهەند و کۆسپە کە نەتەوەی کورد خۆی تووشی کردبوو هاتە ئاراوە بەڵام لەبەر نەبوونی بیردۆزیی زانستی و هەبوونی بڕێک بیری بەرتەسکانە دەرئەنجامیکی باش لێنەکەوتەوە. هەر لەو سەردەمەشدا قسەی ئێمەمان ئەوە بوو کە: حەتتا ئەرشیڤێک لەوشەی کوردیی هەموو زاراوەکانی کوردی (لەباکوورەوە حەتتا باشوور، لەفولکلۆر و داب‌ونەریت تاکوو بیبلۆگرافیی ئەرزناسی و مێژوویی و کەسایەتییەکان و لەسەر بنواشەی «پلانی زمانی language planning» نەبێت ئەرکی زمانی یەکگرتوو جێبەجێ نابێت کە بەداخەوە کەس گوێبیستی دەنگمان نەبوو) خڕ نەبێتەوە گەیشتن بەم ئامانجە ئەستەمە و بۆ نمونە ئاماژە بەشێوازی «گۆرانی»مان دەکرد کە بۆخۆی زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردی لەکرماشان و ئیلام و لوڕستان بوو و بەبەرجەستە کردنی خاڵە سەرەکییەکانی ئەم شێوازە پێشنیارمان دا کە لەسەر ئەو ئەساسە، ڕێگەیەکی نوێ بۆ زمان بدۆزرێتەوە کە بەداخەوە پەسەند نەکرا. یەکێک لەپرسیارە سەرەکیەکانی ئەو سەردەمە کە هێشتاکەش بێوەڵام ماوەتەوە و پرسێکی زانستیانە بوو نەک ناوچەگەرایانە ئەوە بوو کە بۆچی سۆرانی زمانی مامناوەندی بێت؟؟!! ئایا زاراوەیەکی‌تر نەیدەتوانی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکا؟! بەپێ کام پێوەر و پێوانە سۆرانی بژاردە کراوە؟! رابوورین ... ئێستاکەش ئەم پرسیارانە دێتە ئاراوە کە ئایا دامەزراوەی یونێسکۆ بەو هەموو داموەدەزگا و کەسایەتیی بەناوبانگ و پرۆپاگانداوە کە ساڵانە بە ملوێنان هەزینەی پاراستنی زمانی دایکی دەکەن، ئیدی ئێمەی کورد بۆچی بانگەشەی زمانی یەکگرتوو دەکەین؟! ئایا زمانی دایکی و دیالکتی دایکی هەڕەشەیە بۆ زمانی یەکگرتوو؟ ئایا نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەندامانی دامەزراوەی جیهانیی یونێسکۆ زاناتر و تێگەیشتووترن! یان زمانی یەکگرتووی کوردی، هەڵگری بیری سیاسییە؟ ئایا لە داهاتوودا بە تاوانی ئاسیمیلەکردنی ناوخۆیی تومەتبار دەبین یان

نە؟ بەرانبەر بەم پرسیارە گرینگانە وڵامی ئێوە چییە؟؟ بێگومان «زمان» خۆبەخۆ بابەتێکی سیاسییە لانیکەم زمانی کوردی هەڵگری بیری سیاسییە، ئاخۆ سیاسەتوانانی کورد تا ئێستە بیردۆزییکی سیاسی/زانستی بۆ دەربازبوون لەم کۆسپە پێشکەش کردوون؟ بەڕای من وەڵامی ئەم هەموو پرسیارگەلە دەبێ لەنێو خودی زماندا لەدووی بگەڕین و بیدۆزینەوە و ئەوەی کە ڕاستی بێت ئێمەی کورد تەنها نیشتمانەکەمان پارچەپارچە نەبووە بەڵکوو زمان و مێژوو و شوناسمانیش پارچەپارچە بووە، لێرە شوناسی ئێرانی و لەورە شوناسی تورکی و عێراقی و هتد. زمانەکەمانیش تا ئاستی شێوەزارێک لەفارسی یان تورکی دابەزێوە لەحاڵێکدا کە خەزینەی زمانی فارسی و تورکی بەقەرای نیوەی زمانی کوردیش نییە و چی بابەتی مێژوویی بێت بەناوی ئەم وڵاتانە لەقەڵەم دراوە و خۆمان لێی بێبەش کراوین. بەڵام هەروەها کە مینورسکی دەنووسێت:

یەک هۆکاری سەرەکی هەیە کە مرۆ لێی سەرسام دەبێ و یەکگرتوویی کۆنینەی کوردەکان دەیسەلمێنێ و ئەوەش زمانەکەیانە کە هەرچەندەکە زاراوەگەلی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لەباتی ئاهەنگ و یەکڕیزیی ڕێزمانی؛ یەک زمانە

## کێشەکانی بەردەمی بەرەی شوناس‌خواز چییە؟

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەیەک خاڵی سەرەکی بکەم کە ئەرکی پێش‌خستنی زمان تەنیا لەئەستۆی شارەزایانی زمان نییە و لەهەموو زمانێکدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی زمان، دانانی «فەرهەنگی پیشەیی» و فەرهەنگی زانستی» کە پێوەندییان بەزانستێکەوە هەبێت پێویستییەکی بەرچاوە کە ئەرکی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو زانست یان پیشەیەیە بەمەرجێک کە بڵاوە بکرێتەوە و گەشە بکات. مان و نەمانی زمانێک پێوەندیی ڕاستەوخۆیانەی لەگەڵ ئاخێوری ئەو زمانەیە و زۆرینەی سیاسەتی زمانیی هەر وڵاتێک پاراستنی زمانی دایکی و لەداوی ئەوە زمانی نەتەوەییە. دابەش‌بوونی وڵاتی میدیا لە نێوانی چەند دەوڵەتی داگیرکەر و سەپاندنی چەند زمانی فەرمیی داخوازی ئەم دەوڵەتانە، بوەتە هۆی دابەزین و لاوازبوونی زمانی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان و ئاخێوەری زمانی کوردی تووشی ئاسیمیلەی فەرهەنگی و مێژوویی بووە و ئێمە لەم گۆڕەپانە دۆڕاوێکی بێدەستەڵاتین. ئەوەی کە روونە رێزکەکانی ئایینی کە بۆخۆی ئەساسی دادگا و دەزگای دادپەروەرییە لەم دەوڵەتگەلە ڕێک وەک

یەکن و بایەخی زۆری هەیە و لەسەر یەک ئەساسدا (شەریعەتی ئیسلام) بەڕێوە دەچێت کە تەنها و تەنها بۆ کۆتوبەست لێدان و بۆ کۆیلەکردنی زمان و خەڵکی داگیرکراوە. دوور نییە فیتوای مەلایەکی ئایینی لە خۆدی یاساکانی ماڤیمرۆڤ برەوی زیاتر ببێت و ئەمە بۆخۆی پێشنەی مێژوویی هەیە. لەپێشەکیی «کوردیکا»دا ئاماژەم بەچەند خاڵی سەرەکی کردووە کە وەکوو کێشەیەک خۆی نواندووە و بەپێویست دەزانم لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە. ئەگەر چاوخشاندنێکی خێرا بکەینە سەر بابەتی مێژوویی و فەرهەنگی، تێدەگەین کە بنەما و هەوێنی مێژوو و فەرهەنگی ئێمە بەدەستی بێگانە کۆ کراوەتەوە؛ هەرچەندە لە هەندێک بابەتدا دەبێت سپاسگوزاری لێکۆڵەرانی بێگانەش بین کە ئەگەر ئاوا بابەتێکیان کۆ نەکردایەتەوە، ئێستە هیچمان لەبەردەستا نەبوو؛ بەڵام ئەوەش لەبیر نەکەین، کە لەڕووی دڵسۆزی و پەرەپێدان بەزمان و فەرهەنگی گەلی کورد نەبووە بەڵکو بۆ داگیرکردنەوە و لەڕێ لادانی گەلەکەمان بووە و کۆکەر و نووسەری ئەم بەرهەمە باڵوێزی حکوومەتی داگیرکەر بووە و بە وردی لەسەر مەسەلەکە دواوە و وەکوو پوختەیەک بۆ حکوومەتی خۆی کۆی کردووتەوە و سیمای کورد بە ناوی نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەبواری مێژوو و فەرهەنگ تێیدا دیار نییە.

### - لە روانگەی زمانییەوە

زمان، مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەی کورد بەپێی کۆمەڵێک هۆکاری جڤاکی، مێژوویی، ئەرزناسی و... (کە دەیان جار لەگوتارە جیاوازە مێژوویی و کۆمەڵناسییەکاندا لەبارەیانەوە باس کراوە) زۆر ئاساییە ئەگەر بڵێن: نەتەوەی کورد بەهۆی نزیکیی ئەرزناسانەوە لەگەڵ زمانی عەرەبی و تەنانەت فارسی، داوبسانی هەبووە و ئەمەش لەبیر نەکەین کە نەتەوەی کورد بە هۆی پێوەندیی بە ئیسلامەوە و جێگیربوونی داتەک و یاسای ئیسلامی دەبوایە پەیڕەویی لەئیسلام بکردبایە، هەر لەسەر ئەم بۆچوونە، گۆڕینی وشەکانی شەریعەتی ئیسلام کە لە دەفتەر و کتێبە یاساییەکاندا هەیە بەزمانێکی دیکە گوناحە و تەنانەت وەرگێڕانی قورعانی پیرۆزیش بەزمانێکی دیکە رەوا نەبووە. بەشداربوونی زانایان و مەلایانی کورد بۆ پێشخستنی شەریعەتی ئیسلام و زمانی عەرەبی وەک رۆژ ئاشکرایە، بەڵام هەر

ئەم بیرۆکەیە بوەتە یەکێک لە پەرتەوازییەکانی زمانی کوردی. زمانی کوردی هەر لەو سەردەمەوە هەڵوێستی بڵاوەخوازانەی لەخۆ گرتووە و گۆڕانکاریی زمانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیمان لە ڕەوتی سەدەکانی ئەم سەردەمەدا بەرەبەرە و قۆناغ بە قۆناغ پێی لەڕێگەیەک داناوە کە بەردەوامبوون لەم ڕێگەیە لە داهاتوویەکی نەفرە دووردا دەبێتە هۆی جیاوازی و دوورکەوتنەوەی بەشەکانی دیکەی زمانی کوردی لە یەکتر کە ئەمە بۆخۆی گەورەترین هەڕەشە بۆ دابەشکردنی زمان بە زاراوە سەرەکییەکان و سەربەخۆ لەیەکتر و گرێدراو بەزمان و فەرهەنگ و کۆمەڵگەکانی بێگانە بێت (کە لانیکەم لەباتی دادگاکانی کوردستان بەگشتی گرێدراو بەزمانی عەرەبییە). شیاوی ئاماژەیە کە گۆڕانکاری و چاکسازیی زمانی لە کۆمەڵگە مرۆییەکان بابەتێکی ئاساییە  کە لەمێژووی زماندا لانیکەم تا چەند سەدەی پێشوو رووی داوە، بەڵام پرسی سەرەکی ئەمەیە کە هەڵوێستی ئەم گۆڕانکارییە لەخودی زمان و پاشان زمانەکانی ناوچەکە لەم چەند سەدەیەدا چی بووە؟ سەدەی بیست و یەک دەتوانێت سەردەمێک بێت کە تێیدا ناسنامەی زۆرینەی نەتەوەکانی دونیا لەڕێگەی کشانەوە و بە رکێفخستنی زمان، شوناس، فەرهەنگ و مێژووی گەلان بکەوێتە پەراوێزی نەتەوەکانی دیکەوە. بابەتی دیکە کە پانۆرامای ئەم هەڕەشەیە لەمێشکدا تۆختر دەکاتەوە؛ بەرفراوانیی زاراوەکانی کوردییە (بابەتێک کە جگە لەوەیکە ئێستا تێیداین؛ دەتوانست گەورەترین هەڵکەوت و دەسکەوتی زمانی کوردی بێت، کە لەڕەوتی هەزارەکانی مێژوودا بۆمان هەڵکەوتووە) زاراوەگەلێک کەئێستا هەندێک لەوتەبێژانی، راستەوخۆ دەڵێن کەزمانێکی سەربەخۆون. نیشانەکانی دووربوونەوە و سەربەخۆیی زمانی دەساوەی رەوتی بڵاوەخوازانەی زمانی کوردیی ئەمڕۆیە کە لەهەندێک لەناوچە کوردنشینەکان و بەتایبەت وتەبێژانی باشوور و باکوور و رۆژهەڵات جارجارێک خۆی دەنوێنێت، کە بۆخۆی مەترسییەکە و لەکاتی خۆیدا کۆمەڵێک لە وتەبێژانی ئەم زاراوەگەلە بنەچەی کوردبوون لەسەر خۆیان دەسڕنەوە و هەنگاوێک بەرەوپێش دەچن و شوناسی زمان و فەرهەنگ و کۆمەڵگەی خۆیان لەنێو نەتەوەییێکی دیکەدا دەبینن (لەباکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم قەیرانە رووی داوە). یەکەم پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەمەیە کە: ئەم قەیرانی شوناسە لەکوێوە دەستی پێکردووە؟!هەر ئەوەندەی کە بەشێک لە نەتەوەیەک سەبارەت بەشوناسی خۆی تووشی ئاوا

هەلومەرجێک دەبێت؛ دەستی دیار و نادیاری بێگانەش تێدەکۆشێت کەڕەوتی کاتالیزەکردنی بڵاوەخوازانەی بنەماکانی شوناسی(فەرهەنگی و مێژوویی) تێک بشکێنێت. کەم نییە کتێب و نووسراوە و ماڵپەڕی ئینتەرنێتی کە لەم بارودۆخەدا هەوڵیان داوە کە بیروباوەڕی خۆیان بەسەر ئاوا نەتەوەگەلێکدا بسەپێنن و بەشێوەیەک بتوانن هەستی کوردایەتیی ئەوان دابەزێنن یان یەکگرتوویی باوەڕی کوردانە بخەنە ژێرڕکێفی پرسیارێکی گەورە و لێڵ و نادیارەوە. هەرچەندە لەم بارەوە ناتوانین بڕێک ناهەماهەنگی و بنەواشەگورێزی لەهەندێک لە زاراوەکانی کوردیدا بەرچاو نەگرین و دان بە بەتاڵبوونی وتەی لێکۆڵێنەران و وتەبێژانی ئاوا باوەڕێکدا نەنێین. بۆ نموونە وتاری ئشمیت (١٣٨٣؛ ٥٤٤) کە بڕێک لەزاراوەکانی باشووری کوردستان لەڕیزی زاراوەکانی نالێکچووی کوردی لە قەڵەم داوە، بەڵام دەبێ بزانین کە ناهەماهەنگی چەند فاکتەری دەگمەنی واجی، یان واج واژی، یان تەنانەت ڕێزمانیی لە زاراوەیەکدا ناتوانێت بە تەواوی یەکگرتوویی فەرهەنگی و زمانی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک بخاتە ژێرڕکێفی ئاوا بۆچوونێکی نادیارەوە. بابەتی ڕەوتی بڵاوەخوازانەی زمانی کوردی لێرەدا کوتایی نایێت؛ یەکێکیتر لەگرفتەکانی ئەمڕۆ کە توندوتێژانە لەکولێژەکانی زانستی و فەرهەنگیی ناوچە کوردنشینەکاندا بەربڵاوە، بابەتی زمانی ستاندارد (یەکگرتوو) یان تەنانەت زمانی نەتەوەییە کە وێڕای ساکاریی بنەڕەتی خۆی، بووەتە کێشەیەکی سەرەکی لەنێوان کوردان و بۆخۆی دەتوانێت یەکێک لەکەرەستە سەرەکییەکانی ڕەوتی بڵاوەخوازانەی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد بێت (سوور بوون و پێچەقێنی لەسەر چەند بابەتی زمانەوانیی کەمبایەخ بەنیسبەتی زاراوەیەک لەزاراوەکانی کوردی نموونەی بەرچاوی ئەم وتەیە). جگە لەوانە پانوبەرینیی یەکجار بەربڵاوی شاخاویی کوردستان و دابەشکراویی زمانی کوردی لەناو دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا بووەتە هۆی پەیوەندییەکی لاوازی وتەبێژانی زاراوەکانی کوردی لەگەڵ یەکتر کە بۆخۆی هۆی نەناسیار مانەوەی زاراوە کوردییەکانی دیکەیە بۆ وتەبێژانی کورد. هەر ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەیکە وتەبێژانی هەر یەک لەم زاراوەگەلە لەکاتی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ یەکتر، دوای سەربەخۆیی زمانیی خۆیان بکەون و خوازیاری سەربەخۆیی زاراوەی خۆیان بن.

-له روانگەی مێژووییەوە

هەروا کە باسمان کرد نەتەوەی کورد بەهۆی پێوەندیی ئایینی بەئیسلامەوە و لەبەر ئەوەیکە جگە لە سەردەمانێکی کورت لەمێژووی کۆندا؛ خاوەنی حکوومەتێکی هەمەلایەنە نەبووە و دوور لە زەبر و سەختیکردن لەسەر نەتەوەکانی دیکە لە داوێنی کێوسانانی ژێرپڵگەی خۆیاندا ژیاون، مێژووی ئەم نەتەوەیە تەمودایم لەپەراوێزی کتێبە مێژووییەکانی نەتەوەکانی دیکەدا بووە، ئەوەش کەتوارە بەشێوەیەکی راست و بێ گەزافە. هەر بەم بۆنەوە نەتەوەی کورد هێشتا خاوەنی بابەتێکی ئەوتۆ لەسەر مێژوویێکی هەمەلایەنە کە بە دڵی هەموو بێت و جێ‌متمانە بێت، نییە. لەلایەکی دیکەوە لە نووسینی مێژووی نەتەوەکانی دراوسێی کورد بەئەنقەست یان بە هەڵە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی مێژوویی رووی داوە و هەندێک لەداشتەمەنییە مێژوویی و ئەساتیریی (ئوستوورە، یان ئەفسانەییەکانی) ئەم نەتەوەیە لەناو و لە دووتوێی مێژووی نەتەوەکانی دیکەدا نووسراوەتەوە. ئەگەر بمانەوێ هۆکاری سەرەکیی ئەم هەڵە مێژووییە بدۆزینەوە دەبێت لەسەر نەبوونی ئیرادە و هەستی نەتەوەیی لێکۆڵێنەران و زانایان و گەورەکانی نەتەوەی کورددا بگەڕێین کە لە بەرانبەر سەرچاوە و ئاخێزگە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی پێشینیانی خۆیاندا کەمتەرخەمییان بووە و بەئاسانی ئەم گۆڕەپانە چوڵ کردنە و رێگەیان داوەتە بێگانە و رێخۆشکەری بابەتی ئەوان بوونە. هەروەها کۆمەڵێک لە رۆژهەڵاتناسانیش بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتی خۆیان قەڵەمیان گرتووەتە دەست و بەشی هەرەزۆری مێژووی ئەم نەتەوەیە لەدەفتەری کورددا سڕاوەتەوە و بەناوی کەسان و نەتەوەی دیکەوەنووسیویانە. بەداخەوە کەم نین کەسانێک کە خۆفرۆشن و شوناسی نەتەوەی خۆیان بەناوی (تۆفەی دەروێش) پێشکەش بەدەرباری مێژووی نەتەوەکانی دراوسێ کردوون. بەشی هەرە زۆری مێژوو و فەرهەنگ و باوەڕەکانی نەتەوەی کورد ئاوا خزاوەتە نێو نەتەوەکانی دیکە و ئەوەش کە دوایی بەجێ ماوە سووکایەتیی پێ دەکرێت یان بەگشتی تێکچووە و ئەوەندە بچووک بۆتەوە کە هەر نابینرێت و ناوی ئەو کەسانەی بەسەردا داسەپاوە. هەرچەندە بەپێی پێوەندیی لاوازی نێوان کوردەکان، تەنانەت خەڵک لەگەڵ ئەم بەشەش زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە.لە ئاوا بارودۆخێکدا کە نەتەوەی کورد بەتەواوی جانتاکەی لە داشتەمەنییەکانی خۆی و گەورەکانی مێژوویی

و ئوستوورەیی خۆی چوڵ دەبینێت؛ بەمێژوو و گەورەکانی نەتەوەکانی دیکە دڵخۆش دەبێت و شوناسی مێژوویی و ئوستوورەیی خۆی پێشکەشی بێگانە دەکا و بێگانەش گەورەکانی ئێمە لە جامخانەی شانازییەکانی خۆی جێ دەکاتەوە و ئەوان دەکاتە هێمای متمانەیی خۆی.

**-لە روانگەی فەرهەنگییەوە**

هەبوونی فەرهەنگی لەبار لەنێوان نەتەوەی کورددا یەکێک لەهێما و نیشانە دیارەکانە بۆ ریشەداربوونی نەتەوەی کورد. لە جوغرافیای ژینگەیی کورددا هێماگەلی فەرهەنگیی بەرفراوان هەن کە زۆرینەیان ریشەیان لەپێشینەی هەرەکۆنی نەتەوەی کورد دایە.داب‌ونەریتە ئاینییەکان، باوەڕەکانی فۆلکلۆر، خڕشتکارییەکانی پێشینیان، بیناکان، کەسایەتییەکانی ئەدەبی و هونەری و ئایینی، ناوگەلی تایبەت (وەکوو کەسایەتییەکان، کێوەکان، چۆم و کانی و شار و دێ) و چیرۆکەکان؛ بەگشتی کەرەستەیێکە کە ئەگەر کۆ ببێتەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر دووپات بکرێتەوە و لەگەڵ کەرەستەی فەرهەنگیی نەتەوەکانی دراوسێ بەراورد بکرێت؛ بینای فەرهەنگیی نەتەوەیەک پێک دێنێت کە تێک ناچێت. لەجوغرافیای کورددا نموونەگەلی بەرفراوان لە کەرەستەکانی سەروو هەیە کە پێشینەیان کۆنتر لە بیرەوەری مێژوویی نووسراوە لە پەیکەری بەردەنووس و بەردەکاندا بەڕوونی دیارە.بەڵام لێرەدا رەوت هەر ئەوەتە کە سەبارەت بەمێژوو و زمانی کوردی دووپات کردینەوە؛ واتە هەمان بەربڵاوی کەرەستەی فەرهەنگیی نەتەوەی کورد لەقەڵافەتی ناتەواوی فەرهەنگیی نەتەوەکانی دیکە، لەژێرڕکێف‌کەوتنی فەرهەنگی ئێمە بۆ قازانجی نەتەوەی دیکە، لەبیرچوونەوەی بەشی هەرەزۆری فەرهەنگ لەچوارچمکی خاکی کوردستاندا، سووکایەتی‌کردن بەفەرهەنگ و زمان لە لایەنی نەتەوەکانی دیکەوە و پەڕەپێدانی ئەم بۆچوونە لەلایەنی خودی کوردەوەو هتد. هەرکام لەو کەرەستانەی سەرەوە دەتوانێت لەجێگای خۆی هەڕەشەیەکی بەتوانا بێت بۆ فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەکەمان کە سەرنجی لێکۆڵەران و زانایانی دڵسۆز بۆخۆی رادەکیشێت. هەڕەشەگەلێک کە ئەمڕۆ بنەما فەرهەنگییەکان و تەنانەت کۆی زمانی کوردی خستووەتە بەر نەمان و رەنگە داهاتوویکی نادیار و ناهێمنی بۆ برەخسێنێت و دەرەنجامی دەبێتە

-هۆگرایەتی بەفەرهەنگی بێگانە: نەتەوەیەک کە گۆڕەپانی فەرهەنگیی خۆی لەئەستووندەک و کۆڵەکەی بتەو چوڵ دەبینێت بەناچاری پەنابەری فەرهەنگگەلێک دەبێت کە هاوچەشنییەکی لەگەڵ لاختی کۆمەڵایەتیی خۆی نییە و شانازی بەم بنیاتگەلە دەکات. لەئاوا بارودۆخێکدا مەترسیی جیابوونەوە بەردەوامە و بەشێوەیەکی گشتیتر و لەبازنەیەکی هەمەلایەنەتردا چوارچێوەی نەتەوەکەی دەخاتە بەر هەڕەشەوە. لەبەر ئەوەیکە زمان یەکێک لە بەرچاوترین میدیاکانی بەشەرە کە پێکهاتەی فەرهەنگی لەخۆ دەگرێتەوە بۆیە بچووکترین هەڕەشە بەنیسبەتی هەرکام لەوانە (زمان و فەرهەنگ) دەتوانێت داڕووخانی ئەویتری بەدواوە بێت.

-دژایەتیی وردە فەرهەنگەکان: دژایەتی لەنێوان وردەفەرهەنگەکانی خۆماڵی و پێکهاتەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی لەناوچە جیاوازەکان دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی باوەڕە ئایینی، کۆمەڵایەتی و عەشیرەتییەکان کە هەریەک لەوانە بۆخۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندییان هەیە. نەناسینی شیاویی ئەم وردەفەرهەنگانە و هەڵەڵەی دوژمنانەی کۆمەڵێک دەستی دیار و نادیار، دەتوانێت دژایەتی و رووبەڕووبوونەوەیەک لەنێوان کۆمەڵگەیەک لەهەمبەر کۆمەڵگەیێکی دیکە بخولقینێت -کە لە هەندێک لەناوچەکانی کوردستاندا رووی داوە-کە هەم هێز وتوانایی بنکە فەرهەنگییەکان دابەزێنێت و هەم رێخۆشکەری ملشۆڕیی فەرهەنگیی نەتەوەی کورد بێت.

-وەک ژێدەردانانی بابەتە هەڵە مێژووییەکانی کورد لە سەرچاوەکانی جیهانی: لەجیهانی سەردەم و پەیوەندیی جیهانی کە سنووری دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگەکان دابەزیوە، دەزگای راگەیاندنی بێگانە و پاوانخواز؛ لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا دەستی کردووەتە کۆکردنەوە و ئەرشیڤکردنی بنەما فەرهەنگی و زمانییەکانی نەتەوەکانی دنیا و لەچوارچێوەی ئێنسایکلۆپیدیای جیهانی وەکوو بریتانیکا، ئێنکارتا، ئیرانیکا و ویکیپیدیا (بەناوی نموونەی نافەرمی) ئەم بابەتانەی کردووەتە سەرچاوەیەکی جیهانی بۆ تەواوی زانستەکان و لە هەمبەر هەمووانداُ دایناوە. بابەتێکی سەرەکی کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین؛ چۆنیەتیی کۆکردن و پەرەپێدانی ئاوا ئێنسایکلۆپیدیایێکە کە بەگشتی بەدەستی بێگانە و ناشارەزایانی دەرەوەی وڵات - بە نیسبەتی کوردەوە- خڕ بووەتەوە کە بەگشتی خاوەنی ئەدەبیاتی مێژوویی و فەرهەنگی و زمانێکی نووسراوە و هەمەلایەنە نییە و زۆرینەی کەرەستە فەرهەنگی و مێژووییەکانی ئێمە لەسەر جوغرافیای ژینگەکەمان بەربڵاوە

و هێشتا ناسنامەییێکی بۆ لەبەرچاو نەگیراوە. لە ئاوا بارودۆخێکدا ئەوەی کە بەناوی سەرچاوە و ئاخێزگەی مێژوویی و فەرهەنگیی ئەم نەتەوەیەوە هەیە، زۆر بچووکتر و بەرتەسکتر لە راستییەکانە.

-گۆڕینەوەی کەرەستەی فەرهەنگی و مێژوویی نەتەوەی کورد لەلایەن دەوڵەتگەلێکەوە کە جوغرافیای نەتەوەکەمان لەنێو سنووری ئەوان دایە: بەپێی مێژووی سەدەکانی پێشوو هەندێک لەم دەوڵەتانە دەستیان کردووەتە گۆڕینەوەی کۆمەڵێک لەکەرەستە فەرهەنگی و مێژووییەکانی گەلی کورد کە لەسەر بنەمای خواست و نیازی فەرهەنگی، ئایینی، مێژوویی و خۆماڵیی خۆیانن. بۆ نموونە بەرگری‌کردن لە بەڕێوەبردنی هەندێک لە ڕێورەسمە ئایینی و مێژوویی و فەرهەنگییەکانی کورد کە لەمێژە لەنێو کورداندا باوبووە. گۆڕینی ناوی گوند و دێهات و ناوچە و شارەکان و سڕینەوەی شوناسی کوردییان و هەروەها هەڵەڵەی هەندێک کەرەستەی فەرهەنگیی بێگانە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا. ئەم بابەتە دەتوانێت دوای تێپەڕاندنی ماوەیەکی کورت پەیوەندیی بەرەی لاو لەگەڵ بنەما فەرهەنگی و مێژووییەکانی خۆی ببڕێتەوە و مێژوو و فەرهەنگی ئەم بەرەیە بەگشتی تێک‌بدات و بەپێی زەمان «کورد» تەنیا وەکوو وشەیکی لاواز لە کتێبەکاندا خۆی بنوێنێت.

### پێشنیار بۆ دەرباز بوون

لە باسی سەرەوەدا ئاماژەمان بە هەندێک لە گرفتەکان کرد و ئەو هەڕەشانەی کە لەسەر زمان و فەرهەنگ و مێژووی کوردن، بەکورتی باسیان لێ کرا. گرفت و هەڕەشەکان لێرە کۆتاییان نایێت و لەدەرفەتی ئەم کورتەباسەدا نییە کە هەمووی شرۆڤە بکەین، بەڵکوو کۆمەڵێک هۆکاری لۆژیکی و عەقڵانیی دیکەش دەتوانین بخەینە سەر باس کە ئەوە دەگەیێنێت کە لەلاییێکەوە گەلی ئێمەی تووشی سەرلێشێویان و کەمتەرخەمی و هەڵسوکەوتی ناڕەوا لەگەڵ بناغە فەرهەنگی و مێژوویی و زمانییەکانی خۆی کردووە و لەلایەکی دیکەوە لەژێرڕکێف کەوتن و خارەتی فەرهەنگی و سووکایەتی پێکران و... لەلایەن بێگانە بووەتە هۆی کاڵبوونەوەی کەرەستەکانی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەمان. بۆ رزگاربوون لەم بارودۆخە پێویست بوو بەشێوەیەکی زانستی شیکارییەک لەسەر گرفتەکانی

فەرهەنگی بێت و ڕێگەچارەیەک بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە و قەوارەیەک پێک بهێنرێت کە بەتەواوی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و... لەخۆ بگرێتەوە. بابەتی ئامادەکراو دیمەنێک دەخاتە روو کە تێیدا تەواویەتی هەڤدوورییەکان، جیابوونەوە، ناهەماهەنگی و هەڵە مێژووییەکان و... کە لە دێڕەکانی سەرەوە باس کران، دووبارە نەبێتەوە و لە کۆپلەیکی تاقانە و بە یەکجاری چاک بکرێتەوە و ببێتە ژێدەرێکی چڕوپڕ و جێ متمانە بۆ هەموو نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە. پێشنیارێک کە دەتوانێت لە ئاسایی‌ترین پێناسەدا؛ دانانی زانستنامە یان ئێنسایکلۆپیدیاییکی تەواو بێت، کە هەموو لایەنە فەرهەنگییەکانی کورد لەخۆ دەگرێتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زانستنامەکان، هەمەلایەنە بوونیانە کە بەداخەوە نەتەوەی کورد تا ئێستا نەبووەتە خاوەنی ئاوا بابەتێک. زۆربەی تێکۆشانەکانی کورد لەبوارەکانی فەرهەنگی و زمانی و جوغرافیاییدا بابەتێکی ناوچەیی و ناتەواو بووە و بەشی هەرەزۆریَ لەسەر رێبازی زانستی نەبووە. هەر ئەم کێشەیە بووەتە هۆکاری سنووردانان لە نێوان زاراوە و ئایینەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا کە لە سەرەوە باسیان لێ کراوە. لە ئاوا هەل‌ومەرجێکدا کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئێنسایکلۆپیدیاییک کە بتوانێت سنووری زاراوە و ناوچە و ئایینەکان دابەزێنێت و نوێنەرایەتیی هەموو زاراوەکان لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بکات و لە دیمەنێکی گشتیدا روانگەی مێژوویی و فەرهەنگی و زمانی بۆ کورد وێنا بکات، پێویستییێکی بەرچاوە.

ئەمن وەکو هۆگرێکی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەمان لەگەڵ پێشنیاری دانانی کۆپەر یان ئێنسایکلۆپیدیاییکی کوردی هاوڕێتی دەکەم کە هەڵگری بابەتی وشە و مێژوو و ئەرزناسی و بیبلۆگرافیای کوردستان بێت و ئەوەندەی کە بزانم برێک لەو کەرەستەگەلە جێ‌بەجێ بووە وەکو: مێژووی ئەدەبی کوردی لەلایەن مامۆستا زەکی‌بەگ و پرۆفسور مارف خەزنەدار و لەم دواییەش «بیبلۆگرافیای کوردستان» لە لایەنی هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا بوارنوورەدین کۆکراوەتەوە کە جێ خۆشحاڵی و پیرۆزباییە بەڵام لەباتی «وشە»ی کوردی لاوازییەکە هەر ماوەتەوە و لەچوارچێوەی فەرهەنگی وشە ماوەتەوە. لە دوو سەدەی رابردووەوە تا ئێستا کۆمەڵێک فەرهەنگۆکی کوردی کە ئەژماریان لە سەدوپێنجا بەرگ تێپەڕ دەبێت لەسەر وشەی کوردی کۆ بوونەتەوە و لەچاپ دەرچوون کە بێ دوو و سێ هەموویان لەسەر یەک یان چەند زاراوە و

بنزاراوە بووە. هەر بۆیە کاریگەرییان چەواشە بووە و قەت نەیانتوانیوە سنووری زاراوەکان دابەزێنن، چوونکە گۆڕانکاریی زمانی لەمەڵبەندێکەوە بەرەو مەڵبەندێکی دیکە گرێدراوە و ئەگەر بڕیار بەدانانی سنوور بێت؛ دەتوانێت بەشێوازی شالاوێک لەگۆڕانکاریدا خۆی بنوێنێت، نە بەشێوەی سنوورێکی دیاریکراو. کۆکردنەوەی زانستنامەی وشە بۆ زمانی کوردی بەشێوەیەک کە وشەکانی هەموو زاراوەکان لەخۆ بگرێت؛ دەتوانێت جگە لەوەیکە سنووری دانراو بڕووخێنێت، هەستی یەکگرتوویی و تاکزمانی بۆ نەتەوەکەمان بقۆزێتەوە و ببێتە تەنیا ژێدەری چڕوپڕ بۆ زمانی کوردی. ئەوەش لەبیر نەکەین کە چەندزاراوەیی و تەنانەت چەندزمانی لەنیشتمانێک ئاساییە و وڵاتە پێشکەوتووەکانیش دانیانی پێ‌داوە. جگە لەوانە سەرپەرەشتی بەرنامەی ستانداردسازیی زمانی کوردی کە ئەمڕۆ یەکێک لە گوتارە سەرەکییەکانی کۆڕی زانستیی زمانی کوردییە بکات. کۆکردنەوەی ئاوا زانستنامەیەک لەسەر وشەی کوردی دەتوانێت وەک دامەزراندنی ئەستوونێکی بتەو لە قۆناخی Codification لە قەڵەم بدرێت کە بۆ خۆی یەکێک لەبەشەکانی بەرنامەی ستانداردسازیی زمانە. هەروەها دانانی زانستنامەی وشەی کوردی دەتوانێت سەرچاوەیەکی لەبار بێت بۆ وشەسازی و پڕکردنەوەی بۆشایی بیاڤی وشەیی لەزمانی کوردیدا کە وەک کێشەیەک لەسەر زمانی کوردی خۆی زاڵ کردووە بەڵام؛ ئەگەر لەم قۆناخەش بابەتە زانستیانەی زمانناسی لەبەرچاو نەبێت و رچاونەکرێت، بیرە بەرتەسکەکان و هەڵەکان دووبارە ئەبێتەوە و داهاتەکەی لێڵ و نادیارە. کە سەیری ئەم خشتەی یەک بەدوای یەکی ستانداردسازیی زمان بکەین(Encyclopedia ، Codification languageplanning،) ئێمە لەهیچکام لەو قۆناخگەلە بەتەواوی دەرباز نەبووینە و تێماوین. ئێمەی کورد دەبێ بەرلە باسی ستانداردسازیی زمان، پەرە بە«زمانی پێوەر» بدەین. واتە بەدوای دانانی Encyclopedia و تێپەڕاندنی قۆناخی Codification بەرەو قۆناخی بەپێوەرکردنی زمانی کوردی هەنگاو هەڵگرین. زمانی پێوەر جۆرێک لەنووسین و گوتارە کە لەلایەنی بەرەی خوێندەوار بەکار دێت و وەکوو نوێنەکی زمانی ستاندارد سەڵمێنرێتەوە و لە راگەیاندن و میدیاکان یان وەتوێژ و ... بەشێوەی فەرمی لەزمانی پێوەر کەڵک وەردەگێردرێت(رضایی والی،نامە فرهنگستان). زمانی پێوەر دەتوانێت پلەیەک بۆ ستانداردسازیی زمانی کوردی بێت کە لەڕێگەی زانستی زمانناسی رچاو دەکرێت. بۆ بەپێوەرکردنی زمانی کوردی دانانی دامەزراوەیەکی

زانستنی وەک «فەرهەنگستان» کە باری رەوایی(مشروعیت) ببێت پێویستێکی بەرچاوە بەمەرجێک کە ئەو دوایی شێوەزار و زاراوەکانی کوردی تێدا بایخی ببێت و وەکوو کەرەستەی سەرەکیی زمان چاو لێبکرێت بۆ بەڕێوەچوونی زمانی پێوەر. بەرچاوترین ئەرکی فەرهەنگستانی کوردی «بەڕای من» گرینگیدان بەپڕۆژەی پلانی زمانییە «language planning». بەڕێوەبردنی بەرنامەی پلانی زمانی دەتوانێ مسۆگەری ئاواتەکان و هەوڵەکانمان بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی بێت. زمانناسان و بیردۆزانی بابەتی زمانەوانی یازدە خاڵی سەرەکی بۆ پلانی زمانە دیاری کردوون کە بریتین:

١- پاڵاوتەکردنی زمان: پێشنیار بۆ کاراکردن و بەکارهێنانی یەک زمان بەپێی ساختارگەلی زمانیی تایبەت بەمەبەستی پاراستن و پاڵاوتە کردنی لەهەمبەری زمانەکانی دەرەکی یان بەرگری لە بەلاڕێ چوونی نێوخۆیی زمانێک.

٢- زیندووکردنەوەی زمان: کۆشین بۆ بەزمان کردنی زمانێک کە ئاخێوەرێکی بەرچاوی نییە و کردنی بەئامرازی پێوەندیی ئاسایی.

٣- چاکسازیی زمان: گۆڕانکاریی یەکجار دیاری لەبڕێک لە دیاردەکانی تایبەتیی زمان وەک گۆڕینی رێنووس؛ نژوە و رێزوان بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ چێژوەرگرتن لەزمان.

٤- بەپێوەرکردنی زمان: کۆشین بۆ بایەخدانەوە بەیەک زمان یان زاراوەی ناوچەیی و کردنی بەزمانێکی پەسندکراو بۆ ئەو مەڵبەندە. بۆ نمونە کەڵک وەرگرتن لە چەمسارگەلی یەک ناوچە و بەپێوەرکردنی بۆ زمانێک.

٥- پەرەدان بەزمان: کۆشین بۆ بەرفراوان کردنی ئاخێوەرانی یەک زمان و رێگە پێدان و پۆشتەوپەرداخ کردنی بە چەمک و چەمساری زانستنی کە بۆخۆی پلەی زانستنی ئەو زمانە دەچێتە ئاسۆیێکی بەرزترەوە.

٦- نوێکردنەوەی وشەکانی زمان: کە خود بریتیە لە وشەسازیی نوێ لەسەر بنواشەی ئەرشیڤی وشەکانی ئەو زمانە یان خود گۆڕینی واتا و ئانکۆی وشەکانی زمانێک لەسەر ئەساسی (پیڤاژۆی ماناناسیی میتافۆر وەک: لاناو، لێکدژی، وێکەڵە) و تەنانەت وامگیری.

٧- بەپێوەرکردنی چەمک و چەمساری زمان: بڕواننە شرۆڤەی ئەژماری ٤

٨- ساکارکردنەوەی شێوازی زمان: سادەکاریی زمان لە بەکارهێنانی وشە، ڕێزمان و ئەودوایی لاختەکانی زمان وەک پاڵاوتن و سڕینەوەی وشەگەلی دژوار و نامۆ.

٩- ئاسانسازیی پێوەندیەکانی زمان: ئاسانکاریی پێوەندی زمانی لەنێو ئەندامان و پەلوپەلوەچەکانی زمان.

١٠- پاراستنی زمان: گەشەدان و بەکارهێنانی زمانێک کە پلەی زمانیی ئەوتۆیی نییە و لەمەترسیی تێکچوونەوە دایە.

١١- بەپێوەرکردنی هێماکانی یارمەتیدەری زمان: بەپێوەرکردنی بڕێک لایەن و ڕەهەندی ناسەرەکی و پەراوێزی و یارمەتیدەرانەی زمان وەک ناوی شوێنەکان و ڕێسای پیتنگاری و ئاوانووسی و هێماکان. وەک زمانی مۆرس یان زمانی ناشنوایان کە بڕێک هێمای دیاریی لەنێوانی هەموان هەیە.

کە سەیری خشتە و ڕێسای پلانی زمانی دەکەین، جیاوازیی بۆچونی بەرتەسکانە و بۆچونی زانستیانە بەنیسبەتی زمانی یەکگرتووی کوردی بەڕوونی دیاردەیە. چەند خاڵی گرینگ لە بەرنامەی پلانی زمانیدا هەیە کە هەر ئێستاکەش بایەخی پێنادرێتەوە و جێبەجی ناکرێت جا چۆن بەتەمای زمانی یەکگرتوو بووین؟! ئەگەر بمانەوێ پلانی زمانی شرۆڤە کەین باشترین و گشتیترین شرۆڤە وتەی (کپلان.ب)و (ریچارد. ب) ە کە دەڵێن: پلانی زمانی هەوڵێکی ئانقەستانەیە بۆ کارلێکردنی ساختاری زمان یان فێرکاریی زمانەکان و جۆراوجۆریی زمانییە، لەکۆمەڵگایەک. هەرچەندەکە بەرنامەی پلانی زمانی بەشێک لەسیاسەتی دەوڵەتانە و بەدانانی دام و دەزگا و بنگە و بارگا بەڕێوەدەچێت و ڕەنگە ئێمەی کورد دەوڵەتمان نەبێت بەڵام کیانی سیاسیمان هەیە و : سیاسەتی زمان بەچەمکە نوێیەکەیەوە لەبواری پلانی زماندا کار لەسەر زمان دەکات نەک سیاسەت(سەلام ناوخۆش، ٥:٢٠١٠) .پلانی زمانی بەشێوەیەکی ناتەواو و خۆبەخۆ لەنێو کۆمەڵەی نووسەر و شاعیر و ... بەڕێوە دەچێت بەڵام ڕەنگە سەر بە بەرنامەی پلانی زمانیش نەبێت و قەت هەست بە پلانی زمانی نەکەن. بۆ نمونە نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان و وتاربێژ ڕۆژانە لەنووسین و پەیڤین پلانی زمانی جێبەجێ دەکەن ئاماڵ بەنووسینی وتارێک یان پارچە شیعرێک و ... کەتێدا

هەوڵ دەدەن وشەیەکی هەمەلایەنە و شایانی فەهمی بەردەنگ بەکار بێنن. سەرەڕای ئەوەیکە پلانی زمانی بۆخۆی هەڵگری ئەو بابەتە سەرەکییانەیە، لێرە دەتوانێت وەکوو بابەتێکی زانستی یاریدەری ئەم بیردۆزییە بێت. پلانی زمان بریتیە لەگەڕان بەدوای هۆکاری پێویست بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە(لویس‌جان کالفی، ٢٠١٢ لا١٥٢) . دەستەی کارگێڕانی پلانی‌زمانی بەبەراوردکردنی جۆراوجۆریی وشەکان کە پێشتر لەکۆپەڕی کوردی ئەرشیڤ‌کراوە و بە لەبەرچاوگرتنی جۆری فۆنەتیک و داڕێژەریی وشە،دەتوانن لەهەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشەی رەسەنتر و دورست‌تر یان پێک‌هاتەی نوێ و وشەسازیی نوێ بۆ زمانی پێوەر بڕیاربدات. بۆ نمونە لەزوانی کوردی چەندین ناوی جۆراوجۆر بۆ «مجرم» هەیە لەوانەیە:

بناس‌کار؛ بەرجەزا؛ بەرخەتا؛ بەرسووچ؛ بەزە؛ بەزەکەر؛ پیاوخراپ؛ پیاوخراو؛ تاوانبار؛ تاوان‌بەر؛ تاوان‌دار؛ تاوان‌دارە؛ تاوان‌کار؛ تاوان‌کارە؛ خوەیی‌گونەهـ؛ خووی‌سووج؛ خەتابار؛ خەتاکار؛ رووسار؛ رووسارد؛ سووچ‌بار؛ سووچ‌دار؛ سووچیار؛ شەپنی؛ فینوو؛ گونابار؛ گوناح‌بار؛ گوناح‌کار؛ گونادبار؛ گوناع‌بار؛ گوناع‌کار؛ گوناکار؛ گوناهبار؛ گوناهکار؛ گونەکار؛ گونەهبار؛ گونەکار؛ وەباڵ‌بەز؛ وەباڵ‌کار؛ وەباڵ‌کەر؛ هەڵەکار.

بەڕوونی دیارە کە هەموو ئەم وشەگەلە لەخەزینەی زمانی کوردی ئەرشیڤ کراوە و لەلایەک مەرج نییە خۆمان ببەستینە زاراوەیەکی تایبەتەوە و لەسەر بنچینەی وشەکەدا بگەڕین و لەلایەکی دیکەشدا مەرج نییە نووسەر یان ئاخافتنەری کورد هەمووی لەبیری ببێت و لەجێی خۆی بەکار بهێنێت؛ لێرەدا دەستەی بڕیاردەر بەپێی زانستی زماناسی و لەسەر پڕۆژەی language planning سادەترین و کورت‌ترین یان پڕبێژەترین وشە پێشنیار دەدا یان تەنانەت وشەیەکی دەسکرد جیا لەهەموو ئەوانە پێشنیار بدات کە لەزمانی پێوەر وەک خاڵی سەرەکی رچاوبکرێت. ئەوەی کە لای قانوونزانان ئاشکرایە بەشی هەرەزۆری وشە قانوونیەکان (ئەوانەی کە سەر بە شەریعەتی ئیسلامن) لەلایەن قانوونزانانی میسری و عەرەبەکاندا لەزمانەکانی دیکەی دونیا وەرگێڕ کراوە و تەنانەت دوای داگیربوونی وڵاتی میسر لەلایەنی ناپلێۆنی

فەرانسیەوە لەساڵی ١٧٩٨ ەوە دەستی پێکراوە و بنەما و بنەڕەتی قانوونەکانی وڵاتی عێراقیش هەر دەگەڕێتەوە سەر قانوونی فەرانسی و عەرەبی. بۆ نمونە خودی وشەی «قانوون» بنەمای یوونانیی هەیە کە وابیر دەکەینەوە کە عەرەبییە و بۆ راکردن و ملنەدان بەزمانی عەرەبی «یاسا» بەکار دێنین کە خود وشەیەکی موغۆلییە و سەر بەبابەتێکی جیاوازە .

لەئەرکەکانی دیکەی دەستەی پلانی زمانی، جگە لەچاککاری رێزمانی و ساختاری، چاککردنەوەی هەڵەگەلی جێگیر بوو لەنووسراوە و وتار و پەیڤینە. بۆ خۆم تووشی سەرسام دەبم کە بۆچی زمانی کوردی لەبڕێک بنواشەی زمانیدا بەلاڕێ چووە! بەپێ داتەک و بیرسای زمان «و» پێوەندی بەپیتی بەر و پشتی خۆی نالکێتەوە ئیدی کشتوکاڵ، هەلومەرج، کەلوپەل، ... کێ دایناوە؟ مەرجەکان و ئەگەرەکانی لکانی پێشگری «بێ؛ پێ؛ تێ؛ لێ» بەوشەی دوای خۆی چییە؟! ئایا چی وشەمان هەیە کە ئەم پێشگرانەی لەسەرە دەبێ بلکێنین یان دەبێ لە داتەکی نیونەتەوەیی بۆ زمان لاسایی بکەین؟؟ یەکێکتر لەئەرکەکانی دەستەی کارگێڕی پلانی زمانی بۆ بەپێوەرکردنی زمانی کوردی، دیاردەکانی داڕێژەیی و ساختاری زمانی کوردییە. پڕڕوونە کە زمانی کوردی بەهۆی جۆراوجۆریی زاراوەکانییەوە چەندین جۆری ساختاری زمانی تێدا بەرچاوە کە زیاتر پێوەندیی بەبابەتی ئرگاتیڤیی زمانە و جگە لەمانە هێشتاکە جێناو و ئاوەڵناو و بەرکار و ... لەزمانی کوردی بەگشتی و لەزمانی پێوەر بەتایبەتی نەناسیارە، جگە لەمانە هێماکانی ناو و ئاوەڵناوی کۆ و تاکە؛ ناو و ئاوەڵناوی دیاری و نادیاری؛ جێناوگەلی کرکاری و بەرکاری؛ جێناوی لکاو و نەلکاو؛ و ... بە نەناسیار ماوەتەوە. لێرەدا بۆ نمونە ئاورێکدەدەینە سەر «جێناوی نەلکاوی بەرکاری» لەشێوازی گۆرانی و رۆڵی گۆڕانکارییەکانی لەمەڵبەندێکەوە بۆ مەڵبەندێکیتر دووپات دەکەینەوە .

| | |
|---|---|
| پەریم: بۆ من | پەریمان: بۆ ئێمە |
| پەریت: بۆ تۆ | پەریتان: بۆ ئێوە |
| پەریش: بۆ ئەو | پەریشان: بۆ ئەوان |

**جۆری کۆنتری ئەم جێناوە بریتی بووە لە:**

| | |
|---|---|
| پەنم: بۆ من | پەنمان: بۆ ئێمە |
| پەنت: بۆ تۆ | پەنتان: بۆ ئێوە |
| پەنش: بۆ ئەو | پەنشان: بۆ ئەوان |

**جۆری نوێکراوە و ئەمڕۆژینی ئەم جێناوە بوەتە:**

| | |
|---|---|
| پێم: بۆ من؛ بەمن | پێمان: بۆ ئێمە؛ بەئێمە |
| پێت: بۆ تۆ؛ بەتۆ | پێتان: بۆ ئێوە؛ بەئێوە |
| پێ: بۆ ئەو؛ بەئەو | پێیان: بۆ ئەوان؛ بەئەوان |

...ئاخاوتن دەکرێت کە جگە لەوەیکە پڕبێژەترە، لەڕۆڵی بەرکاری (ازی و برایی و بایی) دەرچووە و تەنها رۆڵی بەرکاریی (بایی) جێبەجێ دەکا. جۆری دیکەی ئەم جێناوە هەیە کە راستەوخۆ رۆڵی (خودم را و خودت را ...) جێبەجێ دەکا:

| | |
|---|---|
| وێم: خۆم | وێمان: خۆمان |
| وێت: خۆت | وێتان: خۆتان |
| وێش: خۆی | وێشان: خۆیان |

**ئەم جێناوە ئەمڕۆژە رۆژ لەزاراوەی لەکی بوەتە:**

| | |
|---|---|
| وژم: خۆم | وژمان: خۆمان |
| وژت: خۆت | وژتان: خۆتان |
| وژێ: خۆی | وژان: خۆیان |

لە پلانی زمانیدا ئەگەر ئەرشیڤێک لەهەموو کەرەستەکانی زمانی کوردی بەو وردەکارییە کە هەڵپرژێتەوە سەر بابەتگەلێک وەک (لاختی زمانی Structure، تایبەتمەندیی رێزمانیی Syntactic Features ، هێما نوێن Prepositions ، ریشەناسی Etymology ، مورفولۆژی Morphology، ماناناسی Semantics... هتد) لەبەردەستی دەستەی کارگێڕان ببێت، بەئاسانی و بەکەمترین کێشەی ناوخۆیی زمانی کوردی، دەکرێت سەدان و هەزاران وشە وەکوو وشەی پێوەر پێناسە بکرێت و وردەوردە لەمیدیا و راگەیاندن یان وەکوو «فەرهەنگی زانستی و فەرهەنگی

پێشەیی» بڵاو بکرێت و بنواشەی زمانی پێوەر بتەوتر ببێتەوە کە داهاتی ئەم بۆچونە ئەستووندەکی زمانی یەکگرتووی بەدواوەیە. تەنانەت لەباتی وشەسازی‌یشدا دەستەی کارگێڕانی پلانی زمانی باشتر دەتوانن بڕیار بدەن و وشەی دەسکردی پێشنیاریی «دەستەی پلانی زمانی» باشتر لەوانەی دیکەیە. بەداخەوە ئێستەکانە کۆمەڵێک فەرهەنگی زانستی بڵاو بوەتەوە کە زۆرینەیان (بەتایبەت ئەوانەی کە لەسەر بابەتگەلێک وەک: زانستی فیزیا و بیرکاری و پزیشکی و کۆمپیوتەر و ڕێزک و ... بڵاوبوونە) لەسەر ئارەزووی تاکەکەسی بووە و هەوڵێکی دڵسۆزانەیە بۆ پێش‌خستنی زمانەکەمان بەڵام وەک ئەودوایی بەرنامەکانی سەرەوە، کاریگەریی چەواشەی هەیە. بەردەنگی ئەم فەرهەنگەلە بەئاسانی هەست بەشپرزەیی و سووکایەتی بەزمانەکەی دەکا. هەر ئێستەکانە لەزۆربەی دەنگوڕەنگ و میدیاکانی کوردی «راپۆرت» یەکێک لە پڕبێژەترین وشەکانە سەڕای ئەوەیکە هیچ بنەمایەکی کوردیی نییە و هیچ هەوڵێکی بۆ نادرێت کە کوردییەکەی بکەوێتە سەرزاری خەڵک و میدیاکانەوە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە وشەی گوزارشت یان گوزارش ڕێک کوردییە و لەهەموو سەیرترئەوەیە کە فارس و تورک بەکاریٚ دێنن و کورد خۆی لیٚ بیٚبەش کردووە. گوزارشت کە خود بریتیە لە: گوز= لەچاوگی گەوزاندن، گەیاندن + ئارش/ئارشت= واتا، ناوەرۆک. وە بەگشتی واتە: جێبەجیٚ کردنی مانا و واتا و ئانکۆ و ناوەرۆکی بابەتێک کە بەشی «ئارش» وشەیەکی هۆرامییە و هەر ئێستاکەش لەسەر زاری خەڵکە. گومانی تێدا نییە کە گوزارشت وشەیەکی دەسکردی کۆنینەیە بەڵام چەندە ڕێک و بەجیٚ سازبووە کە تێگەیشتن لەم وشەیە بۆ هەر بیسەر و بێژەرێک زۆر ئاسانە ئەوە لەحاڵێکدایە کە باووباپیرانی ئێمە ڕەنگە بەقەت ئێمە زانستی زمانناسییان نەبووە. ئەگەر بمهەویٚ لەسەر بابەتی «مورفۆلۆژیی» وشەی کوردی باس کەم دەتوانم بەسەدان و هەزاران نمونە بۆ بێنم کە لە دەرفەتی ئەم باسە نییە بەڵام مەبەستی من ئەوەیە:

زمان بابەتێکی خۆڕسک و جامخانەیی نییە، پێکهاتەیەکی مرۆیی و پشاندەری هەوڵی مرۆڤی ئەدەبدۆست و زانستدۆستە کە بەدرێژایی مێژوو داڕژراوە و سەرپەرشتی و پارێز کراوە و وەکوو هشتەیەک گەیشتووەتە ئێمە؛ ئەرکی ئێمەیە وەکوو ئاخافتنەری ئەم زمانە کە کەلەپوور و هشتەی باووباپیرانمانە نەتەنیا بیپارێزین، کە بەدورستی بەخێو بکرێت و زانستیانە و ئاگایانە پەرەی پێبدرێت، هەوڵەکان و تانستەکانمان دەبیٚ بۆ پێکهێنانی کۆشکێکی بتەو بۆ زمانی کوردی بێت.

**سەرچاوەکان:**

١- کردها نوادگان مادها، مینورسکی ولادیمیر، ترجمه دکتر کمال مظهر احمد، مجله کۆڕی زانیاری کورد ژماره یەکەم ١٩٧٣

٢- کوردیکا، جەلیلیان ئاکۆ، نشر دیباچه ١٣٩٧

٣- زبان معیار چیست و چه ویژگی‌هایی دارد، والی رضایی، نامه فرهنگستان.

٤-

Kaplan b، Robert، and Richard b. Baldauf Jr (language planning practice to therory

٥- زمانەوانی بەگەکانی، ناوخۆش سەلام و خۆشناو نەریمان ٢٠١٠ هەولێر

٦- شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، لویس جان کالفی، وەرگێڕانی بەهادین جەلال ٢٠١٢ هەولێر

٧- گنجینه گویشهای ایرانی(گویش‌شناسی استان کرمانشاه، جلیلیان ئاکو فرهنگستان زبان و ادبیات فارسی ١٣٩٠ تهران

٨- پلانی زمانی، حەمید محەمەد دارا، مانگنامەی تفکر انتقادی، ساڵی یەکەم، ژمارەی دووهەم ١٣٩

# ژمارە و یاساکانی لە زمانی کوردیدا

پ. د. وریا عمر أمین*

ژمارە هێماییێکە  بۆ ژماردن و پێوانی شتەکان بەکار دەهێنرێ، یەکجار گرنگە، کۆڵەگەی زانست و بیرکردنەوەیە.  بیر لە ژیانێ بکەرەوە تییدا ژمارە بوونی نەبێ .

ئاخۆ چۆن دەبوو؟....بیر لە زانستێ بکەرەوە ژمارەی تێدا نەبێ، کام زانست هەیە ژمارە کۆڵەگە و بناخەکەی نەبێ؟ . بیرکاری ، جوغرافیا ، فیزیا، کیمیا ، گەردوونناسی، مێژوو، ئابووری ، پزیشکی، ئەندازیاری، زمانەوانی، بازرگانی، یاری و.. و ؟.

بەمە دەردەکەوێ کە گەر ژمارە نەبا هیچ زانستێ نەدەبوو، سەری هەڵنەدەدا و پەرەی نەدەسەند و شارستانییەت پەیدا نەدەبوو و ژیانی مرۆڤ وەک ژیانی ئاژەڵ هەر لە دۆخی سەرەتاییدا دەمایەوە.

هەموو زمانانی جیهان سیستەمی ژمارەی تێدایە Universal . گرنگێتیی ژمارە لەوەدا دەردەکەوێ، هەر بە شێوەیێکی سروشتی  کە منداڵ فێری زمان دەکرێ، یەکەم ئەوشتانەی فێری دەکرێ ژمارەیە.

ژیانی سەرەتایی سادە و ساکار بوو، پێویستی بە ژمارەی گەورە نەبوو. تا سەردەمی بووژانەوەش (هەزار) هێما بوو بۆ گەورەترین زاراوە لە بواری ژماردندا ...

زاراوەی (ملیۆن) لە سەدەی پانزەهەم پەیدابوو. لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی بیرکاری و گەردوونناسی و  ئابووری، پێویست بە ژمارەی گەورەتر و گەورەتر  دەبوو. لەو ساکەوە زانایانی بیرکاری لەگەڵ پێویستی زاراوەیان بۆ ژمارەی گەورەترەکان دادەنا تا ساڵی ١٩٤٠ گەیشتە (گوگڵ)(١) ،  کە هێمایە بۆ ژمارە (١ سەد سفر لە پێشی).

زۆربەی زمانەکانی جیهان  هەر تا (١٠٠٠) وشە و زاراوەی خۆیان هەیە، بۆ ژمارەکانی ژوور (١٠٠٠) زاراوە جیهانییەکان بەکاردێنن. (ژمارە)ەکان بە ژمارەی سیفرەکانی پێش (١) ناودەبرێ و بەم جۆرە:

دە _ یەک ١ سفر لە پێشی
سەد _ یەک ٢ سفر لە پێشی
هەزار _ یەک ٣ سفر لە پێشی
ملیۆن _ یەک ٦ سفر لە پێشی
بلیۆن _ یەک ٩ سفر لە پێشی
تریلیۆن _ یەک ١٢ سفر لە پێشی
کوادرلیۆن _ یەک ١٥ سفر لە پێشی
کوینتلیۆن _ یەک ١٨ سفر لە پێشی
سکستیلیۆن _ یەک ٢١ سفر لە پێشی

سیپتلیۆن _ یەک ٢٤ سفر لە پێشی
ئۆکتلیۆن _ یەک ٢٧ سفر لە پێشی
نۆتلیۆن _ یەک ٣٠ سفر لە پێشی
دیسیلیۆن _ یەک ٣٣ سفر لە پێشی
ئەندیسیلیۆن _ یەک ٣٦ سفر لە پێشی
دودیسیلیۆن _ یەک ٣٩ سفر لە پێشی
تریدیسیلیۆن _ یەک ٤٢ سفر لە پێشی
کوارتەردیسیلیۆن _ یەک ٤٥ سفر لە پێشی
کوێندیسلیۆن _ یەک ٤٨ سفر لە پێشی
سێکدیسلیۆن _ یەک ٥١ سفر لە پێشی
سیپدیسلیۆن _ یەک ٥٤ سفر لە پێشی
ئۆکتۆدیسلیۆن _ یەک ٥٧ سفر لە پێشی
نۆڤێمدیسلیۆن _ یەک ٦٠ سفر لە پێشی
فیجیندیسلیۆن _ یەک ٦٣ سفر لە پێشی
ئۆنفیجلتنیۆن _ یەک ٦٦ سفر لە پێشی
دووڤیجینتلیۆن _ یەک ٦٩ سفر لە پێشی
تریڤیجینتلیۆن _ یەک ٧٢ سفر لە پێشی
کواتۆرڤیجینتلیۆن _ یەک ٧٥ سفر لە پێشی
کوێنتڤیجینتلیۆن _ یەک ٧٨ سفر لە پێشی
سیکسڤیجنتلیۆن _ یەک ٨١ سفر لە پێشی
ئۆکتۆڤیجنتلیۆن _ یەک ٨٧ سفر لە پێشی
نۆڤیمفیجنتلیۆن _ یەک ٩٠ سفر لە پێشی
تریجنتلیۆن _ یەک ٩٣ سفر لە پێشی
ئۆنتریجینتلیۆن _ یەک ٩٦ سفر لە پێشی
دوتریجینتلیۆن _ یەک ٩٩ سفر لە پێشی
گوگڵ _ یەک ١٠٠ سفر لە پێشی.

**یاساکانی دەربڕینی ژمارە لە زمانی کوردیدا**

١ - ژمارە (١ تا ٩) و سەرە دەیەکان و (١٠٠) و (١٠٠٠) بە وشەییکی یەک مۆرفیمی دەردەبڕێن:

(یەک – دوو – سێ – چوار – پێنج – شەش – حەوت – هەشت – نۆ)
(دە – بیست – سی – چل – پەنجا – شەست – حەفتا – هەشتا – نۆوەد – سەد – هەزار).

٢ – لە (١١) وە تا (١٩) بە وشەیێکی لێکدراوی تێکچڕژاو لە (ژمارەییێکی یەکانە و دەیانە) پێک دێت:
( یانزە – دوانزە – سیانزە – چواردە – پانزە – شانزە – حەڤدە – هەژدە – نۆزدە)

٣ – هەموو ژمارەکانی تر لە (٢١) ەوە تا بێ پایان بەم یاسایە دەردەبڕدرێ:
لە (گەورەترین) ژمارەوە بەرەو (بچووکترین) شۆڕدەبیتەوە . هەر ژمارەییێکی گەورەتر لە بچووکتری دوای خۆی بە ئامرازی (و) ی بەستن لێکدەدرێ. وەک لە (١٩٤٧):
گەورەترین ژمارە (١٠٠٠) ە ، بچووکتر (٩٠٠) ە بچووکتر ( ٤٠) ە بچووکتر (٧) ە. دەبێتە :
(هەزار) و ( نۆ سەد) و (چل) و ( حەوت).

١٠٠٠ و
......٩٠٠ و
........................٤٠ و
.......................... ٧

**زمانەکان جیاوازی لەم شۆڕبوونەوەیەدا پێشاندەدەن . بۆ نموونە لە عەرەبیدا بەم جۆرەیە:**

١٠٠٠ الف و
......... ٩٠٠ تسعة مائة و
..................... ٧ سبعة و
.............................. ٤٠ اربعون

**یاسای ژمارە ڕیزبەندییەکان**

ژمارەی ڕیزبەندی بە لکاندنی پاشگری ( – ەم / – ەمین / – هەمین) بە ژمارەکەوە دادەڕێژرێ :.

یەک – یەکەم / یەکەمین
بیست – بیستەم / بیستەمین
سەد و سییەمین

**ڕۆڵی ژمارە لە دارِشتنی وشەدا**

لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا گەلێ وشەی لێکدراو بە ژمارە دادەڕێژرێ ، وەک لە:
( دووڕوو– سێدارە – سێ کوچکە – دوو لکە – هەزار پێ – سەدە – دەیە – حەفتە - چوارپەل – هەزارمێرد – چوارچاو – یەکشەممە – دووشەممە – سێشەممە – چوارشەممە – پێنجشەممە – پەنجە -
دووبارە – دووڕیان – سێڕیان - چوارڕیان – دووپات – دووبەیانی – دووفاق – دەیان – سێبەردە – سێجا – سێگۆشە – سێپایە – چوارشانە – چلچرا – چلە – سێ پێیی – دووسەرە – شەشەڵان – شەشتیر – حەوتەوانە -
جوار قورِنە – سێتاقان – سێبیران - دوودڵ – هەزارەها – سەدەها – چوارپێ ).

**پەراوێزەکان:**

١ - (گوگڵ) جیهانیترین زاراوەیە، کەوتوتە ناو هەموو زمانانی جیهانەوە. هەموو جیهانی داگیر کردووە ، ڕۆژی ملیارەها جار لە زانست و قسەی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێ. زاراوەی (گوگڵ) ئەتیمۆلۆجیاییەکی سەیر و چێژداری هەیە ..ئەمەش چیرۆکەکەیێتی.

لە ساڵی ١٩٣٢دا بوو، ڕۆژێکیان زانا و پرۆفیسۆری بیرکاریی زانکۆی کۆلۆمبیا ئێدوەرد کاسنەر (١٨٧٨ ـ ١٩٥٥) ، لەگەڵ خوشکەزا ٩ ساڵانەکەی (میڵتون سیرۆتا) لە باغێکدا پیاسەی دەکرد، بە دەم پیاسەکرندا بیری لە زاراوەییێک دەکردەوە دایبنێ بۆ ژمار (یەک ـ سەد سفر لە پێشی) ، هەر بۆ گاڵتە بە پێکەنینەوە ڕووی لە میلتون کرد ولێی پرسی تۆ چ زاراوەییێک پێشنیاز دەکەیت بۆ ژمارە (یەک سەد سفر لە پێشی).

میلتون دوای نەختێ بیرکردنەوە وتی (گوگڵ) وەک وشەییێکی نزیک لە gigl بە واتای (پێکەنین) و (دەنگی گڕوگاڵ) ی منداڵی ساوا .. کاسنەر یەکسەر پەنجەی لە پەنجەدا و وتی (That is it ئەوە خۆیەتی).

لە ساڵی ١٩٤٠ دا کاسنەر کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی ( بیرکاری و ئەندێشە Mathematics and the Imagination) تێیدا زاراوەی گوگڵی بەکار هێنا ،.لەوساکەوە (گوگڵ) لە بواری ماتماتیکدا وەک زاراوەییێکی زانستی چەسپی.

گوگڵی ئەنتەرنێت

لە ساڵی ١٩٩٦ دا بە ناوی (باکراب) ەوە سەری هەڵدا. لە (٤ ی ئەیلوولی ١٩٩٨) خرایە کار ، ناوەکەی گۆڕدرا بە گوگڵ وەک هێماییک بۆ فرەیی و یەکجار زۆری و ئەو ئەرکە مەزنەی ئەنجامی دەدات لە ڕێکخستنی کۆمەڵێکی بێ پایان لە زانیاری و خستنە بەردەستی هەموو کەسێ لە جیهاندا لە هەموو کاتێکدا و پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ و هاوکات لە نێوان هەموو کەسێکی سەر ڕووی زەمین.
بۆچوونێکی تر هەیە بۆ لێکدانەوەی زاراوەی گۆگڵ ئەوەیە ( google ) کورتکراوەی (Acronym) ئەم ڕیزە وشانەیە:

Global Organization of Oriented Group Language of Earth

بە واتای (ڕێکخراوی جیهانیی زمانی کۆمەڵەی ئاراستەکراو بۆ زەمین) ، بە وەرگرتنی یەکەم پیتی وشەکانی ( g – o – o - g – l – e ). ڕێکەوت وای کردووە لەگەڵ Google ی ژمارە هاودەق بن.
سەرچاوەکانی مێژوویی دەری دەخەن کە لێکدانەوەی یەکەم ڕاستە.

سەرچاوەکان:
- وریا عمر امین ( ١٩٨٨) یاساکانی ژمارەی ڕۆمانی ر. هاوکاری ژ ١٠٢١ ی ١٩٨٨/١١/٣
- دووبارە لە کتێبی ( پیتۆکەکانی زمانەوانی) دا ، ل ١١٥ – ١١٧ بڵاوکراوەتەوە.
- (٢٠١٧) ڕۆژی جیهانیی ژمارە. Waria Omar Amin FB.   (٨ – ٩ – ٢٠١٧).
- (٢٠٢٢) زاراوەسازی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە – گۆڤاری (زمان و زار) ژ ٥.
Number. Cambridge University Press (٢٠٠١) Greville G. Corbett
Number in the World›s Languages. De (٢٠٢٢) (.Acquaviva P. & M. Daniel (ed
.Gruyter Mouton

* **ئەکادیمیای کوردی – زانکۆی بەغداد – زانکۆی جیهان**

شاسوار هەرشەمی

# زمان و دەوڵەت

شاسوار هەرشەمی

نزیکەی لای هەموو کەس بۆتە شتێکی چاوەڕوانکراو، کە دەوڵەت (جا هەردەوڵەتێک بێت)، خاوەنی زمانی دیوانیی خۆیەتی. لەم سەردەمەماندا بوونی پەیوەندی دیالیکتیانەی نێوان دەوڵەت و زمان، وەک شتێکی هەمیشەیی دێتە بەرچاو، کە لای زۆر کەس وا دەردەکەوێت، بە هاوتەریبی لەگەڵ دەوڵەت هاتۆتەکایەوە. لە ڕاستیدا دیاردەی زمانی دیوانیی دەوڵەت، لە سەردەمی تاوسەندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی و دروستبوونی سنوری دەوڵەتی نەتەوەیی، لە سەدەکانی ١٧، ١٨ زایینییدا، لە ئەورووپا هاتە کایەوە. پێش ئەو کاتە، زمان ئەو ڕۆڵە ناوەندییە گرنگەی لە دەوڵەت و دامودەزگای دەوڵەتییدا نەبوو. ئێستاش دەوڵەت زۆرن، کە خاوەنی پتر لە زمانێکی دیوانیین. هەر وەک نموونە، لە دەوڵەتی خواروی ئەفریکادا، یازدە زمانی دیوانیی دانیان پێدانراوە. نمونەی دی لەمجۆرە زۆرن.

ئەگەر چاو بە مێژوودا بخشێنین، دەبینین میللەتان و دەوڵەتانی زۆر هەبوون، کە دەستبەرداری زمانی زگماکی خۆیان بوون، بەقازانجی زمانێکی دی. دیارە هۆکاری جیاواز و جۆراو جۆریش، بۆ هەر بارێک لەو بارانە هەبووە. ئارامییەکانی بیابانی شام، لە ماوەیەکی پێوانەییدا، واتا لە سەدەکانی ٧ و ٨ی زاینی، بە قازانجی عارەبیی، دەستەبەرداری زمانی ئارامیی بوون. قیبتیەکانی میسر، تەنیا لە سریمۆنیا و ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیاندا، زمانی زگماک بەکاردێنن. باری لەمجۆرە، لەم سەردەمەشماندا هەیە. زۆرینەی خەڵکی وڵاتی مەغریب، لە گەلی ئەمازیگن (بەربەر)، کە بە گوێرەی داتاکانی دەوڵەت، لە سەرو سەدا پەنجان، بەڵام وەکو نەریت، هەمیشە زمانی ئایین، کە زمانی عارەبییە، زمانی فێربوون و خوێندن و دیوانیی بووە. ئیرلەندییەکان، چیتر بە زمانی زگماکی خۆیان (ئێرییش) پابەندنین و بە گشتی بە قازانجی زمانی ئینگلیزیی، دەستەبەرداری زمانی خۆیان بوون. ئەمڕۆ ژمارەی ئاخێوەران بە ئێرییش کەم و کەمتریش بۆتەوە. فلامەکانی بەلچیکا، بۆ ماوەی پتر لە ٢٠٠ ساڵ، فەڕەنسییان وەکو زمانی دیوانیی بۆ خوێندن و دەستەڵات ڕانان هەڵبژارد، تا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا پەشیمان بوونەوە و کەوتنە ململانێ لەگەڵ فەرەنسیی زمانەکان، کە لە ڕووی ژمارەوە کەمترن.پەیوەندی نێوان زمان و دەوڵەت، لە سێ سەدەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکی هەمە لایەنە و ئاڵۆز بووە. دەوڵەت بۆ داسەپاندنی دەستەڵات و بەگەڕخستنی ئامرازەکانی بەڕێوەبەرایەتیی، پێویستی بە زمانی لێکتێگەیشتنی گشتی هەبوو. لە زۆربەی جاراندا، زاراوەی ئەو شوێنەی ناوەندی دەستەڵاتی تێدا چڕ بۆتەوە، ئەو ڕۆڵەی پێدەدرا. دەستەڵات، بە

هەموو ئامرازەکانی خۆی، پشتگیری لە زمانی دیوانیی (خۆی) دەکرد و زۆر جاریش بە بەکارهێنانی زۆر و شێوازی دی نادروست، دەکەوتە داسەپاندنی زمانی دڵخواز. ڕۆڵی زمان و زاراوەکانی دی، کە لە ناو سنوری فەرمانڕەواییدا قسەیان پێدەکرا، فەرامۆش دەکران و هێواش هێواش دەسڕانەوە.

لە زۆر لەو وڵاتانەی (تۆ بڵێ دەوڵەتانەی)، کە لای ئێمە بە وڵاتی یەکزمانە ناسراون، تا ئێستاش چەندان زمان قسەیان پێدەکرێت. هەروەک لە فەرەنسا و ئیسپانیا و بەریتانیای مەزن و سوید و تاد ... .ئەو زمانانەی، لە سنوری دەوڵەتێکدا نەکران بە زمانی دیوانیی، بە زمانی کەمینەکان ناو دەبردرێن. زمانی بێ دەوڵەت، بێ کۆمەک و پاڵپشت و پشتگیری دەهێڵدرێنەوە. هاوکات زمانی دیوانیی، بە کۆمەکی دەزگاکانی دەوڵەت و هەندێ جاریش بە زۆری و بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەرکوتکەری دەستەڵات، دادەسەپێندرێت و تەنگ بە زمانی بێ دەوڵەت هەڵدەچنێت و لەمەیدان وەدەری دەنێ.

زمانی کوردیی، لە پارچەکانی وڵاتی خۆی، بەگشتی لە بارێکی نزیک لەمجۆرەی سەرەوە خۆی دەبینێتەوە.

**دوو زمانەیی:-**

بە دوو زمانە کردنی هاووڵاتیانی دەوڵەتێک، دیاردەیەکی زۆر لەمێژ نییە. هەر لە کۆنەوە مرۆڤ پێویستی بە فێربوونی زمانێکی بێگانە هەبووە، بۆ مەبەستی جۆراو جۆر. زۆر جار سریمۆنیای ئاینی لە پەرستگاکاندا، بە زمانێکی بێگانە بووە. وەک عارەبیی بۆ موسڵمانان. لاتینیی بۆ کاتولیکان. مەندائیی (ئارامی ڕۆژهەڵات)، بۆ سابیئە مەندائیەکان و تاد ... هەروەها هۆکاری دیش وەک بازرگانیی، کاری وەرگێڕیی، کاری دیپلۆماتیی و نوێنەرایەتیی. هەموو ئەمانە وایانکردووە، کە هەمیشە خەڵکانێکی کەم هەبوون و پێویستیش بوون، کە بە زمانی دی دواون.

کەچی لەم سەردەمەدا، بە دوو زمانە کردنی خەڵک، نزیکەی لە هەموو شوێنێکدا بۆتە ئامانجێکی دەوڵەت. زۆر دەوڵەت، زمانی ئینگلیزیی، وەکو زمانی دووەمی فێرکردن هەڵدەبژێرن، بە هۆی بەرفراوانی ئەو زمانە و بەکارهێنانی بەربڵاوی، لە بوارەکانی زانستیی، ڕامیاریی و بازرگانییدا.

وەک نموونە، لە سوید، دەوڵەت بودجەیەکی یەکجار زۆری تەرخانکردوە، بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزیی. ئێستا دەکرێت بڵێین، کە هاوڵاتی سویدیی دوو زمانەن،

چونکە بەشی هەرە زۆری خەڵکیی، جگە لە زمانی زگماک، زمانی ئینگلیزییش دەزانن.

لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و زماندا، ڕووبەڕووی ڕوداوی سەرنجڕاکێشیش دەبینەوە. بۆ نموونە، هەندێک جار زمانێک، بە دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، پێگە و ستاتوسی زمان وەردەگرێت. نەرویج نمونەیەکی دیاری ئەو دیاردەیەیە. تا سەدەی هەژدە، زمانێک لە گۆڕێدا نەبووە، بە ناوی زمانی نەرویجیی. زاراوەکانی نەرویج، کە زۆر لە زمانی سویدی نزیکن، بە بەشێکی زمانی دانمارکیی دادەنران. نەرویجیش بۆخۆی بەشێک بوو لە وڵاتی دانمارک. دیارە زمانی سویدییش تا سەدەی ١٣ی زایینی، هەر بە دانمارکیی دەژمێردرا. لە شەڕی واترلو، لەگەڵ ناپلیۆندا، دانمارکییەکان دایانە پاڵ فەرەنسا. فەرەنسییەکان لەو شەڕەدا شکان. دانمارک سزا درا و نەرویجی لێکرایەوە و خرایە سەر سوید. سویدییەکان ئەمەیان ناو لێنا (یەکیەتی سوید و نەرویج). بزوتنەوەی سەربەخۆیی و نەتەوەیی نەرویجیی، ئا لەو کاتانەدا سەری هەڵدا، کە خرانە سەر سوید. لە پاڵ خەبات بۆ سەربەخۆیی، لە شارە گەورەکانی وەک ئوسلو، کە زانکۆی تێدابوو، کاری ڕۆشنبیرییش پەرەی سەند. ژمارەیەک نەرویجیی، بەتایبەت مامۆستایانی زانکۆی ئوسلو، لایان وابوو کە زمانی شاری ئوسلو و شارەکانی دی باشور، پاک نییە و پڕیەتی لە وشەگەلی سویدی و دانمارکی. بۆیە ئەوانە ڕوویان لەو گوندە ماسیگرە دابڕاوانە کرد، کە بە پەرتو بڵاوی لە باکور هەڵکەوتبوون. دوای کارێکی زۆر، ئەو ڕۆشنبیر و مامۆستایانەی زانکۆ، توانیان زمانێکی پوخت کۆبکەنەوە. دواتر کەوتنە کردنەوەی خوێندنگا بە زمانی پەتیی، کە بەری ڕەنجی ئەوان بوو، کەچی خەڵکی شارە گەورەکانی باشور، ئامادە نەبوون دەستبەرداری ئەو زمانە بن، کە زووتر و لە سەردەمی دەستەڵاتداری دانمارک، پێی ڕاهاتبوون و پێیان دەخوێند.

نەرویجییەکان دوای ئەوەی لە سوید جیا بوونەوە، لە ساڵی (١٩٠٣ز)، تووشی ڕاستییەکی تاڵ هاتن. لەلایەکەوە دەوڵەتی تازە، وەک لە هەموو شوێنێک باوە، خاوەن زمانە و ئەوان نابن بە دەوڵەتی بێزمان، لەلاکەی دیشەوە، لایەنگرانی هەردوو زمانی تازە و کۆن، لەسەر هەڵوێستی خۆیان سورن. سەرەنجامەکە بەوە داشکایەوە، کە ئەمڕۆ لە نەرویج، لە هیچ زمانییەوە، دوو زمانی دیوانیی هەن. زمانی (نەرویجیی نوێ) و زمانی نووسین، یان (بوک مۆڵ).

کۆمارە تازەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، جۆرێکی دی لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و زمانمان پیشان دەدەن. زمانی ڕووسیی، لە سەردەمی دەستەڵاتی

قەیسەرییەوە، سەرەتا بەشێنەیی و دواتر لە سەردەمی کۆمۆنیستەکان (١٩١٧–١٩٩١) ز، باشتر پلان بۆ داڕێژراو، توانیبووی بنکۆڵی زمانی زگماکی هەرێم و کۆمارەکان بکات. لە هەر چواردە کۆمارەکەی دی جگە لە ڕووسیا، دەبا بە دیوانیی، بە زمانی ڕووسیی بگوترێت ((زمانی زگماکی، یان زمانی نیشتیمانیی دووەم، Ftaroy Radnoy Yazik، فتارۆی ڕادنۆی یازیک.)). بەڵام ئەوەی من لە ڕووسیا دیم، ڕێک پێچەوانە بوو. زمانی ڕووسیی، لە هەموو شوێنکدا، وەکە زمانی لێکترتێگەیشتن کاری پێدەکرا. سیستەمی خویندنیش، پشکی شێری بە ڕووسیی بوو.

لە شازدە ساڵی رابردوودا، هەموو کۆمارەکان زۆر بەشێنەیی خەریکی بوژاندنەوەی زمانی زگماکن، تا دیسان ببێ بەزمانی دەوڵەت. تەنها سێ وڵاتەکەی بالتیک، لەبەر هۆکاری جیاوازی مێژوویی، ڕۆشنبیری و هەڵکەوتەی جوگرافی، توانیویانە لەو بوارەدا، سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنن. لەو خوێندنگا ئامادەییەی شاری ستۆکهۆلم، کە من وانەی تێدا دەڵێمەوە، هەموو ساڵێک، ژمارەیەک خوێندکاری کۆمارەکانی پێشوی یەکێتی سۆڤیەت، هێشتا وەردەگیرێن، کە لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، لە وڵاتەکانی خۆیان چوونەتە بەر خوێندن. کەچی هەمووان هێشتا بە زمانی ڕووسیی دەدوێن و فەرهەنگی زمانی سویدیی–ڕووسیی بەکاردێنن.

سێ هۆکاری زۆر گرنگ، بوژاندنەوەی زمانی زگماکی لەو وڵاتانە سست کردوە. یەکەمیان هەژاری زۆربەی ئەو وڵاتانەیە، کە ناتوانن بودجەی پێویست بۆ گۆڕینی کتێبەکانی خوێندن دابین بکەن. ڕووسەکانیش بۆ ڕێگری کردن لەمە و هێشتنەوەی پێگەی بەرزی زمانی ڕووسیی، بەردەوامن لە چاپ کردن و ناردنی بەخۆڕایی، کتێبی خوێندن بە زمانی ڕووسیی بۆیان.

هۆکاری دووەمیش، ئەمەیە کە زمانی ڕووسیی، ڕەگی قوڵتر لەوە داکوتاوە، کە پێشبینی دەکرا. زۆربەی خەڵک، ئەوەندە بە زمانی ڕووسیی ئاشنان، بەلایانەوە ئاسان نییە بگەڕێنەوە سەر زمانێکی دی.

سێیەم هۆش، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆر کەمینەی ستاتوس بەرزی باش پارێزراوی ڕووس لەو کۆمارانە، کە وەکو هەوێنی زیندوو ڕاگرتنی ڕووسیی کار دەکەن و زۆر چالاکیشن. لە وڵاتەکانی بەڵتیکدا، ڕووسەکان بۆ پاراستنی پێگە و ستاتوسی زمانی ڕووسیی، تا ڕادەی خوێن ڕژاندنیش چوونە پێش. دیارە دەوڵەتی ڕووسیاش، لە هەموو ئاستەکان و بە هەموو شێوەیەکی ئابوریی، دیپلۆماتیی و تا

ڕادەی هەڕەشەش، پشتگیریان لە هاووڵاتیانی ڕووسیی زمانی ئەو کۆمارانە کرد و هێشتاش هەر دەیکەن. لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتودا، بەتایبەت لە ئەمەریکای خوارو و ئەفریکیا (باشوری بیابانی گەورە)، کێشەی زمان لەوە ئاڵۆزتر بوو، تا (دەوڵەت)ی تازەی نیشتیمانی دوای کشانەوەی ئیمپریالیزم، بتوانێت بە قازانجی زمانە زگماکەکان چارەسەری بکات. بۆیەشە تا ئێستاش، هەر زمانی کۆلۆنیالیزم، کراوە بە زمانی دەوڵەت و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن.

دیارە کاربەدەستانی سەردەمی دوای سەربەخۆیی، بەم کارەیان لەگەڵ زمان، کێشەکەیان چارەسەر نەکردوە، تەنیا توانیویانە ئەم کێشە هەستیارەی زمان و نەتەوە، بۆ دواڕۆژ هەڵبگرن. بۆ ئەوەی باشتر لەمە بگەین، هیندستان وەک نمونە دەهێنینەوە. لە وڵاتی هیندستان، سەدان زمانی جۆراو جۆر هەن. هیندیی، یان (بهارات)، سەرەڕای ئەمەش، کە گەورەترین زمانە و خاوەنی یەکێک لە کۆنترین بەڵگەی نووسراویشە، لەناو خێزانە زمانەکانی هندۆروپیدا، کە دەقە ئاینییەکانی سانسکریتییە، کەچی ناکرێ بە زۆر بسەپێندرێتە سەر ئەو سەدان ملیۆن کەسانەی، کە بە زمانەکانی دی دەدوێن. هەرکەس شانازی بە زمانی خۆیەوە دەکات، چ بچوک بێت یاخود گەورە. جگە لەوە، لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، زمانی ئینگلیزیی، تاکە زمانی خوێندن و بەڕێوەبردن بوو، بۆیەشە ئینگلیزیی دوای سەربەخۆییش لە ساڵی (١٩٤٧ز)، پێگەی خۆی پاراست. سەرەڕای ئەوەش تەنیا دوو لە سەدی خەڵکی هیندستان زمانی ئینگلیزیی دەزانن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زمانی ئینگلیزیی، زۆر لەوە دوورترە، تا وەکو زمانی جێگرەوە، یان ئەلتەرناتیڤ، جێگای خۆی کردبێتەوە. بەمەش دەردەکەوێت کە کێشەی زمان لەو وڵاتە چارەسەر نەکراوە و ئەو ڕۆژە دێت، تا ئەم کێشەیە دیسان سەرهەڵبداتەوە.

لە وڵاتانی دی خوار بیابانی گەورەی ئافریکاش، بارەکە لە جۆری باری هندستان دایە. لە سنوری بە میرات بۆ ماوەی داگیرکەرانی ئەوروپی هەر دەوڵەتێکدا، سەدان زمان هەن. نە توانای ئەمە هەیە تا هەموو زمانەکان بێ جیاوازی بکرێنە زمانی خوێندن، نە دەستەڵاتدارانیش دەوێرن زمانی هۆز و تیرەکانی خۆیان، بەسەر ئەوانی دیدا بسەپێنن. تەنیا لە ئەمەریکای ناوەڕاست و خوارودا، هەردوو زمانەکانی ئیسپانیی و پورتوگالیی، توانیویانە بۆڕ بە زمانە خۆماڵیەکان بدەن و توشی پاشەکشەی مەرگباریان بکەن. لەو کیشوەرە گەورەیەدا، هێشتا سەدان زمانی کۆن ماون، بەڵام هەموویان لە بەرامبەر ئیسپانیی و پورتوگالییدا لە پاشەکشێدان.

# زمانی کوردیی پەهلەوی (فەیلی) لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ شێوەزارێکی ناوچەیی

فەرهاد عەزیز حەسەن

چارەنووسی دەوڵەتی ساسانی، وێنای چارەنووسی مێژوو و زمان و کولتووری گەلی کورد دەکا. ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، داماڵینی نەتەوەی کوردی لە جوگرافیا، مێژوو و زمانەکەی بەدوای خۆیدا هێنا کە تاکوو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. بنەماڵەی ساسانی، بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری کورد بوون کە لە سەردەمی ئەردەشێری پاپکاندا دەسەڵاتیان وەرگرت. شێوەزاری ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە واتا پەهلەوی، بە زمانی فەرمی و زمانی یەکگرتوو دەسنیشان کرا. لەم قۆناغەدا ئەم زمانە هەم وەکوو زمانی فەرمی سیستەمی سیاسی و کارگێڕی و هەم وەکوو زمانی دین و ئەدەب و ڕۆشنبیری خۆی چەسپاند. زمانی کوردی پەهلە یان فەهلە کە ئەمڕۆ کوردیی فەیلی پێدەگوترێ، یەکێک لە شێوە زمانە هەرە دێرینەکانی زمانی کوردییە کە لە ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی زمانیدا لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ شێوەزارێکی ناوچەیی ڕوو لە گۆڕان بووە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شیکاریی، بە پشت بەستن بە دەقە ئەدەبی و بەڵگەنامە و کتێبە سیاسی و دینییەکان، هەوڵدەدرێ ڕێڕەوی گەشەی زمانی پەهلەوی بۆ شێوەزاری فەیلی شی بکرێتەوە.

**وشەی سەرەکی:**

**زمانی کوردی پەهلەوی، شێوەزاری فەیلی، دەقی ئەدەبی-دینی-سیاسی، فەهلەویات.**

## ١: پێشەکی

مێژووی سیاسی و کولتووری گەلی کورد، لە قۆناغە هەرە دێرینەکانەوە تاکوو ئەمڕۆ لە لاپەڕە مێژووییەکانی گەلی کورددا تۆمار کراوە. کوردستان وەکوو جوگرافیایەکی نەتەوەیی لە کۆنترین قۆناغەکانییەوە، لە سەردەمی پێش مێژووەوە تاکوو سەردەمی مێژوویی، بەردەوام گۆڕانی بنچینەیی لە کولتوور و شارستانییەتدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەم نیشتمانە لە دێرزەمانەوە واتا لەسەردەمی ئەشکەوت تاکوو سەردەمی شارنشینی، ناوەند و مەڵبەندی ژیان و بەرهەمهێنانی مێژوویی و شارستانی بووە. کورد وەکوو کۆنترین دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە سەردەمی هۆز و میرنشینە دێرینەکانی سۆمەری، گوتی، میتانی، هووری، لوولووبی، کاسی، ماننایی، مادی، ئەشکانی و ساسانی، تاکوو میرنشین و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی پاش هاتنی

ئیسلام وەکو میرنشینی ئەردەڵانی، شەدادی، بادینانی، سۆرانی، بابانی و ...هتاد دەور و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بنچینەییان لە بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە.

کۆنترین دینەکان واتا دینی پەرستنی خواوەندی دایک، دینی زەروانی، دینی میترایی، دینی زەردەشتی، دینی مانەوی، دینی مەزدەکی، دینی ئیزەدی، دینی یارسان گشتیان بەری تێڕوانینی دینی و فەلسەفی و جیهانبینی گەلانی دانیشتووی ئەم نیشتمانەن. زۆربەی ڕێوڕەسم و نەریتە نەتەوەییەکان هەڵقوڵاوی ئەم تێڕوانینە دینیانە بوونە و دواجار وەکو دابونەریتێکی کولتووری و نەتەوەیی پیرۆز ڕاگیراون. بۆ نموونە ڕێوڕەسمی پیرۆزڕاگرتنی نەورۆز، ڕێوڕەسمی چلە و ...هتاد. سەرجەمی ئەم دین و نەریتانە لە ڕێگەی زمان بۆ سەردەمە جیاجیاکان گواستراونەتەوە. زمانی کوردی یەکێک لە کۆنترین زمانە زیندووەکانی جیهانە کە لە کۆنترن قۆناغە مێژووییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ بەرهەمی پێ تۆمارکرابێ. لە سەردەمی سۆمەری، هووری و ماننایی و مادییەوە تاکوو سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و دواجار لە سەردەمی ئیسلامیدا هەزاران بەڵگەی دینی و سیاسی و بازرگانی پێ تۆمار کراوە.

زمانی کوردی بەپێی ئەم بەرهەمانە بەسەر چەندین قۆناغدا دابەشکراوە کە پیشاندەری ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی ئەم زمانەن. گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو، نەمری و بەردەوامی مێژوو و شارستانییەت و کولتووری ئەم گەلە پیشان دەدا. هەرچەندە ئەم گۆڕان و گەشەکردنە بە بەرز و نزمی و ناهەمواری زۆریش تێپەڕبووبێ، بەڵام پیشاندەری توانست و خۆڕاگری نەتەوی کورد لە بەرامبەر ناهەموارییەکانی مێژوو بووە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێڕەوی گەشەی زمانی کوردی دەسنیشانی گەشە و گۆڕانی زمانی پەهلەوی بۆ شێوەزاری فەیلی کراوە. لەم ڕێیەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی ڕۆژگاری ساسانی و ڕۆژگاری ئیسلامی دەهێنرێنەوە تاکو بەشێوەیەکی کارەکی ئەم بابەتە ڕوون ببێتەوە. توێژەری ئەم توێژینەوەیە بەهۆی شارەزایی لە زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی، هەوڵیداوە بە هێنانەوەی بەڵگەی زمانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەقە کۆنە ئەدەبی و دینییەکان، ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی زمانی کوردی لە کۆنەوە بۆ ئەم سەردەمە پیشان بدا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زمانی ئەم دەقانە نابێ بە پێوانەی

شێوەزاری سۆرانی بپێورێن، کە تاڕادەیەک لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شێوازێکی نیمچە ستاندەری وەرگرتووە. شێوەزارەکانی خوارووی کوردستان بەتایبەتی فەیلی و هەورامی و ئەوانی دیکە پتر لە سۆرانی ناسنامەی ئەم دەقانە دەسنیشان دەکەن.

### ٢: زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانییەکاندا

ئەو زمانەی کە لەم سەردەمەدا بەرهەمی دینی و سیاسی و بازرگانی و ...هتاد پێ تۆمارکراوە، بە زمانی پەهلەوی ساسانی ناسراوە. ئەم زمانە شێوە گەشە کردووەکەی زمانی مادەکانە کە کتێبی ئاڤێستای پێ نووسراوە. بەپێی توێژینەوە زمانییەکان ((زمانی کوردی بەسەر سێ قۆناغی مادی-ئاڤێستایی، پەهلەوی و کوردی نوێ دابەشدەکرێ.))[فرهاد عزیز: ٢٠١٣، ١١٧] لە قۆناغی مادی-ئاڤێستایی کە قۆناغی کۆنی زمانی کوردییە، زمانی ئاڤێستایی کە دەقی دینی پێ تۆمارکراوە لەلایەن مادەکانەوە بۆ یەکەمینجار بە زمانی فەرمی دەوڵەت و دین هەڵدەبژێردرێ. لە کتێبی (مێژووی زمانی کورد)دا بەم چەشنە ئەم ڕایە پشت ڕاست دەکرێتەوە ((هەموو بەڵگە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئاڤێستا بە زمانی مادی نووسراوەتەوە.))[زبێر بیلال: ١٩٨٤، ٣١] قۆناغی پەهلەوی کە بە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی دادەنرێ لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی ماد تاکوو سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا زمانی کوردی بۆ دوو زاری سەرەکی دابەش دەبێ. کە هەر یەک لەم زارانە لەلایەن یەکێک لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کورد واتا ئەشکانی و دواتر ساسانی بە زمانی فەرمی دەزگای میری دەسنیشان دەکرێن. ئەم دوو شێوەیە بە زمانی کوردی باکووری (پەهلەوی ئەشکانی) و زمانی کوردی باشووری (پەهلەوی ساسانی) ناسراون کە لە بنەڕەتدا دوو زاری سەر بە یەک زمانن و ئەم زمانەش زمانی کوردییە.[فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٤٩] قۆناغی کوردی نوێ کە لە دوای هاتنی ئیسلام دەسپێدەکا و تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە، قۆناغی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییە کە لە بنچینەدا شێوە گەشەکردووەکەی زمانی کوردی پەهلەوین کە بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسی بەسەر چەندین زار و شێوەزاری جیاوازدا دابەش بوونە. [بڕوانە: فرهاد عزیز: ٢٠١٧، ٢٤٨]

**٢-١: زمانی کوردی باشووری (پەهلەوی ساسانی)**

یەکەمین بەڵگە زمانییەکانی ئەم شێوەیەی زمانی کوردی لە نووسراوە بەردییەکانی پاشاکانی ساسانی و پێشەوایانی دینی زەردەشتی و دینی مانەوی بەدیدەکرێن.[H. S. Nyberg: ١٩٦٤، V] لە نووسراوە بەردییەکان دەکرێ ئاماژە بە نووسراوی ئەردەشێری بابەکان لە نەخشی ڕۆستەم، شاپووری یەکەم لە نەخشی ڕەجەب، نووسراوی نارسیٚ لە پایکوولی بکریٚ. لە نووسراوی دینیدا دەقە پەهلەوییەکان بە زەند و پازەندەوە گرنگترین نووسراوەکانی ئەم قۆناغەن. هەروەها کتێبە بەناوبانگەکەی مانی پێغەمبەری سەردەمی شاپووری یەکەم کە بریتییە لە کتێبی شاپووهرەگان یەکێک لەم نووسراوە دینییە دەگمەنانەیە کە لە دەرەوەی بازنەی ئەدەبیاتی زەردەشتی نووسراوە.

**٢-١-١: نووسراوە بەردییەکان**

دۆزراوە شوێنەوارییەکانی سەردەمی ساسانی لە چوارچێوەی دەقی نووسراودا ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی پەهلەوی شێوەیەکی گرنگی زمانی کوردییە. پاشا و پێشەوایانی سەردەمی ساسانی کۆمەڵێک دەقیان لە دڵی تاشە بەردەکانی سنووری فەرمانڕەوایەتی بە میرات بۆ زمانناسان بۆ یادگاری داناوە. لێرەدا بۆ پتر ڕوون بوونەوە و تێگەیشتن لە زمانی کوردی ساسانی، دەقی ژمارەیەک لەم نووسراوانەی پاشاکانی ساسانی دەخرێنەڕوو کە بە هەر دوو شێوەی کوردی ئەشکانی و کوردی ساسانی نووسراون.

**٢-١-٢: نووسراوی ئەردەشێری پاپەکان لە نەخشی ڕۆستەم**

لەم نووسراوەدا ئەردەشێری پاپەکان خۆی بە پاشای پاشایانی ئێران، لە نەژادی یەزدان و کوڕی پاپەک دەناسێنیٚ. شێواز و تایبەتمەندی ئەم نووسینە هەروەک لە کتێبی (زبان پهلوی)دا هاتووە، بەم جۆرەیە کە نووسینەکە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی و زمانی یۆنانی تۆمارکراوە. لە سەردەمی پاشا بەراییەکانی ساسانیدا ئەم نەریتە لە تۆمارکردنی نووسراوەکاندا باوبووە.[ژاله آموزگار و احمد تفضلی:١٣٨٩، ١٩و٢٠] بەپێی سەرچاوە پەهلەوییەکان لە سەردەمی ساسانیدا حەوت

جۆره خەت واتا ئەلفوبێ بۆ نووسین هەبووە کە بریتی بوون لە: ((دین دەویری، ویش دەویری، کوشتەگ دەویری، نیو کوشتەگ دەویری، میر دەویری، هەم دەویری، ڕاز سهریە دەویری.))[فریدون جنیدی: ١٣٨٦، ٢٤] کە هەر کام لەم دەویریانە بۆ کاروباری تایبەت بەکار براون.

پیتکەری ئینی مەزدەیەسن بەگی ئەرتهەشێری میرێین میرا ئێران
ئەوی چیتری هەژ یەزتان بەری بەگی پاپەکی میرا

پەیکەری ئی مەزداپەرستی بەگ (مەزن) ئەردەشێری پاشای پاشایانی ئێران[ە]
ئەوی چەهر (خوێن)ی لە یەزدان[ە] بەری (کوڕی) پاپەکی پاشا
[E. Thomas: ١٨٦٨، ٢٩]

**٣-١-٢: نووسراوی شاپووری یەکەم**

نووسراوی شاپووری یەکەم (٢٤٠-٢٧٣) زایینی لە نەخشی ڕەجەبە. لەم نووسراوەدا شاپوور لەسەر شێوەی نووسراوی باوکی، خۆی بە کوڕی ئەردەشێر و پاشای ئێران و نائێران و نەوەی پاپەک دەناسێنێ. ئەم نووسراوە بە ئەلفوبێی کوردی ئەشکانی نووسراوە.

پیتکەری ئینیی مەزدەیەسن بەگی شەهپوهری میرێین میرا ئێران و ئەنئێران
ئەوی چیتری هەچ یەزتان بەری مەزدیسن بەگی ئەرتهەشێر میرێین
میرا ئێران ئەوی چیتری هەچ یەزتان نەپیی بەگی پاپکی میرا
پەیکەری ئیی مەزداپەرستی بەگی شاپووری پاشای پاشایانی ئێران و
نا ئێران ئەوەی چەهر(خوێن)ی لە یەزدان[ە] بەری (کوڕی) ئەردەشێری پاشای
پاشایانی ئێران ئەوەی چەهر (خوێن)ی لە یەزدان[ە] نەوەی بەگ پاپەکی پاشا
[E. Thomas: ١٨٦٨، ٢٩]

**٢-٢: نووسراوی مێژوویی و پاڵەوانی**

**٢-٢-١: کارنامەگی ئەردەشێری پاپکان**

لە سەردەمی خوسرەو ئەنوشیرەوانی ساسانیدا کتێبێک بە ناوی (کارنامەگی ئەرتەشێری پاپکان) سەبارەت بە ژیان و ڕەچەڵەک و هەروەها چۆنییەتی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەردەشێری ساسانی نووسراوە. لەم کتێبەدا کە بە زمانی کوردی پەهلەوی نووسراوە، ڕووداوەکان بە شێوازی داستان و پاڵەوانێتی گێڕدراونەتەوە. ئەم کتێبە بەم دەقەی خوارەوە دەسپێدەکا:

١- پەوی کارنامەگی ئەرتەشێری پاپکان ئیتوون نیپیست ئەیتێت کوو پاش هەچ مەرگی ئەلکسەندەری هرومیگ ئێران شەتر دوو سەت و چل کەتەک خوەتای هەبویت. ٢- سپاهان و پارس و کۆستەکیی ئەویش نزگیتر پەت دەستی ئەردەوان سەردار بیت. ٣- پاپەک مەرزوپان و شەترداری پارس بیت و هەچ گومارتەکی ئەردوان ئەبیت. ٤- ئەردوان پەوی ستەخر نیشتەبیت. ٥- و پاپەک ڕای هێچ پرزەندی نام بورتار نەبیت. ٦- و ساسان شوپانی پاپەک هەبیت و هەموار لەتەگ قووچان ئەبیت و هەچ توخمەگی دارای دارایان بیت. ٧- هەندور دوژخوتایی ئەلەکسەندەر نیاگانی ئەو ویرەک و نیهان ڕۆبیشنی ئەویسیایت و لەتەگ کورتان شوپانان ئەوێستیت.

[H. S. Nyberg: ١٩٦٤، ١]

ئەم دەقە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە خەتی پەهلەوی و بە زمانی کوردی بنەماڵەی پاشایانی ساسانی نووسراوە. ئەم شێوە زمانە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا زمانی دەوڵەت و دین بووە، لە بنەڕەتدا زمانی بنەماڵەی پاشاکانیان بووە. دوای ڕووخانی ئەم دەوڵەتە و پاش تێپەڕینی چەندین سەدە ئەم شێوەزارە لە چوارچێوەی زاری خوارووی زمانی کوردی لە هەمان ئەو سنوورەی کە پایتەختی ساسانییەکان بووە قسەی پێکراوە. شێوەزاری فەیلی یان لەکی هەمان ئەم شێوازەیە کە دەقە پەهلەوییەکانی سەردەمی ساسانی پێ نووسراوەتەوە. بە هێنانەوەی ئەم دەقە بۆ سەر ئەلفوبێی ئێستای زمانی کوردی، زۆربەی خەڵکی کورد بەتایبەتی لە زاری ناوەڕاست و خواروو بێ هیچ گرفتێک لێی تێدەگەن.

**٢-٢-٢: ئەیاتگاری زەریران**

داستانی پاڵەوانێتی زەریر یەکێک لە کۆنترین دەقە کوردییەکانی سەردەمی ساسانییە کە لەسەر داستانێکی شۆڕەسواری ڕۆژگای ئەشکانییەکانەوە نووسراوەتەوە. لەم دەقەدا باسی شەڕی نێوان کەوی ڤیشتاسپە و ئەرجاسپە کراوە. ئەم شەڕە ڕەهەندێکی سیاسی-دینی هەیە. کەوی ڤیشتاسپە پەنای بە زەردەشت داوە و خۆی و خەڵکی میرنشینەکەی دینی زەردەشتیان وەرگرتووە. ئەرجاسپە کە میری میرنشینی دراوسێی ڤیشتاسپەیە بە سپایەکی فراوان هەڵیکوتاوەتە سەر ڤیشتاسپە و داوای لێدەکا واز لە دینی نوێ بێنێ و بگەڕێتەوە سەر دینی بابوباپیرانیان، بەپێچەوانەوە میرنشینەکەیان داگیر دەکا و لەناویان دەبا.[فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٦٥و٤٦٧] لە خوارەوە نموونەیەکی ئەم دەقە دەگوازرێتەوە.

٧١- و ئوجا ئەرجاسپی خیونان خوتای هەچ کۆ سەر نیگا کیرت و گوویێت: کو هەچ ئەشما خیونان کێ هەی کە شانات ئەبەگ زەرێر کۆخشەد، ئەویش کوژەت، ئەوی تەهمی سپابودی نێو زەریر، تاک زەڕستوونی منی دوێت، پەت ژەنی دەهێم کە هەندور هەمەگ شەتری خیونان ژەنێ هەچ ئەوی هوچیهرتر نییەس.

(ئینجا ئەرجاسپی میری خیونان لە سەر کێو سەیری کرد و گووتی: کە لە ئێوە خیونان کێ هەیە کە بڕوا و لەگەڵ زەرێر بجەنگێ. ئەوی ئەو سپاسالارە پاڵەوانە، زەریر بکوژێ، تاکوو زەرستوونی کچی من بە ژنی پێشکەشی بکەم کە لە گشت شاری خیونان ژنێک لە ئەو جوانتر نییە).

[J. Jamasp-Asana: ١٩١٣، ١٠]

**٢-٣ : نووسراوە دینییەکان**

**٢-٣-١: دەقی دینی زەردەشتی**

لە سەردەمی ساسانیدا کۆمەڵێک بەرهەمی بەرچاوی دینی بە زمانی کوردی باشوور واتا پەهلەوی ساسانی نووسراون کە بریتین لە: زەندی ئاڤێستا، ئەرتای ڤیراز نامەگ، بنیداهیشن، مینووگی خیرەت، کۆمەڵێک ئامۆژگاریی دینی پێشەوایانی دینی زەردەشتی، کتێبی دینکەرت و ...هتاد. لەم توێژینەوەیەدا چەند نموونەیەک لە دەقی دینی کە بە زمانی کوردی باشووری واتا کوردی ساسانی نووسراون بە

مەبەستی پتر ڕوون بوونەوەی پەیوەندی نێوان زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی و زمانی کوردی بەتایبەتی شێوەزاری فەیلی (لەکی) دەگوازرێنەوە.

**٢-٣-٢: کتێبی دینکەرت**

ئەم کتێبە یەکێک لە نایابترینی ئەو کتێبانەیە کە بە زمانی کوردی باشوور واتا کوردی ساسانی نووسراوە. ناونیشانی ئەم کتێبە بریتییە لە (دینکەرت) واتا کردار و ڕفتاری دینی، لەم کتێبەدا گشت بنەما فەلسەفی و بیروباوەڕی دینی زەردەشتی باسکراوە. هەروەها پوختە و کورتەی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکانی تێدا تۆمار کراوە.[بڕوانە: احمد تفضلی: ١٣٨٣، ١٣١-١٣٨

و هەچ بووم ئاراستەران ئەرتەخشێری پاپکان چیوون دینیچ ئامایتی، کوو کەتار ئی زۆری کەی ئەرتەخشێری تاکەن، ئی تین فرمان، ئی شکەپتی زەنین، ئی خواتائی کوو ئورام هەندور مانی ئەریشنی نووک و ڕۆشن فراژ ئەستینیت، پەوان کەنیک کەرپی، ئی نیوگی کەبەد ئەمەوەند، ئی هوراوەستی بریند ئەیوسەت، ئی ڕاستی، ئی ڕایومەنتی ئازات.

و لە ڕازێنەرەوانی زەوی ئەردەشێری پاپکان[ە] هەروەکوو چۆن لە دینیش هاتووە، کە قەتاری زۆر و دەسەڵاتی ئەردەشێری پاشا تاکە، ئەوەی فرمانەکانی بەتینە، ئەوەی ئەشکەوتی زانستە، ئەو کەیخوایەی کە ئەریشنی [ناوی فریشتەیەکە]، ئارامی لەناو ماڵی بەردەوام نوێ دەکاتەوە و ڕووناکی دەکاتەوە بەهۆی کیژی پاکیزەوە. ئەوەی پاک و لەخواترسە، ئەو جوان و باڵابەرزە، ئەو ڕاستگۆیە، ئەو شکۆمەند و ئازاد(نەجیب)ە.

[P. Sanjana: ١٩١٥، D٧، p II، ٥١]

**٢-٣-٤: کتێبی ئەرتای ڤیراز نامەگ**

ئەم کتێبە بە زمانی کوردی ساسانییە و سەبارەت بە گەشتی ڕۆحی پێشەوایەکی دینی زەردەشت بۆ بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ نووسراوە. ئەم پێشەوایەی دینی زەردەشتی ناوی (ئەرتا/ئەرد) بەمانای پاک و بێگەردە و سیفەتی (ڤیراز)ی پێدراوە بەو واتایە کە ڕاز و نهێنییەکانی ژیانی پاش مردنی ئاشکرا کردووە. لێرەدا پەرەگرافی یەکەمی ئەم کتێبە دەگوازینەوە.

١- ئیتوون ویژەند کو ئێوبار ئەهروب زەرتوهشت دینی مەگریت هەندور گیهان روباج بیکرت ٢- و تاک بووەندەگی سێسەت سار دین هەندور ئیپاگژی و مەرتم هەندور ئیبێگومانی هەبویت ئانەمەند ٣- گوژەستەک گەنەگ مینوگی درووـوەند گومان کرتن ئی مەرتومان پەوی ئی دین ڕای ٤- ئەوی گوژەستەگ ئەرکسەندەری هەرومەیگی موزریگ مەنشینی ڤیاپەنەنیت پەوی گران سزەد و نپەرتن و ئێشەگ ڕوو ئێران شەتر شانیت ٥- ئویش ئەوی ئێران دەهیپەت ژەت ٦- و ببە و خوتایی ئاشوپت و ئەوێران کرت ٧- و ئی دین چیون هەمەگ ئەپستاگ و زەند هەبەر گای پیستیهـ ویراستەگ و پەوی ئاوی زەڕی نپیستەگ و هەندور ستەخری پاپکان پەوی کەراتی نبست هانیتیت ویسانیت

١- وەها دەبێژن کە یەک جار زەردەشتی پاک ئەو دینەی کە وەریگرتبوو، لەناو جیهان ڕەواجی پێدا ٢- و تاکوو بوونی سێسەت ساڵ دین بە پاکژی و خەڵکی لە بێگومانیدا بوون ٣- ڕێونکردووی بۆگەن گیانی درۆوەند (ئەهریمەن) بۆ ئەوەی خەڵکی گومان بکەنە سەر ئەم دینە ٤- ئەو لەڕێ دەرچووە ئەسکەندەری ڕۆمی دانیشتووی میسری فریودا، بەو سزا (ستەم)ە زۆر و هەڵکوتان و ئازارەوە ڕووی بۆ ئێران شار هێنا. ٥- ئەویش پاشای ئێرانی کوشت ٦- و بنە و کەیخوایی شێواند و وێرانی کرد ٧- و [هەروەها] ئەم دینە چۆن هەمووی ئاڤێستا و زەندی لەسەر پێست و کەوڵی گا و بە ئاوی زێڕ نووسرابوو و لەناو ستەخری پاپکان لەو قەڵاتی نووسینە دانرابوو.[ Fereydun Vahman: ١٩٨٦، ١٩]

**٢-٤: دەقی دینی مانەوی**

کتێبی شاپووهرەگانی مانی کە لە لایەن خودی مانییەوە بۆ پاشای ساسانی شاپووری یەکەم نووسراوە، بە زمانی پەهلە یان فەیلی نووسراوە. (هێنریک ساموێل نیۆبێرگ)دەڵێ: مانی ئەم کتێبەی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بنەما فەلسەفی و ئایینییەکانی دینییەکەی داڕشتووە و هەر بەناوی پاشای ساسانی ناونیشانی شاپووهرەگانی بۆ داناوە و پێشکەشی ئەم پاشایەی کردووە و ئامانجی شاپووری یەکەم و مانی ئەوە بووە کە ئەم دینە گەشەی پێبدرێ و شوێنی دینی زەردەشتی بگرێتەوە.[هنریک ساموئل نیبرگ: ١٣٥٩، ٤١٣] ئەم کتێبە یەکێک لە بەڵگە هەرە گرنگەکانی مێژووی زمانناسییە کە دەسەلمێنێ زمانی دایکی پاشاکانی ساسانی،

زمانی کوردی پەهلەوی (فەیلی) بووە و هەر ئەم شێوەزارەی کە لەناو ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە قسەی پێکراوە، بە زمانی فەرمی دەوڵەت هەڵبژێردراوە. مانی کە دینەکەی ڕادەگەینێ داوا لە شاپووری یەکەمی پاشای ساسانی دەکا دینەکەی پەسند بکرێ، شاپووریش داوا دەکا بنەماکانی دینەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆیە مانی کتێبێک دەنووسێ و پێشکەشی ئەم پاشایەی دەکا. بێگومان کتێبەکە بە زمانێک نووسراوە کە پاشا بەباشی لێی تێدەگا. لە کتێبی (ئەدبی مانەوی)دا هاتووە: ئەم کتێبە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ناوچەیەک لە چین بەناوی توورفان لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی دیکە کە تایبەتن بە دینی مانی دۆزراوەتەوە.[مهرداد بهار: ١٣٩٤، ٤٩] دەسنووسە ڕەسەنەکانی دەقی مانی کە بە دەقەکانی تورفان ناسراون، لە ئەنیستیتۆی زانستیی براندنبورگی بەرلین و کتێبخانەی نیشتیمانی بەرلین بەم ناونیشانە (Sitzungsberichte der Preussischen Akademie der Wissenschaften) پارێزراون. خۆشبەختانە وێنەیەکی لەبەرگیراوی ئەم کتێبە لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە. لەم توێژینەوەیەدا دوو لاپەڕەی یەکەمی ئەم کتێبە بە ئەلفوبێی ئێستای زمانی کوردی دەنووسرێتەوە و وێنە ڕەسەنەکەشی لەگەڵدا دادەنرێ.

لە کتێبی شاپوورەگاندا کۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەت بە دینی مانی دەبینرێ کە ئەم دەستەواژانە پتر چەمکی دینین و ڕەنگە بۆ ئەم سەردەمە هەندێ نامۆ بن، بۆ نموونە (خیرەت شاهیر یەزد) کە لە دینی مانیدا ناوێکە بۆ جیهانی پاک و نموونەیی یەزدان کە دەکرێ بە بارەگای یەزدان دابنرێ. خیرەت واتا عەقڵ و ئاوەز، لە زمانی کوردی ئێستادا لە وشەی (خرێنە) بەواتای ددانی عەقڵ دەبینرێتەوە. هەروەها ناوی فریشتەکانی بارەگای یەزدانی کە ئەرکی ئازاردانی خراپەکارانیان لە ئەستۆیە کە بریتین لە مانبید، ویسبید، زەندبید، دهیبید، پەهرەگبید.

### دوو بنی شاهپهرەگان

پەد دێوان ئەوەد، .... بوو .... چ...، پەیتاگ ... کوو... ئوو گووەند کوو ئیمەهـ یەزتان پییاسگەر ئیم، پەد ئی پەندیگ ئێمە، مەرتوومان پرەیست ویپسەن و ئووانیش پەد دوژکیردگانی کامڕەوان، ئی دینەوەر کی خویش دین نی وەروەد، هەنیچ و ئەویشان هەنزەپەسەد و ئەوی زەمان کە هەندەر شاهر خرِ هیناوەن بوێت، ئیگ پچ زمیگ و ئاسمان و خوەر و ماونگ و ئەختەران و ئەستێرەگان وزرگ نیشان پەیداگ بوێت،

پس خیرەت شەهیر یەزد هین کی نخوەست ئەوی نێر دام نوخویری پەرتومین خیرەت و دانیشن دا، ئەویش پاش هەچ جار جار و ئەوام خیرەت و دانیشن و مەردان پریستیت، هین پەت ئەویچ ئەوام ئی ئەبدوامین نزد و فرێشەکر هەن خیرەتی شەهیر خوتای هەچ هەمەگ.

## دوو بنی شاپوهرەگان

[پێغەمبەرانی درۆیین] لەگەڵ دێوان و ... دەبن و دەڵێن: کە ئێمە ڕاسپێرداوی یزەدانین، ئەمەیە پەندی ئێمە، خەڵکی پڕ (پتر) فریودەدرێن و ئەوانیش بەم دژکردارییە کامەرانن، ئەو دینەوەر(دیندارە)ی کە باوەڕی بە دینی خۆی نییە، ئەویش بەوانەوە پەیوەست دەبێ و ئەو زەمانەی لەناو شار خڕ(هەموو) هین(شت)ەکان ئەوها بێ، ئەوجا لە زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ و ئەختەر(حەسار)ەکان و ئەستێرە مەزنەکان نیشانە پەیدا دەبێ، ئینجا خیرەت(ئاوەز) شاری یەزدان ئەوەی کە سەرەتا ئەو نێرەی دا (واتا مرۆڤی خوڵقاند) پەروەردەکراو ئاوەز و زانستی پێدا، ئەویش پاشان جاربەجار و بەردەوام ئاوەز و زانستی بۆ خەڵکی گواستەوە، هەروەها لەم دوا ڕۆژگارەدا، نزیکی فرێشەکر (نوێکردنەوە) هەر ئەو شاری ئاوەزی یەزدان [کە هی] هەموانە

## ئەبەر ئامیشنیهی میردان پوسر

ئیزەدان و دینەوەران ئاما، ئەگە پەد ئاسمان هەندوور ویسەد، وزرگ خروهـ خوێنییەد و هەمەشاهر ئەژنییەد، ئەوی ئەمشیان یەزدان کی هەندوور ئاسمانان و زمیگان هەمە کیشوەر مان بیت و ویس بیت و زەند بیت و دیهـ بیت پەهراگ بیت، ئو دێوان نیخرۆستار هیند، هەن خیرەتشاهیر ئافەرین کەنەن و مەرتوومان کی هەندوور شاهیر شاریار بووەن، دوو دووان پەدیش ئەوی شاوەن، نمێچ بەرن ئەوش فەرمان پەدیرەن و مەردوهم ئیگ ئازیگەر دووژکیردەگان و مەردیهنەگان، هێن پەشیمان بووەن و پەس خیرەتشاهیر یەزد پریستەگان ئو خۆرەسەن و خۆرەنوەر پریستەد و شاوەن و مەرتوهم ئی دینەوەر ئەبەگ هەیاران و هەن دووژکیردەگان هەچ هەم کووشنان هەمی ئەراچ پێش خیرەتشاهیر یەزد نەیەن و نمێچ بەرەن سەبارەت بە هاتنی نەوەی ئادەم

ئیزەدان و دینەوەران(دینداران) هاتوون، ئینجا لە ناوەوەی ئاسمان ڕادەوەستێ، بە دەنگی بەرز هاوار دەکا و هەموو شار دەبیستن، ئەو ئەفرێنراوانەی یەزدان کە لەناو ئاسمانەکان و زەوییەکانی گشت کیشوەرەکان، مانبید و ویسبید و زەندبید و دیهبید و پەهراگبید، ئەوان ئازاردەری دێوانن، ئەم ئاوەزشارە ستایش دەکەن و ئەو خەڵکانەی کە لەناو شاردا شاریار بوونە، بە دوو و بەغار بەرە ئەو دەڕۆن، نوێژ دەکەن و فرمانی ئەو پەسند دەکەن و خەڵکی ئازارگەیێن و بەدکردار و ستەمکار، لەو کاتە پەشیمان دەبنەوە و ئینجا خیرەتشاهیر یەزد، نێردراو بەرەو خۆراسان(ڕۆژهەڵات) و خۆرەنوەر(ڕۆژئاوا) ڕەوانە دەکا، و دەڕۆن خەڵکی دینەوەر لەگەڵ هاوڕێیان دەبەن و ئەوان بەدکاران لە هاوکارانیان هەموویان بەرەو پێش خیرەتشار یەزد دەبەن و نوێژ دەکەن.

### ٣: ڕەهەندەکانی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی

شوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەکاندا دیارە، ئەم زمانە لە ڕیزی زمانە زاگرۆسییەکانە و لە دێر زەمانەوە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تاکوو ئەمڕۆ لەو جوگرافییە بەرفراوانەی کە باسمان کرد پەرش و بڵاو بووە. بۆیە زمانی کوردی هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ڕووی گەشەی مێژوویی زمانەوە بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەبێ (مادی-ئاڤێستایی، پەهلەوی، کوردی نوێ یان شێوەزارەکان) و ئەم سێ قۆناغە لە زماننناسیدا بە سێ قۆناغی (کۆن، ناوەڕاست و نوێ) دەسنیشان کراون. لە کتێبی (زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا) ئەم دابەشکردنە بەم شێوەیەیە: قۆناغی زمانی کوردی کۆن و لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکانەوە دەسپێدەکات، دووەم، قۆناغی زمانی کوردی ناوەڕاست کە لە سەرەتای دەسەڵاتی هێلینییەکانەوە تاکوو قۆناغی ساسانییەکان دەگرێتەوە. سێیەم قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی، ئەم قۆناغە سەردەمی هاتنەکایە و بەکارهێنانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە.[ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨، ١٢٨ و ١٢٩]

### ٣-١: قۆناغی کۆن (مادی-ئاڤێستایی)

هەر یەک لەم قۆناغانە پیشاندەری گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بە هێڵێکی ڕاست ودرووست و ڕەوانن کە ڕەگی لە شێوازی ژیان و ژیاری شارستانی ئەم میللەتەدا

داکوتاوە. قۆناغی کۆن لە سەردەمی سۆمەرییەوە دەسپێدەکا و تاکوو سەردەمی ڕووخانی دەوڵەتی مادەکان بەردەوام بووە. لەم سەردەمەدا زمانی کوردی بەپێی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کۆنەکان شێوەزار و زاری جیاجیای لێدەبێتەوە. هەر یەک لە میرنشینە کۆنەکانی نەتەوەی کورد وەکوو سۆمەری، گووتی، ئیلامی، هووری، میتانی، مانایی، ئۆراڕتی و ...هتاد لە سنووری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیاندا شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردیان بۆ ڕایی کردنی کاروباری میری، دینی، ئەدەبی و ...هتاد بەکاربردووە. لە سەردەمی مادەکاندا بۆ یەکەمینجار شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد هەڵدەبژێردرێ. لێرەدا ئەو شێوەزارەی کە ئاڤێستای پێ داڕێژراوە، بەهۆی ئەوەی زمانی دین بووە بەخت و ئیقباڵی پتر بووە بۆ ئەوەی بە زمانی فەرمی دەسەڵات هەڵبژێردرێ.[بڕوانە، فرهاد عزیز: ٢٠١٧، ٢٤٨]

**٣-٢: قۆناغی ناوەڕاست (پەهلەوی)**

قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد دەست پێدەکا و بە فەرمی تاکوو کۆتایی دەسەڵاتی ساسانییەکان بەردەوام دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم قۆناغە لەگەڵ هاتنی ئیسلام کۆتایی پێدێ، بەڵام تاکوو سەدەی چوارەمی کۆچیش هەر دەقی ئەدەبی و دینی پێ تۆمار کراوە. لەم قۆناغەدا دوو شێوەی زمانی کوردی باوبووە کە ڕاستەوخۆ لە زمانی ئاڤێستاییەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەم زمانی کوردی ئەشکانی و دووەم زمانی کوردی ساسانی کە هەر دووکیان بە زمانی پەهلەوی ناسراون. لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی و دینی یەکجار گرنگ بەم دوو شێوە زمانەی کوردی لەبەر دەست دانە کە پیشاندەری ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی زمانی کوردین. ئەم دەقانە بە ئەلفوبێیەکی تایبەت نووسراون کە بە خەتی پەهلەوی ناسراوە.[بڕوانە، فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٤٩]

**٣-٣: قۆناغی نوێ (شێوەزارەکان)**

ئەم قۆناغە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام دەسپێدەکا و تاکوو ئەمڕۆ بەردەوامە. لەم قۆناغەدا بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسی سەربەخۆی کوردی و لە ژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسی و بەڕێوەبردنی ناوچە

جیاجیاکانی کوردستان و دەرکەوتنی میرنشینەکان، زمانی کوردی بەسەر چەندین شێوەزار و زاری جیاجیادا دابەش دەبێ. هەر یەک لەم شێوانە وەکوو قۆناغی کۆن بەهۆی پشتیوانی میرنشینە کوردییەکانەوە گەشە دەکەن. ئەم گەشە کردنە گۆڕانێکی یەکجار زۆری لە ناو زمانی کوردی و زار و شێوەزارەکانی لێکەوتەوە. لێکەوتەی ئەم گەشە و گۆڕانە بووە هۆی ئەوەی کە ترازان و دابڕانێک لە نێوان شێوەزارەکانی کوردی بێتەئاراوە،[فرهاد عزیز: ٢٠١٩، ٤٥٠] بەچەشنێک کە زۆرێک لە ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە هەندێجار بە ئاستەم دەتوانن لە یەکدی تێبگەن و ئەمەش بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی دوژمنانی کورد وەکوو هەل و دەرفەت بیقۆزنەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن ئەم شێوەزارانەی زمانی کوردی لەم زمانە بکەنەوە و بە زمانی سەربەخۆ دایان بنێن. توێژەران و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان دەبێ بەرپرسیارێتی ئەم بابەتە هەڵبگرن و بە توێژینەوەی بەردەوام ئەم هەوڵ و پیلانگێڕییەی لە دژی زمانی کوردی لە ئارا دایە، پووچەڵ بکەنەوە.

**٣-٤: پەیوەندی نێوان شێوەزاری فەیلی و زمانی پەهلەوی ساسانی**

زمانی کوردی کە زمانێکی زاگرۆسییە، بە درێژایی مێژوو لە قەوقازیاوە تاکوو دەگاتە دەریای ئێمە و بە پانتایی دەشتەکانی میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی کەناری دەریای مازەندەران یان قەزوین بەربڵاوبووە و قسەی پێکراوە. دەریای ئێمە هەمان ئەو کەنداوەیە کە ئەمڕۆ بەهۆی ناونانی بە کەنداوی فارس یان کەنداوی عارەب، لەلایەن فارس و عارەبانەوە مشتومڕ و هەندێجار توندوتیژی سیاسی و دیبلۆماسی لێدەکەوێتەوە. (تورج دریایی) لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا باسی ئەوە دەکا کە ساسانییەکان (دەریای ئێمە)یان بۆ ناونانی کەنداو و دەریای عومان بەکارهێناوە. [تورج دریایی: ١٣٩١، ١٦٦] بەم پێیە جوگرافیای زمانی کوردی زۆر بەرفراوانترە لەو جوگرافیا سیاسییەی کە کوردستانی گەورەی لەسەر نەخشەی جیهاندا پێ دەناسرێتەوە.

کوردی فەیلی یەکێک لە گرنگترین شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی نوێی ئەم زمانەیە. ڕیشەی وشەی فەیلی بۆ وشەی پەهلە دەگەڕێتەوە. پەهلە ناوی ناوچەیەکی جوگرافیاییە کە دانیشتوانەکەی بە زمانی پەهلی – فەهلی – فەیلی قسەیان کردووە. (ابن الندیم) ناوچەی پەهلە بە ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهـ نەهاوەند و

ئازەربایجان دەسنیشان دەکا.[ابن ندیم: ١٣٨١، ٢٢] هەروەها (طیب طاهری) دەڵێ: وشەی فەیلی شێوە گۆڕاوەکەی فەهلەیە و هەر هەمان وشەی پەهلەیە کە دواتر بەهۆی گەشە و گۆڕانی زمانی بەشێوەی فەهلی، فیهلی و فەیلی دەرکەوتووە و ناوچەی فەهلە هەمان لەکستانە.[طیب طاهری: ١٣٧٩، ٥] بەم پێیە ناوچەی پەهلە هەمان ناوچەی لەک نشینی کوردستانە و شێوەزاری ئەم ناوچەیە لە کۆندا پەهلەوی و لە سەردەمی نوێدا فەهلەوی پێگووتراوە. بەڕای توێژەر وا باشترە تەنیا ناوچەی لەک نشین بۆ شێوەزاری فەیلی دەسنیشان نەکرێ، چونکە بەپێی دەقە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی، کۆمەڵە شێوەزارێکی زمانی کوردی وەکوو هەورامی، لوڕی، لەکی یان فەیلی بە فەهلەوی دانراون کە گشتیان لە ڕووی ڕیشەی زمانییەوە شێوە نوێ و گەشەکردووەکەی کوردی ئەشکانی و ساسانین. دەقی فەهلەویاتی کوردی وەکوو کۆنترین دەقی ئەدەبی لە قۆناغی نوێی ئەم زمانەدا ئەم بابەتە یەکلایی دەکاتەوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی زار و شێوەزارەکانی خواروو وەکوو فەهلەویاتی باباتاهیری هەمەدانی، مەلای پەرێشان، قەترانی تاوڕێژی و کەلامی یارسانان، شانامەی کوردی و ...هتاد ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە.

### ٣-٥: فەهلەویات

فەهلەویات بەم جۆرە شیعرانە دەگووترێن کە دوای هاتنی ئیسلام لە ناوچەکانی زمانی پەهلە یان فەهلە نووسراون. ناوچەی فەهلە بەپێی سەرچاوە کۆنەکانی سەردەمی ئیسلامی بەم سنوورە جوگرافییە دەگووترێ کە خەڵکەکەی بە زمانی پەهلە یان فەهلە دوواون. لە کتێبی (الفهرست)دا هاتووە: ((ناوچەی فەهلە بریتین لە: ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهنەهاوەند و ئازەربایجان.))[ابن الندیم: ١٣٨١، ٢٢] بەم پێیە دەردەکەوێ ناوچەی پەهلە هەمان ئەو سنوورە جوگرافیاییەیە کە مادەکان لەسەرەتادا دەوڵەتی یەکگرتووی مادیان تێدا بنیات ناوە و بریتین لەو ناوچانەی کە زمانی کوردی تێدا بەربڵاوبووە.

چارەنووسی زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی، پیشاندەری چارەنووسی گەلی کوردە. هەروەک چۆن سنووری جوگرافیای کوردستان لە چەندین قۆناغی جیاوازی مێژووییدا پارچە پارچە و دابەشکراوە، زمانی کوردیش بۆ چەندین شێوەزاری جیاجیا دابەش بوون و هەندێ لەم شێوەزارانە بەهۆی دەسەڵاتی

میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلامی بەختی ئەوەیان هەبووە کە دەقی ئەدەبی و دینی و پەروەردەییان پێ بنووسرێتەوە. بنچینە و بناغەی زمانی کوردی واتا پەهلەوی یان فەیلی کە پێشتر زمانی دین و دەوڵەت بووە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و دینی زۆر گرنگی پێ تۆمارکراوە و بە ئەدەبیاتی فەهلەوی یان فەهلەویات ناسراوە. ئەم شێوە زمانەش وەکوو زمانی کۆمەڵێک لە دانیشتووانی کوردستان وەکوو زمانی ئاخاوتن لە هەمان ئەم ناوچانە لە گەشە و گۆڕاندابووە کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی زمانی کوردی لە زاری خواروو و گۆراندا پۆلین کراون وەکوو لوڕی، لەکی، کەلهوری، هەورامی و شێوەزارە هاوشێوەکانی دیکەیاندا. بەم چەشنە دەبینین زمانی پەهلەوی یان فەیلی ڕۆژگاری ساسانییەکان لە سەردەمی نوێی زمانی کوردیدا کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر شێوەزارەکانی دیکەدا هەبووە. بۆیە هاوبەشییەکی یەکجار زۆر لە نێوان شێوەزارەکانی ئەم زارانەدا بەدیدەکرێن و زۆرجار بە ئاسانی لێکجیا ناکرێنەوە، بەتایبەتی لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە مێژووی تۆمارکردنیان بۆ نێوان سەدەی چوارەم تاکوو دەیەمی کۆچی دەگەڕێنەوە.

ئەم جیاوازییەی کە لە شێوە زۆر فراوان و جیاوازەکانی زمانی کوردیدا هەیە، بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی زمانناسانی بیانی هەندێ شێوەزاری کوردی لەم زمانە جیا بکەنەوە و بە زمانێکی سەربەخۆی دابنێن. بۆ نموونە شێوەزاری هەورامی، زازایی، لووڕی، لەکی و هەندێ لە شێوەکانی دیکە بە زمانێکی سەربەخۆ دابنێن. لەڕاستیدا ئەم داماڵینەی زمانی کوردی لە شێوەزارەکانی هەر لە درێژەی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورددا سوودی لێوەرگیراوە. بەتایبەتی لەلایەن توێژەرانی ئێرانی کە مەبەستیانە جوگرافیای زمانی کوردی وەها سنووردار و بچووک بکەنەوە تاکوو لەگەڵ نەخشەی جوگرافیا سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان لە باشوور هاوتەریب بێ و بەشێوەیەکی گشتی زمانی کوردی لە شێوەزاری سۆرانیدا قەتیس بکەن، تاکوو جوگرافیا و خاکی کوردان هەر لە سنووری ئەم شێوەزارەدا بەرجەستە ببێ. بۆ نموونە (حسن رضا باغ بیدی) توێژەری فارس زمانی ئێرانی شێوەزاری هەورامی و زازایی بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنێ و پێیوایە ئەم شێوەزارە ڕەسەنەی زمانی کوردی پەیوەندی بەم زمانەوە نییە و بە هەڵە لە ڕیزی شێوەزارەکانی زمانی کوردی پۆلین کراوە،[حسن رضا باغبیدی: ١٣٨٨، ١٨١] بەڵام مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی (خانای قوبادی) لە خەسرەو و شیریندا بەم چەشنە وەڵام دەداتەوە:

**ڕاستـــەن مواچان فـــــارسی شەککەرەن کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن**
**پەی چێش؟نە دەواران ئەی دنیای بەدکێش مەحزووزەن هەرکەس بە ،زمان وێش**

خانای قوبادی: ساڵ؟، ١٤

ئەم دێڕە شیعرە نایابەی خانای قوبادی بەسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە توێژەرانە، چونکە ئەم کەڵە شاعیرەی گەلی کورد بە شێوەزاری هەورامی دەڵێ: کوردی لە فارسی شیرین ترە. کەوایە ئەگەر هەورامی زمانێکی سەربەخۆ بووایە، خانای قوبادی بە شانازییەوە دەیفەرموو: هەورامی جە فارسی بەل شیرینتەرەن. ئامانجی ئەم توێژەرە ڕەگەزپەرستانەی ئێران جگەلەوەی مەبەستیانە زمانی کوردی بۆ شێوەی سۆرانی و سنووری کوردستان بۆ ئاخێوەرانی ئەم شێوەیە بچووک بکەنەوە، لەهەمان کاتدا دەیانەوێ پێگەی زمانی فارسی لە ئێراندا پتەو بکەن؛ تاکوو لە ڕێی نزیک کردنەوەی زمانی فارسی لەم شێوەزارانەی زمانی کوردی کەسایەتییەکی بەهێز و پتەوتر بە زمانی فارسی بدەن و مێژووی زمانەکەیان بۆ زمانی پەهلەوی و ئاڤێستایی و ئەخمینی بگەڕێنەوە.

فەهلەویات یان دەقی ئەدەبی قۆناغی نوێی زمانی کوردی خاڵی پێکەوە گرێدانی زمانی کوردی و زمانی پەهلەوین. لەم قۆناغەدا سەرەتا تەنیا شێوەی نووسین واتا ئەلفوبێ گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام بە درێژایی چەندین سەدەی دواتر زمانی کوردی بەهۆی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کرد و لە ئەنجامدا لە هەناوی زمانی پەهلەوی کە زمانی فەرمی دەسەڵات و زمانی ستاندەری دەوڵەت بوو، کۆمەڵە شێوەزارێکی نوێ لەدایکبوون. (محمدتقی بهار) ئەم بابەتەی بەم جۆرە خستۆتەڕوو: دوای هاتنی ئیسلام خەت و زمانی پەهلەوی لەگەڵ ئەوەشدا کە تووشی گرفت بوو، بەڵام تاکوو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی هەر بەردەوام بەرهەمی دینی و ئەدەبی پێ تۆمار دەکرا و دواتریش کە زمان و ئەلفوبێی عەرەبی جێگەی گرتەوە، لە ڕۆژئاوای ئێران کە خەڵکەکەی بە زمانی پەهلەوی یان بە شێوەزاری نزیک لە پەهلەوی قسەیان دەکرد، ئەفسانە و کتێب و بەرهەمی ئەدەبیان پێ تۆمار دەکرد.[محمدتقی بهار: ١٣٤٩، جلد١، ١٤٥] بەرهەمە تۆمارکراوەکانی سەرجەمی ئەم شێوەزارانە بە فەهلەویات ناسران. بە تێپەڕبوونی کات زمانی کوردی

پەهلەوی لە زمانی فەرمی دەوڵەتەوە بۆ چەندین شێوەزاری جیاجیای ناوچەیی گۆڕا. لە بنچینەدا ئەم شێوەزارانە بەگشتی لە زاری خواروو و زاری گۆراندا پۆلین کراون، بەڵام تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، شێوەزاری فەیلی بەهۆی نزیکی لە زمانی پەهلەوی بە سەرەکی ترین شێوەزار دادەنرێ، هەر لەبەر ئەوەشە کە گشت ئەو بەرهەمانەی بە شێوەزارەکانی زاری خواروو و زاری گۆران وەکوو فەیلی، لوڕی، کەلهوڕی، هەورامی، باجەلانی و ...هتاد نووسراون بە فەهلەویات ناودەبردرێن.

**٣-٥-١: فەهلەویاتی باباتاهیری هەمەدانی**

مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەردەمی ئیسلامیدا بە شیعرەکانی باباتاهیرەوە دەسپێدەکا. ئەو پارچە شیعر و دووبەیتیانەی کە لە ئێراندا ساغکراونەتەوە و بەناوی دووبەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانی لە چاپ دراون، بەزۆری بە فارسی کراون و شێوە ڕەسەنەکەیان بەسوودی زمانی فارسی شێوێندراوە، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێک دووبەیتی باباتاهیر لە مۆزەخانەی قونییە لە تورکیا پارێزراون. ئەم شیعرانە لەسەر شێوە کۆنەکەیان لەلایەن (مهرداد بهار) چاپکراون و ئەمانەی خوارەوە نموونەی ئەم دوو بەیتیانەن:

**گەر هەژ زەر ئۆنەهی ئەیوانی هەژ گڵ بە پەرژینش کەری وانەوشە و وڵ**
**گەر ئەو بەشنەش نەهی ئەو داری شمشاد گەر ئەو ڕۆنەش کەری ئاواجی بلبل**
**سەرەنجامان بشی بە یا بهەرزی یایی تە گۆڕ و مەوای تە گڵ**
مهرداد بهار: ١٣٨٦، ٣٦٢

**یاکە مە دوڕ دی هەنی دەریا نەبی یار یاکە مە خۆر دی گەیهان پەیدا نەبی یار**
**من هەژ ئەو ڕۆ بە دامانی تە ژەد دەست دە گەردوونت هیچ پەڕ و پا نەبی یار**
هەمان: ٣٦٤

**٣-٥-٢: فەهلەویاتی مەغریبی تاوڕێژی (تەورێزی)**

شمس‌الدین محمد مغربی شاعیر و عارفی مەزنی کورد لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچی ژیاوە. خەڵکی لە گوندی ئەمەندی شاری تاوڕێژە و لە ساڵی ٨٠٨ی

کۆچی لەم شارەدا کۆچی دوایی کردووە.[محمدامین ادیب طوسی: ١٣٣٥، ٢١٩] ئەم دەقانە هەر لەم سەرچاوەیە وەرگیراون. .

**هەرچی ئەویـــان واتە دڵە بشنیر    دڵە واتە چوو ئەویان نەشۆ هەچ ویر**
**نەبوو گێتی کە دڵم نۆیەوانێ بوو    نـــۆیەوانێ هەتـــا گێتی بـــەرۆ پیر**
[طوسی، ٢٢٤]

**سەحەرگاهان کە دڵم تاوە گیرێ    جەهـ ئاهم هەفت چەرخ ئاڵاوە گیرێ**
**جە دڵـــم ئازەرین ئاهێ وەگەریێ    دوویژ هەژ تـــاوێ دڵم تـــاوە گیرێ**
[طوسی، ٢٢٦]

### ٣-٥-٣: فەهلەویاتی شێخ صفی‌الدین اردبیلی

شیخ سەفیەدینی ئەردەبیلی باپیرە گـەورەی حەیدرییەکان، عارفی سەدەی هەشتەمی کۆچییە. لە کتێبی (سلسلة النسب صفویە)دا یازدە دووبەیتی بە زمانی کوردی فەهلەوی بە ناوی ئەم عارفە ناودارەوە تۆمارکراون کە ئەمەی خوارەوە نموونەی دووبەیتییەکانیەتی.[محمد امین ادیب طوسی: ١٣٣٥، ٤٦١]

**مواچەش هەژ چە ئەویان مەندە دوویرەم    ئـەز چـو ئـەویـان خـاسـان پشت و زویـرەم**
**ب هێشتم دۆش بـــە عەرش و بە کورسی    سوڵتان شێخ زاهیـدی چۆگـان و گۆیەم**
[طوسی، ٤٦٢]

**بە من گیانی بدە ئـەز گیانەوەر بم    بـــە من نوتقێ بـــدە تـــا دەمەوەر بم**
**بە من گۆهشێ بدە ئەز بشنەڤا بم    هەر ئەو جێ وانگێ بۆ ئەز ئاخەوەر بم**
[طوسی، ٤٦٤]

### ٣-٥-٤: کەلامی یارسان

(سەرەنجام) کتێبی دینی یارسانە کە چەندین دەورەی جیاواز لە خۆ دەگرێ. ئەم کتێبە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەدەبی فەهلەوی یان فەهلەویاتە.

((بیروباوەڕی یارسان لە بنچینەدا بۆ هەورامان و شارەزوور و لۆڕستان دەگەڕێتەوە،)) [طیب طاهری: ٢٠٠٩، ١٩] بەڵام بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە لۆڕستان سەری هەڵداوەوە و سنووری چالاکییەکەی بۆ ناوچەکانی گۆران و عیلام هەڵدەکشێ.[طیب طاهری: ٢٠٠٩، ٢٠و٢١] بەم پێیە شێوەزارەکانی لوڕ، لەک، کەلهوڕ، هەورامی و ...هتاد لە بەرهەمهێنانی دەقی کەلامی یارساندا بەشدارن و لە بنچینەدا بۆ یەک سەرچاوەی زمانی دەگەڕێنەوە کە کوردی (پەهلەوی/فەیلی)یە. لە خوارەوەدا چەند دێڕێکی کەلامی یارسان (دەورەی خەزانە) دەگوازینەوە:

پادشا مەرەمۆ:

**چـــە بەتن دوڕی چـــە بەتن دوڕی ئەوسا بەرامای چە بەتەن دوڕی**
**سەراسەر جیهان وە یـەک کام بڕی ستـــارە یوەنـــانی بنیامین چڕی**

[هەمان: ٣٣١]

بنیامین مەرەمۆ:

**نـــە جامەی دوڕ بی نـــە جامەی دوڕ بی پادشای بەحرِ و بەرِ نە جامەی دوڕ بی**
**نـــە بەحر و قەرِ قەرِ نە بەحر و بەرِ بی زات شا نـــە یورت کەس نەزان سڕ بی**

[هەمان، ٣٣٢]

**٤: جوگرافیای زمانی کوردی و فارسی**

دەرکەوتنی زمانی فارسی لە ئێراندا نوێیە و مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانی و بەتایبەتی بۆ ڕۆژگاری دوای هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە. (پرویز ناتل خانلری) سەبارەت بە دەرکەوتنی زمانی فارسی لە ئێراندا دەنووسێ: ((زمانی فارسی دوای سەدەی سێیەمی کۆچی وردەوردە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی خۆراسان دەردەکەوێ.))[پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣، ٩] لە توێژینەوەیەکی دیکەدا هاتووە: ((لەو سەردەمەدا (واتا سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی) لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران باو بووە، لە خوراسان واتا ڕۆژهەڵاتی ئێران زمانی دەری بڵاوبووە و زمانی پەهلەوی لەوێدا نامۆ بووە.))[محمدتقی بهار: ١٣١٨، ٤٨٦] هەروەها (ذبیح صفا)ش ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەدا کە زمانی فارسی بۆ یەکەمینجار لە بەرامبەر زمانی پەهلەوی، دوای سەدەی سێیەمی کۆچی لە باکووری

ڕۆژهەڵاتی ئێران دەردەکەوێ. ((یەکەمین شاعیران کە بەم زمانە (فارسی) شیعر و ئەدەبیان نووسی هەروەک ئاماژەی پێدرا بە ناوی پارسی دەری و دەری و پارسی لە بەرامبەر پەهلەوی یان پەهلەوانی بەکاربرد.[ذبیح الله صفا: ١٣٥٠، ١٩٣]

بەپێی مێژووی ئەدەبی فارسی، یەکەمین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم زمانە لە سنووری ناوچەی جوگرافیایی و ژینگەی ڕەسەنی زمانی فارسی واتا لە تاجیکستان و باکووری ئەفغانستانەوە سەریان هەڵداوە. کۆنترین مێژوو کە بۆ ئەم دەقە ئەدەبیانە دەسنیشان کرابێ کۆتایی سەدەی دووەم یان سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچییە. یەکەمین شاعیرانی فارس بەپێی ئەم کتێبانەی کە مێژووی ئەدەبی فارسیان تۆمار کردووە بریتیین لە: ابوالعباس مروزی، حنظله بادغیسی، رودکی و ...هتاد. ئەم شاعیرانە لەلایەن کۆشکی میرنشینە فارسەکانی سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی پشتیوانی کراون. ((کۆنترین شیعری فارسی شیعری ابوالعباسی مەروەزییییە کە لە ساڵی ١٩٣ی کۆچی لە شاری مەرو قەسیدەیەکی بۆ مەعموون نووسیوە کە بەم دێڕە دەست پێدەکا:

ای رسانیده به دولت فرق خود تا فرقدین      گسترانیده به جود و فضل در عالم یدین هەروەها هەندێکی دیکە کۆنترین شیعری فارسی بۆ ابو حفض حکیم بن احوص سغدی سمرقندی کە لە ٣٠٠ی کۆچی ژیاوە دەگێڕنەوە و شیعرەکە بریتییە لە:

آهوی کوهی در دشت چگونه دودا      چو ندارد یار بی یار چگونه رودا[جلال‌الدین همایی: ١٣٧٥، ٤٣] سەرجەمی شاعیرانی ئەم سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە سەدەی چوارەمی کۆچی سەربەم هەرێمانە بوونە و خەڵکی شاری بوخارا، سەمەرقەند، هەرات، تووس یان شارە دوورترەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بوونە و لە کۆشکی پاشا فارس و تورکەکانی سەفاری، سامانی، غەزنەوی و سەڵجووقیدا خزمەتیان کردووە.[پرویز ناتل خانلری: ١٣٧٣، ١٠] لە بەرامبەردا کۆنترین شیعرەکانی زمانی کوردی لە سەدەی یەکەمی کۆچی تۆمار کراون بۆ نموونە شیعری (هورمزگان) کە بە خەتی پەهلەوی نووسراوە. (آرش اکبری مفاخر) لە توێژینەوەیەکدا ئەم شیعرەی شیکردووەتەوە، لە خوێندنەوەی هەندێ وشەدا هەڵەی کردووە و ئێمە ڕاستەوخۆ دەقی ئەم شیعرە دەگوازینەوە و بۆ سەر ڕێنووسی ئێستای زمانی کوردی دەیگەڕێنینەوە. ئەم توێژەرە بەم شێوەیە باسی دەقەکە دەکا: ((هورمزگان یەکێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی زمانی گۆرانییە و گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوی هێرشی عەرەب بۆ ئێران لە سەدەی

یەکەمی کۆچییە. ئەم شیعرە لەلایەن شاعیرێکی زەردەشتی و گۆران زمان هۆنراوەتەوە کە خۆی بینەری ئەم ڕووداوە بووە و لە سەدەکانی دواتر بە خەتی پەهلەوی لەسەر پێستەی ئاسک نووسراوەتەوە.))[آرش اکبری مفاخر: ١٣٨٩، ١١] لێرەدا ئاماژە بە زمانی کوردی نەکراوە و دەڵێ بە زمانی گۆران نووسراوە. ئەم جۆرە چەواشەکارییە لەلایەن توێژەرانی ئێرانی لە شیکردنەوەی دەقی کۆنی زمانی کوردی زۆر دەبینرێ و دەبێ ئێمەی کورد لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا گرنگییەکی پتر بە زمانی کۆنی کوردی بدەین و لە زانکۆکانی کوردستاندا بەشی تایبەتی بە زمانە کۆنەکان دابمەزرێنین تاکوو بتوانین ڕاستەوخۆ ئەم دەقانە بخوێنینەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکەین. ئەوەی خوارەوە دەقی ڕەسەن و نووسینەوەی بە ئەلفوبێی ئێستای کوردییە.

**هوەرمیزگان ڕمان ئاتیران کووژان**
**ویشان شارتینە گەورە گەورەکان**
**زۆرکاری ئارەو کرتینە هاپوور**
**گوونەو پەهلووی هەتا شارەزوور**
**ژن و کەنیکان وە دویر بشینا**
**مەردی هەژا تیلی وە ربی هوینا**
**ڕەوشت زەرتوشترا مانەوە بی زەست**
**بژیکا نکا هورمز وە هێچ کەس**

بە بەراوردکردنی ئەم شیعرە بە دەقە پەهلەوییەکان بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی کوردی میراتگری ڕاستەوخۆی زمانی پەهلەوییە و لە هەمان ئەو ناوچەیە نووسراوە کە بە نیشتمانی پەهلە یان فەیلی ناسراوە. شیعرەکە بە هەمان ئەو زمان و خەتە نووسراوەتەوە کە دەقی ئەدەبی و دینی ڕۆژگاری ساسانییەکانی پێ تۆمارکراوە. هەروەها ئەگەر بە یەکەمین و کۆنترین دەقە مێژووییەکانی ئەدەبی فارسی بەراورد بکرێ ئاشکرا دەبێ کە زمانی فارسی لە ڕووی گەشەی مێژوویی زمانەوە تەواو لە زمانی پەهلەوی دوورە، چونکە ئەگەر فارسی میراتگری زمانی پەهلەوی بووایە، دەبووایە کۆنترین دەقەکانی تاڕادەیەک لەم شێوازە شیعرییەی سەرەوە نزیک بووایە یان هەر نا دەبایە لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچی بە خەتی پەهلەوی دەقیان

نووسیبایەوە. کۆمەڵێک توێژەری ئێرانی دانیان بەم ڕاستییە ناوە و هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێدرا، نیشتمانی ڕەسەن و سەرەکی زمانی فارسیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و وردتر لە تاجیکستان و ئەفغانستان دەسنیشان کردووە و یەکەمین و کۆنترین دەقە کۆنەکانی فارسیش لە دوای ئیسلام هەر لەم ناوچانە نووسراون.

شاعیرە مەزنەکانی ئێرانی وەکوو فیردەوسی، عونسوری، ناصر خوسرەو و ئەوانی دیکە کە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بە زمانی فارسی شیعریان دەنووسی شارەزای زمانی پەهلەوی نەبوونە و شیعرەکانیان ئەمە دەسەلمێنێ. (محمدتقی بهار) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بە ناوی ئەو شاعیرانە دەکا کە زمانی پەهلەویان زانیوە و کتێبیان لەم زمانەوە بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە. ناوی فیردەوسی لە ڕیزی پەهلەوی نەزانان پۆلین کردووە. ئەو شاعیرە مەزنەی فارس کە بەرهەمە ئەدەبییەکەی بەناوی شانامە بە بنچینەی زمانی فارسی دادەنرێ. ((شاعیرێک کە لەسەر بنەمای دەقێک شیعر بهۆنێتەوە، ناکرێ تایبەتمەندییەکانی دەقە ڕەسەنەکە بۆ شیعرەکانی نەگوازرێتەوە. لەناو شاعیرانی فارس زمان جگە لە فەخری گورگانی کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی ژیاوە و زەردەشت بارامی پەژدوو کە کتێبی زەردەشت نامەی بە شیعر داڕشتووەتەوە هیچ شاعیرێکی دیکە نییە کە گومان بکرێ زمانی پەهلەوی زانی بێ.))[محمدتقی بهار١٣١٣، ٤٩٧] لەکاتێکدا هەر لەم سەردەمە و دوای ئەوەش ئەدیبانی کورد بە هەمان ئەلفوبێی دەقی پەهلەوی بەرهەمی ئەدەبی و دینیان نووسیووە. لەو کاتەشدا کە نووسین بە ئەلفوبێی کۆن باوی نەما و ئەلفوبێی عەرەبی جێگەی گرتەوە، بە هەمان زمانی کوردی پەهلەوی دەقی ئەدەبی و دینیان بەرهەم هێناوە کە بەزۆری بە ناوی فەهلەویات ناسراون.

بۆچوونی ناسر خوسرەوی قوبادیانی شاعیر و گەریدەی بەناوبانگی فارس سەبارەت بە شاعیرێکی ڕۆژئاوایی بەتەواوی دەیسەلمێنێ کە زمانی فارسی و زمانی پەهلەوی لە رووی ژێنگە و جوگرافیای زمانی زۆر لێک دوور بوونە، بەڵام دواتر و لە سەردەمی ئیسلامی و بەتایبەتی لە دوای سەدەی سێیەم و چوارەم بەر کاریگەریی یەکتری کەوتوون. ناسر خوسرەو لە گەشتنامەکەیدا کاتێک لە ساڵی (٤٣٨)ی کۆچی دەگاتە تاورێژ (تەورێز) دەڵێ: لەم شارەدا چاوم بە شاعیرێک بەناوی قەتران کەوت شیعری جوان دەنووسی، بەڵام فارسی باش نەدەزانی. هاتە لای من دیوانی (دوو

شاعیری فارس) مەنجیک و دیوانی دەقیقی هێنا و گووتی من لە شیعرەکانیان تێناگەم و منیش بۆم شیکردەوە.[ ناصر خسرو: ١٣٣٥، ٦] لە پێشەکی دیوانی (قطران تبریزی) دا هاتووە: هۆکاری خوونەگرتنی قەتران بە زمانی فارسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەخۆی بە شێوەزاری فەهلەوی دوواوە و بەم زمانە شیعری داناوە و بە شێوەیەکی سرووشتی و ئاسایی لە وشە و زاراوەکانی خەڵکی ڕۆژهەلات تێنەگەیشتووە کە زمانی دایکیان فارسی بووە.[محمد نخجوانی: ١٣٦٢، دوازده] بەپێی ئەم سەرچاوانە دەردەکەوێ لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا زمانی فارسی لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و زمانی کوردی فەهلی لە ڕۆژهەلاتی ئێران بەتەواوی نامۆ بوونە و دواتر وردەوردە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بەدواوە بووە کە زمانی فارسی بەهۆی بەرفراوان بوونی دەسەلاتی تورکانی غەزنەوی و سەلجووقی بۆ ناوچەکانی دیکە گواستراوەتەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەم توێژینەوەیەدا خرانەڕوو، دەرکەوت کە زمانی کوردی پەهلەوی کە لە ڕۆژگاری ئەشکانی و ساسانییەکان زمانی فەرمی دین و دەوڵەت بوو، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی بەهۆی نەمانی پشتیوانی سیاسی لە پێگەی زمانی فەرمی دابەزی و خۆری دەسەلات و شکۆمەندییەکەی کز بووەوە. بێگومان ئەم زمانە لە دوای ساسانییەکان لەناو نەچوو، بەڵکوو تەنیا ئەرکەکەی لە زمانی دەسەلات و زمانی فەرمی دەوڵەت بۆ زمانی ئەدەب و دین سنووردار کرا. زمان و خەتی کوردی پەهلەوی تاکوو دەورووبەری سەدەی شەشەمی کۆچیش هەر بەرهەمی دینی و ئەدەبی پێ تۆمارکراوە، هاوتەریب لەگەڵ شێوازی کۆنی بەکارهێنانی خەتی پەهلەوی، ئەدیبانی کورد ئەلفوبێی سادەی عەرەبیشیان بۆ نووسین بەکار دەبرد کە دواتر بەهۆی سادەیی لە نووسین و خوێندنەوەی لەلایەن خەڵکانێکی زۆری کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەم شێوازە نووسینەی ئەدەبی کوردی پەهلەوی بە خەتی عەرەبی بەسەر شێوازە کۆنەکەدا کە بە خەتی پەهلەوی بوو زاڵبوو و لە مێژووی ئەدەبدا بە فەهلەویات ناسرا. ئەمەش دەرەنجامی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی پەهلەوی بۆ کوردی فەیلی و دواتر شێوەزارەکانی دیکە بوو کە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، دینی، ئابووری و کۆمەلایەتی لە دوای هاتنی ئیسلام و ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی هاتبووە ئاراوە.

**ئەنجام:**

١-/ زمانی کوردی پەهلەوی (فەیلی) بەهۆی ئەوەی شێوەزاری بنەماڵەی پاشایانی ساسانی بووە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە زمانی فەرمی دەوڵەت و کاروباری میری هەڵبژێردراوە و دواجار لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی ئەوسا دەقی دینی و ئەدەبی پێ تۆمار کراوە.

٢/- دەقی نووسرای بەردی پاشاکانی ساسانی و دەقە ئەدەبی و دینییەکانی ئەم سەردەمە، بە زمانی کوردی و شێوەی پەهلی یان فەیلی نووسراون.

٣-/ دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئیسلام، ئەم زمانە بەسەر چەندین شێوەزاری سەرەکی و لاوەکیدا دابەش بوو کە شێوەزاری فەیلی سەرەکی ترین و گرنگترینی ئەم شێوەزارانەیە. کەواتە زمانی پەهلەوی لە پڕۆسەی گەشەی زمانییدا بۆ فەیلی گۆڕاوە. بۆیە دەکرێ بڵێین زمانی پەهلەوی لە قۆناغی نوێی زمانی کوردیدا لقێکی سەرەکی لێبووەتەوە کە فەیلی پێدەگووترێ و لە سەدەکانی دواتر زۆربەی شێوەزارەکانی زاری خواروو و زاری گۆران لەم لقە نوێیەی زمانی پەهلەوی واتا فەیلی چەکەرەیان کردووە.

٤/- فەهلەویات کە دەقی ئەدەبی کوردین لە دوای هاتنی ئیسلام بە شێوەزارەکانی کوردی بەتایبەتی ئەو شێوەزارانە نووسراون کە لە چوارچێوەی زاری خواروو و زاری گۆراندا پۆلین کراون کە لە بنچینەدا لق و پۆپی لاوەکی (پەهلەوی- فەیلی)ن و سەرجەمیان پێکەوە میراتگری زمانی کوردی پەهلەوی سەردەمی ساسانین.

## سەرچاوەکان:

١-/ آرش اکبری مفاخر(١٣٨٩) سرود ورمزگان، مجله مطالعات ایرانی، سال نهم، شمارەی هفدهم
٢-/ ابن ندیم (١٣٨١) الفهرست، ترجمەی محمد تجدد، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران
٣-/ احمد تفضلی(١٣٨٣) تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، نشر سخن، تهران
٤/ - پرویز ناتل خانلری (١٣٧٣) دستور تاریخی زبان فارسی، انتشارات توس، چاپ سوم، تهران
٥/ - تورج دریایی(١٣٩١) ناگفتەهای امپراتوری ساسانی، ترجمەی آهنگ حقانی و محمود فاضلی بیرجندی، کتاب پارسه، چاپ اول، تهران
٦-/ حسن رضاباغ بیدی(١٣٨٨) تاریخ زبانهای ایرانی، مرکز دائرەالمعارف بزرگ اسلامی، چاپ دوم، تهران
٧-/ جلال‌الدین همایی (١٣٧٥) تاریخ ادبیات ایران، به کوشش ماهدخت بانو همایی، مؤسسەی نشر هما، چاپ اول، تهران
٨-/ خانای قوبادی(١٣٦٢) خوسرەو و شیرین، بووژاندنەوە و لێکدانەوەی محەمەدی مەلاکردیم، کۆڕی زانیاری کورد، زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی کوردی-ژمارە (٢)، بنیاد فرهنگ و ادبیات کردی، ارومیه
٩-/ رفیق شوانی (٢٠٠٨) زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر
١٠-/ زبێر بیلال اسماعیل (١٩٨٤) مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف رؤوف علی، دەزگای ڕۆشنبیری، زنجیرەی ١٠٤، چاپی ؟، بەغدا
١١-/ ژاله آموزگار و احمد تفضلی (١٣٨٩) زبان پهلوی، انتشارات معین، چاپ هفتم، تهران
١٢-/ ذبیح الله صفا (١٣٥٠) فرهنگ ایرانی و اثر جهانی آن، چاپخانەی دانشگاه تهران، چاپ ؟، تهران
١٣-/ فرهاد عزیز حسن (٢٠١٣) ئەفراندن و مردن له ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقه پەلەوییەکان، ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر
١٤-/ فرهاد عزیز حسن (٢٠١٧) جوانکاری ئەدەبی لە ئاڤێستادا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی ٢١، ژماره ٤
١٥-/ فرهاد عزیز حسن (٢٠١٩) پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی له ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژماره ٤
١٦-/ فریدون جنیدی (١٣٨٦) نامەی پهلوانی، نشر بلخ، چاپ دوم، تهران
١٧/ - طیب طاهری (٢٠٠٩) تاریخ و فلسفەی سەرەنجام، دەزگای موکریانی، چاپ اول، هەولێر
١٨/ - طیب طاهری (١٣٩٧) شناسنامەی هویتی لک، هفتەنامەی غرب شماره ٥٨٥ و ٥٨٦
١٩/ - مهرداد بهار و ابوالقاسم اسماعیل‌پور(١٣٩٤) ادبیات مانوی، نشر کارنامه، چاپ اول
٢٠/ - مهرداد بهار (١٣٨٦) جستاری در فرهنگ ایران، نشر اسطوره، چاپ دوم، تهران

٢١/ – محمدتقی بهار (١٣١٣) خط و زبان پهلوی در عصر فردوسی، مجله مهر، سال دوم، شماره ٥ و ٦
٢٢/ – محمدتقی بهار (١٣٤٩) سبک شناسی، جلد اول، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم،تهران
٢٣- / محمدامین ادیب طوسی (١٣٣٥) فهلویات زبان آذری، نشریه دانشکده ادبیات تبریز، سال هفتم، شماره٤ و ٨.
٢٤- / محمد نخجوانی (١٣٦٢) دیوان حکیم قطران تبریزی، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران.
٢٥- / ناصر خسرو قبادیانی(١٣٣٥) سفرنامەی ابو معین حمیدالدین ناصر بن خسرو قبادیانی مروزی، بکوشش محمد دبیر سیاقی، انتشارات کتابفروشی زوار، چاپ ؟، تهران
26- E. Thomas (1868) Early Sassanian Inscription، Trubner & co.، 60، Paternoster Row، London
27- Fereydun Vahman (1986) Arda Wiraz Namag، Scandinavian Institute of Asian Studies Kejsergade 2، DK-Copenhagen K، Ferst published، London and Malmo
28- H. S. Nyberg (1964) A Manual of Pahlavi، part I، printed in Germany
29- J. Jamasp-Asana (1913) Corpus of Pahlavi Texts، Bombay
30- P. Sanjana (1915) The Dinkard VII، Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund، London

*** نازناوی زانستی مامۆستا. زانکۆی سەلاحەدین**
**کۆلێژی پەروەردە-مەخمور. بەشی زمانی کوردی**

# وشە و زاراوەی تازە دروستکراو
# لە تای تەرازووی ڕەخنەدا

حەمەی مەلا کەریم

**١-چاو پیاخشاندنێک بە فڵانە کتێبدا**

ئەم ڕستەیەمان گەلێ جار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەرچاو دەکەوێ. من لام وایە کە وتمان (پیا ...) ئەوە واتە (پێدا) یا (بە فڵان شتدا). کە پاشانیش وتمان (بە فڵان کتێبدا)، بەوە دووبارەکردنەوەیەکی ناپێویستمان کردووە. کەواتە ئەگەر ناوی چاو پیاخشێنراوەکەمان هێنا، نابێ بڵێین (چاو پیا خشاندنێک)، بەڵکوو دەبێ بڵێین (چاو خشاندنێک ...). ئەگەر باسیش نەکرا یا پێشتر سەربەخۆ باس کرابوو و لە مەودای ئەم ڕستەیەدا نەبوو، ئەو کاتە تەنها (چاو پیا خشاندنێک) دەمێنێتەوە و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ: چاو خشاندنێک بە ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆدا، یا ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ و چاو پیا خشاندنێکیان.

**٢- لێکۆڵینەوەیەک لە دیوانی نالی**

ئەمیش هەروەک نموونەی پێشوو وایە. (لێ) دەوری (پیا)ی نموونەی پێشوو دەبینێ. بۆیە ئەگەر بەتەنگەوە بین بێ هەڵە بنووسین، دەبێ بڵێین (کۆڵینەوەیەک لە دیوانی نالی) یا (دیوانی نالی و لێکۆڵینەوەیەکی). بەڵگەیەکی زەقی ڕاستیی ئەم قسەیەشم ئەوەیە، کەس ناڵێ (فڵان کەس لە دیوانی نالی لێ دەکۆڵێتەوە)، بەڵکوو دەڵێن (لە دیوانی نالی دەکۆڵێتەوە).

**٣- هاونیشتمانی**

لە ئەدەبی سیاسی و ڕۆژنامەنووسیدا زۆر جار وشەی (هاونیشتمانی) بەرابەر بە وشەی (مواطن)ی عەرەبی بەکار دێ. ئەمە هەڵەیە و دەبێ بڵێین (هاونیشتمان). چونکە مەبەست لە(مواطن)ی عەرەبی ئەو کەسەیە نیشتمانی ئەو و کابرای قسەکەر یەک وڵات بێ. لە کوردییشدا بۆ گەیاندنی مەعنای ئەوە کە دوو کەس لە شتێکدا یەک بن، هاتوون وشەی (هاو)یان خستووەتە سەر ئەو شتە و ئەم وشە لە دوو پارچە پێکهاتووەیان بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە بەکار هێناوە. وەک (هاوڕێ) کە هاوڕێت ئەو کەسەیە تۆ و ئەو یەک ڕێگە (ی مایەیی یا مەعنەوی) بگرنە بەر، یا ئەوەندە لە یەک نزیک بن وەک یەک ڕێگەتان گرتبێتەبەر وا بن، یا وەک (هاودەنگ) کە هاودەنگت ئەو کەسەیە لەو مەسەلەیەدا کە باسی لێ دەکەن یەک بیروباوەڕتان ببێ، یا (هاوزمان) کە هاوزمانت ئەو کەسەیە هەردووکتان بە یەک زمان قسە بکەن. هەر بەم پێیە دوو کەسیش کە نیشتمانێکیان هەبێ (هاونیشتمان)ی یەکترین و، بە هەر کەس کە لە نیشتماندا لەگەڵی یەک بین دەڵێین (هاونیشتمان) و ئەو (ی)یەی ئێستا گەلێ کەس دەیخەنە سەر و دەیکەن

بە (هاونیشتمانی) بێجێیە و هیچ پێویست نییە. ئەم وشەی (هاو) خستنە پاڵ وشەیەکی ترە، هەروا بۆ گەیاندنی مەعنای نزیکیی دوو کەسیش لەو شتەدا بە ڕاددەیەک کە دوو شتەکە وەک یەک شت وا بن بەکار هێنراوە، وەک (هاوماڵ) کە بە دراوسێ ئەڵێن، یا (هاڤلنگ) کە لە کرمانجیی سەروودا بە مەعنای (ژنخوشک) بەکار ئەهێنرێ.

**٤- نیشتمانی**

زۆر جار دەبینین لە جیاتیی وشەی (وطني)ی عەرەبی، وشەی (نیشتمانی) بەکار ئەهێنرێ. من ئەمەم بە لاوە هەڵەیە، چونکە وەرگێڕانێکی حەرفییە: (نیشتمان = وطن، ي = ی). ئەگەر وشەی (نیشتمانی) مەعنایەکی دروستی هەبێ، ئەبێ (خەڵکی نیشتمان) بێ، لە کاتێکا کە ئێمە مەبەستمان لە (وطني) ئەو کەسە یا ئەو لایە یا ئەو هەڵوێستەیە دڵسۆز بێ بۆ نیشتمان و سوودی نیشتمانی لە بەرچاو گرتبێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە کوردیدا (نیشتمانپەروەر)مان هەیە ئەگەر باسی کەسێک یان لایەک بکەین و، (نیشتمانپەروەرانە) مان هەیە ئەگەر لە هەڵوێست بدوین، وەک چۆن (کوردپـەروەر) و (ئایینپەروەر) ئەڵێین. ئەشتوانین لە جیاتیی (پەروەر)، (پەرست) و لە جیاتیی (پەروەرانە)، (پەرستانە) بڵێین وەک (ڕاستیپەرست) و بە مەجاز وەک (خواپەرست). بەڵێ ئەگەر مەبەستمان لە (نیشتمانی) نیسبەتدان بێ بۆ نیشتمان وەک (پیشەسازیی نیشتمانی) بە مەعنای (الصناعة الوطنية) ئەوە گلەیی تیا نییە.

**٥- سەلماندن**

(سەلماندن) و ئەو وشانەی تر کە لەم چاوگە دروست ئەکرێن ئێستا بە مەعنای (ئیسپاتکردن) بەکار دێن. بەڵام ئەمە هەڵەیەکی زەق و ئاشکرایە. وشەکە لە بنەڕەتا لە (تسليم)ی عەرەبییەوە هاتووە. بنەڕەتی بەکارهێنانیشی ئەگەڕێتەوە بۆ ناو مەلا و فەقێکانی جارانی کوردستان کە بەتایبەتی لە مەنتیق و بەحس و مونازەرەدا زۆر جار (وان سلمنا) و (ولو سلمنا) و (وعلى فرض التسليم) و شتی وایان بەکار دەهێنا و بە کوردی دەیانوت (ئەگەر سەلماندمان) یان (ئەگەر بیسەلمێنین) بە مەعنای (ئەگەر قەناعەتمان کرد) و (ملکەچ بووین) و (وتمان بەڵێ ڕاستە، وایە) و (لە قسەی خۆمان گەڕاینەوە) و (خۆمان دا بە دەستەوە) و (قسەی ئەولامان پەسەند کرد). لای ئەو لایش کە دەیویست کارێک بکا ئەم لا قەناعەت بە قسەی بکا و ملکەچ بێ بۆی ئەیوت (پێت ئەسەلمێنم) یا (پێم سەلماند) واتە کارێک ئەکەم تەسلیم بێ. ئەمەیە بەکارهێنانی ڕاستی ئەم زاراوەیە و ئەمەی ئێستا بۆ مەعنای (ئیسپاتکردن) ئەڵێین (سەلماندن) هەڵەیە و

مەعنای ڕاستی (سەلماندن) ئەوەیە دان بە ڕاستیی قسەی بەرانبەرەکەتا بێنی، نەک کارێک بکەی قسەکەی خۆت بچەسپێ و ئەو متمانەی پێ بکا و (سەلماندن) کاری خۆتە لە خۆتدا و، ئەوەی بە یەکێکی کەی ئەکەی (پێسەلماندن)ـە.

**٦- وانە**

دەمێ ساڵە وشەی (وانە) بە مەعنای (دەرس) کەوتووەتە ناو کتێبەکانی قوتابخانەوە. ڕاستەکەی (وانە) لە دیالێکتی هەورامییەوە هێنراوە و لەو دیالێکتەدا فیعلی فەرمانە بە مەعنای (بخوێنە) و (درس)یش مەسدەرە یا بە مەعنای ئیسمی (مدروس)ـە و، ئەگەر بمانەوێ لەم چاوگە هەورامییە (درس)ی بە مەعنای (خوێندن) دروست بکەین ئەبێ بڵێین (وانیا) و لە هەموو حاڵێکا (وانە) هەڵەیە، هەر (دەرز)ە بە کوردی کراوەکە کە سەدان ساڵە لە حوجرە و مزگەوت و قوتابخانەکانی کوردستانا بەکار دێ، سەد جار لەم (وانە) بە هەڵە بەکارهێنراوە چاکترە.

**٧- یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق**

ئێستا زۆر جار لە ڕۆژنامەکانا ئەم نیمچە ڕستەیە بە مەعنای (الاتحاد العام لنساء العراق) بەرچاو ئەکەوێ. هەروا (یەکێتی گشتی نەقابەکانی کرێکاران) و (یەکێتی گشتی کۆمەڵانی جووتیاران) و گەلێ ناوی کەی لەم بابەتەش هەر بەرچاو ئەکەوێ. ئەم وەرگێڕانە ڕاست نییە، چونکە لە کوردیدا (گشتی) بێبنەڕەت دروست کراوە و ئێستاش باوەڕ ناکەم کەس هەبێ بتوانێ جیاوازیی نێوان (گشت) و (گشتی)مان بۆ ڕوون بکاتەوە. لێرەدا ئەمەوێ بڵێم لە وەرگێڕانی ناوێکا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی کە، ئەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە مەبەست لە ناوەکە لە زمانە ئەسڵییەکەدا گەیاندنی چ مەعنایەکە، لە ڕستە کوردییەکەشدا هەر گەیاندنی ئەو مەعنایەمان بوێ و، لەوە زیاتر پێویست نییە و بەراوردی وشە بە وشەی پێ ناوێ. ئاشکراشە مەبەست لە (الاتحاد العام لنساء العراق) ئەو یەکێتییەیە، هەموو ئافرەتانی عێراق دەگرێتەوە، با لە ڕاستییشدا هەموویانی نەگرتبێتەوە، کەواتە دەبێ لە کوردیدا بڵێین (یەکێتیی گشت ئافرەتانی عێراق، یا یەکێتیی هەموو ئافرەتانی عێراق) و لە بەکارهێنانی ئەم (گشتی)یە هەڵەیە خۆمان ڕزگار بکەین.

• **تێبینی ئەم وتارەی مامۆستای کۆچکردووی حەمەی مەلا کەریم لە بەغدا/ لەساڵی ١٩٨٢ بڵاو بۆتەوە، لەبەر گرنگی ڕاوبۆچوونەکانی بە باشمان زانی لێرەشدا بڵاوی بکەینەوە.**

# نێرتکێك
# لە (فەرهەنگی زارەکیی موکریان)

سەلاح پایانیانی

**وشتر(ناو)**

حەیوانێکی مەمکداری کاوێژکەر، کە جەستەیەکی گەورە و قاچگەل و ملێکی درێژی هەیە و یەک یا دوو کووڕایی بە ناوی «دووگ/ کۆپار» ی بە سەر پشتەوەیە و پێیەکانی پانن و هەریەکەی دوو ئەنگوستی تیایە: حارەبەکان هەر خەریکی تاڵان و بڕۆ و کۆچ و کۆچبار و مەڕ و وشتر لەوەڕاندن بوون.

(هەژار، مەم و زینی خانی: )٣

**باوەڕ**

وشتر ئەگە لە دەیلاغی نەبان بوو بە ڕفێدەی سوێندی بۆ دەخۆن. دەڵێن:

بە حەقی ئەو ڕفێدەی ئی خۆتە و لە هیچکەس نەبووە.

ژن منداڵی نەبێ، دەبێ گۆشتی وشتر بخوا.

کافران هەر بە قەتاری وشترێ هەڵدەکاڵان، پێغەمبەر (د) ئەگە نوشتووی بۆ دەکردن کافران دەیاندیتەوە و فڕێیان دەدا و هەمان دەستوور بە قەتاری وشتری موسوڵمانان هەڵدەکاڵان، هەتا پێغەمبەر فەرمووی قەڵپووزی زینی وشترەکانتان لە دارتاوکی چا کەن، ئەوجار کافران زەفەریان پێنەدەبرد.

**وشتر حۆ، گەنم و جۆ (کایە)**

یەکێک لەو کایەیانەی کە بۆ خافڵاندنی منداڵ، بە قامکەکان دەکرێ.

تێبینی: سەری قامکی نێوەڕاست دەخرێتە سەر قامکی شادە، براتیتە دەچێتە سەر قامکی نێوەڕاست، قامکی چووکە دەخرێتە سەر براتیتە و قامکی شادەش دەچێتە سەر قامکەگەورەی، و ئەمجار قامکی شادە و قامکەگەورەی دێنن و دەبەن و دەڵێن: وشتر حۆ! گەنم و جۆ.

**لێکدانەوەی خەون (مەتەڵ)**

سواری وشتر بوون بەرز بوونەوەی پلەوپایە و ئیعتیبارە

زەردی زەعفەران/ باری حەوت وشتران/ بردیان بۆ کافران تووتن

لە وشتری بڵیندترە/ لە ساواری وردترە/ لە شەکری شیرن‌ترە توو

**(پەند)**

حەزرەتیعەلی دەیکوت: پیاو دە وەختی قسەکردنیدا دەبێ گەردنی بەقەد حەوت وشتران درێژ بێ.

قسە بەر لەوەی کە لە دەم بێتەدەر دەبێ لە دەروونی خۆتا زۆر باش هەڵیسەنگێنی.

**(مەسەل)**

وشتر بشمرێ کەوڵی باری کەرێکە/ نۆ کەرانە

مرۆڤی گەورە بە پەککەوتەیی یا لێکەوتەییش، لە بۆرەپیاو لایەقتر یا موعتەبەرترە: ڕۆڵە، شێر کە پیر بوو، چەقەڵ گاڵتەی پێدەکا. ئێستا تۆ پێتوایە پیر بووم و هیچم لەدەست نایە. وەڵڵا ئێستاش بۆ ئەنگێوەیی هەزاری وەکوو تۆ دەسکم لە دوو ناکا و بۆ تەقڵە و ڕمبازی سەدی وەکوو تۆ لە گیرفانم دەنێم. نەتبیستووە ڕۆڵە کە دەڵێن: وشتر بشمرێ، کەوڵی باری نۆ کەرانە!

(قازی، پێشمەرگە: ٩١)

وشتر قونگی دەدڕا، بەڵمیان دە زاری داخنی

لەبارەی ڕەچاوکردنی ڕێگاچارەی نادروستدا دەگوترێ. بەم جۆرانەش دەکار دەکرێ: «مانگا ئەگە کونگی دڕا بە بەڵم تێئاخنین چا(ک) نابێ» و «باڵی شکاوە لاقی دەبەستن!»

**وشتر و سەرچۆپی؟!**

لەبارەی دوو شتدا دەگوترێ کە لەگەڵ یەکتر ناگونجێن. هاوتای: «بەیار کێڵان و گای لەڕ؟!»، «پشیلە و سەرخەرمان؟!»، «کەر و کولێجە؟!»، «جوو و جووت؟!»، «سە و مزگەوت؟!»، «پیرەکەر و زەنگوڵە؟!» و « سەگ و مزگەوت؟!»: لە مزگەوتێکی بوخارادا، کۆتەڵێکی مەڕمەڕی ستالینم دیت بە دیواری مزگەوتەوە هەڵپەسێرابوو. گوتم: سەگ و مزگەوت؟!

(هەژار، چێشتی مجێور: ٢٩٢)

ئەگەر شانست نەبوو لەسەر وشترێ درووت دە قوونیڕا دەچێ

ئەگەر بەخت یاری مرۆڤ نەبێ، تووشی گیروگرفتی زۆر سەیر و چاوەڕوانینەکراو دەبێ. هاوتای: «ئەگەر نەهاتی شانی پیاوی گرت، پەڵوو ددانی دەشکێنی.»

**باری گران وشتر دەیبا**

قورس‌ترین ئەرک لە کەسێ چاوەڕوانی دەکرێ کە لە کەسەکانی دی گەورەتر، بەهێزتر یا بەئەزموون‌ترە: بدە بزانم ئەو مەڵەغانەی، با بەشی منی تێکەوێ. سۆفی: کاری تۆ نییە، مام میرزا! باری گران وشتر دەیبا، کاری تۆ قەڵەمە، قاقەزە.

(ئەمیری، هاوارەبەرە: ١٣٨)

به وشتریان کوت کوڕت بوو، کوتی ئەو بارەی لە خۆمە هەر لە خۆمە

لەبارەی کەسێکدا دەگوترێ یا کەسێک لەبارەی خۆیدا دەیڵێ کە خەبەرێکی بەڕواڵەت خۆشیان پێ دابێ، بەڵام زانینی ئەو خەبەرە هیچ قازانجی بۆ ئەو نەبێ و هیچ لە گیروگرفتەکانی کەم نەکاتەوە: کابرا قاشێکی بڕی و خواردی، کوتی: ئەو دوو تمەنەت بۆ لە خۆت زەرەردا؟ شووتی‌کڕ: ئەو دوو تمەنە حەقی وەی بوو کونت نەکردبوو، تێی ڕیابووی! مەش‌حەسەن کوتی: لە سەروان و سەرگورد بۆ من تەفاوەت ناکا. بە وشتریان کوت کوڕت بوو. کوتی ئەو بارەی لە خۆمە، هەر لە خۆمە. سەرگورد بوونی ساجیدی تەنیا بۆ عەفوو ڕەنگە فەرقی هەبێ، ئەتۆ چۆنی تێدەگەی؟

(ئەمیری، گێژەڵووکە: ٢٨٩)

**چاو/ نەفەسی پیس وشتری دە دیزەی دەنێ**

نیشان‌دەری ئاستی کاریگەریی چاو یا نەفسی پیسە کە دەتوانێ وشتر ئەوەندە لاواز بکا و بچووک بکاتەوە کە لە دیزەدا جێی بێتەوە!

چەرمی وشتر، حوکمی نادر، باخمە گوێر

تێبینی: « باخمە گوێر»، ڕستەیەکی تورکییە بە مانای «چاو لێمەکە و بیبینە» و بە مەجاز یانی «بیری لێمەکەوە.» گوایە نادرشا لە یەکێک لە شەڕەکانیدا پارەی لێدەبڕێ. دێنێ چەرمەوشترێک مۆر دەکا و لەبری پووڵ وە ڕمێنی دەخا! هاوتای: «حوکمی حاکمە» و «حوکمی حاکمە و دەردی مفاجا».

کوتیان وشتر کۆچەکت بۆ هات، کوتی: جا بە من چی، ئەو بارەی لە خۆمە هەر لە خۆمە.

**(فلش)**

نە شیری وشتر، نە دیداری حەڕەب/ عەڕەب

کاتێک پێتخۆش نەبێ کارەکەت بەدەست کەسێکی ناخۆشەویست ڕاست بێ، لە

خێروبێری کارەکە واز دێنی و دەڵێی: «نە شیری وشتر، نە دیداری عەرەب» یا «حاشا لە شیری وشتر و لە دیداری حەرەب/ عەرەب».

لێکدراوەکانی ڕستەیی و ئاماڵڕستەیی

وشتر زاوە دەیلاغی بۆ / بووە؟!

بۆ ئینسانی دڵخۆش و کەیفساز دەگوترێ: ئەوە کەیفت بۆ وا سازە؟ وشتر زاوە دەیلاغی بووە؟!

**باری حەوت وشتران/ حەوت باری وشتران**

یەکجار زۆر. تێبینی: لە وەسفی کۆگا یا کۆمەڵێ شتدا دەگوترێ کە بارستایی و گرانایی زۆر بێ: وەرەقەیەک مس وەدەرکەوت، مسەکەیان لابرد دیتیان پلیکانە، بن عەرزە، چوونە خوارێ، حەوت کۆدەی خەزێنە تێدا بوو، هەر کۆدەی باری حەوت وشتران.

(ئەحمەد لوتفی: بەیتی دمدم)

ئەولیا چەلەبی دەگەڵ لێژنەی تالاننووسدا بووە و دەڵێ: حەو باری وشتر کتێبی بوون.

(هەژار، شەرەفنامە: ٤٥٩)

دەڵێی کیتەڵەیە بە وشتری هەڵاوەسراوە

بەمەجاز بۆ ژن و پیاوێک دەگوترێ کە یەکیان زۆر کورتەباڵاتر لەوەی تریان بێ.

عاسمان ملەوشترێکی شین هەڵگەڕێ نوێژی شێوان دەبێ.

نوێژی شێوان ئەودەمە وەختی دێ کە زەردە بە ئاسۆوە نەمابێ و داوێنی ئاسمان ڕەنگی شین هەڵگەڕابێ.

کوتیان: وشتر ئەستۆت خوارە. کوتی: جا بە ناشکوری ناڵێم کوێم راستە؟

لەبارەی کەسێک یا شتێکدا دەگوترێ کە گەلێ کەمایەسی یا عەیبی هەبێ، کەچی تەنیا ئیشارە بە عەیبێکی بکرێ.

پێکهاتەکانی لە چاوگ وەرگیراو

**وشتر بە بارەوە لە شوێنێک قووت دران**

زۆر بوونی دزیوفزی لە شوێنێک.

وشتر بەبارەوە دە ماڵە کەسێک/ جێیەکدا ون بوون
زۆر ئاڵۆز و بێسەرەوبەرە بوونی ماڵی کەسێک یا جێگایەک.

**وشتر بە قاپووچکان ئاو دان**

کاری گەورە بە کەرستە و ئیمکاناتی کەم ئەنجام دان. بۆ ڕەخنە و جەفەنگ دەکار دەکرێ.
مەسەل

**وشتر بە قاپووچکان ئاو نادرێ**

١. کاری گران بە زەحمەتی کەم پێکنایە.
٢. جاری وایە بۆ نیشاندانی کاری چەتوون و نامومکین دەگوترێ؛ هاوتای: «ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ.»

**وشتر بە قاپووچکە/ توێکڵەگوێز ئاو دان**

کاری گەورە بە کەرەستە و ئیمکاناتی کەم ئەنجام دان. بۆ ڕەخنە و جەفەنگ دەکار دەکرێ.

**وشتری حاکم ڕەواندنەوە**

گوناحێکی گەورە کردن. هاوتای: «بە ئەسپی شایا بوو کوتن»، «بەرد بە کابەی شەریفدا دان»، «جاوی جوو پساندن»، «ڕەوەی شا ڕەواندنەوە» و «کفر کردن».

بوون بە وشتری نێو پەمۆ
لە هیچ نەپرینگانەوە و لە کەس نەترسان.

کلکی وشتر گەیشتنە عەرز

(فلش): بۆ باسی کاسبی و سەرمایە هاوارم بۆ کاکە ڕەحمانی حاجی بایراغا برد؛ پێنجسەد تمەنی دا کە کاسبی پێوە بکەم. دەگەڵ کوڕێکدا بووینە شەریک و هەتا چل تمەنمان زەرەر کرد، کلکی وشتر گەیشتە عەرزی! بەپەلە قەرزی کاک ڕەحمانم گەڕاندەوە؛ نەوەکا تووشی زیانی زۆرتر بم.
هەژار، چێشتی مجێور: ٣٧
ئای... ی، هەتا گوێلکێک دەبێ بە گا کلکی وشترێ دەگاتە عەرزی!
حەسەنزادە، نزا بۆ ئارمێن: ١٠١

لەبیری چۆتەوە کە بابی هەتا کورتانێکی دەدروو، کلکی وشترێ دەگەیشتە عەرزی.
پێشوو: ١١٠

**لە ترسی گێرە بوونە وشتر**

بۆ خۆ بواردن لە کارێکی گران، خۆ بە کارێکی ترەوە خەریک کردن.
تێبینی: گێرە کارێکی گرانە و وشتریش سمی نەرمە و بۆ گێرە نابێ: مردم لە داخی ئەو زلپلنێرە/ خۆی کردە وشتر لە ترسی گێرە
مەلا غەفوور
پیرێژن هەر هاتە ژوورێ و ئەمەی دی، کوتی: یەستا ئەو شایەرانە لێرەش دەکەن؟ [= چ دەکەن؟] جا بۆ بۆخۆو [= بۆ خۆتان] کاسپێکی ناکەن ملفیل؟ ئەوە لەترسی گێرەی بوونە وشتر؟
ڕەسووی نادری: نەقڵ

**نان گەیوەتە گوێی وشتر**

داهات کەمە و شت ناکڕدرێ.
**وەک وشتر دم دە جیاز/ دووگی خۆ نان**
بەهۆی کەمدەرامەتی لە دەسمایە یا پاشەکەوت خەرج کردن: قسەکانت هەمووی جوانن، ڕاستن، پیاوانەن و حەقن. تەنیا قسەیەک نەبێ، ئەویش ئەوە بوو فەرمووت: ئێمەش فەقیر بووین.  دیارە ئەمەش وایە. ڕووی چوار ساڵە ئەم ماڵە بەبێ داهات ماوەتەوە. وەک وشتر دمی دە دووگی خۆی ناوە. (دووگی وشتر: کۆپار)
ئەمیری، خەم و خەیاڵ:

**لێکدراوەکان**

**وشتراو**

(ناو) زنجیرە شەپۆلی نێرینەی چۆم.

**وشتربار**

وشتر و بار؛ وشترگەلێ کە باریان پێیە: قەر ئەوا لە بیابانان، تەماشا ڕێیانی دەکرد، کاروانێک دیارە/ دەڵێ: بچم حەواڵی ئەو کاروانەی بکەم پرسیارە/ ئەو کاروانە نازانم

نە گایە، نە گادارە/ نە وشترە، نە وشتربارە/ نە پیادەیە، نە سوارە/ بچم حەواڵێکی حەمەدی پاشاغان لەوی بکەم پرسیارە

هێمن، تحفه مظفریه: ٥٢٤

**وشترخان**

١.(ناو) تەویلەی وشتران: ئەگەر دەپرسی کاری ئەو بەینەم/ ئاش و وشترخان، هۆڵ و سەرگێڕە

سەیف

نە خورمایە و نە وشترخانە کێوم/ وڵاتم کوردستانە و کوردە نێوم

هەژار، بۆ کوردستان: ١٤٩

٢. ( (مەجاز) هۆدەی گەورە و دیواربڵند (هەنبانەبۆرینە: وشترخان): دیواخانەکەش دەڵێی وشترخانە، ئەوەندە بەرز و گەورەیە سێ ئاڵوودارێ تێدایە.

قزڵجی، پێکەنینی گەدا: بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە

**وشترخۆرکە/ وشترخۆرە**

(ناو) گیایەکی قایم و گەڵادرێژی گوڵوردە. ٦٠ هەتا ٨٠ سانتیمیترێک باڵا دەکا. لە هێندێک شوێنان گەزۆش دەردەکا؛ «دڕووەشینە»: مەلا شوکور گوتی: ماڵە دەوڵەمەندی بەغدایە وشترخۆرە بە بەر پەنجەرەوە دەگرن و تڕی دەکەن، هەوای پانکە ساردتر دەبێ. قەفەسەیەک وشترخۆرەمان دە لای پەنجەرە ئاخنی، تەنەکە ئاوێکمان پێدا کرد؛ دەرکەمان داخست، پانکەمان پێکرد. بە نسیبی دوژمنت بێ! هەڵمێک دە ژووری گەڕا نەفەسمان تەنگ بوو، وەختابوو بخنکێین؛ لای دەرکەمان نەدەدیەوە بیکەینەوە. بەو هەڵمەوە یەکێک دەرکەی کردەوە کە بزانێ چ باسە، ڕامانکرد. تاوێکی باش کۆخین و ئاوی چاومان سڕی. وشترخۆرەکەمان تووڕ هەڵدا. لاسای دەوڵەمەندی بەغدامان پێوە نەهات.

هەژار، چێشتی مجێور: ١٦٦

**وشترسوار**

(سفەت، ناو) ئەگەر تەماشای دەکردوە خێڵێک دێ لە ژێلا وشترسوارێکی کوڕیان دەگەڵە، ئەمجار دەهات لە ژێلا نەیدەزانی ئەگەر لەیلێ¬یە

(خلە دەرزی: بەیتی لەیلی و مەجنوون)
وشترسوار بە ناو گوند وەربوون/ کراسشۆڕ و بەنبەسەر بوون
(هەژار، بۆ کوردستان: ١٩٧)

**وشترگەل/ وشترەگەل**

(ناو) ڕەوەی وشتر: [کابرا] دەڵێ: ئەدی هۆو شەگەلە ئی کێیە؟ دەڵێن: ئی حاجیتاغییە. دەڵێ: ئەدی هۆو وشترەگەلە ئی کێیە؟ دەڵێن: وەڵا ئەوەش ئی حاجیتاغییە! کوتی کابرا سووکێکی لە وڵاغەکەی دابەزی و شەقێکی تێهەڵدا و کوتی: وەڵڵاهی دەبێ ئەوەش هەر بۆ حاجیتاغی بێ!
(حەسەن محەممەدی)
هەرچەندە ئازار کەوتە ناو وشترگەلیانەوە زۆر کەمیان بۆ دەرچوو.
(هەژار، مێژووی ئەردەڵان: ١٢٥)

**وشترەوان**

(ناو) شوانی وشتران؛ سارەوان: تلەویزیۆنی برلینی ڕۆژاوا فیلمێکی لەو سەروبەندەدا کە دوای دەرچوونی بەیانی یازدەی ئازار بوو، لە عێراق نیشان دا کە لە پێشدا لە بەشە عەرەبنشینەکەی وشتر و دارخورما و گۆمی ئاو و مارمێلکە و وشترەوانی پێخواسی بە کراسە سپییەکەوە [...] لەو وڵاتەدا شی دەکردەوە.
(هێدی، کاروانی خەیاڵ: ١١١)

**مەسەل**

**وشترەوان هەتا دانیشێ وشترەکانی دوورتر دەکەونەوە**

ساوەساو یا کەمتەرخەمی کردن لە کاردا تەنیا کارەکە دژوارتر دەکا. هاوتای: «گاوان هەتا دانیشێ گاڕانەکەی دوورتر دەکەوێتەوە» و «شوان تا دانیشێ مێگەلەکەی/ ڕانەکەی دوورتر دەکەوێتەوە.»

**وشتری باری**

وشتری بارهەڵگر؛ وشتری باربەر: ئەو تەم و من غەم تا بە ڕۆی مەرگم، با بچین بۆ باغی/ سەد ماشێنی جیب شۆفیر دەگەڵ بێ کیژەسابڵاغی/ سەد وشتری باری،

دەیلاغ دەگەڵ بێ، کیژەسابڵاغی/ سەد سەر مەڕی زاو بەرخ دەگەڵ بێ، کیژەسابڵاغی/ یەستا بە قامکێک یاری من نابێ، با بچین بۆ باغی
(ڕەحمان باجەوەندی)

**وشتری پیرێژن**

سەرمایەکی حەوت ڕۆژە لە ٢٠ هەتا ٢٦ی ڕەشەمە.

باوەڕ

وشتر هەتا سەرما دانەیە بەران ناگرێ. پیرێژن کە دە مانگی ڕەشەمەدا، بەهۆی خۆش بوونی هەوا، لە بەران گرتنی وشترەکەی ناهومێد دەبێ، بەهۆی بارینی بەفر و داهاتنی سەرما و سەخڵەتی ئەم حەوتووە وشترەکەی بەران دەگرێ و دەبووژێتەوە.

**وشتری دوودووگ**

وشترێک کە دوو کۆپاری هەبێ؛ وشتری دووکۆپار.

**قەتارەوشتر**

(فلش)قەتار

**ملەوشتر**

(ناو) پێوانەی بەرزایی. (تێبینی): بۆ ئەم مانایە ئەغڵەب پاشگری «ـ ێک»ی پێوە دەلکێ: «خۆر ملەوشترێک بڵێند بووبوو.»

**ملەوشترە**

(ناو) ناوی یەکێک لە نەخش و وێنەکانی کرەکانی موکریان.

# زماناس و فۆلكلۆرناس و مێژووناس
# دكتۆر حەجیێ جندی

ئا/ هەڵۆ دەلۆیی

لەسەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتی جاران جۆرێک لە مافی زمان و کولتووری بۆ کەمینە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە بە یاسا دانی پێدرابوو، یەکێک لەو نەتەوانەش کوردەکانی سۆڤیەت بوون کە بەسەر وڵاتانی قافقاز(ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجان) هەروەها وڵاتانی ئاسیای ناوین وەک قەرغیزستان کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی کۆچبەری لێ ئاکنجی ببوو، یەکێک لەو رووناکبیرو بیرمەندە کوردانەش پرۆفیسۆر دکتۆر حەجییێ جوندی بوو، زماناس و فۆلکلۆرناس و مێژووناسی کوردی سۆڤیەتی جاران دکتۆر حەجیێ جندی ئەو وەسییەتی بۆ هەر(٥) کچەکەی کردووە و وتویەتی (کوردستانا ئازاد وێ هەیە و دەما رێیا کوردستانێ ڤەبە هوون من ئاگاهدار بکن؛ بڤن چەنگە ئاخا سەر مەزەلێ من لسەر ئاخا وەلێت برەشینن). لە ساڵی ١٩٠٨ لە گوندی (ئەمانچاییر)ی دەڤەری دیگۆری سەر بە قەزای قارسی باکووری کوردستان لە خێزانێکی کوردی ئێزیدی دایک بووە،

بە منداڵی لە گوندەکەی خۆیان ژیاوە، لە ساڵی ١٩١٨ بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە گوندەکەیان داگیرکراوە و وێران بووە، ڕوویان لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران کردووە و لە ئەرمەنستان گیرساینەوە، پاشان لە ساڵی ١٩١٩دا ماوەیەک گەڕاونەتەوە قارس و چوونەتەوە گوندەکەی خۆیان، بەڵام دیسان گوندەکەیان لەلایەن داگیرکەری تورک تاڵانکراوە، لەم ساڵدا ئەمەریکییەکان (سێویخان- ئیتیمخانە- دار الایتام)یان لە شاری قارس کردۆتەوە بۆ بەخێوکردنی منداڵە(هەتیو و بێ باوکەکان)، حەجیێ جندی لە گەڵ برا بچووکەکەی لەم ئیتیمخانەدا بوونە، بە هۆی هێرشی دڕندانەی تورکەکان ئەمەریکییەکان ئەم منداڵانەیان بە شەمەندەفەر گواستۆتەوە ئەرمەنستان، هەر لەو ئیتیمخانە حەجیێ جندی بە زمانی ئەرمەنی دەستی بە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی کردووە و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، چۆتە پەیمانگای پەروەردەیی لە ساڵی ١٩٢٩ ئەویشی تەواکردووە بۆتە مامۆستا لە گوندە کوردنشینەکانی ئەرمنستان لەوانە گوندی(قوداخساز و چانووشڤانێ) لەوێ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن و دەستیکردووە بە فێربوونی زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و پەند و داب و نەریت و داستانە کوردیەکان.

حەجیێ جندی لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئەرمنستان وەکو یەکەمین خوێندکاری کورد چووەتە پەیمانگای زمانناسی لە زانکۆی یەریڤان، لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئەنیستیتوی مێژووی چاندنی(مەتریال- مادي) دەستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی کردووە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە پەیمانگای پەروەردەیی یەریڤان بەشی زمانی کوردی دەکرێتەوە ئەو دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی لەوێ، هەر لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژنامەی(ڕێیا نوو- ڕییا تازە) دەبێتە لێپرسراوی بەشی ئەدەبی و بەرهەمەکانی خۆشی تێدا بڵاودەکاتەوە، لە ساڵانی ١٩٣٠ تا وەکو ١٩٣٧ بەرپرسی بەشی کوردی بووە لە ڕادیۆی یێریڤان.

نووسەر و زمانناس حەجیێ جندی لە ساڵی ١٩٣٤ بۆ یەکەمین جار کۆنفراسی کوردناسی لە یەریڤان ئامادە و پێکهێناوە و پسپۆرانی زمانی کوردی لە یەریڤان و مۆسکۆ و لینینگراد و مامۆستانی زمانی کوردی لە ئەرمنستان و ئازەربایجان و تورکمانستان بانگهێستکردووە و بەشداریان تێداکردووە.

حەجیێ جندی لە ساڵی ١٩٤٠ دکتۆرای وەرگرتوو و تێزی دکتۆراکەشی بە ناو نیشانی (کەر و کولکێ سلێمانێ سلێڤانی) بووە، لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی فۆلکلۆری نیشتمانپەروەری کوردی کۆکردۆتەوە دوو کتێبی لە چاپ و بڵاوکرۆتەوە، ئەو هەر لە ساڵی ١٩٣٦ تا وەکو ١٩٥٩ لە ئەنستیتوی زانستی لێکۆڵینەوەی لە سەر زمان و فۆلکلۆر و مێژووی کورد کردووە، بە تێکڕایی زیاتر لە(٦٠) کتێبی بڵاوکردۆتەوە لەوانە: ( هەشت کتێبی پەروەردەیی و نۆزدە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ قوتابخانەکان و پێنج کتێبی داستانی کوردی لەگەڵ لێکۆڵینەوە و شانزە کتێبی فۆلکلۆری و دوو کتێبی ڕێزمانی زمانی کوردی و دوو کتێب لەسەر ئەدەبی کوردانی ئەرمنستان و و کۆمەڵێک هۆنراوە و شیعری کوردیش بەرچاوترین بەرهەمانی ئەمانەن:

- هەواری، ڕۆمان، ئەرمنستان ساڵی ١٩٦٧.
- فۆلکلۆری کورمانجا، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمینێ عەڤدال، ساڵی ١٩٣٦.
- کلامی کوردی، گەلەری ، ساڵی ١٩٣٦.
- کەڕ و کولکێ سلێمانێ سلێڤانی، لێکۆڵینەوە، ساڵی ١٩٤١.
- فۆلکلۆری کوردی، ساڵی ١٩٤٧.

- كورئوغلى به كوردى، ساڵى ١٩٥٣.
- لێكۆڵینەوە لەسەر مەم و زین، ساڵى ١٩٥٦.
- بەیت سەرهاتى كوردى، ١٩٦٢.
- كلامى جەماعەتا كوردایێ ئێراق، ١٩٧٥.
- تێكست و لیكۆڵینا ڕۆستەمى زاڵ كوردى، ساڵى ١٩٧٧.
- تێكست و لیكۆڵینا یوسف و زولێخا، ٢٠٠٣.

چەندین بەرهەمى دیكەشى ماوە هێشتا چاپ نەكراوە.

حەجیێ جندى كورد و كوردستانى زۆر خۆشویستوە و بە ئاوات بووە گەلى كورد بگاتە ئامانجى خۆى، بۆیە وەسییەتى بۆ كچەكانى كردووە و وتویەتى:(كوردستانا ئازاد وێ هەیە و دەما رێیا كوردستانێ ڤەیە هوون من ئاگاهدار بكن؛ بڤن چەنگە ئاخا سەر مەزەلێ من لسەر ئاخا وەلێت برەشینن)، هەروەها بە كچەكانى خۆى وتوە: ئێمە وەكو باڵوێزى كوردان زمان و ئەدەب و مێژووى كوردمان لە وڵاتى بێگانان پاراستووە).

ئەو(٥) كچى لە دواى خۆى بە جێهێشتووە، هەر هەموویان خوێندنى باڵا و زانستییان تەواوكردووە و ڕێچكەى باوكیان گرتووە بۆ خزمەتى ئەدەب و زانستى كوردى.

یەک لە كچەكانى كە ناوى(فەریدە)یە، نازناوى فەریدە حەجى جەوارى بۆ خۆى هەڵبژاردووە دوو كتێبى لەسەر ژیان و بەرهەمەكانى خێزانەكەیان نووسیوە و لە چاپیداوە، یەكەمیان كتێبى(حەجیێ جندى ژیان و كار) ئەویتریان(بیرانینێن من دەرحەقا حەجیێ جندى و مالباتا ویدا) ئەم كتێبەیان نووسەر(وەزیرێ ئەشۆ) پێشەكى بۆ نووسیوە و تیشكى خستۆتە سەر ژیانى نووسەر حەجیێ جندى و پوختە پەروەردە كردنى خێزانەكەى (زەینەڤا ئیڤۆ كە هاوسەرى بووە، هەر یەک لە كچەكانى: فەریدە و فریجە و سەكنینە و نازێ و نوورێ).

حەجیێ جندى لە ١-٥-١٩٩٠ لە شارى یێریڤان كۆچى دوایى كردووە، ڕوحى شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ٢١-٤- ١٩٩٨ ئینستیتوى ڕۆژهەڵاتناسى لە ئەكادیمیاى كۆمارى ئەرمنستان

بە بۆنەی(٩٠)ساڵیادی دوکتۆری فیلۆلۆژی پرۆفیسۆر حەجیێ جندی سیمیناریکیان بۆ ڕێکخستووە.

لە ١٤-١٢- ٢٠٠٨ ئینستیتوی کوردی لە پاریس بە بۆنەی(١٠٠) ساڵەی یادی دکتۆر حەجیێ جندی سیمیناریکیان ڕێکخستووە، کە ئەدیبان و ڕۆشنبیران کورد تێیدا بەشدار بوونە.

هەر بە هەمان بۆنەوە لە ٢٢-١٢-٢٠٠٨ نووسەر ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر حەسەن سلێڤانی وەکو سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی دهۆک و بە ناوی هەموو ئەدیب و نووسەرانی کورد بانگهێشتیی (خاتوو فەریدە) کچی حەجیێ جندییان بۆ دهۆک کردووە و لە فیستیڤاڵێکدا خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ باوکی(حەجیێ جندی) ئەنجامداوە، هەر لە هەمان کاتدا خاتوو فەریدە سەرەدانی(لالش)ی کردووە و چۆتە هەولێر و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان کە ئەو کات ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری بووە، پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە.

**سەرچاوەکان:**

١ - کتێبی( حەجیێ جندی ژیان وکار) لە ئامادەکردنی فەریدە حەجی جەواری، ساڵی ٢٠١١.
٢ - کتێبی(بیرانینێن من دەرحەقا حەجیێ جندی و مالباتا ویدا) لە ئامادەکرددنی فەریدە حەجی جەواری، لە ساڵی ١٩٩٨.
٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر موحیب مهابادی، لە ٦-٥-٢٠٢٢.
٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر فاروق فەرهاد، لە ١٤-٤- ٢٠٢١.
٥- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

# حەمەکەریم هەورامی:
# کەلتووری دەڤەری هەورامان
# بەسە کە کورد شانازی پێوەبکا..

دواندنی ؛ زمان و زار

نووسەر و رووناکبیر مامۆستا حەمەکەریم رەمەزان کە لە ناوەندی رۆشنبیراندا بە(حەمەکەریم هەورامی) ناسراوە، نووسەرێکی مەوسوعی و فرەبەهرە لە بوارە جیاوازەکانی پەروەردە، بواری دراما و شانۆگەری، ئەدەبی منداڵانی کورد. مێژووی پەروەردە و خوێندن، بواری فەلسەفە و لۆجیک، بواری چیرۆک و ڕۆمان، ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە دەقە هزری و کۆمەڵایەتییەکان، بواری زاراوەسازی، هەوڵی خۆی داوە. لەو بوارە جیاوازانەشدا چەندان کتێبی ناوازەی بە چاپ گەیاندووە.
لەساڵی (١٩٣٥) لە دێی گوڵپ کە سەر بە ناوچەی هەورامان هاتووەتە دنیاوە، دێی گوڵپ پاڵی بە شاخەکانی هەورامانەوە داوە و ڕووی لە شارەزوورەو سەر بە ناحیەی خورماڵی پارێزگای هەڵەبجەیە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوڵپدا تەواو کردووە، پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، دەستی بە خوێندنی حوجرە کردووە، دوای تەواوبوونی خوێندنی حوجرە؛ لەساڵی (١٩٥٨) بۆ خوێندن چووە بۆ میسر، لەوێ خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکات و لە زانکۆی ((الازهر)) لە کۆلێژی – القانون و التشریع – وەردەگیرێ و بڕوانامەی بکالۆریۆس و دیپلۆمی گشتی لە پەروەردە و سایکۆلۆجییەتدا وەردەگرێ، کە دەگەڕێتەوە کوردستان لە یانەی مامۆستایان – دار المعلمین – لە هەولێر دادەمەزرێ، لە پاشدا لە پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان دەبێتە مامۆستای سایکۆلۆجیا؛ هەروەها لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین دەبێتە مامۆستای زارەکانی زمانی کوردی. ماوەی (٣٥) ساڵ خزمەتی پەروەردەی کردووە. بۆ ئەوەی خۆی بۆ نووسین و گەشەکردن و بوژاندنەوەی هزری کوردی تەرخان بکات لە ساڵی (١٩٩٣) خۆی خانەنشین دەکات.
لە ساڵی (١٩٥٦) وە تا ئێستا (٣٠) بەرهەمی لە بوارە هەمەجۆرەکانی پەروەردە و فەلسەفە و ڕۆمان و رەخنەسازیدا بە چاپگەیاندووە و ڕەوانەی کتێبخانەی کوردی کردوون:
- لە دەستەی دامەزرێنەری نووسەرانی کورد بووە.
- لە دەستەی دامەزرێنەری کۆڕی زانیاری کورد بووە.
- چەندان جار لەلایەن یەکێتیی نووسەران و جەماوەری خەڵکی هەولێرەوە ڕێزی لێنراوە..
ئەم بەرهەمانەی لەم بوارانەی خوارەوە هەیە:

١- بواری پەروەردە: دوو کتێب: (ا ـ سایکۆلۆجییەتی خوێندنەوە ساڵی ١٩٦٥.
ب ـ بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی ساڵی ١٩٧١).
٢ ـ بواری دراماو شانۆگەری: دە چیرۆکە درامای شانۆگەری هەیە:
ا- کابرای فالچی – ساڵی ١٩٧٣، ب ـ شەوێک لەژیانی خانزاد – ساڵی ١٩٧٧
پ ـ گوندەکەم – ساڵی ١٩٨١، ج ـ خاتوو کلاوزەڕ – ساڵی ١٩٨٣، چ ـ خەونەو خەون نییە – ساڵی ١٩٨٥، د ـ دایکی کوردان – ساڵی ١٩٩٧، ە –ئاگر هەر ئاگرە (چاپ نەکراوە) ساڵی ١٩٩٨، و- ئۆریست کەی دەگەڕێتەوە؟ ساڵی ٢٠٠٥، ز – پەڕینەوە لەئاوەکەی ئاراس – ساڵی ٢٠١٦.
ژ – گرفتەکەی نازە لە دادگای مەرێگادا (دراما) ساڵی ٢٠٢٢
٣- بواری لێکۆڵینەوە: پێنج بەرهەم :
ا- درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا . ساڵی ٢٠٠١
ب ـ ئەدەبی منداڵانی کورد (بەرگی یەکەم) ساڵی ٢٠٠٦
پ ـ ئەدەبی منداڵانی کورد (بەرگی دووەم) ساڵی ٢٠٠٧
ج ـ مێژووی پەروەردەو خوێندن لەحوجرەکانی کوردستان . ساڵی ٢٠٠٩
چ ـ مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە . ساڵی ٢٠١٣
٤- بواری فەلسەفەو لۆجیک:
ا ـ زانستی کەلام (فەلسەفە، واچەکان، لاهووت) ساڵی ٢٠١٠
ب ـ ئیساغۆجی (لۆجیکی ئەرستوتالیسی)یە . ساڵی ٢٠٠٩
٥- بواری ڕۆمان: (ا ـ بەرمیلی قوپاو- ساڵی ٢٠٠٣، ب – پیرشالیار . ساڵی ٢٠٠٤)
٦- بواری وەرگێڕان :
ا ـ چیرۆکی قەزاو قەدەری – ڤۆڵتێر . ساڵی ٢٠١٠
ب – دابەشبوونی زاراوەکانی زمانی کوردی .ساڵی ١٩٧٣
٧- بواری یادەوەری:
ا ـ چیرۆکی من و گوندەکەم (بەرگی یەکەم) ساڵی ٢٠١٦
ب ـ چیرۆکی من و گوندەکەم (بەرگی دووەم) ساڵی ٢٠١٧
پ ـ چیرۆکی من و گوندەکەم (بەرگی سێیەم) ساڵی ٢٠١٨
ج – چیرۆکی من و گوندەکەم (بەرگی چوارەم) ساڵی ٢٠١٩
٨ – ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە دەقە هزری و کۆمەڵایەتییەکان:

ا ـ کردنەوەی دەقەکان، بەشی یەکەم . ساڵی ٢٠٢١
ب ـ کردنەوەی دەقەکان، بەشی دووەم. ساڵی ٢٠٢٢
٩ - بواری زاراوەسازی
ا- فەرهەنگی زاراوەی دارایی و ئابوری - چاپنەکراوە-
ئەمە جگە لەنووسینی چەندان کورتە چیرۆک و دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی لەبواری ئەدەب و هونەرو پەروەردە و کوردۆلۆجیدا کە لەگۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە یان لە کۆڕ و فیستڤاڵەکاندا خوێنراونەتەوە.
جا بەر لەوەی پرسیارەکانمان ئاراستەی مامۆستا بکەین، بە باشمانزانی قسەیەک لەسەر دوابەرهەمی چاپکراوی بەڕێزیان بکەین، کە دوایین بەرهەمی دڕامایەکە بە ناونیشانی (نازە لەدادگای مەریگادا)یە.
کە خاتوو د. شەکراوڕەسووڵ لە رووپەلەکەی خۆی لە فیسبووک لەسەر ئەو کتێبەی نووسی بوو دەڵێت: ناواخنی ئەم دڕامایە لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ژنە کوردێک دەدوێ کە بەشداری شاییەکی کوردەواری گوندێکی نزیک گوندەکەیان دەکات و لە هەڵپەرکێی ڕەشبەڵەکدا بەشدار دەبێ وداخی بێسەروسەرنگومی مێردەکەی و خەم بەباکردنی و ڕەوانەوەوەی خەمەکانی لە ڕێگا و گەڕانەوەی بۆ گوندەکەی لەتەک پیاوێکی نزیک گوندەکەی شەوی بەسەردا دێت و لالۆی تەڵەکەباز لەرێگا بەپێی دەستووری کۆنی کوردەواری و فریشتەی سەرشانیان دەکاتە شاهید و نەخۆشی و کوێری ژنەکەی قەناعەت بە نازە دەکات وهەر یەکەیان بۆ گوندەکەی خۆیان دەگەرێنەوە و لالۆ دیارییەکی کە دەسەسرێکە پێشکەش بەنازە دەکات وناوی خۆیشی کە داریاسە پێیدەڵێ.. ئیتر بنەماکانی دراما لە شوێن و کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی بەدەوری نازە و داریاس وکەسایەتی تر دەسورێتەوە و کێشەو چارەسەر بۆ خاوەن هەق و سەرکەوتن و دادگای میللەت لە دادگای مەریگا کە وەک نیمچە پەرلەمانێکی سەردەمی کۆن لە هەورامان هەبووە و کاری دادگاییکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانە بووە، کە بە تاک چارەسەر نەکراون و لەوێدا چارەسەر کراوە...بەڵێ نازە دوای ساڵێک کە کۆرپەیەکی لەو لالۆیە دەبێ ولێی ناپرسێتەوە و خۆیی و کۆرپەکەی دەگەنە گوندی سەر قەڵاو کۆرپەکەی لە نزیک ڕووبارێک دادەنێ و بەدوای باوکی کۆرپەکەی داریاس دەگەرێ و هاواری خەڵکی دەکات و

خەڵک لێی کۆدەبنەوە و دەنگۆ دەگاتە دیوەخانی ئاغا و خەڵکی گوند کۆدەکەنەوە و بۆ ئەوەی نازە بیدۆزێتەوە و کەس لەداریاس نەچوو تومەس داریاس لەماڵدا خۆی نەخۆش دەکات، و بە هەساریێ خێزانی دەڵێ بەکەس مەڵێ لە ماڵەوەم .. هەساریێ ژنێکی زیتەڵە بوو هەموو عەیب و خەوشەکانی مێردەکەی دەزانی..

ئیتر ڕووداوەکان هەڵدەکشێن و ئاغا ئاگادار دەکەن و پێشتر لالۆ ئەم نهێنییە بە درێژی بۆ هاوڕێیەکی دەگێڕێتەوە و داوای لێدەکات کە نەیدرکێنێ، ئەوەش بەیاد دەخاتەوە کە ئەو دەسەسرەی پێشکەش بە نازە کردووە، لەشاییەکە لەم هاوڕێیەی وەرگرتووە و سەرچۆپی پێکردووە و ئەم هاوڕێیە ناوی مەردۆخان دەبێ و لە دیوەخانی ئاغا بەردەست دەبێ لەگەڵ سەرکار و میرزا و چەند بەردەستێک..

مەردوخان خاوەن ویژدان دەبێ کۆرپەکە دەخاتە سەردەستی و بە ئاغا دەڵێ: من چارەی گرفتەکە دەکەم و ئاغاش دەڵێ ئەوەی خۆی بکاتە خاوەن ئەو ژنە یا لەخۆی مارە بکات من ئەو میراتەی لە لالە هورمزیار ماوەتەوە بەوی دەدەم، کە دەبێتە خاوەنی ئەو خێزانە..

ئیتر سەرکار و میرزا کاری ئاغایان لا بەجێ بوو، چونکە گرفتی منداڵ و ژنەکەیان لە کۆڵ دەبۆوە و کارێکی کەم وێنەیان کردبوو ..ئاغا فەرمان دەدا بە خەڵکەکە کە میراتی لالە هورمزیار دەدرێ بەو دەریاسەی دەبێتە خاوەنی ئەو ژن و منداڵە و ئاشکرای دەسەسری ئاغا کە داریاس لێی وەرگرتووە، بە راستگۆی ئاشکرا دەکات و خەڵکان کۆدەکەنەوە لە ناویاندا لالۆ و هەساریێ و هەموو نهێنییەکان بۆ هەساریێ ئاشکرا دەبن و هەساریش چ خەوشێکی مێردەکەیەتی ئاشکرای دەکات و لالۆ دادەچڵەکێ ئەوە دەبیستێ کە مەردۆخان خۆی بە خاوەنی ژن و منداڵەکەکە دادەنێ و نازەش بە فەرمانی مۆبیدیار بۆ ناو دیوەخان بانگ دەکەن و ڕای هەردوو (نازە و مەردۆخان) وەردەگیرێ وموڵکەکانی لالە هورمزیار لەسەر ئەو خێزانە تاپۆ دەکرێت، و ئەم پرسەش لە دادگای مەرێگا دەبێتە شەرعی و لە ئەستۆی لالۆ پاکتاو کراو دووبارە لە مەردۆخان مارەکرایەوە.. بەفەرمانی موبیدارەکە، کە قازی دەڤەرەکە بوو بەپێی فەرمانی دادگای مەرێگا ژنە مارەکرا و مردۆخان بوو بە باوکی کورەکە و کۆتایی دراماکە بۆ کۆتا وتەی نازە بوو وتی:

قوربان تا مابم کارەکەری ئەم دیوەخانە و دادگای مەرێگام..

**لێرەدا وەک بەسەرکردنەوەیەک چەند پرسیارێکمان ڕووبەڕووی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی کردەوە:**

**زمان و زار: زمانی کوردی بەسەر چەند زار و بنزارێک دابەش بووە، یەکێک لەو زارانەش (زاری گۆران- بنزاری هەورامی)یە، ئێوە وەک ڕووناکبیرێک و لێکۆڵەرێکی بە ئەزموون، لەبارەی ئەم زارە ڕەسەنەی کوردی چی دەڵێن؟**

**حەمەکەریم هەورامی:** زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی زیندووی ئەم سەر زەوییە چەندان شێوەزاری هەن؛ بوونی ئەو شێوەزارانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم زمانە ڕەگ و ڕیشەی لە دێرین زەمانەوە لە ناخی مێژوودا داکوتاوە و لە زارە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی شێوەزاری (گۆران - هەورامی)یە .من زۆر جار وتومەو دەیڵێمەوە کە ئەگەر کورد لە سەرانسەری کوردستاندا لە بێ کەلتوریدا بمێنێ و تەنیا کەلتووری دەڤەری هەورامانی بەسە کە شانازی پێوەبکا، لە کەلتووری فرە لایەنەی ئەو ناوچەیە دەبێتە پێناسە بۆ گەلی کورد کە خاوەن شارستانییەتێکی دێرینەی خۆیەتی، دەشبێتە بەڵگە کە کورد هەر لە زووەوە خاوەن ئەژیارێکی دەوڵەمەند بووەو بەدەستی خاڵی نەچووەتە سەر خوانی شارستانییەتی خەڵک.

**زمان و زار: لە ژێرکاریگەری ڕاوبۆچوونی هەندێ ڕۆژهەڵاتناس و خەڵکی بیانی و داوودەزگای میدیایی نەتەوەی سەردەست، ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەداخەوە ئێستا لەلایەن هەندێ لە هەورامییەکانیش ئەو بۆچووونە بڵاودەکەنەوە کە هەورامی زمانێکی سەربەخۆیە و زارێکی کوردی نییە، تەنانەت بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان چەندان لێکۆڵینەوە و کتێبیش لەو بوارەدا بە چاپ گەیەنراون، تکایە ڕای ئێوە چییە؟**

**حەمەکەریم هەورامی:** ئەم پرسیارە دوو لقی لێ دەبێتەوە، لە لقی یەکەمدا ئاماژە بۆ ڕاوبۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسان دەکات لەبارەی شێوەزاری گۆران- هەورامی، من بەش بەحاڵی خۆم بڕوام بە بۆچوونەکانی ڕۆژهەڵاتناسان نییە کە لەسەر زمانی کوردییان نووسیوە، چونکە ئەوانە ڕاوبۆچوونەکانیان لە کەسانی نەشارەزاو کۆڵکە خوێندەوارەکانی کورد و غەیرە کوردەوە وەرگرتووە؛ هەندێکیان بۆ ئەو مەبەستە خۆیان فێری شێوەزارێکی کوردی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو بارەوە چاویان لە لەپ و لەوسی ئەوانە کردووە کە ناحەزی کورد بوونە.

لقی دووەمی پرسیارەکەش لەو بارەوە ڕوو دەکاتە هەورامییەکان خۆیان، ئەوان هەر بۆچوونێک سەبارەت بە شێوەزارەکەیان بڵاوبکەنەوە هەقی خۆیانەو خۆیان لێی بەرپرسیارن؛ من ناتوانم ببم بە حەکەم و قسە بۆ ئەوان بکەم یان لەجیاتی ئەوان بدوێم، بەڵام بەو نیشانەی کە منیش هەورامیم، مافی ڕادەربڕینی تایبەتی خۆم هەیە. من لەم پرسەدا، پرسی: شێوەی هەورامی زمانێکی جیایە یان بەشێکە لە زمانی کوردی؟ دەڵێم: من پشت بەڕاوبۆچوونی شاعیرو ڕووناکبیرانی پێشینانی کورد دەبەستم کە خۆیشیان هەورامی بوونە؛ ئەوان شێوەزاری هەورامی و ناوچەی هەورامانیان لە کوردستان جیا نەکردووەتەوە. ئەوانەی کە نووسین دەربارەی شێوەزاری هەورامی دەنووسن و شێوەزارەکە بە ((زمانی هەورامی))ناو دەبەن چەند کەسێکی دڵسۆزن هەڵبەتە پاساوێکی مێژوویی و زانستییان بە دەستەوە هەیە پشتی پێ دەبەستن کە ئێمە پەیمان پێ نەبردووە. ئەوان لە بۆچوونەکانیاندا پەنا دەبەنە بەر ڕێزمان، کەچی ڕێزمان ناتوانێ زمانێک لە زمانێکی دیکە جیابکاتەوە، ئەوەی پتر زمانێک لە زمانێکی تر جیادەکاتەوە وشەسازی و جێناو و ئەژمارە، ئەوانە هەرکامیان بگری لە شێوە زارە هەورامییەکەو زمانە گشتییەکەی کوردیدا یەکن. ئەگەر لە وشەسازیدا بە شوێن دەنگ و فۆنیمدا بگەڕێین دەبینین زۆربەی زۆرینەی وشەکان لە شێوەزارو کوردییەکەدا یەک ڕەگیان هەیە، کەچی کاریگەری دوورکەوتنەوەو لەیەکتری دابڕان سواندوونی و لە دەنگدا کەمە جیاوازییەکی لە نێوانیاندا دروستکردووە، من هەندێ جار بیرم بەلای ئەوەدا دەچێ کە ڕەنگە زمانی کوردی لە کۆندا لە سەرانسەری کوردستاندا هەورامی بووبێ، ئەوەی بۆ سەر ئەو بیرە رامدەکێشێ ئەوەیە: دەبینین لەگەڵێ شوێنی کوردستاندا لەوسەریەوە تا ئەمسەری بڕێ ناوچەی جیا جیا هەن خەڵکەکانی بەشێوەزاری هەورامی ئاخاوتن دەکەن بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کەلا تەریکن، یان لەگەڵێ شوێندا ناوی گوند و کێو و چەم و چیا و شوێنەوار هەن فرە لەناوچەی هەورامانەوە دوورن، کەچی ناویان بە شێوەزاری هەورامییە. نازانرێ ئەو ناوە لە هەورامانەوە هاوردەکراوە یان خەڵکانی کۆنی نیشتەجێی ئەو شوێنانە هەورامی بوونە و گەردەشی زەمانە و ڕۆژگار دووری خستوونەتەوەو گەمەی بە زمانەکەیان کردووەو بەر پیلانی گۆڕانی خستوون.

**زمان و زار: ماوەیەکە بۆچوونێک هەیە کە گوایە شتێک نییە بە ناوی زمانی کوردی، بەڵکو زمانە کوردییەکان هەیە؟**

**حەمەکەریم هەورامی:** ئەو بۆچوونە، بۆچوونێکی شەمشەمەکوێرانەیە.. زمانی کوردی وەک خۆر لەناوەراستی ئاسمانی حەقیقەتدا درەوشاوەیە؛ لەگەڵی لەو زمانانە کە هاوسێ بوون ڕەسەن و دەوڵەمەنترە، ڕووبارێکە لەگەڵ مێژوودا هاتووە، ناحەزانی هەزاران جار ویستوویانە لەناو بەنداوی تەسکدا بیخنکێنن پێیان نەکراوە.

یاسایەکی زمانەوانی هەیە دەڵێ: زمان نییە چەندان شێوەزاری نەبێ، ئەگەر نەیبوو ئەو خۆی شێوەکەیە لە زمانێکی دیکە، ئەوەی نوکلی لە زمانی کوردی دەکات، کەچی وا دادەنێ کە شێوەزارەکانی زۆرن؛ هەریەک لەوانە زمانێکی تایبەتە! خاوەنی ئەو جۆرە بیرۆکانە بەچکەی ئەو ناحەزانەن کە چاویان بەو بەرایی نەهاتووە و زراویان لە ڕاپەرینی زمانی کوردی ڕژاوە، ئەوانە با بزانن کاروانی زمانی کوردی بەرێوەیە ئەمڕۆ یان سبەی دەگات. کوردزمانەکان لە رۆخی دەریای سپییەوە بیگرە تا خوارووی زوورگەکانی دیزەفوول چاوەڕوانی گەیشتنی دەکەن؛ ئەو تەلبەندی کە دوژمنان لە ڕێگەیدا دایاننابوو بەرگەی هرۆژمی پەرەسەندنی گەشانەوەکەی نەگرت، زمانی کوردی داینەمۆی ئاگرە سوورەی خەبات و تێکۆشانی کوردە هەزار ئاوی بەسەردا کراوە و نەکوژاوەتەوە.

**زمان و زار: ئایا پەرتەوازەیی و دابەشبوونی زارەکان بەسەر ناوچەو بەشەکانی کوردستاندا و نەبوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی ناوەند و نەبوونی مافی زمان و خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی و هەروەها لە غیابی زمانی ستانداردی کوردیدا، ناساندنی ئەو زار و بنزارانە وەک زمانێکی سەربەخۆ، تا چەند زیانی بە زمانی یەکگرتوومان گەیاندووە؟**

**حەمەکەریم هەورامی:** ئەم پرسیارە ئەو لایەنانە دەگرێتەوە: پەرتەوازی شێوەزارەکان، مافی خوێندن بەو شێوەزارانە، غیابی ستانداری زمانی کوردی.

ڕووبەری کوردستانی جاران لەهی ئەمڕۆی پان و بەرینتر بووە. لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی بنکەیی کوردی نەتوانراوە هەموو ڕووبەرەکەی بخرێتە ژێر هەژموونێکی تایبەتەوە و لە سایەیدا کۆ ببنەوە یان فەرمانڕەوایان بکات، لەبارەی جوگرافیشەوە نەکراوە هەموو ناوچەکان بەیەکەوە گرێبدرێن، ئەمە وای کردووە جۆرە دابڕانێک ناوچەکان لە یەکتری دوور بکەونەوە، بەڵام ئەو دوور کەوتنەوە نەیتوانیوە گیانی

زمانە کوردییەکە لەبیربباتەوە، خەڵکی ناوچە دوورەکان چەند لەیەکتری دووربووبن زمانە کوردییەکەیان پاراستووە؛ بەڵام کاریگەری ڕۆژگار کەمێ ئاڵوگۆڕی تێدا کردووە و شێوەزارەکەی دروستکردووە، بەڵام گێچەڵی زەمانە نەیتوانیوە زمانە کوردییەکە تێک بدات..

لەبارەی مافدان بە خوێندنی شێوەزارەکان: مافێکی ڕەواو لۆجیکییە: بۆ هەر لایەنێک هەیە بەزمانی دایکی بخوێنێ یان پەروەردە بکرێ، ئیدی زمانی دایکەکە لە هەر قالبێکدا بێ، نەک بەخورتی فێری زمانێکی تر بکرێت و ئەوجا بەو زمانە فێری زانست و زانیاری ببێ، خۆ ئەگەر بەخوێندنی ڕاستەوخۆی ناو قوتابخانە فێر نەکرێ پەروەردەی ناڕاستەوخۆی؛ ئامێزی دایک و خێزان و کۆمەڵ دەبێ و لە قاڵبی ئەواندا دەبێتە کەسێکی ناو کۆمەڵەکەی و ڕەنگی ئەوان دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوون بە خوێندن و پەروەردە بوونی ڕاستەوخۆی قوتابخانە فێربوونێکی زەروورییە بۆ کۆمەڵی هاوچەرخ و تاک بۆیە بە مافێکی ڕەوا دەزانرێ هەر کەسێ و لایەنێک بەزمانی دایکی بخوێنێ.لەبارەی فێرکردن و پەروەردە بە شێوەزارەکان  و دوور لە زمانی یەکگرتووی کوردی. ئەمە پرسێکە فەرمانڕەوایی کورد و پەروەردەی هەرێم لێی بەرپرسیارن، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی لە نەبوونی سەت قات باشترە.. خۆزگە لە کوردستانی سەرووشدا پەروەردە بە شێوەزارەکەی خەڵکەکە دەهاتە ئاراوە. لە کۆتاییدا پەروەردە و فێربوونەکان یەکیان دەگرت و لەسایەی ئەواندا زمانی یەکگرتووی کوردی دەهاتە ئاراوە. نموونە زۆرن کە خوێندن بە شێوەزاری تایبەت یارمەتی هێنانە ئارای زمانی یەکگرتووی داوە ئەمە نابێ ئەوە بگەیەنێ کە هەر شێوەزارێک بە شێوەی خۆی بخوێنێ، کە خوێندن بە زمانی یەکگرتوو دەست نەدا، ئەی چارە چییە؟ گلەیی لە نیشتمانێک ناکرێ ئازادی نەبێ.

**زمان و زار:  لەباشووری کوردستاندا بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستاندا، کە داوودەزگای رۆشنبیری و پەروەردەیی و ئەکادیمی تێدایە، بەڵام لە ئەزموونی ٣٠ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی حکومڕانی کوردیدا، نەک هەر زمانی یەکگرتوو برەوی پێ نەدرا، بەکو زمانەکەشامان لەتکرا بۆ دوو زار یان چەند زارێک، بۆ نموونە لەدەڤەری بادینان ئیستا پرۆسەی خوێندن بە زاری بادینییە، هەوڵێکیش هەیە لە دەڤەری هەورەمان بە زاری هەورامی بخوێنرێت، بە ڕای تۆ ئەم هەوڵانە تا چەند خزمەت بە ئینتمای نەتەوەیی و زمانی یەکگرتووی کوردیدا دەگەیەنن؟**

**حەمەکەریم هەورامی؛** زمانی یەکگرتووی کورد بە بڕیاردان و بەبوونی ئەکادیمیای کوردی نایەتە ئاراوە؛ لە کوردستانی باشووردا زمانی یەکگرتوو دروست بووە، خوێندنەوە و نووسین، فێرکردن و پەروەردە خەریکە سەرانسەری کوردستانی باشوور بگرێتەوە، نەک هەر ئەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش هەرچەندە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەوێ قەدەغەیە لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوە و نووسینیان وەک خوێندنەوە و نووسینەکەی باشووری کوردستانە، ئەی ئەمە هاتنە ئارای زمانی یەکگرتوو نییە ؟ لەم ڕووەوە دەبینین بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ڕووبەرێکی فراوانی کوردستاندا وەک یەک بەکاردێت.
گەلی کورد لەم سەردەمەدا دەبێ هەوڵ و خەباتی بۆ بەکارهێنانی زمانەکەی بخاتە کار پتر لەوەی خەمی ستانداردی زمانی کوردی هەبێ؛ پرسی ستانداردتی زمانی کوردی بووە بە بنێشتە خۆشەی بن ددانی ئەوانە، کە پێیان وایە ئەگەر زمانی یەکگرتوو نەبێ، دەبێ دەسبەرداری بەکارهێنانی زمانەکە بن.
تۆ وەرە کوردستانەکەم بۆ رزگار بکە ئەوجا خەمی یەکگرتنی زمانەکەی بخۆ؛ دەسەڵاتی ئازاد دەتوانێ بە هۆی پەروەردەی قوتابخانەوە زمانی ستاندارد بۆ بێنێتە ئاراوە.
من لە گۆڤاری (( زمان و زار))ی ژمارە پێنجدا لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردەوە لە وتارێکدا رای خۆم لەو بارەوە دەربڕیوە، لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە. من ئەوەندە خەم لە دوو فلیقانەی پەروەردە لەم کوردستانە دەخۆم ئەوەندە خەمی زمانی یەکگرتوو ناخۆم، دەزانن دوو فلیقانەی پەروەردە یانی چی؟ ئەوەیە دوو جۆرە پەروەردە لەناو یەک کۆمەڵدا هەبێ و هەریەک بە پرۆگرامی خۆی قوتابییەکانی پەروەردە بکات.. ئەم جۆرە پەروەردەیە لەناو هیچ کۆمەڵێکدا نەماوە، چونکە پەروەردەی دووفلیقانە دەبێتە هۆی ناکۆکی لەناو کۆمەڵدا، پەروەردەکراوەکانیان هەریەک بە زوڕنای خۆی دەژەنێ و لایەنەکەی دیکە بە ناحەزی خۆی دەزانی لەمەوە ناکۆکییەکی دوژمن کارانە کۆمەڵ تووشی دوو بەرەکی بێ سەروبەر دەکات.

# ئەمین رەحیمی نەژاد:
# کرماشان و ئیلام دەبێت لەسەر شێوازێکی ئەدەبی ساغ ببنەوە

دیمانە: شەریف فەلاح

ئەمین رەحیمی نەژاد بڕوانامەی ماستەری لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی و بەکالۆریۆسی زمانناسی لە ئێران وەرگرتووە و پێیوایە سەرجەم نووسەرانی کرماشان و ئیلام دەبێ بەشوێن یەک شێوەزاردا بگەڕێن و هەموان بەو شێوەزارە بنووسن، ئەو پێیوایە بۆ گەیشتن بەم کۆدەنگییەش ئاستەنگی زۆر هەیە و دەڵێ: "لەناو کرماشان چالاکانی بواری فەرهەنگی، ئامادە نین زاراوەیەکی تر کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێوەزاری خۆیدا نییە، قبووڵ بکەن، بۆ وێنە ئەگەر فەیلی نییە ئامادە نییە فەیلی قبووڵ بکات، بۆ کەلهوڕی و لەکیش ئەم گرفتە بوونی هەیە". لەو دیمانەیەدا ئەمین رەحیمی نەژاد تیشک دەخاتە سەر گرفت و ئاستەنگەکانی زمانی کوردی بەتایبەت لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان.

*** ئەگەر یەکێک لە زارەکان ببێتە زمانی یەکگرتوو و لە هەر سێ ئاستی "سیستمی پەروەردە، بڕۆکراسیی ئیداری و راگەیاندن" بەکار بهێنرێ، پەرچەکرداری زارەکانی دیکە چۆن دەبێت، ئاخۆ کۆمەڵگای کوردی ئامادەیی بۆ ئەم بارودۆخە هەیە و دەتوانێ قبووڵی بکات؟**

**ئەمین رەحیمی نەژاد:** با وای دابنێین کە ئێمە وڵاتێکمان هەیە و لەناو ئەو وڵاتەشدا ١٠ زاری جۆراوجۆر هەیە و یەکیان دەکرێتە زمانی پێوەر و هەموو بوارەکانی کۆمەڵ وەک پەروەردە و بارهێنان، سیستمی ئیداری و راگەیاندن و زانیاری بەکاری دەهێنن، کاتێکی زۆر دەخایەنێ کە لەوانەیە لە سەد ساڵ زیاتر بێت کە ئاخێوەرانی زارەکانی دیکە بتوانن ئەو زاراوە پێوەرە بەکاربهێنن، یان وای دابنێین هەر هەمان چوارچێوەی جوغرافیایی دابەش بووە لە نێوان سێ وڵاتدا و هیچ زارەکیش وەکو زمانی پێوەر لە نێوانیان ساز نابێت، ئەم دە زارە کە لە ناو ئەو سێ وڵاتەدان، بەهۆی ئەوەی کە سێ زمانی لێک جیاوازی دیکە بە سەریاندا زاڵن، لە ماوەی سەد ساڵدا ئەو دە زارە لەناو سێ زمانی دەرەکیدا دەتوێنەوە و لەناو دەچن. ئێستا باسی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە کامیان چاکترە، ئێمە ناچارین یەکیان هەڵبژێرین یان دەبێ ئەو شێوازە هەڵبژێرین کە زارەکانمان لێک نزیک بکرێنەوە، بۆ وێنە زاری کەلهوڕی لە زاری سۆرانی نزیک بێتەوە، ئاخۆ ئەمە باشە یان نا، پاش ساڵانێکی زۆر ئیدی هیچ ئاسەوارێکی لێ نەمێنێتەوە.

*** ئەگەر ئەم باسە زیاتر پێوەند بدەی بە بارودۆخی ئێستای کرماشانەوە پێت وایە پرسی زمانی پێوەر و زار لەوێ چۆنە؟**

**ئەمین رەحیمی نەژاد:** ئەگەر بێت و لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە لەم پرسە بڕوانین، دەبینین زۆرێک لەو کەسانەی کە ئێستا لەناو کرماشان وەک چالاکی فەرهەنگی دێنە ئەژمار تەنانەت ئامادە نین زارەکی تر کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێوەزاری خۆیدا نییە، قبووڵ بکات، بۆ وێنە ئەگەر فەیلی نییە ئامادە نییە فەیلی قبووڵ بکات یان بە پێچەوانەوە یان بۆ لوڕی و لەکیش ئەم باسە لە گۆڕێ دایە. پرسیارێک لێرەدا دێتە گۆڕێ ئاخۆ کۆمەڵگایەک بە وەها پێکهاتە و تێڕوانینێکەوە ئامادەیە شێوەزاری سۆرانی قبووڵ بکات؟

*** واتا مەبەستی زمانی پێوەر، وەلانانی ئاخاوتنی ئاسایی، بنەماڵە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکوو باس لەسەر ئەدەبی نووسیاری و سیستمی پەروەردەیە و برۆکراسیی ئیدارییە؟**

**ئەمین رەحیمی نەژاد:** نا تەنیا باس لەسەر ئاخاوتنی رۆژانە نییە، بەڵکو باس لەسەر پرس و شێوەزاری نووسینە، چونکە ئێستا خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کرماشان و ئیلام و زارە جیاجیاکان بۆ تێگەیشتن لە یەکتر هیچ کێشە و گرفتێکیان نییە. بەڵام نووسەر و ئەدیبان بۆ نووسینی شیعر و چیرۆک هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵام کاتێ دەیانەوەێ وتار و بابەت و رەخنە بنووسن، تووشی گرفت دەبن و دۆش دادەمێنن، ئێمە دەبێ لەم کاتەدا شێوەزارێک هەڵبژێرین کە هەموان لێی تێبگەن و هەمەگیر بێت کە لەوانەیە وەڵامدەری نیاز و ویستی کۆمەڵگاکەمان بێت، بەڵام ئێستا لە کرماشان لەناو کۆمەڵەی نووسەر و رۆشنبیران و خەڵکی ئاساییش خەریکن بەرەبەرە کار دەکەن، هەرکامەیان بە زار و بنزاری خۆیان بەرهەمی ئەدەبی دەخولقێنن. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا لەناو پارێزگای ئیلام و کرماشان زەمینە و هەلی ئەوە نەڕەخساوە کە هیوای ئەوە بخوازین تەنانەت رەگ و ریشەیەکی زانستی لە زمان بەدی بکەین، هەتا ئەوکاتەی کە بە ئاراستەی شێوە نووسینێکی ئەدەبیدا بڕۆینە پێشەوە، هیچ گرفتێک نییە کە ئەگەر ئەم شێوە ئەدەبییە لەگەڵ زارەکەدا کە دواتر بەناو زاری پێوەر دیار دەکرێ، گرێ بدرێت. ئێستا ئەگەر وەک رێککەوتنی حکوومەتی بێت، یان نا گرێبەست و رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی، هیچ گرفتێکی ئەوتۆ نایەتە پێش، بەڵام ئەگەر ئەم پرسە بڕواتە خانەی زانستییەوە و ئێمە بتوانین شێوازێکی ئەدەبی کامڵ و پوختەمان هەبێت،

ئێستا ئەگەر هەر کام لە زارەکانی وەک "کەلهوڕی، لەکی، فەیلی و...." یان زارێکی هاوبەش بۆ ئەو شێوازە ئەدەبییە هەڵبژێردرێت، ئیدی لەو قۆناغەدا بەڕاستی زۆر ئەستەمە کە قەناعەت بە خەڵک بینی کە دەبێ بە زارێکی دیکەی وەک سۆرانی، هەورامی یان کورمانجی بەناو زمانی پێوەر خۆیان بگونجێنن.

*** جیاوازیی نێوان زارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی لە کرماشان لەباری فۆنەتیک، قسەکردن و زانستی زمانییەوە کامانەن؟**

**ئەمین ڕەحیمی نەژاد:** ئەم باسە خۆی دوو بەشە، بەشێکی پرسێکی بەتەواوەتی زمانەوانییەو و ئەو بەشەکەی دیکەشی باسی کۆمەڵایەتییە، لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە لێی بڕوانین بەڕاستی وەڵامدانەوە بەم پرسیارە زۆر ئەستەمە بە بێ توێژینەوەیەکی زانستی و زمانەوانی ناتوانین بێژین جیاوازییەکانیان لەسەدا چەندە. من بۆ خۆم سەبارەت بە سیستمی فۆنەتیک یان واکی زارەکانی "کەلهوڕی، دوو بنزاری بەدرەیی و زاری لەکی" توێژینەوەیەکم ئەنجام داوە و هەر چواریانم پێکەوە بەراورد کردووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جیاوازییەکانیان لەباری دەنگ، گۆکردن و فۆنەتیکەوە لەوانەیە زۆر بێت، بەڵام ئەم لایەنە فۆنەتیکییە بۆ سەلماندنی وزە و توانایی هەر زاراوەیەک پێوەر نییە. ئەگەر لەباری کۆمەڵایەتییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە، مەگەر پێداگری و دەمارگرژیی هەندێ کەس کە خۆبەزلزانی پێش چاویانی گرتووە.

# زمانزان و وەرگێڕ
# مامۆستا غازی فاتح وەیس

ئا/ فاتح یاسین مودەڕیس

**مامۆستا غازی فاتح وەیس ئەستێرەیێکی تازە هەڵبووی ئاسۆ تاریکەکەی زمانەوانیمان بوو، بە گیانێکی ئەکادیمیی و بە توانا و وزە و تاقەتێکی بێپایان هاتە مەیدان، پشت ئەستوور بە ڕێبازی زانستییەوە ئەسپی خۆی تاودا بە خزمەتکردن لە ڕێی زمان و وەرگێران و لێکۆڵینەوەدا، لە ماوەیەکی کورتی تەمەنیدا بەرهەمێکی زۆری پێشکەش کردین، چ وەک کتێب چ وەک وتار و لێکۆڵینەوە بە پێزەکانی کە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو کراونەتەوە.**

**ژیاننامەی غازی فاتح وەیس:**

لە ساڵی ١٩٥١ لە دەشتی گەرمیان لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی کنگربان، لە ساڵی ١٩٧٠ قۆناغی ئامادەیی بەشی (وێژەیی) لە کفری. لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی بەغدا بەشی کوردی تەواوکردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەدەست هێناوە. پاشان بۆ ماوەی ساڵێک و شەش مانگ خزمەتی سەربازی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٦ لەسەر میلاکی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ناونیشانی (مثقف الاجتماعي - ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی) دامەزراوە. لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سلێمانی دەست بەکاربووە.

لە ساڵی ١٩٧٨ لە (زانکۆی لەندەن) لە وڵاتی بەریتانیا لە بابەتی (فۆنەتیک) وەرگیراوە، بەڵام دوایی ئارەزووی لەو زانکۆیە نەماوە، بۆیە ئەو زانکۆیەی جێهێشتووە و چووە بۆ زانکۆی (ئیکسس)ی بەریتانی هەر لە وڵاتی بەریتانیادا و تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی ماستەری لە زانستی زماندا (زانستی دەنگەکان) لە لەندەن وەدەست هێناوە.

کە گەڕایەتەوە کوردستان لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سلێمانی بە نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) وەرگیراوە.

لە ساڵی خوێندنی ١٩٨١ -١٩٨٢ ڕاژەکەی گوازراوەتەوە بۆ سەر میلاکی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و سەرقاڵی وانە وتنەوە بووە. لە ساڵی ١٩٨٤ بۆتە بەرپرسی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

* فۆنەتیک: ئەم کتێبە تایبەتە بە لق و جۆرەکانی (فۆنەتیک - دەنگسازی) بە نموونە و خشتەی کاری ئاماری ژمێرەیی و تاکو ئێستا یەکەم کتێبە بەو ناوە و بەو شێوازە. تیایدا دەنگەکانی زمانی کوردی لە رووی فیزیاوییەوە بەهۆی تازەترین دەسکەوت و پێڕەوەکانی بواری دەنگسازی بە هۆی ئامێرەکان شیدەکاتەوە. نامەی ماستەرەکەی بووە، چاپ- ١٩٨٤.

* زمان و ئەدەبی کوردی: ئەم کتێبە بە هاوبەشی لەگەڵ فازل مەجید دانراوە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دوو بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت. بەشی یەکەم: بریتییە لە زمان و بابەتەکانی زمانەوانی و شێوازەکانی ئاخافتن .. هتد. بەشی دووەم تایبەتە بە ئەدەب.

* رێبازی لێکۆڵینەوە.

*وەرگێڕانی ئەدەبی پۆلی چوارەم.

**کتێبە چاپنەکراوەکانی..**

* ئاڤێستا - وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی.

*چەک و مرۆڤ.

* فەرهەنگی زانستی زمان.

ئەم کتێبە بە هاوبەشی لەگەڵ محەمەد مەعروف فەتاح دانراوە بە قەبارەی (٤٠٠) لاپەڕەی A٤، لەم کتێبەدا وشە و زاراوەی کوردییان لە ڕەگوڕیشەوە لێکداوەتەوە، ئەم دەستنووسە ڕەوانەی بەغدا کراوە بە مەبەستی چاپکردن، بەڵام تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە. سەرەڕای ئەوە چەندین پرۆژەی دیکەی لەبەر دەستدا بووە لەوانە:

* کتێبێک لەسەر (زمان و زمانەوانی).

* کتێبێک لە بواری مێژوودا لەسەر (شۆڕشی برایم خانی دەلۆ) کە لە دژی دەسەلاتی بەریتانیا لە کفری بەرپا بووە.

* کەشکۆڵێکی شیعری شاعیرانی کوردی لەبەر دەستدا بووە کە خۆی لە (٢١١) شاعیر گرتووە.

* دەستی نووسینی شیعری هەبووە.

**توێژینەوە و وتارەکانی:**

*** پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیکس**

بۆ نموونە ئەگەر بڵێین:

- لەبەرکە کراس، سارد یەکا رۆژ.

زانستی زمان پەیوەندی پەیوەندی بەو زانیارییەوە هەیە کە لە زماندایە نەک بەوەی کە لە بووندایە (بەڵام مرۆڤ بە پێی بیرو هۆش دەتوانێ زانیاری بوون وەیا کەون لە زانیاری زمان جیا بکاتەوە، بە پێی ئەو ئاگادارییە دەزانێ رستەی دووەم هەڵەیە، نەک لە رووی فۆرمەوە بەڵکو لە رووی واتاوە). ئێمە دوو جۆر ئارەزوومان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین کارکردنی دەستووری هەر زمانێک لەیەک بدەینەوە.

یەکەم: ئەو تەرازووەی بەشی بەجێ و نا بەجێی دەرەوەی پێی لێک دەدرێتەوە.

دووەم: ئەو تەرازووەی بەشی بەجێ و نابەجێی ناوەوەی پێی لێک دەدرێتەوە.

بەشی یەکەم کە لێک دەدرێتەوە، بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کەرستەکاندا هەیە و چۆنیەتی یەکخستنیان. بەشی دووەم ئاسان بوونی ئەو واتایەی کە ئەو رستەیە هەڵیگرتووە دەگرێتەوە. بە پێی کێشانەکردنی رستەکانی سەرەوە بەو دوو تەرازووەوە.

- ئۆتۆمبیلەکەم هەستی بینەرانی راکێشا.

وێنەی یەکەم:

رستە: بۆ ئەوەی زیاتر مەسەلەکە روون بکەینەوە با سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین:

- ئازاد ئینگلیزی ئەزانێ. (بۆ روونکردنەوە).
- ئازاد ئینگلیزی ئەزانێ؟. (بۆ پرسیارکردن).

تەنیا بە گۆڕانی وتنی رستە کەواتاکەی گۆرابێ ئەوەی دەستکاری وشەکان بکرێت. لێرەدا ستراکچەری ئەم دوو رستەیە یەکە، واتە لە رووی سینتاکسەوە یەکن، بەڵام لە رووی سیماتیکسەوە گۆڕان.

وێنەی سینتاکسی ئەم دوو رستەیە یەکەو بەم شیوەیەی خوارەوە:

وێنەی دووەم:

هەروەها نموونەیەکی دیکە:

- پشیلەکە منداڵەکەی ترساند.

- منداڵەکە پشیلەکەی ترساند.

بە گوێرەی وێنەی دایەگرامی سینتاکس ئەو دوو رستەیەی سەرەوە ئەم دوو وێنەیەی خوارەوەیان هەیە:

وێنەی سێیەم:

وێنەی چوارەم:

ئەم دوو رستەیە یەک مانا دەبەخشن، کەچی لەرووی سینتاکسەوە بە تەواوی جیاوازن.

لە رستەی (پشیلەکە منداڵەکەی ترساند) پشیلە دەبێتە (بکەر)، منداڵیش دەبێتە (مەفعول). بەڵام لە ڕستەی (منداڵەکە پشیلەکەی ترساند) بە پێچەوانەوەیە. بە گوێرەی (مەنتق) دەبێ منال (بکەر) بێت وە پشیلە (مەفعول) بێت، بەڵام گرامەر ئەو رێگەیە لە (منتق) ئەبەستێ، چونکە گرامەر زیاتر لە زمانەوە نزیکە. واتە بە کورتی سینتاکس رواڵەتی رستە وەیا قسە دەگرێتەوە، چۆنیەتی کارکردنی کەرستەکان و گۆڕانی ئەو کەرستانە لە رستەدا و رادەی کارکردنیان لە هەر حاڵەتێکدا بەسەر سیمانتیکسدا، بە گوێرەی ئەو نموونانەی سەرەوە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان سینتاکس و سیمانتیکسدا هەیە، ئەویش ئەوەیە لە خاڵێکدا بەشی ناوە و دەرەوەی رستە بە یەک دەگەن و بە نەبوونی ئەو هاوبەشییە نەبوونی واتا سەر هەڵدەدا وەیا هەر نەبێ ئاڵۆزییەک پەیدا دەبێ.

*** جیاوازی نێوان فۆنیم و مۆرفیم**

فۆنیم و مۆرفیم دوو زاراوەی زانستی زمانن و بە گشتی بە زمانی ئینگلیزی داهێنراون. ئەم دوو زاراوەیە لە دوو ئاستی جیاوازی زماندا بەکار دەهێندرێن، واتە فۆنیم لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا و مۆرفیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، هەر تێکەڵ کردنێکی ئەم دوو زاراوەیە، وەیا دەرهێنانیان لە ئاستە تایبەتییەکەی خۆیان هەڵەیە و زمانەوانی پێگەیشتوو بە زەقی دەبینرێ.

فۆنیم

فۆنیم دەبێ دوو تایبەتی هەبێ: یەکەم دەبێ واتای وشە بگۆڕێ، دووەم دەبێ راستی سایکۆلۆژی تێدا هەبێ. هەروەها دەبێ فۆنیم بێ واتا بێ ئەم تایبەتمەندەش گرنگە چونکە بەو هۆیەوە فۆنیم لە مۆرفیم جیا دەکرێتەوە.

لە سەرەتادا فۆنیم بە بچووکترین دەنگ دەژمێردرا لە زماندا، بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە فۆنیم گەلێ دوورە لە راستی دەنگەوە. لەبەر ئەوە ناساندنی زاراوەی فۆنیم گۆڕاو کرا بەوەی کە فۆنیم بچووکترین کەرتی وشەیە و بەرگێکی رووتی دەنگە و لە هەندێ زماندا بەرانبەر بە پیت رادەوەستێ. کەوابوو فۆنیم بەرگێکی نەگۆڕاوی دەنگە لە زماندا و دەنگیش بەرگێکی هەمیشە گۆڕاوی هەیە لە ئاخاوتندا. بۆ نموونە دەنگی (د) لەم وشانەی خوارەوە وەکو یەکدی نین:-

دەست، سەد، هەڵدان..تد، بەڵام هەموویان سەر بە تاقە فۆنیمێکن، چونکە لە رووی شکلەوە یەکن.

ئەوەی شیاوی وتنە فۆنیم لە دوو رووەوە دەناسرێ (بە پێی بۆچوونی کۆن):-

یەکەمیان: لە رووی وەسفییەوە، کە دەڵێ فۆنیم بنەڕەتی کۆمەڵە دەنگێکە، واتە چەند دەنگێک لەسەر یەک فۆنیم دەبن، بۆ نموونە (ک) ی وشەی (کێ) و (ک) ی وشەی (کۆ) سەر بە فۆنیمی ک ن.

دووەمیان: لەرووی سیما جیاکەرەوە دەناسرێ و رابەری ئەم ناساندەنەش (ترۆبتزکۆی) یە، بە پێی ئەم ناساندنە فۆنیم بریتییە لە کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوە، بۆ نموونە فۆنیمی (پ) بریتییە لەم سیمایانەی خوارەوە:

لێوی

گیر (وەستاو)

کپ

قوڕس...تد

لەبەر ئەوەی زاراوەی فۆنیم و فۆن لە زۆر شوێندا تێکەڵ بە یەکدی دەکران، زۆربەی زمانەوانە تازەکەرەوەکانی زانستی زمان زاراوەی فۆنیمیان لە مەزرای بەکارهێنانەوە دەرکرد و زاراوەی سیگمێنتیان لە باتی بەکار هێنا، بۆ ئەوەی زمانەوانەکان لەسەر ئێشەی ناساندنی ناتەواوی فۆنیم رزگار بکەن و چی دی تێکەڵی دەنگی نەکەن.

فۆنیم یان سیگمێنت زاراوەیەکی هەرە گرنگە لە سنووری فۆنۆلۆژیدا و دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشە و رستە. بۆ نموونە ئەو دوو رستەیەی خوارەوە تەنیا لە رووی تاقە فۆنیمێکەوە جیاوازن:

- کەرێک خۆی کرد بە ژووردا (وشەی کەر بە رێی سووک).
- کەڕێک خۆی کرد بە ژووردا (وشەی کەڕ بە رێی قوڕس).

مۆرفیم

مۆرفیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەکاردەهێندرێت. مۆرفیم بچووکترین دانەی جیاکەرەوەیە لە رێزماندا، واتە لە نزمترین ئاستی رێزماندا مۆرفیم وەکو بچووکترین دانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و ئەگەر گەردان بکرێ واتاکەی دەگۆڕێ. بۆ نموونە ئەگەر وشەی مامۆستا کەرت بکرێ ئەوا واتا بنەڕەتییەکەی تێکدەچێ، چونکە ئەم وشەیە بریتییە لە یەک مۆرفیم.

مۆرفیم لە رووی پێکهاتەوە دوو جۆرە:-

- مۆرفیمی سەربەست.
- مۆرفیمی بەند.

مۆرفیمی سەربەست ئەو مۆرفیمەیە کە بە تەنیا بەکاردەهێندرێت وەکو منداڵ، ژن، کوڕ..تد. بەڵام مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمەیە کە هەرگیز وەکو دانەیەکی سەربەست بەکار ناهێندرێت.

لە رووی وەزیفیشەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە:-

- مۆرفیمی داڕشتن .
- مۆرفیمی رێزمانی.

مۆرفیمی داڕشتن لەگەڵ مۆرفیمێکی دیکەدا وشەیەکی تازە دروست ئەکات وەکو (هەل، را، لێ..تد) هەڵخستن، راکردن، لی بوردن. بەڵام مرفیمی رێزمانی ئەو مۆرفیمانەن کە تەنیا دەوری رێزمانی دەبینن وەکو (م، ن، ین ..تد).

ئەوەی شایانی باسە هەرچی راناوی لکاو هەیە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ بە مۆرفیمی رێزمانی دابندرێن، چی راناوی تەمەلوک بێ و چی راناوی گونجاندنی نێوان فەرمان و بکەر بێ، چونکە راناوەکانی تەمەلوکیش دەوری گونجاندن دەبینن لە نێوان بکەر و بەرکاردا و جارجاریش لەگەڵ فرماندا دێن وەکو خواردمان، خورادییان..تد.

داڕشتن

ماڵ + ەکم + م

مۆرفیمی سەربەست و مۆرفیمی رێزمانی کەوابوو مرۆفیم بەمجۆرە دابەش ئەکرێت:-

مۆرفیم

مۆرفیمی سەربەست

مۆرفیمی بەند
مۆرفیمی داڕێژان
مۆرفیمی ڕێزمانی

بەڵام دیسان لە نیو مۆرفیمی داڕشتنندا چەند مۆرفیمێک هەیە و دەوری ڕێزمانی دەبینن وەکو (ەکە، یەک، (ێک)، ان، چونکە – ەکە یان (کە) وشە دەکاتە ناسراو و ێک (یەک) وشە دەکاتە نەناسراو، (ان) نیشنانەی کۆیە).

ئەنجام.

لە ئەنجامدا لەم چەند خاڵەدا فۆنیم و مۆرفیم لە یەکدی جیا دەبنەوە:

*** سەربەخۆیی زمانی کوردی**

لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: ئەگەرچی لە رووی تیرۆییەوە زمانی کوردی بە زمانێکی سەربەخۆ دانانڕدرێ، بەڵام پێویستە ئەم سەربەخۆییە لە رووی چەسپاندنییەوە بسەلمێنرێ، واتە سەلماندنی سەربەخۆیی زمانی کوردی لەسەر بناغەکی زانستانە کارێکی گەلێک سوودبەخش و پێویستە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەڵگە مێژوویی و زمانەوانیانەی کە ئەم سەلماندنەیان لەسەر دائەمەزێنرێ هەروا بە ئاسانی چەنگ ناکەون، بۆیە ئەبینین بە دەگمەن زمانەوان و مێژوونووسان خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە داوە، لەوانەیە بەڵگەی زمانەوانەکان لە نەکردنی ئەم کارەدائەوە بێ کە دیراساتی دایەکرۆنیک سوودێکی ئەو تۆی نییە لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڵوێستە ئەتوانین بڵێین: دیراساتی دایەکرۆنیک تەنیا بۆ ئەو زمانانە پێویست نییە، کە تەمومژێکی ئەوتۆیان لەسەر نییە و کەسیش بە گومانەوە تەماشایان ناکات. ئەرکی سەرشانی مێژوونوسانیش روون و ئاشکرایە و پێویست بەوە ناکات لەسەری بدوێین. ئەمانە هەمووی لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئەوجۆرە بەڵگانە دەستیش بکەون ئەبێ لە سنووری (ئیجتیهادات)ەوە دوور بن، چونکە (ئیجتیهادات) بە هیچ شێوەیەک لە سنووری زانستدا جێگەی نابێتەوە، جگە لەمەش بۆ سەلماندنی کارێک و هەڵوێستێکی وا، تاقە بەڵگەیەک لەوانەیە گومانی لێبکرێ، بە تایبەتی لای ئەوانەی کە بە چاوێکی سووکەوە تەماشای زمانی کوردی ئەکەنکەوابی کارەکە بە زیاتر بەڵگەیەک بسەلمێنرێت و ئەبی ئەو بەڵگانەش بەڵگەی زانستی بن، لەم باسەدا رەچاوی ئەم رێبازەمان کردووە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک

دڵنیا بێت لەوەی کە زمانی کوردی نەک تەنیا لە رووی تیۆرییەوە سەربەخۆیە، بەڵکو لە رووی چەسپاندنیشەوە هەر سەربەخۆیە و ئەو زمانە نییە کە بە زارێکی لاوەکی زمانێکی تر دابندرێ.

*** فۆڕم و ناوەرۆکی ئیدیۆم**

ئیدۆم بریتییە لە کۆمەڵێک وشە و ریزکردن و لێکدانی ئەو کۆمەڵە وشەیە دەستووری رێزمانی بەسەردا ئەچەسپێندرێ، ئەو واتایەی ئەو کۆمەڵە وشەیە ئەیبەخشێ لە تاکە وشەیەکی ئەو کۆمەڵە وشەیەدا بەدی ناکرێ، واتە ئەگەر هاتوو وشەیەکمان لە ئیدۆمێک دەرهێنا، ئەبینن مانای ئەو تاکە وشەیە زۆر جوان لەگەڵ واتا گشتییەکەی ئەو ئیدۆمە و لە هیچ رووێکەوە ناگەنەوە یەک. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە سنووری واتای ئیدۆم قوڵترو فراوانترە لە سنووری واتای رستەیەکی ئاسایی زمان کە تایبەتمەندییەکانی ئیدیۆمی تێدا نییە. بەمجۆرە لێکدانەوەی واتای ئیدۆم وردبوونەوەیەکی قوڵترو و وردتری ئەوێ ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ لێکدانەوەی واتای رستەیەکی تردا بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: (ئاگری نایەوە) ئەوا واتای ئەو ئیدۆمە پەیوەندی بە (ئاگر) ەوە نییە، بەڵکو ئەوە ئەگەینێ کە یەکێک ئاژاوەیەک بنێتەوە، ئەم ئاژاوەیەش بە کردارێکی خراپ و قسەیەکی بەدەوە دروست ئەبێ. وە ئەگەر بە شێوەیەکی عەمەلی ئاگر دروستکرا ئەبێ بوترێ (ئاگری کرەوە) نەک (ئاگری نایەوە).

لە ئەنجامدا و دەرئەکەوێ کە واتای ئیدیۆم واتایەکی مەعنەوییە و لە واتایەکی عەملییەوە وەرئەگیرێ. جیاوازی نێوان واتای عەمەلی و واتای مەعنەوی لەوەدایە کە واتای عەمەلی لە رستەی ئاساییدا تەسکترە و سنوورەکەی بە ئاسانی دەستنیشان ئەکرێ، بەڵام واتای مەعنەویکە لە ئیدۆمەکەدا فراوانترە و سنوورەکەی بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێ.

لە رووی فۆڕمەوە ئیدۆم ئەتوانرێ بکرێت بە دوو بەشەوە:-

یەکەم.. ئەو ئیدیۆمەی کە بە هۆی گرانی وشەکانییەوە فۆرمی ئەگۆڕێ وەکو:

ئەم ئیدیۆمە ئەتوانرێ بەم شێوانەی خوارەوە بوترێتەوە..

- وەکو لە سەربانێکەوە فڕێ درابێتمەوە خوارەوە.
- وەکو لە سەربانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە.
- وەکو لە سەربانێکەوە فڕێم بدەیتە خوارەوە.

- وەکو لە سەربانێکەوە فڕێمی داوەتە خوارەوە.

دووەم..ئەو ئیدیۆمەی کە لە رووی فۆرمەوە ناگۆڕێ وەکو:

- لە گوێ گادا نووستووە.

ئەم ئیدیۆمە ناتوانرێ بەمشێوانەی خوارەوە بوترێتەوە:

- لە گوێ گادا ئەنوێ.

- لە گوێ گادا نووست.

- وەکو لە گوێ گادا بنوێ.

هەروەها ئیدیۆمی گۆڕاو لە رووی فۆرمەوە بەو ئیدیۆمە ئەوترێ کە وشەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ و واتایەکی بەهێزتر ببەخشێ وەکو:

- ئەگەر وەک سەگ شەق بەری ئەچم.

وەیان ئەو ئیدیۆمەی کە بە هۆی گۆڕانی وشەیەکەوە واتای ئەگۆڕێ وەکو:

- ئازاد سەری قاڵە.

- ئازاد سەری سەختە.

- ئازاد سەری بەرزە.

- ئازاد لوتی بەرزە.

لە لایەکی ترەوە ئیدیۆم ئەتوانری لە رووی رێزمانەوە ئەتوانرێ دەسنیشان بکرێ، واتە بە ئیدیۆمێک ئەتوانرێ بووترێ ئاوەڵناوییە ئەگەر ئاوەڵناوێکی تێدا زاڵ بێ ، وە یان فرمانییە ئەوکەر فرمانێکی تێدا زاڵ بێ.

ئیدیۆمی ئاوەڵناوی وەکو:

- لەشی سووکە.

- لەشی گرانە.

ئیدیۆمی فرمانی وەکو:

- بەلادا هات.

- شەنو کەوی ئەکات.

بۆ نموونە رستەی (زگی سووتا)، دوو واتا ئەبەخشێ بەمشێوەیەی خوارەوە:

- ژنەکە زگی بە مناڵەکە سووتا.

- ژنەکە بە ئاگرەکە سگی سووتا.

رستەی (زگی سووتا) دوو ستراکچەری قوڵی هەیە و، ستراکچەری قوڵی یەکەم لە رستەدا بەدی ئەکرێ لق و پۆپی سینتاکسی بەمجۆرەی خوارەوەیە:-

بەڵام و ستراکچەری قوڵی یەکەم لە رستەدا بەدی ئەکرێ لق و پۆپی سینتاکسی بەمجۆرەی خوارەوەیە:-

لە دوو ستراکچەرەدا پریپۆزیشنی (بە) ئەو ناوەی کە بە دوایەوە دێ دەورێکی گەورە ئەبینن لە گۆڕانی واتای رستەدا.

*** زمان و پەیوەندی بە مێشکی ئادەمیزادەوە**

**ناساندنی زمان**

یەکێک لەو دیاردە جۆربەجۆرانەی کە مرۆڤ هەوڵ ئەدا لە بەشەکانی کۆبکاتەوە و ئینجا شیانبکاتەوە زمانە، زمانیش بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئادەمیزاد و بە جۆرەها شێوە ناسێنراوە. یەکێک لەو شێوازانە ئەوەیە کە زمان بریتییە لە کۆمەڵێک دەستوور. هەندێ لەم دەستوورانە گشتین و هەندێکی دیکەیان تایبەتین. ئەوەی گشتییە بەسەر هەموو زمانەکانی گێتی ئەچەسپێنرێ، بۆ نموونە دەستوورەکانی فۆنەتیک، وەیان گرامەوری گشتی. بەڵام ئەو دەستوورانەی کە تایبەتن بەسەر یەک زماندا ئەچەسپێرێن. واتە هەموو زمانێک چەند دستوورێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە هی زمانەکانی دیکە جیاوازترە.

دابەشکردنی زمان

بە شێوەیەکی گشتی زمان دابەش ئەکرێ بەسەر دوو زماندا:

- زمانی قسەکردن.
- زمانی نووسینەوە.

زمان لە سەرەتای دروستبوونییەوە وەکو بیرێک لە مێشکدا تا وەکو ئەو کاتەی ئەخرێتە سەر کاغەز وەیا تێکەڵ بە هەوا ئەبێ ئەکرێن بە چەند بەشێکی جیاوازەوە و هەر بەشێک لەم بەشانە شێوە و ناوەرۆک و دەستوور و یاسی تایبەتی خۆی هەیە.

بۆ نموونە گرامەری هەر زمانێک لە دەستووری ئەم بەشانەی خوارەوە:-

- زیمانتیک.. دەستوورەکانی واتای زمان ئەگرێتەوە.
- سینتاکس.. دەستوورەکانی چۆنیەتی دروستکردنی رستە ئەگرێتەوە.
- مۆرفۆلۆژی.. دەستوورەکانی چۆنیەتی دروستکردنی بڕگە ئەگرێتەوە.

- فۆنۆلۆژی.. دەستوورەکانی چۆنیەتی لکاندنی فۆنیمەکان ئەگرێتەوە.
- فۆنەتیک.. دەستوورەکانی چۆنیەتی دروستکردنی دەنگ ئەگرێتەوە.

لە رووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ئەتوانرێ بکرێت بەم چەند بەشەی خوارەوە:-

- زانستی فێرکردنی زمان.. بریتییە لەو رێبازانەی کە بۆ فێرکردنی زمان رەچاو ئەکرێ وپەیرەوی ئەکری.
- زانست زمان و سایکۆلۆژی.. لە پەیوەندی نێوان زمان و دەروونی مرۆڤ ئەکۆڵێتەوە.
- زانستی زمان و کۆمەڵایەتی.. لە پەیوەندی نێوان زمان و دیاردەکانی کۆمەڵایەتی ئەکۆڵێتەوە.
- زانستی زمان و ئەنترۆپۆلۆژیا.. لە پەیوەندی نێوان زمان و رەگەزی ئادەمیزاد ئەکۆڵێتەوە.
- زانستی زمان و فەلسەفە.. لە پەیوەندی نێوان زمان و فەلسەفە ئەکۆڵێتەوە.
- زانستی زمان و شێوەی نووسینەوە.. لە پەیوەندی نێوان زمان و شێوەی نووسینەوەی ئەدەبی ئەکۆڵێتەوە.
- زانستی زمان و ماتماتیک.. لە پەیوەندی نێوان زمان و ماتماتیک (بیرکاری) ئەکۆڵێتەوە.

*** رێبازی لێکۆڵینەوە ساڵی ١٩٩٠**

لەم کتێبەدا باسی لێکۆڵینەوە و هۆیەکانی سوودەکانی ومەرجەکانی و چۆن دەست پێدەکات و رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی و پەراوێز و بیلۆگرافیا .. تد) دەکات.

*** جیاوازی نێوان مۆرفیم و وشە**

سینتاکس و مۆرفۆلۆژی دوو ئاستی جیاوازی زمانی وهەتا نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە سنوورەکەیان بە تەواوەتی لەیەک جیا نەئەکرایەوە، لە سنووری سینتاکسدا رستە بریتییە لە گەورەترین دانە و وشەش لە بچوکترین دانە لە رستەدا پێوەندی سینتاکسی نێوان وشەکاندا بەدی ئەکرێ و هەر وشەیەکیش ستراچکەرێکی تایبەتی هەیە. ئەو بەشی کە لە رستە و پیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان ئەکۆڵێتەوە پێی ئەوترێ سینتاکس و، ئەو بەشی کە لە ستراچکەری وشەکان ئەکۆڵێتەوە پێی ئەوترێ مۆرفۆلۆژی.نموونە بۆ روونکردنەوەی مەبەست:-

- مناڵەکان نانیان خوارد

ئەگەر تەماشای ئەم رستەتەیە بکەین، ئەبینین لە سێ وشەی جیاواز پێکهاتووە(مناڵەکان، نانیان، خوارد)، وە بە ئاشکرا پێوەندی سینتاکسی نێوانیان دیارە، کەوابێ ئەم رستەتەیە لە رووی پێوەندی سینتاکسەوە ئەبێتە دوو کەرتەوە:

- مناڵەکان + نانیان خوارد

بەڵام ئەگەر لە رووی چەندێتی وشەوە لێی بکۆڵینەوە هەر وەکو وتمان ئەم رستەتە لە سێ وشەی سەربەخۆ پێکهاتووە. هەروەها لە روویستراچکەرەوە لە هەر وشەیەک لەو وشانە بکۆڵینەوە ئەوا هەر وشەیەکیان ستراچکەرێکی سەربەخۆیان هەیە و بەم چەشنەی خوارەوە لێک ئەدرێتەوە:

مناڵ + ەکە + ان = مناڵەکان

نان + یان = نانیان

خوارد + رابردوو= خوارد

هەر دانەیەکی ئەو وشانە پێی ئەوتری مورفیم و مۆرفۆلۆژیش لە مۆرفیمەکانی وشە ئەکۆڵێتەوە و ئەو مۆرفیمانەش بینای مۆرفۆلۆژیوشە پێک ئەهێنن.

کەوابوو ئە رستەیەی سەرەوە بریتییە لەم مۆرفیمانەی خوارەوە:

مناڵ + ەکە + ان + نان + یان + خوارد + رابردووی تەواو

بەمجۆرە سی دانەی سینتاکسی دابەشکرا بەسەر حەوت دانەی مۆرفۆلۆژیدا.

**٭ کۆنسانتەکان و ڤاوڵەکانی زمانی کوردی**

هەروەها نیشانەی بۆ کۆنسانتەکان و ڤاوڵەکانی زمانی کوردی داناوە بە پێی سیمانی جیاکەرەوەی زریگۆک و خەفۆک و پێشەوە و ناوەراست و پاشەوە و جەند سیمایەکی دیکە بەو شێوەیەی خوارەوە:

**٭ بابەتە وەرگێڕاوەکانی.**

مامۆستا غازی دەستێکی باڵای هەبووە لە وەرگێران و چەندین باس و بابەتی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی وەک:

باسی یەکەم: بەیەکداچوونی درکاندنی ڤاوڵ و کۆنسنانتی وەستا - ن/فرانک پارکەر- گۆڤاری کاروان ژ/ ٦ ساڵی ١٩٨٣.

باسی دووەم: پێکهاتنی وشە لە شێوەی سلێمانیدا – ن/دەیڤەد مەکەنزی – گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ/١٠١ ئاداری ١٩٨٤.
باسی سێیەم: لا رستە لە رێزمانی کوردیدا – ن/ پ. ئارنێست مەکارۆس- گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ژ/ ٢ ساڵی ١٩٨٤.

**⁕ بابەتە رەخنەییەکانی**
– کتێبی زاراوەی کوردی و چەند تێبینییەک – گۆڤاری کاروان ژ/ ٢٤ ساڵی ١٩٨٤.
– پیاچوونەوەیەک بە نامیلکەی هەندێ ئامرازی سینتاکس لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا – رۆژنامەی هاوکاری (ئەدەب و رۆشنبیری) ١٩٨١/٤/٢.
رووناکبیری لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی کوردی) دا.
کۆچی دوایی..
بە (بۆنەی یادی ٢٠٠ ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی)، ئەو یادەش کە لایەن (یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد – لقی سلێمانی) سازکرابوو، وەک بەشداربووییەک بە ئیفاد بۆ شاری سلیمانی لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین دەرچووە ، لە ١٥ ی ئەیلوولی ١٩٨٥ لە هەولێرەوە بەرە و سلێمانی بەڕێکەوتووە، بەڵام سەد مخابن هەر لە نزیک شارۆچکەی پردێ ئیڤایەکی سەربازی خۆی لە ئۆتۆمبێلەکەی داوە و کۆتایی بە ژیانی هاتووە، پاشان تەرمەکەی گوازراوەتەوە شارۆچکەی کفری و لە گۆڕستانی (باوە شاسوار) بەخاک سپێردراوە، بەمەش خەسارەتێکی گەورە بە مەیدانی زمان و ئەدەبی کوردی کەوتووە.

**سەرچاوە/**
⁕کتێبی شەهیدی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی مامۆستا غازی فاتیح وەیس / ژیان و بەرهەمەکانی – دکتۆر ئازاد هیدایەت دەلۆ – هەولێر – ٢٠١٩.
⁕https://archive.org/details

# زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش
# لە هەرێمی کوردستاندا

د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین

زمان؛ مرۆڤەکان لەیەکتری کۆدەکاتەوە، هەربۆیە زمانەوانی لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانەوە دەکات و وای دەردەبڕێت، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەم جۆرە هەبوونی زمانێکی هاوبەش لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئەم کۆمەڵگەیانەی، کە بە کۆمەڵگەی فرەزمانی ناسراون و لە سنووریکی دیارکراوی جوگرافی، وەکوو هەرێمێک، یاخود وڵاتێک، کە بەیەکەوە دەژین و سیستەمێک کۆیاندەکاتەوە و کاروباری ڕۆژانەیان بەو سیستەمە ڕاییدەکەن، پێویستییەکی هەنووکەییە. لەم ڕووەوە زمانی هاوبەش وا دەکات، ئەم کۆمەڵگەیە لە هەندێک بنەمای هاوبەشدا بەیەکەوە ببەستێتەوە و جیهانبینینێکی هاوبەشیان هەبێت.

